# سێ بەیتی فۆلکلۆریک

**مەم و زین . خەج و سیامەند . ئەحمەدی شەنگ**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# سێ بەیتی فۆلکلۆریک

**مەم و زین . خەج و سیامەند . ئەحمەدی شەنگ**

گردوکۆی:
قادر فەتاحی قازی

ناوی کتێب: سێ بەیتی فۆلکلۆریک
"مەم و زین ، خەج و سیامەند ، ئەحمەدی شەنگ "
گردوکۆی: قادر فەتاحی قازی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩١٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥٠٥ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# سەرەتا

لە زمـانـی کوردیدا ژمـارێکی زۆر[١] بەیت و باوی کۆن و فۆلکلۆریک هەن کە کێشی بڕگەیی و سیلابیکییان هەیە و گێڕەوە و بێژەرەکان بەشێک لەو بەیت و باوانە بە قسەی ئاسایی دەگێڕنەوە.

ئەم هۆنە و بەیتـانە بە "بەیت" ناودێر کراون. لەمـەڕ "بەیت"، من زۆرم قسـە کردووە و بـەم ئاکامـە گەیشـتووم کە ئـەم واژەیە لە بنەڕەتدا "بەیاد" بووە، یانی یادی کەسێک یا ڕووداوێک لە ئارادا بووە و پاشان وردەوردە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووەتە "بەیت".

لە بابەتە فۆلکلۆرییەکانی شوێنگەلی تری ئێرانیشدا و تەنانەت لە ئەدەبی کلاسیکی فارسیشدا، بەیت بە بەشێک لە پارچە شێعرێک گوتراوە. مامۆستا دوکتـور "محـەمـەدئەمـین ریاحی" ئاوڕی لەم نوکتـەیە داوەتەوە و لە پەراوێزی کتێبی "مـرصـاد العبـاد[٢]"دا بە دوورودرێژی لەسـەر "بـەیت دواوە. بۆ نموونە دەڵێ: «نووسـەرانی دەقـە کـۆنەکـان واژەی "بەیت"یان بۆ شـیـعر و چوارینە و غـەزەل و قـەتعـەش دەکـار هـێناوە، نەک تـەنیـا بـۆ مـانا بـاوەکـەی کـە لە دوو مـیـسـرەع پـێک هـاتبـێ.» نووسـەر دوابەدوای ئەوە دەنووسـێ: «لـە گـوتەکـانی «شـمس قـیس»ڕا بۆمـان دەردەکەوێ کـە بەیت بە مـانای دووبەیتـی چوارینەی فـارسـی دەکـار دەکرا و نووسـەرانی ئەوان ڕۆژان لەسـەر ئـەو بنەمـایە لێکیـان داوەتەوە. ئەم لێکدانەوەیە ئەگـەر بۆ خـۆپاراستن لە تێکەڵاوی دەگـەڵ مـانای باوی "بەیت" وەلانرابێ، بەڵام ئاسـەوارێکی دەزاراوە ناوچەیـیـەکـاندا مـاوە، لەوانە، دەزاراوە کوردییەکاندا چەشێک لە سێ جۆرە ئاسەواری هۆنراوە ناوی "بەیت"ی پێ دراوە، ئەویش چەشنێک شیـعری تایبەت و بڕگەییە کە بەدەنگ و ئاواز دەیڵـێن و ناوەڕۆکـەکـەی دەبێ تایبـەتی "ڕووداونووسی" بێ و باسی

بەسەرهاتێک بکا.

تا ئەم دواییانە، ئەم بەیت و باوانە، لەلایەن کەسانێکی نەخوێندەوار، بەڵام خاوەن چێژەوە هەڵدەبەستران، وەک بەیتی "ئەرکان[٣]". تەنانەت لەم ساڵانەدا بەسەر بەیتێکدا کەوتم کە لەمەڕ "قەرەنی ئاغای مامەش[٤]" گوترابوو.

لەم کتێبەدا باسی سێ بەیت کراوە، یەکەمیان "مەم و زین[٥]"ە. ئەم بەیتە بەبڕوای لێکۆڵەوەران و زۆربەی خەڵکی کوردستان لە سەرووی هەموو بەیتەکانەوەیە.

لەمەڕ گرینگی و بایەخی ئەم بەیتە هەر ئەوەندە بەسە کە بێژین ئەحمەد کوڕی شێخ ئەلیاس کوڕی رۆستەم بەگ، شاعیری گەورەی کورد بە نازناوی "خانی[٦]" لە بەشی دووەمی سەدەی یازدەی کۆچیدا، بە زاراوەی کرمانجی بە شێوەی شیعری عەرووزی دای ڕشتووەتەوە.

خانی وەک بۆ خۆی دەڵێ، ساڵی ١٠٦١ی کۆچی لە دایک بووە، بەڵام لەمەڕ ڕێککەوتی کۆچی دوایی ئەو لە نێوان لێکۆڵەوەراندا جیاوازیی بۆچوون هەیە. شوێنی لەدایکبوونی خانی شاری بایەزید، لە کوردستانی شیمالییە.

مەم و زینی ئەحمەدی خانی هەر لە سەرەتاوە ناوبانگی دەرکرد. ئەوەتا حاجی قادری کۆیی شاعیری بەناوبانگی سەدەی سێزدەی کۆچی لەمەڕ ئەو کتێبە دەڵێ:

لە مەجمووعی دووەل، سۆران و بۆتان

لە سایەی ئەم کتێبە ناسراوە

پاش خانی، حاجی تەوفیقی سلێمانی، پیرەمێر[٧] شانۆنامەی "مەم و زین"ی خۆی بەرهەم هێناوە. زۆر پاش ئەوە هەژار[٨] شاعیری سەردەم مەم و زینی خانی وەرگێڕایەوە سەر زاراوەی سۆرانی.

بەیتی مەم و زین و هەروەها مەم و زینی ئەحمەدی خانی تا ئێستا بە چەند زبانی زیندووی وەک: فەڕەنسی، ئاڵمانی، رووسی، عەرەبی، تورکی و فارسی[٩] تەرجەمە کراوە.

ڕۆژهەڵاتناسی ناوبەدەرەوەی ئاڵمانی، پرۆفیسۆر دوکتۆر ئۆسکارمان، بەڕێوەبەری کتێبخانەی ئیمپەراتووری ئەڵمان کە لە ساڵی ١٩٠١ تا ١٩٠٣ی زاینی لە ئێران بووە، لە ساوجبولاغ "سابلاغ"ی موکری (مهابادی ئێستا) دەقێکی زۆر بەنرخی لە مەم و زین، لە قەولی ڕەحمان بەکر، بەیتبێژی بەناوبانگ، نووسیوەتەوە و لە کتێبی بەنرخی "تحفە مظفریە"دا بەیادگار بەجێی هێشتووە.

"تحفە مظفریە" بە ناو "مظفرالدین شا"ی قاجار کراوە کە ئەو زەمانی لەسەر تەخت بووە و ئۆسکارمان کتێبێکی خۆی بەناوی ئەو کردووە.

"تحفە مظفریە" ساڵی ١٩٠٦ی زاینی لە شاری بێرلین بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە چاپ دەرچووە و ناوە ئەڵمانییەکەی بەم جۆرەیە:

DIE MUNART DER

MUKRI - KURDEN

TEIL I

OSKAR MANIN

BERLIN 1906

دەقی مەم و زین لە سەرەتاوە لەلایەن مامۆستا عوبەیدیلای ئەیووبیان، لە ڕێنووسی لاتینییەوە کرایە کوردی و بە فارسی تەرجەمە کرا و بە پەڕاوێز و ڕوونکردنەوەی تەواو لە بڵاڤۆکی زانکۆی ئەدەبیاتی تەورێز ساڵی (١٣٤١-١٣٤٠ هەتاوی)دا بە چاپ گەیشت و پاشان وەک کتێبێک بە ڕێکوپێکی بڵاو بووەوە.

پاش ئەو کارە بەنرخەی مامۆستا ئەیووبیان، خوالێخۆشبوو مامۆستا هێمن ساڵی ١٩٧٥ سەرجەمی "تحفە مظفریە"ی هێنا سەر ڕێنووسی باوی کوردی و لەسەر هەر بەیتەش پێشەکییەکی زانایانەی بۆ ڕێنوێنیکردنی خوێنەرەکان نووسی(١٠).

تا ئەمڕۆ، لێکۆڵەوەران، تەنیا لەسەر کارەکەی ئۆسکارمان توێژینەوەیان

کردووه، ئەوەش لە کاتێکدایە هەر ئێستا چەنای چەن گێڕانەوەی (ریوایەت) سەرنجڕاکێش لە بەیتی مەم و زین و باقی بەیتەکان لەلای توێژکارانی ناوچەیی هەیە کە زۆر بەنرخ و گرینگن و رەوا نییە خۆمانیان لێ بەساحەب نەکەین. دیارە مەبەست وەلانانی دەقەکەی ئۆسکارمان نییە، بەپێچەوانەوە گێڕانەوەکەی ئۆسکارمان گەلێک بەنرخ و سەرنجڕاکێشە، بەڵام حەیف و خەسارە ئەو دەقانەی کە لە چەند دەیەی رابردوودا زیندوو کراونەتەوە و ئەم دەقەی بەردەستیش بێگومان یەکێک لەوانە، بخرێتە ژێر پەردەی فەرامۆشی و تۆز و غوباری رۆژگار لە بەرچاوانی ون بکا و لە ناو بچن.

نووسەری ئەم وتارە هیوادارە ئەم دەقەی مەم و زین و باقی بەیتەکان کە لە زبانی بەیتبێژانەوە لێرەولەوێ وەدەست کەوتوون، بڵاو بکرێنەوە و رووی چاپ بەخۆیانەوە ببینن.

دەقی خازر لەلایەن منەوە هاوینی ١٣٤٣ی هەتاوی لە زبان مام ئەحمەدی لوتفی[١١]یەوە نووسراوەتەوە. گێڕانەوەکەی مام ئەحمەد زۆر رەوان و رێکوپێک بوو، هیچ جۆرە سستی و کەموکورتی تێدا نابیندرێ. هەموو پاژەکانی داستانەکە لەسەر جێی خۆیانن و لەسەر یەک و پێکەوە دەبنە داستانێکی تەواوی بێ کەموکووڕی.

جێگەی باس و سەرنجە کە ناوی قارەمانەکانی ئەم دەقە، بەوردی دەگەڵ قارەمانانی دەقی مەم و زینی ئۆسکارمان یەک دەگرنەوە. ئەوەش لەمەڕ باقی بەیتەکان بەم شێوەیە نییە و ئەم تایبەتمەندییە دەمانگەیەنێتە ئەم ئاکامە کە جەمارەی خەڵک زۆر بە وردی و بەتاسەوە دەقی "مەم و زین" و ناوی قارەمانەکانیان پاراستووە.

خوالێخۆشبوو، مام ئەحمەدی لوتفی، زۆر بەئاسایی، بێ هەڵەنگوتن و دووپاتکردنەوە، رستە بەرستە بەیتەکەی بۆ بەیان کردم و منیش دەمنووسییەوە، بابەتەکانم بە ڕادەیەک توند دەنووسییەوە کە ئەو پێویستی دووپاتکردنەوە نەبێت و لە ڕاستیدا ئەو دەربەستی ئەوە نەبوو کە من دەگەمەوە ئەو یا نایگەمێ! نووسینەوەی ئەو بەشانەی بەهۆنە دەیگوتن بۆ من

زۆر ئاسانتر بوون لەو بەشانەی وەک قسەی ئاسایی دەیگێڕانەوە. بەم جۆرە هەموو پاژە بەهۆنەکانم بەدروستی لە زبان بەیتبێژەوە دەنووسییەوە، بەڵام ناچار دەبووم هێندێک لە قسەکان پاشان وەبیر بێنمەوە و بیاننووسمەوە.

وەک دەپێشدا گوتوومە(١٢)، هەر بەیتێک لە چەند "بەند" پێک دێ. بەندەکان ژمارێک لینگە شیعرن (مصراع) کە هاوقافیەن، ژمارەی لینگە شیعرەکانی بەیتەکان بەقەدەراییی یەکتر نین. ئەوەندەی بەیتبێژ بتوانێ، "قافیە" بدۆزێتەوە لە هەر بەندێکدا دەکاری دێنێ. کە وا بوو ژمارەی قافیەی بەندەکان کەم و زۆر دەبێ، بەڵام هەر بەیتێک لانی کەم دەبێ دوو قافیەی تێدا هەبێت.

***

ئەوەی کە مەم و زین لای جەماوەر پێشوازیی لێ کراوە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی واتایی و ناسکی و هەستبزوێنی بەیتەکە. مەم و زین داستانێکی قووڵی عیرفانییە(١٣). هەر ئەوەش دەیباتەوە سەرووی سەرجەمی بەیتە کوردییەکان. لێرەدا روونکردنەوەیەک پێویستە. مەم لە سێوی بەهەشتی لە دایک دەبێ، ئەوجار مەم، زین ناناسێ و زینیش هەروەها نازانێ مەم بەری چ دارێکە.

شوێنی ژیانیان لێک دوورە، پەرییەکان(١٤) لە خەودا زین هەڵدەگرن و دەیگوێزنەوە بۆ کۆشکی مەم. لەسەر ئەم چاوپێکەوتنە سەرسوڕهێنە، ئەو دوو لاوە پاک و نازدارە لێیان دەبێتە قرە، پاشان خەویان بەسەردا دێ و پەرییەکان زین هەڵدەگرنەوە و دەیبنەوە ماڵی خۆی لە شاری جەزیرە(١٥).

بەیانی کە مەم لە خەو هەڵدەستێ، هەست دەکا کە سەرتاپای گیان و ژیانی لە ئەوینی کیژێک بە ناوی "زین" تەژی بووە و بڕیار دەدا شوێنی هەڵگرێ و بڕواتە ئەو وڵاتەی کە زینی تێدایە.

برایم پاشا بەو کەین و بەینە دەزانێ و نایەوێ کوڕەکەی ئەم سەفەرە دوورودرێژە ئەنجام بدا. بۆ پاشگەزبوونەوەی مەم بەزمێکی هەراوی سەما و هەڵپەڕکێ لە شاری یەمەن بەڕێوە دەبا و هەموو کیژ و ئافرەتە نازدار و

جوانەکانی شار تێدا بەشدار دەکا، بەو هیوایە مەم عاشقی یەکێک لەوانە بێ و زەماوەندی دەگەڵ بکا و هەوای سەفەر و چاوپێکەوتنی زین لە مێشکی خۆی دەرباوێ. لەم بەزم و هەرایەدا مەم نە چاوێک دەگێڕێ و نە سەر بەرز دەکاتەوە و نە هیچ جوانێک دەتوانێ سەرنجی ئەو بۆ لای خۆی رابکێشێ. ئەو بەڕاستی دڵبەری خۆی هەڵبژاردووە و کاری بەکەس نەماوە.

برایم پاشا دیسان بۆ پەشیمانکردنەوەی مەم لە سەفەر، دەست بەکار دەبێتەوە و دەگەڵ وەزیری پیر و بەساڵاچووی خۆی بە ناوی "فەریاد" پلانێک دادەڕێژن. برایم پاشا لەشکرێکی گەورە و گران بۆ مەم ئامادە دەکا. بەڵام لە بنەوە دەستووریان پێ دەدا پاش بڕینی چەند مەنزڵێک وردەوردە خۆ لە مەم بدزنەوە و بگەڕێنەوە تا بەڵکو مەم کاتێک بەتەنیا مایەوە، ترسی رێ بنیشێ، واز بێنێ و بگەڕێتەوە یەمەن. ئەم نەزیلە زۆر لە داستانی باڵندەکانی "منطق الطیر"ی عەتاری نیشابووری نزیکە.

لە "منطق الطیر"دا هاتووە کە باڵندەکانی دنیا هاتنە سەر ئەم رایە کە چاویان بە سیمرغ بکەوێ، باڵندەکان بەرەو هەرێمی سیمرغ لە شەقەی باڵیان دا، بەڵام رێگە دوور و سەخت و دژوار بوو، وردەوردە ماندوویێتی و کەند و کۆسپی رێگە ورەی دابەزاندن یەک یەک و دوو دوو گەڕانەوە و تەنیا لە سەرجەمی باڵندەکان سی کەس مانەوە و خۆیان گەیاندە ترۆپکی کێوی قاف کە هێلانەی سیمرغی لێ بوو. ئەم سی باڵندەیە ئەویندار بوون و عەشقی دیداری سیمرغ لە دەروونیاندا بەکڵپە بوو، هەر بۆیە لە دژواری و ئەستەمی رێگە نەترسان و گەیشتنە شوێنی دڵخواز.

سپاییەکانی برایم پاشاش کە عاشق نەبوون. بەئەمری پاشا بڵاوەیان لێ کرد و مەمیان بەجێ هێشت، بەڵام مەم و بەنگین «کوڕی وەزیر کە ئەویش لە سێوی بەهەشتی گوورابوو» درێژەیان بە سەفەر دا و نەگەڕانەوە، مەم بەتەواوی گەیشتە مەخسوود و مرادی خۆی و گیانی خۆی لەم رێگەیەدا بەخت کرد. خاتوو زینیش هەروەها لەم هەنگامەیەدا خۆی کردە قوربانی ئەوین، بەڵام بەنگین کە لە بەستێنی ئەویندا هێشتا کرچ و کاڵ بوو، لەو گیان

بەختکردنە ئەویندارانەیەدا سەرنەکەوت و سەرەنجام دەگەڵ مەلەک ریحانی خوشکی بەکر شەیتان کە خزمەتکاری خاتوو زین بوو زەماوەندی کرد.

لەم بەسەرهاتەدا هاتووە کە مەلەک ریحان شەل بووە و لەنگیوە. ئەمە نوکتەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشە و نیشان دەدا کە مەلەک ریحان هێما و نومادی دنیای ناتەواو و نوقوستانی مادییە. داستانی گەڕانەوەی لەشکری برایم پاشا لە ریوایەتەکەی ئۆسکارمانیشدا هاتووە[١٦].

لێرەدا دەبێ بێژین کە برایم پاشا هێما و نومادی عەقڵە و مەم نومادی ئەوین. دیسان لەو بەسەرهاتەدا دەبینین کە عەقڵ دەرەقەتی ئەوین نایە و لە هەمبەریدا تێک دەشکێ و سەر دادەنوێنێ. بەکرشەیتان نوێنەری شەڕ و ناپاکی و مەلەک ریحانی خوشکی نیشاندەری دنیای مادییە. پەرییەکان نوێنەری قەزا و قەدەری حوکمی ئاسمانین کە ئەوەش لە بازنەی دەسەڵاتی مرۆڤدا نییە.

خاڵی سەرنجڕاکێش لەم بەسەرهاتەدا ئەوەیە کە برایم پاشا بە دوای کوڕەکەیدا کە بێ سەروشوێنە و زۆری پێ چووە و نەگەڕاوەتەوە، نارِوا و حەولی دۆزینەوەی نادا. بەڵام دایکی مەم کە ئاراوقارای لێ هەڵگیراوە و حەجمینی نەماوە، پەیتاپەیتا خەونی ناخۆش دەبینێ و سەرەنجام بە لەشکرێکی گران و تەیارەوە بە شوێن مەمدا روو دەکاتە وڵاتی جزیر و بۆتان[١٧]. پاش ئەوەی هەواڵی مەرگی ئەوی پێ دەگا، دەستووری شەڕ و پێکدادان دەردەکا و خاکی جزیر و بۆتان بە توورەکان دەکێشێ[١٨] و بارەگا و گومبەز لەسەر گۆڕی مەم ساز دەکا کە هەر لە سەرەتاوە دەبێتە زیارەتگەیەکی پیرۆز[١٩] لەو مەڵبەندەدا.

هۆی بڵاوبوونەوە و مانەوەی چیرۆکی مەم و زین ئەوانە بوون کە بە کورتی ئیشارەمان پێ کرد. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ریوایەتەکەی مام ئەحمەدی لوتفی بکەمە فارسی تا ئەم داستانە جارێکی تریش بڕواتەوە ناو دنیای ئەدەبی فارسی و زۆرتر بناسرێ.

***

چریکە "بەیت"ی دووهەم کە لەم کتێبەدا ناسێنراوە، بەیتی خەج و سیامەندە. ئەم بەیتە پاش "مەم و زین" دەکەوێتە پلەی دووهەم لە باری گرینگییەوە. هەر کاتێک دەڵێن "مەم و زین" وا بوو، واچوو، باسی خەج و سیامەندیش دێتە گۆڕێ.

"خەج" ڕەنگە کورتکراوەی هەمان ناوی "خەدیجە" بێ. سیامەند[٢٠] کە ئێستا و لە رابردووشدا دەکار کراوە ناوێکی پیاوانەیە. ئەم چریکەیە لەلایەن ئۆسکارمانەوە باسی لێ نەکراوە کە هێندێک جێگەی سەرسوڕمانە. ئەم بەیتە کە گوتمان لە باری گرینگی و ناوەڕۆکەوە دەکەوێتە پاش مەم و زین، چۆنە کە لە "تحفه مظفریه"دا نەهاتووە؟ ڕەنگە ئەو جوابە بتوانین بدەینەوە کە مەبەستی ئۆسکارمان لە کۆکردنەوەی بەیتە کوردییەکان باری زبانناسی و واژەناسی کوردی بووبێ نەک گرینگی و بایەخی ئەدەبی و فۆلکلۆری بەیتەکان. ئەم هەڵبژاردن و جیاکردنەوەیە ڕەنگە بۆ ئەهلی زبانیش دژوار بێ تا چ دەگا بە کەسێکی بیانی کە بۆ یەکەم جار دەست دەداتە کارێکی لەم چەشنە. وا وێ دەچێ کە ڕەحمان بەکر (بەیتبێژ) یا ئاگادارانی دەوروبەر، مەم و زینیان دەپێش هەموو بەیتەکانی تردا بۆ ئۆسکارمان گێڕابێتەوە و ئەویش چۆنی بیستوویەتی نووسیویەتەوە و زەفتی کردووە.

وەک باسمان کرد زۆر کاری زانستی لەسەر بەیتی مەم و زین کراوە بەڵام "خەج و سیامەند" ئەو بەختەوەرییەیان پێ نەبڕاوە و بەباشی نەناسێنراون.

نووسەری ئەم بابەتە تەنیا دەقەکەی مامۆستا عوبەیدیلای ئەیووبیانی چاو پێ کەوتووە کە بەهاری ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە کۆواری زانکۆی ئەدەبیاتی تەورێزدا بەڕێنووسی لاتین[٢١] بڵاو کراوەتەوە.

دەقی گۆڕین سەرەتایەکی دەپێشدا هەیە کە بە فارسی نووسراوە و پازدە لاپەڕەی گرتووە. لەم سەرەتایەدا ئەم باسانە هاتوونەتە گۆڕێ: لێکۆڵینەوە لەسەر زبانی کوردی، زانایانی زبانناس و کوردناس، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، تایبەتمەندییەکانی شیعر و چریکەی[٢٢] کوردی، تایبەتمەندییەکانی چریکە (بەیت)ی خەج و سیامەند.

بۆ ئەوەی خوێنەرانی خۆشەویست تا رادەیەک دەگەڵ کارەکەی مامۆستا ئەیووبیان ئاشنا بن، چەند بابەتێک لە کۆتاییی سەرەتاکەی لێرەدا دەخەینە بەرچاو:

«تا ئەو جێگە من [ئەیووبیان] ئاگەدار بم، هێشتا هیچ کەس لەسەر بەیتی خەج و سیامەند کاری نەکردووە و لەلایەن کەسێکەوە لە چاپ نەدراوە. ئەوەش بووەتە هاندەری من بۆ ئەم کارە. هەروەها لەم چەند ساڵەی دواییدا وێڕای سەفەر و لێکۆڵینەوە تووشی چەند گۆرانیبێژ هاتم و چەند دەقی ترم لەم چریکەیە کۆکردەوە. بەم جۆرە دەستم کرد بە بەراوردکاری و هەڵسەنگاندنی دەقەکان(٢٣) و توانیم چریکەی خەج و سیامەند بەم شێوە کە دەیبینن پێشکێش بکەم.»

من پێم وایە نووسینەوەی دەقە دووردرێژەکان بە پیتی لاتین پێویست نییە، مەگەر رێکەوەند یا واژەیەکی کورت، بێگومان مامۆستا ئەیووبیانیش لەسەر ئەم بڕوایە سوورە، هەر بەو هۆیەش خۆی مەم و زینی ئۆسکارمانی بردە سەر رێنووسی عەرەبی و فارسی کە لە کوردیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێ. پاش ئەویش مامۆستا هێمن سەرجەمی "تحفە مظفریە"ی وەرگێڕایەوە سەر ڕێنووسی کوردی.

نووسەری ئەم بابەتە "قادر فەتاحی قازی" تکای لە لێکۆڵەوەری زانا و پسپۆڕ، بەڕێز سەید محەمەدی سەمەدی، کە خاوەن کتێب و ئاسەواری زۆرە، کرد کە لەمەڕ واژەی "بوزەینان" کە لەم دەقەدا هاتووە روونکردنەوەیەکمان بۆ بنێرێ. بەڕێزیان ئەم یاداشتە بەنرخەی خوارەوەی بۆ ناردم کە لێرەدا دەیبینین:

«ڕۆژی چوارشەمۆ ١٣٧٩/١٠/٢٨، سەعات چواری ئێوارێ، لە کووچەی مزگەوتی هەباساغای، تووشی ئاغای ئەحمەدی ماوەرانی، یەکێک لە کوڕەکانی خوالێخۆشبوو مەلا ڕەشەی بووم. دوای چاک و خۆشی، ئەو پرسیارەم لەوی کرد، وەڵامی ئەوە بوو:

له نێو مەلای وڵاتی ئیمە داب وایە، بەشی زۆری عومری مەلا، له هەر دێیەک ڕابرێ، مەلا بە ناوی ئەو دێیە ناوبانگ دەردەکا، بۆ نموونە خوالێخۆشبوو مەلا کەریمی شاریکەندی، بە سجیل شۆرەتی "مستەفا پورئازەر" بوو، بەڵام لەبەرئەوەی بەشی زۆری تەمەنی لە "شاریکەند" ڕابرابوو، بە مەلا کەریمی شاریکەندی ناوبانگی ڕۆیبوو. بابی مە "مەلا ڕەشە" زۆربەی دەوری فەقێیەتی له گوندی بوزەینانی شارباژێڕی عێراقێ تێپەڕ کردبوو، لەبەر ئەوە، له نێو هاودەورەکانی خۆی، بە "مەلا محەمەدی بوزەینانی" ناوبانگی دەرکردبوو. شورەتی ئێمە کە "ماوەرانی"یە، ماوەران گوندێکی داوێنی قەندیلییە. بنەچەکەمان خەڵکی وێیە.»

ترجمهء فارسی

روز چهارشنبه ۱۳۷۹/۱۰/۲۸، ساعت چهار بعد از ظهر، در کوچهء مسجد عباس آقا، با آقای احمد ماورانی، یکی از پسران مرحوم ملا محمد بزینانی، روبرو شدم. بعد از احوالپرسی، این پرسش را از وی کردم. پاسخ ایشان چنین بود: در ولایت ما رسم بر این است، هر ملا، دوران بیشتر عمرش در هر دهی سپری شود، به نان آن ده شهرت پیدا می کند.

برای نمونه، شادروان ملا کریم شاریکندی، در شناسنامه، شهرتش "مستفی پور آذر" بود، ولی چون مدتی از عمر خود را در قریهء شاریکندی گذرانده بود، به شاریکندی معروف شده بود. پدر ما، ملا محمد بزینانی، چون دوران طلبگی خود را در ده بزینان یکی از روستاهای منطقهء شارباژیر "شهربازار[٢٤]" عراق طی کرده بود، به این خاطر به ملا محمد بزینانی مشهور شده بود. شهرت ما که ماورانی است، ماوران دهی است در دامنهء کوه قندیل. اصل ما از آنجاست.

یک موقع نگارنده به زبان کردی مطالبی در بارهٔ بیت "خەج و سیامەند" و چگونگی قرار گرفتنم در مسیر "فولکلور" کردی، نوشته بودم. بی مناسبت نمی دانم عین آن نوشته را با ترجمهٔ فارسی در اینجا بیاورم:

«دەگەڵ ئەوەش کە بەیتی خەج و سیامەند لە پاش بەیتی بەناوبانگی "مەم و زین" دە پلە دووەمدایە و هەمیشە کە باسی بەیت دێتە گۆڕێ، دەڵێن: مەم و زین و خەج و سیامەند، ئەمن پێم شک نایە بەیتی خەج و سیامەند بەوێنەیەکی چاک و زوڵاڵ بە چاپ گەیشتبێ.

جا ئەگەر بەیتی خەج و سیامەند، چاپێکی باش و بە کەڵکیشی بەخۆیەوە دیبێ، کە ئەمن لێی بێ خەبەرم و نەمدیوە، ئەوەش، دیسان ڕێ لەو کارەی کە ئێستاکانێ ئەمە تێیداین، ناگرێ.

ئێمە لە دنیای ئەدەبیات چاومان دەوە بڕیوە کە نووسراوەیەک لە کۆنەوە بەخەتی دانەر بێتە دەسمان. ئەم ئارەزووە زۆر کەم پێک هاتووە. ئێمە لە ئەدەب و بابەتەکانی تری سەرەوە ئەدەب، نووسراوەیەکمان دەدەستدا نییە کە دانەر بە خەت و قەڵەمی خۆی بێ، بەتایبەت ئی پسپۆڕەکانی زۆر کۆن و لە مێژینە. ئەم خاڵەی باسمان کرد، بۆ بەیت و باو و کەلەپووری تری گەل کە سەرزارەکین (شفاهی) هەر ناگونجێ. ریوایەتەکانیش، هەر کامەیان، بەتەنیایی، کەڵک و گرینگیی تایبەتی خۆیان هەیە، نابێ هیچ کامیان بخرێنە پشتگوێ.

فۆلکلۆر، عیلم و زانستی ناو خەڵکە؛ لە تەجروبە و بیر و باوەڕی خەڵک پێک هاتووە. زانستی فۆلکلۆری نەتەنیا لە ئەدەب و لۆغەتدا خۆی دەنوێنێ، بەڵکو لە لک و پۆپی دیکەشدا، وەکو ئەستێرەناسین، داوودەرمان، کشتوکاڵ، ئاژەڵداری، ئاشنانەوە، جۆلایی، خۆی نیشان دەدا. پێیان وابووە ئاش لە شەیتان بەدەر کەس نازانێ دروستی بکا. رۆژێک ئاشەکەیان لێ خراپ دەبێ، وەدوی شەیتان دەکەون، بیبیننەوە ئاشەکەیان بۆ ساز کاتەوە، پاش گەڕانێکی زۆر، شەیتان دەبیننەوە؛ دەوری دەدەن، شەیتان کە خۆی دەگەمارۆی واندا

دەبینێ، لە ڕووی ناچاری، زۆر بەکورتی، دەڵێ: «ڕاستە و بەراو». خۆی لە دەستیان ڕادەپسکێنێ و هەڵدێ و خۆیان لێ ون دەکا. پاشان عاقڵمەندان قسەکەی لێک دەدەنەوە و بۆ خۆیان ئاشەکە وەکار دەخەنەوە.

بەڵام بەندە چۆن بۆ لای فۆلکلۆر هاتم؟

دەرسی دانیشکەدەم هاتبووە تەواوبوونێ، دەبوو ریسالە بنووسین. ئوستادێکمان هەبوو، خوا عەفووی کا، بەناوی ئەدیبی تووسی، خەڵکی خۆراسان بوو، شێست و پێنج ساڵی پتر لە تەمەن ڕابردبوو، زۆر عاریف و زانا و خۆش ئەخلاق و سەروڕووخۆش بوو، لە ئەدەبیاتی فارسی و هەروەها لە فۆلکلۆردا دەستێکی گەلێک باڵای هەبوو، زۆریش شاعرێکی باش بوو. فەرمووی تەرانەکانی کوردی بکە بە ریسالەی خۆت. دیارە پێشەکیش سەرم لەم کارانە دەخورا، ئەم کارەم بە ڕێنوێنیی وی بە ئەنجام گەیاند.

پاشان دیتم بەیت لە ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر بەشێکی گەورە و گرینگە، وەختی خۆم بۆ کۆکردنەوەی بەیتەکان تەرخان کرد، لە مەهاباد گەیشتمە بەیتبێژێکی مەزن، کە پێیان دەگوت مام ئەحمەدی لوتفی، پێش منیش بۆ کەسانێکی وەک سەید نەجمەی ئەنیسی و خوالێخۆشبوو عوسمان یۆسفی، بەیتی کوتبوو. زۆر جار تەشریفی هێنا بۆ مەزڵی من لە مەهاباد. لە مولاقاتی هەوەڵادا لێم پرسی: چەند بەیت دەزانی؟ کوتی: هیچ بەیتێک نییە نەیزانم. کوتم: بێ زەحمەجت ناویان بڵێ. ناوی چەند بەیتێکی گوت. دەنێو واندا بەیتێک بەناوی مێر و وەفا بوو، دەپێش هەمووواندا ئەوم لێ وەرگرت و خواوڕاستان بەچاپم گەیاند. دوایەش بەیتی تری زۆر بۆ کوتم، خوا یارمەتیی دام، زۆربەی وانم بە چاپ گەیاند.»

***

سێهەمین چریکەی ئەم کتێبە بەیتی ئەحمەدی شەنگە. ئەم بەیتەش یەکێک لە شاکارەکانی بەیتی کوردییە کە بەداخەوە تا ئێستا رووی چاپی بەخۆیەوە نەدیتووە.

"شەنگ" لە فارسی و کوردیدا بە مانای شۆخ و چەلەنگ و لەبار و جوان و

خۆشڕەفتارە. ئەم بەیتە لە باسی شەڕ و پێکدادانی عەشیرەتە کوردەکان[٢٥] تەژییە و لە هەمان کاتیشدا لە جوانی و دڵبزوێنیی دیاردە سروشتییەکانی وەک مانگ و ئەستێرە و ئاسمان دەدوێ و سەرنجمان بۆ لای جوانیی سروشت رادەکێشێ. بێجگە لەم لایەنانە چارەسازی، مەسڵەت، لەسەرخۆبوون و پێڕەویکردن لە عەقڵ کەوتووەتە بەر باس و سەفا و پاکی و سادەیی و ئارامیشێک کە چیا و کێوەکان بەمرۆڤی دەبەخشن لەو بەیتەدا شەپۆلان دەکا.

گێڕەوەری "راوی" ئەم بەیتە مام ئەحمەدی لوتفییە کە ساڵی ١٣٤٧ لە شاری مەهاباد بۆی گێڕاوەوە و نووسیومەتەوە. ئەم بەیتە لە باری فۆلکلۆری و مەردمناسییەوە زۆر دەوڵەمەندە. ناوی زۆرێک لە عێلات و عەشایر و هەرێمەکانی نیشتمانی ئێمەی تێدا هاتووە، شێوەی ژیانی چادرنشینەکان و عەشیرەتەکان، ڕێوڕەسمی مێوانداری، پێوەندیی ئەم خەڵکانە دەگەڵ یەکتری و شێوەی داوەری و بۆچوونیان لەمەڕ ژیان و کاروباری ڕۆژگار، راوێژکاری لەسەر کار و ئەرکەکان، ئازایەتی و نەترسی، خۆڕاگری و دەوامهێنان، غەم و شادی، ئەوین و دڵداری، گرینگیدان بە چەک و ئەسپ، ناوی دار و دەوەن و گوڵ و گیا، بەزۆر و زەوەندی لەم بەیتەدا باسیان لێ کراوە.

بەیتی ئەحمەدی شەنگ هەردووک چەشنی بەیتی تێدا هەیە[٢٦]. یانی بەیتی کورتە میسراع و بەندی «درێژ میسراع"ی تێدا هاتووە، وا وێ دەچێ کە مەسەلە عاتیفییەکان زۆرتر بەم چەشنەی دوایی بەیان کراون و میسراعە کورتەکان زۆرتر بۆ بەیانی بابەتە ئاساییەکانی بەیت و پێکەوە لکاندنی بەشە جۆراوجۆرەکانی بەسەرهات کەڵکیان لێ وەرگیراوە. دەتوانین بێژین کە قسە ئاساییەکان «نە هۆنراوە – پەخشان» لە بەیتەکاندا کەم تا کورت دەوری بەندی کورتە میسراعەکان دەگێڕن.

پاش ئەم سەرەتایە، ئێستا دەقی بەیتەکان دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز کە هیوادارم بە چاوی رەخنە و هەڵسەنگاندنی زانستی خۆیان بیدەنە بەر سەرنجی تایبەت.

سپاس بۆ خوای مەزن کە توانای بەرهەمهێنانی ئەم کارەی داوە بەم عەبدە بێ توانا و کڵۆڵە.

تورێز. سێشەمە
٢٥ی گوڵانی ١٣٨٠
قادر فەتاحی قازی

حواشی

١– منظومهء کردی لاس و خزال، ص هفده: ٢٠٢ منظومه.

٢– مرصاد العباد، چاپ دوم ١٣٦٥، توضیحات، ص ٥٥٤ و ٥٥٦.

٣– ارکان فرماندهء قوای ترکان عثمانی در جنگ بین المللی اول در آذربیجان بوده و فعالیت جنگی داشته است. منظومهء کردی مهر و وفا، سر آغاز، ص ٢٢، ح١.

٤– حاجی قرنی آقا، رئیس ایل مامش، متوفی به سال ١٣٢٥ شمسی، امثال و حکم کردی، بخش دوم، حواشی و توضیحات، ص ٣٤٥.

٥– تا آنجا که تحقیق کردەام، اهل نظر "مەم" را با محمد و "زین" را با زینت تطبیق می دهند.

٦– در مورد احمد خانی، رک به: الف احمد خانی و منظومهء مم و زین، به قلم عبدالحمید حسینی، نشریهء دانشکدهء ادبیات و علوم انسانی تبریز، بهار ١٣٥٢.

ب: معرفی شخصیت احمدی خانی، به قلم عزیز ابراهیمی، مهاباد انتشارات ملا آوراه، این نوشته تاریخ ندارد، ولی قطعاً پس از پیروزی انقلاب اسلامی ایران به چاپ رسیده است.

ج: ئەحمەدێ خانیێ نەمر، سادق بەهادین ئامێدی، گۆواری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە ٢، بەشی ١، بەغدا،ساڵی ١٩٧٤، ل ٧٦٩.

د: منبع و مرجع اساسی ومفصل در مورد احمد خانی، کتابی است به زبان عربی، در ٥٠٧ صفحه، سال ١٩٧٩ میلادی، بغداد، تألیف دکتر

عزالدین مصطفی رسول، تحت این عنوان، احمدی خانی (١٦٥٠ - ١٧٠٧) شاعراً و مفکراً، فیلسوفاً و متصوفاً.

٧- پیرەمرد، در ١٩ حزیران ١٩٥٠ میلادی در سن ٨٣ سالگی در سلیمانیه درگذشته است. «بەرگی یەکەم لە پەندەکانی پیرەمێرد» ص٥.

٨- "هەژار" روز پنجشنبه ٦٩/١٢/٢ درگذشته و در مهاباد در گوردستان بداق سلطان که بخشی از آن به شاعران اختصاص یافته، به خاک سپرده شده است.

٩- استاد عبیدالله ایوبیان تحقیقات کاملی پیرامون "مم و زین" انجام داده، ضمن آن تحقیقات متن اوسکار- مان راهمراه با ترجمهء فارسی آن، نشریهء دانشکدهء ادبیات تبریز، سال (١٣٤١ - ١٣٤٠) منتشر کرده‌اند. آن تحقیقات بطور جداگانه نیز در یک جلد انتشار یافته است.

١٠- حاصل این کار کتابی است در دو جلد که در سال ١٩٧٥میلادی، در عراق از طرف «کۆڕی زانیاری کورد» چاپ و منتشر شده است.

١١- متوفی در مهاباد به تاریخ ٣/١٠/ ٦٢، نگارنده در سرآغاز لاس و خزال، از صفحهء هیجده به آین طرف، مطالبی در شرح حال مام احمد لطفی بیان کرده‌ام.

١٢- منظومهء کردی لاس و خزال، صفحه اول.

١٣- نگارنده این سطور تا این اواخر "مەم و زین" رابه عنوان یک داستان عاشقانه می شناختم و شاید الآن خیلی ها هم در بارهء "مەم و زین" چنین بیندیشند، در حالیکه "مەم و زین" یک داستان عمیق عرفانی است.

١٤- پری، جن، مؤنث جن، روح پلید، دیو، استعاره از زن زیبا. (فرهنگ معین).

در کردی و در این متن، پری تقریباً معادل است با فرشته. پری چهره، پری زاد، پری پیکر، دلیل اند که پری در فارسی هم معنی مثبت دارد. آقای ایوبیان در ترجمهء فارسی "مەم و زین" (ص ٤٣) در مقابل پری، حوری به کار برده‌اند. یعنی در متن: پری است، در ترجمه: حوری. اما از

صفحهء ۸۷ به بعد جای حوری، در ترجمه پری آمده است.

۱۵- جزیره، بارها نامش در شرفنامهء بدلیسی آمد، شهری است در غرب دجله، میان موصل و دیاربکر واقع است. شرفنامهء بدلیسی، ص ۱۰، ح۲، چاپ محمد محمدلوی عباسی، سال ۱۳٤۳ شمسی. همچنین رک به: شرفنامهء کردی "ترجمهء هەژار" ص ۲۷۲، «فەرمانڕەوایانی جزیره».

۱٦- مەم و زین، عبیدالله ایوبیان، ص ۸٤.

۱۷- بۆتان از بلاد هکاری است، هکاری جزء ایالت وان و مرکز آن "جولا مرگ" است، شرفنامهء بدلیسی، ص ۱۱، ح۳. حاجی قادر گوتوویه:

خاکی جزیر و بۆتان یانی وڵاتی کوردان

سەت حەیف و سەت موخابین دەیکەن بە ئەرمەنستان

۱۸- این سخن در کردی مثل است و آن کنایه از انتقام شدید است. امثال وحکم کردی، بخش اول، ص ۱۲۸.

۱۹- در کتاب دکتر عزالدین مصطفی رسول، مرسوم به: احمدی خانی (۱٦٥۰ - ۱۷۰۷) ص ٥۰۱، سنگی نشان داده شده که به خط کوفی نوشته شده است، سنگ در کنار شهر جزیره واقع است و آن سنگ مزار مەم معرفی شده است.

۲۰- قس با: سیامک در فارسی.

۲۱- آن زمان حروف علامت دار کردی موجود نبود و نوشتن متن با خط لاتین از روی ناچاری بود، بعداً آقای ایوبیان به دانشکدهء ادبیات تبریز، پیشنهاد کرد که حروف مخصوص کردی تهیه شود. چاپخانهء شفق آن حروف راتهیه کرد. از تهیه حروف، ایشان "مەم و زین" را با حروف کردی به چاپ رسانیدند.

۲۲- منظور از چریکه "بیت" است. ایشان به بیت "چریکه" اطلاق کردەاند، واضح است که تغییر نام آثار ملی و بلاد و امکنه با روح تحقیق موافق نیست. در مەم و زین ایشان، ص ۹، آمده: "چریکەی کەڵ و شێر" در

حالیکه "کەڵ" صدایش چریکه نیست، چریکه صدای باز (مرغ شکاری) است. «متن منظومهء مورد بحث، ص ۲۷، ح۲». اگر گفته شود که در اینجا منظور از "چریکه" داستان و سرگذشت است و صدا منظور نیست، در پاسخ می توان گفت که بیت نام حقیقی و منحصر به فرد این منظومه‌هاست و برای همه آشناست و نامی جامع و مانع است، خود همین منظور را برآورده است، دیگر چه لزومی به تغییر آن.

۲۳- منظور نویسنده، روایت هایی بوده که خود ایشان و یا دوستان ایشان از قول بیتخوانان یادداشت کرده بوده‌اند.

۲٤- شهر بازار: بخشی است از استان سلیمانیهء عراق، واقع در شمال شرقی شهر سلیمانیه. ر ک به "گۆواری کۆڕی زانیاری کورد" بەغدا، سال ۱۹۷٤ میلادی، شماره۲، قسمت ۱، نقشهء مقابل صحفهء ۳۹٦، مقالهء دکتر ناجی عباس احمد، تحت عنوان «کۆچەری و ترانس هیومانس لە پارێزگەی سولەیمانی و هەولێر».

۲٥- در گذشته‌های دور و نزدیک این رسم کمابیش در کردستان معمول بوده است ولی اکنون به کلی منسوخ شده است.

۲٦- هر بیت از شماری بند «band» تشکیل می یابد و هر بند تعدادی مصراع هم قافیه است.

# مەم و زین

به قووەتی حەق کارسازی قەدیم.

پادشـایەک بـوو لە یەمـەنێ، شـەهەنشـاهێکی زۆر قـورس بـوو، نێـوی برایم پادشا بوو.

ڕۆژێکی ئەگەر چۆوە ماڵێ، بە ژنەکەی گوت: ئاوێنەم بۆ بێنە، ڕوخسەتی[١] خۆم تەمەشا دەکەم، زۆر لەمێژە خۆم نەدیوە.

ئەگەر زەینی دایە، تەمەشای کرد لە ڕدێنی سێ چووار دەنک سپی ببوو.

جا گوتی:

ئەو دونیایە هیچ نییە

سێ ڕێز فرمێسکی هەڵڕژتن بۆ سەر عەرزییە

خێزەرەیان[٢] هات بۆ سەر ڕدێنێکی سپییە

گوتی: من بێ عەولادم، میراتگرم نییە.

ئاوێنەکەی لە حەیفان بەعەرزی دادا، گوتی: «کەس نییە مەملەکەتی من دووای من بەڕێوە بەرێ».

پیاوێکی زۆر هونەرمەند بوو

بەڵام بێ ڕۆڵە و فرزەند بوو.

---

(١) ڕوخسەت: ڕوخسار، دم و چاو.

(٢) خێزەرە: بە شوێن یەکتردا هاتن. هب (= هەنبانە بۆرینە).

دوو وەزیری هەبوو ئێکیان نێوی ئازاد بوو، ئێکیان نێوی فریاد بوو.

جا گوتی:

ئەرێ گەلی دەوەزیرانە

ئەمن بەنگۆم هەیە ئیحتیبار و متمانە

دەودەمێ سکەی بیست و چوار و مەتای بە قیمەت گرانە

ئەمن لێ قەوماوم، ڕوپکەین لە دەرگای یەزدانە

بە میرات بەجێ دەمێنێ ئەو مەملەکەت و دەور و دوکانە.

ئەوانیش گوتیان: پادشا لەسەریەتی خێراتێکی زۆر پکا؛ بەڵکو خودا کوڕێکت بداتێ، زوڵم و زەلاڵەت لەسەر خەڵکی هەڵبگرە. پادشا قسەکەی بە دڵیەوە نوسا، ئەوی پێیان گوت، وای کرد.

ئێوارێکی، کاتێک پادشا چۆوە ماڵێ، دەروێشێک لەبەر دەرگای شا یاهووی کێشا، جا گوتی: «ئەمن میوان بم، ئی پادشایان دەبم؛ دەروێشی تەوەقو نیم».

دەروێش شەوێ لە ماڵە شای میوان بوو، جا بە شای گوت:

پادشام ئەتۆ فکرت بلاوە

ئەو خێراتی کردت، قەبوڵ بوو لەکن باری تەعالا، بینایی چاوە

ئەمن دوو سێوی بەهەشتم بۆ تۆ هێناوە.

دەروێش گوتی: «ئەم سێوانە، ئێکیان بدە بە ئازاد، ئێکیان بۆ خۆت بیخۆ؛ خودای تەعالا ئینشەڵلا کوڕێکت دەداتێ».

پادشا زۆری قسەی دەروێش پێ خۆش بوو. ئازادی بانگ کرد، گوتی: «ئەو سێوەی پخۆ».

هەرتکیان ژنیان حامیلە بوو، هەرتکیان کوڕیان بوو؛ قورعەیان بۆ کێشان: ئەو بەکاکە مەم وەدەرکەوت، وەزیریش کوڕەکەی نێونا بەنگین.

خەڵک پێوەی دەهات. بە نازێک پادشا کوڕی گەورە کرد، مەگین خولا بزانێ.

پیاوی وا جوانچاک لە دنیادا نەبوو، کەماڵ و جەماڵی یەکترگیر بوو.

شا شەش هەزار سواری دەبەر دەستی نا، بۆ ڕاوێ پچێ.

برایم پادشا شوکرانەبژێری خودای دایمە دەکرد.

سێ پەریش بوون، بەوێنەی بەنی ئادەم. ئەوانە پەڕەوازە بوون، هاتن دەو مەملەکەتەوە. ئێکیان نێوی تەقییە بوو، دووەکانی تر نێویان سەفیە و ڕوحفییە بوو.

ئەم پەرییانە بە عومری خولای ڕێگایان کەوتە ئەو باڵەخانەی کە کاکەمەمی تێدا بوو. شەوێ لەوێ نیشتن. ئەگەر تەمەشای کاکەمەمیان کرد، جوانی وایان نەدیبوو.

گوتی(١):

گەلی دەخوشکانە

خوشکو ببێتەوە بەقوربانی زنجیرەی دەزولفانە

خاڵی ڕەش لەو کابرایەی بۆتەوە بە نەخش و بە نیشانە

لە بنی ئادەمیدا نەمدیوە پیاوی وا لایەق و جوانە.

ڕوحفییە دەیگوت:

کار بەدەستی پادشای ڕەحمانە

هەق دەستی ئیلاهی ئەڕواحی ئەوەی وا دانا.

دیسان هەر ئەو دەڵێ:

گەلی دەخوشکانە

ئەنگۆ منداڵن، زۆرو نەدیوە زەمانە و دەور و دوکانە

ساڵێکی هاتمە خاکی بنی ئادەمی، لێی دادامە کرێوە و شێلینگی پیرە بارانە

(١) بەیتبێژ دیاری نەکردووە کامیان ئەم قسەی گوتوە.

ڕێم کەوتە شارەکەی جزیرێ، مەملەکەتەکەی بۆتانە
کیژێکی لێ بوو شل و مل و سایە گەردن، گەلێک لەبەردڵانە
بەویان دەگوت: خاتوزینی بە زولفانە
بنی ئادەمی چاوی پێ بکەوێ، شێت دەبێ ؛ بۆی دەبێ بە دێوانە
بۆ برین دەبێ، لەسەری دانێی، بیکەی بە دەرمانە
دەڵێی شانەی هەنگوینە و لەپێش دەمی حاکمانە
ئێوە نەودیوە، ئەو لەو کاکە مەمە پتر[1] جوانە.
تەقییە[2] دەیگوت: گەلی دەخوشکانە
ئێمە پەڕەوازە بوین، هاتوینە نێو بنی ئادەمیانە
با پچینە جزیرە وێرانە
مەملەکەتەکەی بۆتانە
لە کنم هەیە مورووە خەوێکی حەزرەتی سولەیمانە
با پچین خاتوزین بێهۆش کەین، بێنین دەگەڵ ئەو کاکە مەمەی بیکەینەوە بە ئاملانە
ئەوحەلە تێ بگەین، بزانین کێهەیان لە کێهەیان زیاتر جوانە.

جائەوە هاتن مورووە خەوەکەیان لەسەر دڵی خاتوزین دانا. بێهۆش بوو. یەک سەر هێنایان بۆ یەمەنێ، لە تەنیشت[3] مەمیان درێژ کرد. مورووەکەیان لابرد، هیچ فەرقیان پێ نەکردن. سەتحی ببوون، بۆ خۆیان عەجایب مابوون. خاتوزین لە بورجی بەڵەکدا نوست. شوبای سەحرایە لێی دابوو، خەبەری ببۆوە، نەیزانی کە بێهۆش کراوە، وەختێک بەتەواوی وەخەبەر هات، دیتی

---

(١) پتر: بەراوەردی پکە دەگەڵ «بەتەر» ی ئازەری.

(٢) لێرە مامەحمەد گوتویە «فەخرییە». جاری وا ئەگەر گوتبام ئەم نێوەت پێشو نەگوتوە، دانەدەما، دەیگوت: دو نێوی هەبوو. «دوو نێوێ» بوو.

(٣) لەم وشەیەدا «تەن» دەبینین. «تەنیش»ی فارسیش کە تازە داکەوتووە، هەرئەوەیە.

جحێلێکی دەگەڵ ڕاکشاوە، جوانچاک. گوتی: ئەوە کێیە؟ بۆ دەبێ هاتبێتە ئێرە؟ ئەوە بانگی کرد، گوتی:

لاوە، لاوەکەی هیچ نەزانی

لە جوانان عەیب نییە، دڵ پەخش و پەرێشانی

ئەتۆ لە ڕوحی خۆت بێزاری، وا بێ عەقڵی، هیچ نەزانی

کوڵمەی منت کردووە بەشەربەت و کانی

ئاخر دەبێ پێم بڵێی: ئەتۆ خوشکی میر زێندینی میراودەلانی

ئەگەر بزانن دەستبەجێ ڕوحت دەکەنەوە بە فانی.

مەم خەبەری بۆوە. وەک لە بانی بەر بێتەوە وابوو.

خاتوزین گوتی: لاوە شەیتان زەللەی پێ کردووی.

بە وەکەم ئەگەر بیناهی چاوە

بنی ئادەمی، خودا نەفس و هەوای لە کەللەی ناوە

هاتوویە ئێرە، پێم بڵێ کێ ڕێگای تۆی داوە.

لاوە ئەتۆ بێ عاقڵی، ئەو تەگبیرەت کردووە بەتەنێ

خاترجەم بە گوڵی یاسەمەنت نادەنێ

ئەلعان خەبەر بدەم سەرت لێ دەکەنەوە لە قەڵای بەدەنێ.

کاکە مەم ئیغیار بۆوە، گوتی: ببورە مەزڵی خۆمە ئێرە. کێشەیان لێ پەیدابوو. هەر وەدیوی خۆی دەچوو خاتوزین. مستێکی لە کاکە مەم دا دمی پڕ بوو لە خوێن. کاکە مەم گوتی: ئەگەر پێت وایە مەزڵی خۆتە بانگی کڵفەتت کە.

خاتوزین دەڵێ:

قەرەواش و گەورە قەرەواشی نێو گەوەرێ

ڕەبی هەموو ڕۆژێ مردووێکت لە ماڵەبابی بەرنە دەرێ

جارێکی سەر بێنە سوێیە ئەتۆ لەئاڵەتی[١] پەنجەرێ
ئەو هەتیوە لاوژە کێیە لەکن خانمت هاتۆتەوە مەکان و گوزەرێ؟
قەرەواش و گەورە قەرەواشی نێو عوزارە
خوداوەندی میری مەزن لێت تێک بدا کاروبارە
تازەت مەمک خڕ کردووە، دەڵێی هەنارە
وەرە سوێیە، لە خانمت قەوماوە و هاوارە
بۆ من دەبێتە ئابڕوو چوون و خەم و پەژارە
بۆ هاتۆتە ئێرە ئەو کابرا بێ ڕێ و شوێن و بێکارە؟
قەرەواش و گەورە قەرەواشی نێو مەلەک ڕیحانێ
بۆ حازری ڕۆژی خەڵات و بەرات بەخشانێ
لە گەرنم وەردەگری یاقووتی عەبدولحەسەن و لەعلی ڕومانێ
ئەوڕۆکە بۆ بەدەردی خانمی خۆی نازانێ؟
قەرەواش و گەورە قەرەواشی نێو زیبایە
بۆ حازری ڕۆژی خەڵات و بەرات بەخشانێ، هەڵڵا هەڵڵایە
کەس بۆ خەڵات وەرگرتن لە پێش تۆدا نایە
بۆ دیار نی؟ دڵی خانمت وا شکست و موفتەلایە.

نەبوو، کەس نەبوو. کاکە مەم گوتی: خانم ئیجازە بفەرموو ئەمن بانگی نۆکەری خۆم پکەم. بزانین ئێرە مەزڵی منە یان مەزڵی تۆیە؟ گوتی: بانگ کە.

کاکە مەم ئەوە بانگی کرد، گوتی:
نۆکەر و گەورە نۆکەرەکەی نێو بەنگینە
بە دەستێکت بگرەوە لەگەن[٢] و بە دەستێک بگرەوە مەسینە[٣]

---

(١) ئاڵەت لە «هب»دا هاتووە. مەعنا کەی ئاوا نوسراوە: داروکەی پەروازی شووشە پەنجەرەی. من تێی نەگەیشتم لێرە مەبەست لە پەروازی چییە؟
(٢) لە مەتنی عەسڵیدا ئافتاوەیە، من کردمە لەگەن.
(٣) مەسینە: ئافتاوەی مس.

سەرت لەبن کەوڵێکی قاقومی (قومرۆیی باڵوێز ڕەنگ؟) دەرینە
لە دمی ئاغای تۆ دەڕوا جۆگەلە و جۆباری دەخوینە.
کێ بوو لە بەنگینی دەگوڵباوە
سەری لە بن کەوڵی قاقوم دەردەهێناوە
شەمێکی کافووری هەڵدەکرد و دەستی دەدا ئافتاوە
سەری پەردەی مرواری بەندی هەڵدەداوە
شل و مل و سایە گەردنێک دەگەڵ ئاغای قسەیان تێک گیراوە
دەیگوت: با عەیشیان لێ نەشێوێ، فوی لەشەمەکە کرد، گوتی: ئاغا خەجاڵەت خۆم، چراکەم لێ کوژاوە
گوتی: خانم مەزڵی کاکە مەمە ئێرە، ئەتۆ سەرت لێ شێواوە
ئاقڵت پەشۆکاوە
پەریان دەستیان لە دڵت داوە
پەرێشان مەبە، خودای تەعالا ئەتۆ و کاکە مەمی بۆ یەکتری داناوە
شەوە بەڵام شەوی زۆر نەماوە
ئەلعان مەلایان، فەقێیان – شەو درەنگە – نەسرومینەڵڵا دەکەنەوە بڵاوە
ئەڵڵا ئەڵڵای سۆفییانە و سەریان لەسەر سوجدە داناوە.
کوڵمەت دەڵێی بەفری کوێستانێیە و تازەکانە زەردەی تاوێی لێ داوە
بەژنت دەڵێی غەڵفی یەک ساڵەیە و شەختەی پایزێ لێی داوە
تولە نەمامە و گەڵای پێوە نەماوە
مبارەک بێ، ڕەبی لێک ببین کام و کاوە.
کاکە مەم پەردەکەی کێشا و گوتی: ئەدی بۆ ئەمن نەهاتوومە کن تۆ؟
خاتوزین گوتی: تۆ کێی؟ خۆیان بەیەکتری ناساند.
دەوعانەدا شەقەی باڵی پەرییان هات، زانییان ئەوە کاری پەرییانە.
خاتوزین گوتی: وەرە مەرد بە – نەوەک پەرییان بمبەنەوە– مەنوو ئەوشۆ.
ئەلعان ئەوە چاوم بە تۆ کەوت، ڕوحمم بۆت بزوت.

کاکە مەم خەنجەری لەبەر خۆی دەرکێشا، هەتا دەسکی خەنجەر خاتوزین نارەحەت نەکا. پەرچەم و سمێڵ تێک هاڵان، هەرکیان بە جووت خەویان لێ کەوت.

نەیانهێشت تاو هەڵێ، پەرییان خاتوزینیان هێناوە، لە بورجی بەڵەک، دە کۆشکی خۆیدا لە جزیرێ درێژیان کردەوە.

کاکە مەم ئەگەر خەبەری بۆوە، دەستە کوتەیەکی کرد، دیتی خێر بردوویانەتەوە.

کاغەزێکیان نووسیبوو، بەجێیان هێشتبوو: ئەوە خوشکی میر زێندینی میراودەلیانە، ئیشتییات لێیە وە دووای کەوە. ئێمە وامان کرد، لێمان مەگرە.

مەم لەتاوان بێهۆشیی بەسەردا هات.

بەنگین هات خەبەری هێنا، گوتی: نازانم کاکە مەم بۆ وا بێ حاڵە؟

دایکیشی هێندەی مەم خۆش دەویست نەبێتەوە، جا کوتی:

کێ بێ لە نۆکەری، لە نۆکەری ئەوی دونیایە

بۆ ئاغای خۆی پێک بێنێ شەرت و بەقایە

جووابێکم بۆ بەرێ بۆ ئەندەروونێ و خەبەرێکم بۆ بەرێ بۆ برایم پادشایە

سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، پێم وایە کاکە مەم گرتوویە دەردی موفاجایە.

کاکە مەم دوو خوشکی بوو ئێکیان نێوی فەخر ئەشرەف بوو، ئێکیان نێوی خوواز بوو.

دایکی کاکە مەم گوتی:

دەبڵێن بە فەخر ئەشرەف و خوواز بێنەوە، برایان حاڵی بێ حاڵە

خشلان دانێن، لە قۆڵیان دامالن بازیبەندی لاڵە

دڵم بەحری پڕ شەپۆلە، وەکو هەوری گەوالّ گەواڵە

سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، کاکە مەم ئەورۆکە بێ حاڵە

لە نەکاو خوداوەندی میری مەزن دەردی بۆ کردووە حەواڵە

نازانم نەئازاری خوداییە و نەموفتەلای دوو چاوی کاڵە.

وەزیر و وەکیل ئەوەڵێی وەخرِ بوون. برایم پادشا کوتی:

لە ڕوناکاییم(١) لە ڕێی تەخت و تانج،

دەبدەبەی شایی، بۆ وا نەخۆشی بۆ وا هەژاری

ئەنگوواوی یان بریندار؟

دەوڵەت و ماڵم زۆر بێ حیسابە

سوێندم سەد جاران بە ماڵی کابە

بەهەرچی بڵێی بۆ تۆ تەواوە(٢)

خودا گۆچانی پیری وەدەستم داوە

لە منی نەستێنێ ئەو تاقە لاوە

بڵێن تەخت و تانجی بۆ وی بەجێ ماوە.

لەپاش باس و خواسێکی زۆر کاکە مەم گوتی: ژنم دەوێ، خوشکی میرزێندینی میراودەلان، لە جزیر و بۆتانێ، نێوی خاتوزینە.

فریادی وەزیر زۆر پیر بوو، هیچ کەس نێو بانگی جزیر و بۆتانی نەبیستبوو، گوتی: شاهم دەگەڵ بابی تۆ ئەمن کەڕەتێک ڕێگام کەوتۆتە جزیر و بۆتان. دوورەدەستە. کاکە مەم ناگاتەوێ. ئەو هۆردوکێشییە نابێ. ژنی جووان بێن داوەت بگێڕن. کاکە مەم ئێکێکی وەبەردڵی پکەوێ، بۆی بێنن.

لە تەواوی مەملەکەت هێنایان لە نۆ جێگا داوەتیان سازکرد. داوەت کەسک و سور ڕەنگابوو، تێک هاڵا بوو ڕەش بەڵەک.

لێم گەڕێن حاڵم بێ حاڵە

تێکەڵ بوون پەرچەم و خاڵە

---

(١) لە «ڕوناکاییم» ئی منە. لە مەتنەکەدا مامەحمەد گوتوویە "لە ڕێی شونابیم" مەبەسی "لە ڕەوشەناییم" بووە، پێم وایە. ئەم کەسانەی وەدوی بەیت دەکەون، دەبێ بزانن لە بەیتاندا شتی وا زۆر دێتە پێش.

(٢) یانی مەرامی دڵت پێک دێنم، بەهەر قیمەتێک بێ.

هێندێک گەییوە، هێندێک کاڵە
لیمۆیان لە بن دەسماڵە
پاک قەدی دەڵێی شمشاڵە
هەور لێم گەواڵ گەواڵە
قەت زمانم نەبێ لاڵە
لێم تەڵخ نەبێ ئەحواڵە
هەرچی پیرە یان منداڵە
ئەو داوەتە گاڵە گاڵە
منیش دڵم هەر عەبداڵە
حەیفێ بێ کەس، نیمە مام و خاڵە
غەریبم، حاڵم بێ حاڵە.
عالەم بە گوڵان یاری یاری یار
گیرۆدەی تۆم لەیل و نەهار
بەجەرگییەوە داوم ڕەشمار
شەکر و قەند و عەبیر بە بار
بۆت نەماوم کورتەی پۆیلە(١) دار.
بسکێ خۆی ڕادەوەشێنێ
بارە هەنجیرم بۆ دێنێ
وەکو ڕۆژێ خۆی دەنوێنێ
ساتێ بە سەت ڕەنگ دەنوێنێ
جەرگ و دڵم لێ دەڕفێنێ
جەرگەکەم خوێن دەدەڵێنێ.
عالەم پاک بە گوڵان شێواوە

(١) پۆیلە، پۆیلانە: لیزگە مورووی سەر، بۆ خشڵ لە سەری دەدەن. هب.

کۆخ و هەنجیر تێک ڕژاوە
وەنەوشە و گوڵ و سووراوە
شایی پادشا سەرگیراوە
مبارەک بێ بووک و زاوا.
عالەم بە گوڵان یاری یاری یار.
عالەم بە گوڵان مەستی بۆنە
هەمووی گوڵی گۆناوگۆنە
تێک هاڵاوە سەقر و سۆنە
عارەق لە کوڵمان دەڕۆنە
ئاڵ بوون سەریان ئی لیمۆنە.
گوارە و کرمەک و قەتارە
وێک دەکەون، نارەنارە
سنگت وەک بازاڕ و شارە
سەرهەڵێنە جاروبارە
بەگۆشەی چاوی بەخومارە
هەتا بڵێم: ئەوە یارە.
گوارە و کرمەک و هەیت و هووت
دوڕی لاڵ و دوگمە و یاقووت
چۆن جارییە بوون خاڵ وا لە ڕووت
وەک خەزنەی شەداد، نمرووت
زانیت نەشەی کەللەم بزووت؟
بەنازکردن و هات و چووت.
گەڕی داوەتێ گیراوە
سوور و سپی تێک هاڵاوە
خاڵ و پەرچەم تێک ڕژاوە

تێل بە سەر پاک شل هەنگاوە
گەردن وەک شووشەی گولاوە
عەزیەتم گەلێک کێشاوە
قسمەت وای ئەمن هێناوە
مژانگت وا کێشا دوواوە
بەئەبرۆت جەرگم بڕاوە.
سنگت وەک بازاڕ و شاری
خۆت وا لە من کردووە دیاری
وەک گوڵی هەوەڵ بەهاری
لێم مەعلووم کە ئەگەر یاری
با نەچمەوە بە ڕزگاری
لێت داوم وا تیری کاری
بە فەقیری و بە هەژاری
ناچمەوە بێ سەوقات و دیاری.
ئەی باغی کۆخ و هەنجیرم
تۆ غایبی من زاهیرم
جا چۆن دەبی بە دەزگیرم؟
ئەمن پەسەندی میرانم
شوعرایەکی زۆر چازانم
عاشق بە جووتێک مەمکانم
بریندار و هەراسانم
تەحسیر دەکەم تا دەتوانم
ئاشقی باغی گولانم
ئاشقی سێوی سەرلکانم

ئاورِم وێ دە ئەرێ گیانم.
ڕەشبەڵەک وا تێکەڵ بووە
سەریان لە داوەتێ گەرم بووە
کچ و ژن و گردەڕووە
ئەمن ڕوحم وا ڕۆییوە.
تەیر لە سەرمان دەگەڕێ
کوڵمەت وەک گوڵی سێوەڕێ
ڕوح سەت جارت دەبەرگەڕێ
غەریبم، نەهاتوومە شەڕێ.
بۆ دەمت بێ گفتوگۆیە؟
شیرنە ئەو چاو و برۆیە
جوانی هەر قابیل بەتۆیە.
غەریبم بمکە میوانی
زۆر ناسک و شلک و جوانی
دەم پکە بە شەربەت و کانی
بە دزی و مەخفی و نییانی
من سوتاوم گەر بزانی.
گەڕی داوەتێ گەڕاوە
سور و سپی تێک هالاوە
شەکر و هەنار و قەنداوە
خاڵ و پەرچەم بوون بڵاوە
گوڵ و وەنەوشە و لاولاوە
بولبول لەوەی مەحتەل ماوە
قومری دەنگی هەڵێناوە

مبارەک ئەو بە ندوباوە.(١)

کاکە مەم کەوڵی قاقوومی بەسەر خۆی دادا، لە داوەتا چاوی لە کەس نەکرد.

گوتی: ئەگەر ژنم بۆ دێنن، ئەوم بۆ بێنن؛ دەنا دەچم بۆ خۆم وەدووی دەکەوم.

وەزیر بە پادشای گوت: چارە نییە، لەشکرێکی بۆ سازکە، لەشکرەکە لە نیوەی ڕێیە بگەڕێتەوە، ئەویش منداڵە، سام دەیگرێ، بەتەنێ ناچێ، ئەوی دەگەڵی بچێ تەنیا بەنگینە، جا پاشان بۆ و کارە ڕێیەک دەبینینەوە.

جا پادشا هێنای لەشکرێکی زۆری بۆ ساز کرد، ئەندازەی دە هەزار کەس.

دایکی گوتی: بڕوا دڵم دەتۆقێ، دەترسم نەگەڕێتەوە، عیشق لە کەللەی داوە.

بەنگین بە کاکە مەمی گوت: دایکت دڵی زۆر کولە، پچۆ کنی گەردنی خۆتی پێ ئازا کە.

ئەوە کاکە مەم سووار بوو هات بۆ لای دایکی.

دایکی گوتی:

قەستەم بەوەی کە بێ مەکانە
دانەری عەرز و عاسمانە
حەڵاڵت ناکەم ئەمن شیری مەمکانە
لێت حەرام کردووم ژیان و گوزەرانە.

کاکە مەم گوتی:

دایکی من لەگوێن کەس نییە
سەری منت بێتەوە بە قوربانی سەرییە
خودای تەعالا موقەدەری پێ کردووە لە ئەزەلییە
شەونخوونیت دەگەڵ کێشاوم، بە منت داوە شیری سپییە
هاتوومە لای تۆ بە عەزمی گەردن ئازاییە.

---

(١) ئەم بەندانەی داوەتێ، ئی بەیتی عەلی بەردەشانییە، لە داوەتێ بۆ جنۆکەکانی گوتووە، لەوێش ئاشقی بسکێ بووە. من هێناومەتە ئێرە. مامەحمەد بەیتی عەلی بەردەشانیی بە جوێ پێی گوتووم.

زنجیرەی زولفان تەنافە و لە ئەستۆم کراوە
مژانگی ئەبرۆی تیرە و لە جەرگم دراوە
پەیکانە، لە پشتم سەری دەرهێناوە
بۆ جزیرێ دەچم ئەگەر ئەو سەعاتە عومرم ببێ تەواوە.
جا دایکی گوتی:
ڕۆڵە ئاخر وا نییە، وا ناکەم
مەگەر سەری خۆم بە کوپەڵەی خمێدا کەم
حەزرەتی خدر بوو، خۆی کربووە دەروێش، لە کوێی تووش بم سێوێکی بەهەشتی لێ وەرگرم و جووانێکی وەک کاکە مەمی پێ پەیداکەم
بە خودای لێرە بڕۆی، لە دەروازەی یەمەنێ بمری، گەرنت ئازا ناکەم.
کاکە مەم گوتی:
ئاخر دایە دەردم بێ دەرمانە
دەردم زۆر گرانە
لەکن حەکیمان وەدەست ناکەوێ ئەو دەرمانە
بەوەی کەم خالقە و بێ مەکانە
عەرز و عاسمانی بە بێ تەناف دانا
بۆ خوم لێرەم و ڕوحیان لە جزیرێ بردوومەوە حەفسخانە.
دایکم لەکنە خۆی ساحێب عاقڵە و عاقڵی تەواوە
چ پکەم تیری بە پەیکانیان لە جەرگم داوە
خوێن دەکوڵێ و بۆ چاوم هێرشی هێناوە
قالبم لێرەیە و ڕوحم لە جزیرێ حەفس کراوە.
بەوە کەم ئەگەر بێ مەکانە
پێم خۆشە دانیشم لەکن دای و بابانە
قالبم لێرەیە و ڕوحیان لە جزیرێ بردوومە حەفسخانە.
دایکی گوتی:

له بۆت هەڵدەبەستم گەمێ،
له داوێنی به حران بگەڕێ جیسرێ
شەرتم کردووه له بۆت بێنم کچی پادشای میسرێ
سەفەری هات و نەهاته، ڕۆڵه کاری کردن نییه و ناکرێ.
هەرتک چاوم کوێر بوو لەسەر لانکه و بێشکه ڕاژانێ
تفڵم گەوره کرد و ئارامی دڵی منی، نامێنێ ئارامم له مەملەکەت و له مەکانێ
مەگەر سەرم بەرمەوه سەر کوپەڵەی دەخمخانێ.
خەبەرم بۆ بدەن به تەواوی مەملەکەتی عالەم، بزانن بەو خەبەره
دڵم پڕ له ژانی دەنەشتەره
کاکه مەم دڵی بەستراوه به ڕیحانەی ئەو دولبەره
له دڵیان داوه، برینی جێگای دمی خەنجەره.
دەبڵێن به خوشکانی پکەنەوه شین و واوەیلایه
دەردی بێ دەرمانه و به هیچ کەس چارەی نایه
دەچێ بۆ جزیر و بۆتانێ، بۆ من خەم و پەژاره و واوەیلایه.
کاکه مەم سووار دەبوو، سێ جاران بۆ دایکی دەگەڕاوه
دەیگوت: دایه نۆ مانگه و نۆ ڕۆژەت لەسەر من کێشاوه
بەشەوی تاریک و به ڕۆژی ڕووناک لانکی من به دەستی تۆ ڕاژاوه
ئازادم که نەوەک لەو سەفەره نەگەڕێمەوه دواوه
دوازده هەزار کەس له شاری یەمەنێ له کۆڕەی گریانیان دەداوه
دەیانگوت: کاکه مەم پێ و قەدەمی خێربوو، بەهرەی ئێمه یەگجار زۆر زیاد و تەواوه
هەم له دایک و بابی هەم له میللەت قەوماوه.
دایکی دەیگوت:
ڕۆڵه چ پکەم عیلاجم نییه

ئاگادارت بن چل سووارەی غەیبییە

ئەلیاس لە دەریا و خدر لە چۆلی و بەڕییە

وێنس لە بەحرێ و وەیسەلقەرەنییە

سولەیمانی بنی داود، ئەگەر لە دەستیدان باڵندە و ئینس و جینییە

ئامانەتی تۆ بێ یاقووب، ئەگەر دایم دەگری، دەڵێ: یۆسف زیندانییە

پێغەمبەری ئاخری زەمان، ئەگەر شەفیعی ئەولیایانە، لە گوێن هیچ پێغەمبەرێک نییە

سەلای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، ڕوخساری کاکە مەم ئەوجار لە من قاتییە

ئاخ ئەوەندەم چاو پێ کەوتبایە دەگەڵ خۆی بیهێنابا کیژێ مەرزینگان بە بووکییە

لەکن من خەزێنە و جەلال حیسابی نییە

پاکم دەبەخشی، دەمدا لە ڕێی ئیلاهییە

سەدەقەی کاکە مەم بێ، لەو سەفەرەی نەیبێ گیروگرفتییە.

کاکە مەم وەڕێ کەوت، بە پانەوە عالەم ڕەگەڵی کەوتن، مەودایەکی زۆر دەگەڵی هاتن. لەو جێی خەڵک گەڕانەوە و بەڕێیان کرد، برایم پادشا دەستی کرد بە گریان و گوتی:

تەمەشای بابە پیرەکەت کردووە هاتۆتە خوارێ لەسەر تەختییە

سێ ڕێز فرمێسکی دەکەونە سەر عەرزییە

هاتوونە خوارێ بۆ سەر ڕدێنێکە سپییە

جا پاش کاکە مەم ژیانم(١) بۆ چییە؟

خەزێنە و ملک و ماڵ، ئی خەڵکییە.

---

(١) ژییان (ziyan): زنده بودن، زندەماندن، زندگی، زندگانی. ژیان فارسی هم همین است. شیر ژیان یعنی شیر زنده و چالاک. در فرهنگهای فارسی که ژیان را خشمگین معنی کردەاند، آن یک معنی حدسی و تقریبی است، زیرا به این مطلب توجه نشده است که ژیان از ریشه زیستن است.

سـوارەکـانی دەگـەڵ کـاکـە مـەم بوون، نیـوەیان پاش دوو مـەنزڵ ڕۆیین، گەڕانەوە. کاکە مەم بە بەنگینی گوت: ئەلعان بۆ وا کەمن، ئەگەر ئێمە هاتین سووارەکان زۆرتر نەبوون؟

بەنگین گوتی:

ئەغام لەبەر عیشقی خۆی وەک گوڵی کوێستانێ غەملاوە

ئەو سوارەی ئەگەر دەگەڵ ئێمە هاتوون، هەمووی بێ ئاوزەنگی و بێ لغاوە

هیچی پاشبەند و پێشبەندی شەوێی بۆ وڵاغی نەهێناوە

بە خوڵای هاوڕێی ئێمە نین، هەمووی دەگەڕێنەوە دوواوە.

بەڵام بەوەی کەم ئەگەر ئەبەدییە

سەری منت بێتەوە بە قوربانی سەرییە

پێم وایە لە من زیاتر هاوڕێی دیکەت نییە

من دەگەڵ تۆم، هەتا ڕوحم بمێنێ لە سنگییە.

هەمو گەڕانەوە، بەنگین و کاکە مەم بەتەنێ مانەوە.

کاکە مەم دەدڵی خۆیدا، دەیگوت: بەنگینیش نەیە، بەتەنێ دەچم.

بەنگین گوتی:

ئاغایە من چەڵەبییە

سەری منت بێتەوە بە قوربانی سەرییە

خاتر جەم بە، سوێندم بەچل سووارەی غەیبییە

ڕوحم لەگەڵ تۆیە، لەسەر تۆی دادەنێم سەرییە

جا با دوو بە دوو بین، چییە؟

ڕێگایەکی خۆش و ئازادییە.

دوو بە دوو وەڕێ کەوتن.

ئەو جار باسی خاتوزین پکەین.

خاتوزین دەسرە و ئەنگوستیلە و ملوێنکی دەگەڵ کاکە مەم گۆڕیبۆوە. لە یەمەنێ بە کاکە مەمی گوت: مەنو ئەو شۆ، نەوەک پەریان بمبەنەوە. بەڵام

هەرکیان بە جووت خەویان لێ کەوت. پەرییان خاتوزینیان هەڵگرت، بردیانەوە جزیرێ، لە کۆشکی خۆی دایان نا، لە خەو هەڵنەستابوو. پاش بەینێک کە خەبەری بۆوە، دیتی بەتاقی تەنێ لە ژووری خۆیدایە، کاکە مەمی لەکن نییە، بەڵام دەسرە و ملوێنک و ئەنگوستیلەکە لەوێن. خاتوزین پەژارە و خەمێکی زۆری بەسەردا باری. خوشکێکی بوو نێوی ئەستی بوو، ژنی قەرەتاژدین بەگ بوو. خاتوزین لە دوی نارد، گوتی: تا ئێرە بێ.

ئەستی هات، لێی پرسی: ڕەنگت گۆڕاوە، بۆ وا ناڕەحەتی؟ خاتوزین گوتی:

دادە لە من بووە بەهاوارە

دەردێکم گرتووە بە هیچ لوقمانێک نایەێ عیلاج و چارە

ئەمن زۆر مەحتەلم لەو حیساب و لەو کارە

ئەو شۆکە پەرییان لەسەر باڵی خۆیان منیان کربۆوە سووارە

بردیانمە مەملەکەتێک، جووانێکی لێ بوو نێوی کاکە مەم بوو، زۆرناسک و نازدارە

هیچ هۆشم نەماوە، دڵم لەتاو وی بریندارە.

خوشکەکەی پێی گوت:

کوڵمەت دەڵێی گوڵە و بەفری لێ باریوە

دەڵێی موشەجەرە[١] و لە دوکانی کوڕە عەتاران غەملیوە

کوڵمەت دەڵێی سێوە و شەختەی پایزێی نەدیوە[٢]

---

(١) موشەجەر: بەیتبێژ بە مانای شتێکی جوان کە دەبیری خۆیدا بووە، بەکاری هێناوە.

(٢) ئەگەر بەفری لێ باری بێ، چۆن شەختەی پایزێ نەدیوە؟ مەگین بڵێین بەفر جوێیە و شەختە جوێیە. مەودام نەبوو، پێویستیش نەبوو، ئەم شتانە بپرسمەوە، بەنی لێ ئاڵۆز کەم. پێم وایە ئەگەر پرسیباشمەوە، جووابەکەی هەر نیزیک بەوە بوو بڵێ: بەفر جوێیە و شەختە جوێیە. یەکیش دەزانین شیعر لەسەر بناغەی مەنتیق دانەمەزراوە، شیعربناغەی خۆی جوێیە.

سنگت دەڵێی دوکان و بازاڕە، ئەوبەرەوبەر تۆق و تەلەسمان سەریان لێک داوە، غریو غریو و بریو بریوە

کەلیمەی لائیلاهە ئیللەڵڵا بێ، پێم وایە خەونت دیوە.

خاتوزین گوتی:

بەوەی کەم ئەبەدییە

عاشقم، هیچ هۆشی خۆم نییە

خەونم نەدیوە، بەئەسەحییە.

جا ئەوجار، خاتوزین کڵفەتێکی بوو، خوشکی بەکر شەیتان بوو. گوتی: وەرە، بە حەوت کڵفەتەوە دەبێ پچییە قەراغ ڕووباری جزیرێ، ئەگەر خەبەری هاتنی مەمم بۆ بێنی، سەر تا قەدەم بە زێڕت هەڵدەکێشم.

هەروەها گوتی:

لە دەوری پێشینان هەتا پاشینان، لە دەوری پادشایان تا کەوتۆتەوە ئەو زەمانە

لە دەوری بابادەم هەتا دەوری سوڵتان جومجومە، هەتا دەوری نۆشیروانە

هەر ژنیان بۆ پیاو بردووە، قەت پیاویان نەهێناوە بۆ ژنانە

پێم وایە کاکە مەم وەدووای ئەو دەردە دەکەوێ، ئەویش وەک من دەردی گرانە

ژن ناتوانێ وە دووای پیاوان پکەوێ، بەڵام پیاو دەتوانن، ڕێگایان هەیە، چوون ڕێگایان بۆ وان دانا

میرە، بەگلەرە، شایە، سوڵتانە

ئارامی دڵی منە، بۆ من، بۆ دەردی من، دەبێ بە دەرمانە

دەنا هەتا چل شەوی دیکە نەیە، ئەمن ناژیم بە ژییانە

گۆڕ دەبەمەوە بۆ گۆڕخانە.

خاتوزین جوتیارێکیشی ڕاسپارد بوو، ناردبووی لە قەراغ ڕێگا جووتی بکا. بەویشی گوتبوو: مزگێنیی هاتنی کاکە مەمم بۆ بێنە وا وات خەڵات دەکەم.

مەم و بەنگین هاتن گەیشتنێ، چاویان بە جوتێرەکە کەوت. مەم جوتی نەدیبوو. پرسی ئەوە چییە؟ جووتێرەکە وای جواب داوە:

ئاغای من نەیدیوە بە غەیری عاسمان و مانگ و ستارە
ئەوەی لەپێشێ دەڕۆن گاجووتن، ئەوەی دوواوە داروبارە
ئەوەی لێی دەخورێ، پێی دەڵێن جووتیارە
دەغڵ بەوە پەیدا دەبێ، بەوە دەکەینەوە ڕفتارە.

کاکە مەم گوتی:

سوبحانەڵڵا، قەستەم بەوەی کەم بێ مەکانی
هیچ کەس بە مەکانی خالق نازانی
کاسپی، ئەگەر بمزانیبایە وا گرانی
بە حەوت ڕۆژم نەدەخووارد پەلکێک[1] نانی
چ بکەم هاتوومە دڵسووتانی
بەنگین لێی بپرسە بزانە بە سۆراغی خاتوزین نازانی؟

جووتیار قوت بوو، کوڕەگوێ بوو.

بەنگین بانگی کرد:

جووتیارە! جووتیارەی لە حزوورە
چەند پیاوێکی بەڕێ و شوێن و بە دەستوورە
ئاگاداری تۆ بێ پادشای غەفوورە
پێمان بڵێ لێرەوە جزیر و بۆتان دوورە؟
گوتی: ئەمن جووتیارێکی بێ مەکانم
پیاوێکی بێ سەوادم، بەڵام حاڵ زانم
من بۆنگۆ سەدەقە و قوربانم
قاسیدی وەم تا دەتوانم

(١) پەلک: پێم وایە هەر بەرگە، بەڵگەش هەر هەوە.

دانیشتووی جزیر و بۆتانم.

جـووتێـر ئـەوانی ناسـی، بەپەلـە جوتەکـەی بەردا، تەقـڵـەکـوت ڕێی جـزیر و بۆتانی گرتە پێش. لە ڕێیە تووشی مەلەک ڕیحان بوو.

مەلەک ڕیحان لێی پرسی: چ بووە وا بەغاردان دەڕۆی؟

جووتێرەکە پێی گوت:

کیژێ بە ژنت بەمن بمێنی بەوەنەوشەی ساوا

ئەو سوارانەی ئەگەر بە من سپێراوە

ئەوە هاتن، خەبەر بۆ خاتوزین دەبەمەوە دوواوە.

جووتێر تەقولبابی بورجی بەڵەکی کرد، گوتی:

کیژێ کیژێ کیژی کێیە

سەری منت بێتەوە بە قوربانی سەرێیە

ڕەنگت دەڵێی شەمامەی وەردێیە[١]

مزگێنێکی یەگجار زۆر خۆشم پێیە.

ئەگـەر دەپرسی لەو لاوەی، ئـەتۆ عـەزیەت و عـازاب و دەرد و سـەخـڵـەتی و ساغاویت[٢] بۆ وی زۆر گرانە

سوار بووە لە وڵاغێکی ڕەش کوێتی بەحری، عەسڵە کەفەڵ پانە

لە پێـیـدایە جـووتێک چەکـمـەی سـمـایلنامـە، گـەرمـە، تازە هـاتـۆتە دەر لە دەباخانە

جـووقـێکی لاڵی لەسـەر تەپڵی سـەرییـە، ئەگە بیـفرۆشـێ، ئەو دنیـایەی پێ دەبێتە چۆل و ئاوەدانە

نۆکەرێکی دەگەڵە دەڵێی بازە، دەڵێی تەڕلانە

وڵاغیان ڕاناوەستێ لە گەرمێن و لە کوێستانە

---

(١) وەرد: کێڵانی زەوی، جاری هەوەڵێ پێی دەڵێن: «شێو» جاری دووهەم پێی دەڵێن «وەرد». «شێوەرد» زەوی یەکە بێجگە لە «شێو» وەردیش کرابێ.

(٢) ساغاوی: لۆغەتی مامەحمەدییە، دە فەرهەنگەکاندا نەهاتووە.

نە بۆ خۆیان لە هیچ کوێ دەخۆن پارووێک نانە
نە بە ولاغیان دەگرنەوە وچانە
دە سنگت پکەوە بە تەختی سوڵتانە
مەمکت پکەوە بەفینجانە
مزگێنییەکەم بدەیە، ئیدی هیچ لێم مەگرە بڕ[١] و بەهانە.

مەم و بەنگین ئەوە هاتن. مەلەک ڕیحانیش گەیشتێ. خاتوزین کراسێکی دابوو بە مەلەک ڕیحان، خەڵاتی کردبوو، کاکە مەم بە کراسەکە هەڵفریوا، گوتی: ئەوە خاتوزینە. بەنگین گوتی: ئاغا هەو نییە. کاکە مەم گوتی: دڵم دەتۆقێ بەندێکی بانگ نەکەم. بەنگین گوتی: ئێمە غەریبین با زۆر قسە نەپەڕێنین.

کاکە مەم گوێ نەدایە، جا گوتی:
کیژێ کیژێ کیژەکەی ئارامی دڵانە
لەبەر تۆ ئەمن کردم بێ عومرێ دایک و بابانە
بەرۆێت لە من بۆتە بازاڕ و دوکانە
فایدەی نییە نەوەختی قسانە
ئاخر ئەمن و تۆ نەمانبوو نام و نیشانە!
نەمانگۆڕییەوە دەسرە و ئەنگوستیلانە؟
ئێمە لە یەمەنێمان قەرار بە ئەسەحی دانا
چاوت دەڵێی کۆترە و لێی ون بووە هێلانە
لە من بوویە کەروێشکی گەرمەلانە
لێم قات بووی، ئەوە خودا خستییە بەردەستانە
بە حەسرەتی تۆوە نیوەی عەمری خۆم دانا.
ئەوە مەلەک ڕیحان جووابی داوە، گوتی:

---

(١) ئەم برِە بۆ من زۆر نامۆیە.

لاوژه! لاوەکەی مێرمنداڵی
ڕەبی لەبەر ئازاری دڵت نەناڵی
بە مەخسوودی خۆت بگەی، چونکە عەبداڵی
سێوی نەگەییو، هەڵووچەی کاڵی
ئەوەی تۆی لێ عـاشـقی، هەزاری وەکـو من بـە هـەلاڵ و بەیبـوون و ڕەشـە ڕیحانە سەر فەرشانی بۆ دەماڵی.
دەگەڵ تۆمە ئەرێ گیانم
دوعات بۆ دەکەم هەتا دەتوانم
ئەمن کڵفەتی ویم، مەلەک ڕیحانم
بە خانەوادە خوشکی بەکرشەیتانم
قاسیدی خاتوزینم تا دەتوانم.
بەڵام لاوە! لاوەکەی دڵخوازی
دەڵێی ناسکە گوڵی سەری گوڵی نازنازی[1]
قسێکت پێ دەڵێم، دەبێ لێم ببی ڕازی
گە تۆ بە مرادی خۆت گەیشتی، دەبێ منیش بۆ نۆکەرەکەت بخوازی.
ئەگەر دەچییە شارەکەی جزیرێ، وێرانە مەملەکەتەکەی بۆتانە
وەزیرێکی لێیە، برای منە، نێوی، لەقەبی، بەکر شەیتانە
هەتا دەتوانی نەوێی کەوە و نە لە ماڵیشی ببەوە میوانە.
ئەو دنیایە بە ئازادی ببینە
وەزیرێکی دی هەیە نێوی قەرەتاژدینە
پیاوێکی پیاوە، بە دەرکی ئاغای خۆی ئەمینە
ماڵە وی جێگای تۆیە، ماڵە وی شانشینە.
لە خودای دەکەمەوە تەمەننایە، لە شێخ مارفی کاولە نوحسایە
لە دووازدە ئیمامی دەشتی بەغدایە

(١) بەیتبێژ نازنازی بە گوڵ داناوە.

به دوور بی له دەرد و لەبەڵایە
به دوور بی له سەدەمەی ئەوی کاوله دونیایە
خاتوزین ملوێنکێکی دەملیدایە
ئاڵتوونی شینە، لەعلی ڕومانە، یاقووتی عەبدولحەسەنە، ئەوی له هەمووان کەم قیمەتتریان کارەبایە
ئەو ملوێنکە دەدا بەمن، ئەگەر مزگێنی تۆی بۆ بەرم؛ لاوە ڕەبی ڕوزەرد نەبی له دونیایە.
کاکه مەم دەڵێ:
ئێرەیە شاری جزیرێ؟ خاکێکی قەدیم و کۆنە!
ئێرەیە جێگای سەرسەوز و مراوی و سۆنە؟
توخڵا چاکم پێ بڵێ، دڵم زۆر کوله، خانمت چلۆنە؟
مەلەک ڕیحان گوتی:
ئاغا، خانم ئێکی گەرەگوێز، یۆڵە باخەجاغ
دێیدی خاتر جەم ئاغا گیا لەجاغ
گێدن دور مین، باخن کویێ شەن لاری و داغ
بە ڵکو ئینشەڵڵا قیسمەت ئۆڵەجاغ
ئاخر بزە خەڵات وێرەجاغ[١]
قرخی قەیسی[٢] پاچ، بن سایەی کڵاو
گەردن سوراحی بیجادە تێکراو
وەک بەفرەکەی دوهاچە و بڵکیس زەردەی ڕۆژ لەناو.
زۆر چاوەڕێیە وەردۆکی[٣] باڵتەڕ
دایمە ئاچغە سنگ پەنیری تەڕ

---

(١) ئەم بەندە تورکییە، تورکی شوێنی لەسەر داناوە.
(٢) دەبێ قەیچی بێ یانی مقەست.
(٣) وەردۆک دەبێ ئۆردەک بێ یانی مراوی.

ئەگریجەی لەسەر برۆی دەکا شەڕ

نیشتووە لەسەر حەوزی نیلوفەڕ.

جا گوتیان: ولاغ شەریفە، ڕوویان دە هەر دەرکێکی کرد، لە وێ دادەبەزین؛ عەیبە پرسیارکردن.

سەری ولاغیان بەرداوە، بەکرشەیتان میوان سەرایەکی بوو، وەتاغی دەرێی بوو، ولاغەکان هاتن لووتیان بە دەرکەی وێوە نا.

مەم بە بەنگینی گوت: بزانم ماڵە کێیە، دەچم بزانم ڕێ و شوێنێک پەیدا ناکەم؟ دابەزی، ولاغەکەی دا دەست بەنگین.

چون ئەوێ جێگای میوانان بوو، دەکرا پچێتە ژورێ. مەم لە پلیکان وەسەر کەوت. عافرەتێکی دی، دەتگوت خاسەکەوی جۆ زەردانە[١]

کاکە مەم گوتی: باپرسیارێکی لێ پکەم. جا گوتی:

کیژێ مانگی تازەم نازانم نە نوێیە و نەیەکە[٢]

شیرنە ئەو قەد و باڵا و پەنجە و بەلەکە

ئەز غەریبم پرسیارێک لە تۆ دەکا.

مانگی تازەم نازانم نەیەکە و نە دووانە

چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەی ڕۆژێ و کولمەت بە من بمێنێ بە سوورگوڵی دە کوێستانە

نازانم نە ڕۆژی حەشرە و نەئاخری زەمانە

نە بەحر وێک دەکەون و شەپۆلی بەحرانە

نە مەنسووری هەللاجە و نەکێو پەڕەکرانە

تۆق و تەلەسم و گوارە و کرمەکی تۆن وێک دەکەون، دەنگیان دەڕوا بۆ مابەینی عەرز و عاسمانە

---

(١) جوان و بە کەیف. گوتویانە: خاسەکەوی جۆ زەردان – ناخۆشە دەست لێک بەردان.

(٢) یەک و نوێ (نوێ) فەرقیان چییە؟

قۆیتاسان[١] خۆ لێک دەدەن، دەبێتەوە بە شەڕە بەرانە
نابەڵەدم، پێم بڵێ ماڵە کێیە ئەو جێ و مەکانە؟
کچەکە عەبەسا، جوابی پێ نەدراوە.
دیسان کاکە مەم گوتی:
مانگی تازەم نازانم نە دووە و نەپێ لەسێیانە
خوداوەندی میری مەزن جووتێک ئیستیکانی لەسەر سنگی ئەو کیژە دانا
شلکن، ناسکن، تازەکانە وەختی دەست لێدانە
چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەی ڕۆژێ و کوڵمەت بە من بمێنێ بە سوور گوڵی دەکوێستانە
نابەڵەدم، پێم بڵێ ماڵە کێیە ئەو جێگە و مەکانە؟
مانگی تازەم نازانم نە سێیە و نەچوارە
خوداوەندی میری مەزن لەسەر سنگی ئەو کیژەی خڕ کردووە جوتێک هەنارە
ئەلعان وەختی ئەوەیە دەگەڵیان پکەی کایە و سواعبەت و گەنگەڵ و قومارە
بەروێت لە من غەملیوە، دەڵێی چۆم و ڕووبارە
نازانم ماڵە کێیە ئەو بورج و تالارە؟
کچەکە هەر عەبەساوە. جوابی نەداوە.
دیسان کاکە مەم گوتی:
مانگی تازەم نازانم چوارە و نە لەپێنجی تەواوە
کوڵمەت دەڵێی هەرمێ گوڵاوە
دەڵێی گوڵە و ئاونگی شەوێ لێی داوە
دەڵێی وەنەوشەیە و نەشەمزاوە

(١) قۆیتاس: زەنبەری زێو. «هب»

پێم بڵێ ماڵە کێیە؟ ئاخر سەرم لێ شێواوە!

کچەکە هۆشی هاتەوە بەر خۆی، لە عەبەساوی هاتە دەر، گوتی: خۆمیش عینسانم! جا گوتی:

لاوە چاوت بە من بمێنێتەوە بەچاوی باز و ئەبرۆت بەمن بمێنێ بەتیژە پەڕی دەسەقری

چاوت لەمن بۆتە باز، جارجار دەشتە ساماڵی و جارجار خۆی داوێتەوە بن گەواڵی هەوری

ڕەبی عومرت لە دوو سەت ساڵ ڕابری

پۆڕی بەڵەک قەراری ئەوەیە: باڵێک دەفڕێ و دوا باڵ لەنگەری باڵی ڕادەگری

دەڵێ: نەوەک ڕاوکەر داوی نابێتەوە و بمگری

ئەگەر نابەڵەدی، ئێرەیە ماڵە وەزیر بەکری.

جاکێ بوو لە کاکە مەمی دەگوڵباوە

لاقی ڕاستەی وەپێش دەخست و ئی چەپەی دادەنا لە دواوە

دەیگوت: کیژێ! سەرم لێ شێواوە، ڕێم لێ گۆڕاوە

پەرییان دەستیان لە دڵم داوە

زنجیرەی زولفە، تەنافە و دەئەستۆم کراوە

کەمەندی عیشق ڕای کێشاوم، ئەمنی بۆ جزیر و بۆتانێ هێناوە

میوانی ئێرە نیم، دەوڵەت زیاد و ماڵ ئاوا.

جا لەوەی دا خەبەریان بە بەکر دا، کە میوانت هاتووە. هاتەوە ماڵێ. کڵفەت گوتی: گیر نەبوون، ڕۆیین. جا بەکر گوتی: کاسەی کەللەیان لە عەرزی دەدەم! چۆن میوانی من نەبوون! ئەمنیان بەپیاو نەزانی! شتی دیکەش دەگۆڕێدا بوو، بەکر ئەوەی کردە بەهانە.

مەم و بەنگین چونە ماڵە قەرەتاژدین بەگ، لەوێ دابەزین.

خاتوون ئەستی عەتر و عەبیری بە هەموو جێیەکی وەرکرد.

خەبەریان بە قەرەتاژدین بەگ دا، کوتیان: میوانت هاتن. ئەویش گیر نەبوو، دەست بەجێ هات.

بە عورفۆ و چەکۆ و جانگیر و خوسرەوی غول و مەلیک تەیموور خەبەر درا، هاتنەوە هەموویان.

بەنگین ولاغەکانی دەگێڕا، بۆ ئەوەی عارەقەیان ویشک بێتەوە، قەرەتاژدین بەگیش نەیناسی، پێی گوت:

لاوەکەی سەرپاک لە زێڕی
ڕەبی خودا دنیای لە ئۆمەتی خۆی وەرگێڕی
جاکێ دیویەتی ئاغا بەدەستی خۆی ولاغی خۆی بگێڕی؟
مەگە من چ – نۆکەرم نییە لە وەتاغ و لە پێشخانی
چ – مەیتەرم نییە لە نەسیرخانە[1] و لە قۆشخانە و لە مەیتەر خانی
ئاغا بە دەستی خۆی هاتۆتە سەر حالاتی ولاغ گێڕانی؟

بەنگین دە جوابدا گوتی:

ئاغام بازە، شەهێنە و تەڕلانە
جێگای ئاغایان وەتاغە و باڵەخانە
ئاغام دانیشتووە لە دیوەخانێ، مەحتەلی خانەخوێیە، ئەگەر بێتەوە ئەو دەور و مەکانە
ئاغا نەتزانیوە پیشەی نۆکەر هەر ولاغ گێڕانە؟
ئاغام سەر تا قەدەم لەعلی ڕومانە و گەوهەرە
مەردە و گۆ لە مەیدان دەرکەرە
نۆکەر دایمە دەست نەزەرە
ولاغ گێڕان پیشەی نۆکەرە.

لە پاش ئەوە، قەرەتاژدین بەگ چووە سەرێ، چاوی بە کاکە مەم کەوت، بەخێرهاتنێکی زۆری کرد.

---

(١) نەسیر خانە: مامەحمەد دەیگوت «نەسیرخانە» جێی تاجی ڕاگرتنە.

خاتوون ئەستی سەری پەردەی هەڵداوە، گوتی:

قەرەتاژدین بەگ دایمە ئاغایە، لەپشتی دەرۆن دایمە سەت نۆکەرە
لە ماڵیدا هەیە هەمیشە سەت کلفەت و کارەکەرە
سەری ئەمنت ببێتەوە بە قوربانی سەرە
میوان عەزیزە و گەوهەرە
مەیەڵە لە شاری جزیرێ تاسێ رۆژان پچێتە دەرە(١)
با ماندوویی رێگای لە بەدەنی برواتە دەرە
بانگ دەکەم لە نۆکەر و لەعەمر بەرە
دەڵێم جوابێکم بۆ خاتوزینێ لەبۆ بەرە
دەیداتێ سەت زێری سکەی بیست و چوار، دەگەڵ یەکدانە گەوهەرە
هەتا لەو دونیایە نەبێت چاو لە دەست و دەست بەسەرە.

قەرەتاژدین بەگ گوتی: هەتا سێ رۆژان دەبێ میوان بی، شارەزا بی لەقسە و لە گفتوگۆ، چاو وگوێت بکرێتەوە.

لەو ماوەیەشدا، بەکر پیرێژنێکی فەسادی پەیدا کرد، کوتی: حەوت کەرەتت بە زێڕ هەڵدەکێشم، مەم ئەگەر هات بۆ دیوانێ، پێشی بگرە، جوقێکی(٢) بە سەرەوەیە، ئەگەر شار وێران بێ، بە وی ئاوەدان دەکرێتەوە، هێند بە قیمەتە، ئەگەر هات پوڵت بداتێ، لێی وەرمەگرە. بڵێ: بە منیان کوتوە کوڕی برایم پادشای یەمەنێ وەدووی خاتوزین کەوتووە، خۆ بە قوربان خاتوزین گول بووە.

میر زێندین بەگ یەگجار پیاوێکی سەقەت بو کوتی: ئەگەر کاکەمەم هات، لەبەری هەڵدەستم، خوشکی خۆشمی دەدەمێ.

کاکە مەم ئەگە هات پچێتە دیوانێ، پیرێژن لێی چووە پێشێ، تەعزیمی لێ کرد، هات پوڵی بداتێ، پیرێژن کوتی: هەتا نێو چاوانی بابت سلامەت بێ،

---

(١) مەبەستی ئەوەیە سێ رۆژ لەماڵە قەرەتاژدین بەگ نەچێتە دەرێ.

(٢) جوق: جوققە، زێڕ و زەنبەرێک کە بە وێنەی تانج بێ و ئەویش لە کڵاو قایم دەکرێ.

پوڵم ناوێ، بۆ پوڵ نەهاتووم، موهاجیرم، قەدیم خەڵکی یەمەنێم، دوو کوڕم هەیە پێیان بەڕێ دەچم.- ژن قەباعەتی تەواوی دونیایەیە - کوتی: بە منیان گوتووە کوڕی برایم پادشای یەمەنێ وەدووی خاتوزین کەوتووە، خۆ بە قوربان خاتوزین گول بووە. ئەگەر وای گوت، کاکە مەم وەک شیشەی سووری دەجەرگ و دڵی ڕاکەی وابوو.

کاکە مەم هاتە دیوانێ، میر زێندین چاوی پێ کەوت، لەبەری هەستا، جێگای خۆی بەجێ هێشت، کاکە مەمی لە جێگای خۆی دانا. گوتی: پادشای یەمەن، شانازی دەکەم ئەگەر ئەتۆ میوانی من بووی، هەچ نیازێکی بۆی هاتووی، بەگیان و بە دڵ ئامادەم پێکی بێنم. ئەلعان وایان من حاڵی کردووە، دەڵێن دڵت بە خوشکی منەوەیە، ئەمن خاتوزینی خوشکی خۆم پێشکەش کردی.

کاکە مەم بێ تەمەددود[1] بوو، کوتی: خراپیان حاڵی کردووی، خوشکی خۆت پێشکەش بە خۆت بێتەوە[2]!

دەست هەڵنەگری لە خەزێنەی خوسرەو

باز دەدەن بەباز، کەو دەدەن بە کەو.

کاکە مەم کوتی: پێشکێشم بە خۆت کردەوە.

میر زێندین سێ کەڕەتی پێ گوت. مەم هەر کوتی: پێشکێشم بە خۆت کردەوە.

جامیر زێندین کوتی: شاری جزیرێم بۆیە پێ خۆشە ئەگەر میوانی منی، زۆر بە خێرێی ئەگەرچی خوشکی منت نەویست، دیسان ئامادەم بۆ خزمەت هەر بەدڵ و گییان.

ئەمان عەزیزم ئەوانەی ئاگایان لە گفتوگۆیە کە بوو، خەبەریان بە خاتوزین دا، کوتیان: لە مەجلیسێ وا ڕابرد.

خاتوزین کوتی:

---

(١) یانی هۆشی لەسەر خۆی نەبوو. مامەحمەد ئەوەی زۆر دەگوت.

(٢) موستەهەق بوو، پێیان گوتبا: هەی قوڕێت بە دمی دادەم.

ئیلاهی پەنام وەبەر تۆیە، حەول و قەوەت بەتۆ.
لە دڵی من گەڕێ چەندی لە هێشە و چەندی لە ژانە و دڵم سوتاوە
لە دەورەم شین و گریانە و جەرگم بڕاوە
ئەدی لە یەمەنێوە قسمەتی هەق دەستی ئیلاهی بۆ کاکە مەمی بۆ جزیرێ هێناوە؟
لە خۆم بابان وێرانێ! لە خۆم نەدی چ – تاقە[١] کام و کاوە
ئەدی لە یەمەنێڕا چۆن قسمەتی بۆ شاری جزیرێ هێناوە؟
ئەو کارە بەد عەکسە[٢]، وا نییە
کێ لە کن کاکە مەمی کردووە فزوولی و شەیتانییە
بۆ من بوو بە تیری غەیبی و نەبەدییە
سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕا بوو، دەترسم ئەو حەسرەتە بەرمەوە بن گڵییە!
ئەوانەی بەسەر ئاو ڕادەگەن، میراوەکان، خاتوزین پووڵی دانێ؛ کوتی: سەرچاوەکان خمی تێ کەن.
میر زێندین کوتی: ئەمن دوو ڕۆژە بۆنی خم دەکەم لە خۆراک. لێی کۆڵییەوە، بۆی دەرکەوت کە بە دەستوری خاتوزین، خمیان دەسەرچاوەکان کردووە.
میر زێندین قاقەزێکی بۆ خاتوزین نووسی، تێیدا نووسیبووی: کاکە مەم نەیویستووە خەتای من چییە؟ سەرچاوەی ئاوان هەمووی خم تێ کردووە! خاتوزین هاشای کرد.
کاکە مەم سێ ڕۆژان لە ماڵە میر زێندین بوو، قەرەتاژدین بەگ بردێوە ماڵە خۆی.
ئەستی لە ڕانی خۆی دەدا، دەیگوت: کوڕە ئەوە چ – باسە، بۆ نەیویستووە؟
خاتوزین دڵی تاقەتی نەگرت، کڵفەتی بانگ کردن، کوتی: شیو و کوڵ

(١) یانی هیچ جورێک، هیچ کامێک. شتاقەش دەکوترێ.
(٢) بەیتبێژ وای گوتووە، بەڵام وێ دەچێ بەرعەکس بێ.

دەکـەین لـە حـەسـاری دەرەوە، تەواوی کـڵـفـەتی سـاز کـرد بـۆ سـەر حـەوزی قەرەتاژدین بەگ، لەوێ شیو پکەن، خاتوزین بۆ خۆشی دەگەڵ کڵفەتان هات.

کـاکـە مـەم دەگـەڵ قـەرەتـاژدین و عـورفـۆ و چەکـۆی خـەریکی نەردێن و شـەترەنجێ بوون، کاکە مەم ئەگەر لەسـەر حـەوزێ چاوی بە خـاتوزین کـەوت، گەلێک جووانتری هاتە پێش چاوی لە پێشـو، لەو کاتی کە لە یەمـەنێ دیبووی. ئاوری تێ بەر بوو، دەگەڵ چەکۆش نەردێنی دەکرد.

چەکۆ زانی ئەگەر مەم ئاگای لە خۆی نییە، تانووتی لێ دا، کوتی:

کاکە مەم زۆر دانەنیشتووی لە لای نایب و عولەما و وەزیری

خەڵکی بە ڕانک و چۆغەی بۆرەکە دەچێتە سەر ڕێی کچی فەقیری

شەرت ئەوەیە ڕێگا بگری بە خوشکی میری.

چەکۆ تانووتی لێ دا، دیسان کوتی:

کاکە مەم تۆ پیاوێکی هیچ نەزانی

خەڵکی بە ڕانک و چۆغەی بۆرەکە دەچێتە سەر ڕێگای کچی شوانی

شەرت ئەوەیە ڕێگا بگری بە کچی میرانی.

کێ بوو لە کاکە مەمی دەگوڵباوە

خاتوزینی دی وەکو باغچەی وەنەوشەی ساوا

دەتگوت ڕەشە ڕیحانەیە و شەواوی لێ نەدراوە

دەتگوت شەمامەی چوار بێستانە و شوبای شەماڵی لێ داوە.

کاکە مـەم کەوڵێکی سەنبووری(١) قـاقومی قـومرۆیی باڵوێز ڕەنگی بەسـەر

---

(١) یانی کـەوڵی سـمۆرە. قـومـرۆیی باڵوێز ڕەنگم بۆ ڕوون نەبۆتەوە. دەگـەڵ ئەوەش قـومـرۆیی پێم وایە لە «قـومـری» وەرگـیـراوە، مـامـەحـمـەد بـاڵوێزی بە چەشنە باڵدارێک دادەنا (بڕوانە: سەعیدو میر سێوە دین بەگ، ل ٥٧.) کە وابوو دەڵێ کەوڵەکە ڕەنگی قومری و باڵوێزی لە خۆ دەنواند. یانی لەسـەر ڕەنگی وان بوو. باڵوێز (نوێنەری دەوڵەتێک لە لای دەوڵەتێکی دیکە) دەبێ هەر ئەو وشـەیە بێ، باڵوێز باڵدارێک بێ وەک کـۆتری نامـەبەر (یا هـەر کـۆتر خـۆی بێ) کـاری سەفیریش هەر ئەوەیە. وشەی «باڵ» من بۆ و تێبینییە ڕادەکێشێ.

شانی خۆی دادەداوە.

دەیگوت: خـاتوزین هەقـی گلێـیـی هەیە، دەچم بزانم یان ئەجـەل ئەمـنـی بۆ ئێرە هێناوە

یان ڕاز و گلێیی خۆمی دەگەڵ دەکەمەوە تەواوە.

قەرەتاژدینیش پێی خۆش بوو، دەیەویست مەم بەکام و ئاواتی خۆی بگا.

کاکە مەم کوتی: بەندێکی بانگ بکەم، بزانم ئیلتیفاتی هەیە و چۆن دەبێ؟

جا کاکە مەم ڕووی تێ کرد و کوتی:

کیژێ، کیژێ، کیژی کێیە

ڕەبی شەیتانان زبانیان ببێ کرمێیە

درۆ ناکەم، خوداوەندی میری مەزن ئاگای لێیە

سەری منت ببێتەوە بە قوربانی زنجیرەی زولفێیە

ئەوە کیژی کێیە و دەڵێی خاسە سییە و هاتۆتە سەر حەوزێیە؟

خاتوزین هیچ جووابی نەداوە.

کاکە مەم درێژەی بە قسەکانی دا و کوتی:

مەجەلی[1] خودای دەگەڕێن، مەجەل لە من دێنەوە وەختی تاوهەڵاتێ

چاوت بە من بمێنێ بە ئەسـتـێـرەکـەی ڕۆژێ، گـەردنت بـە من بمێنێ بە قۆنگرەی قەڵاتێ

شەیتانان، شۆفاران ڕەبی دەردی مردنیان بگاتێ

بریا ئەو جـام و لەگـانە[2] بویایەم بە دەسـتـێکە مـبـارەک بتـشـوتمـایە بۆ حوکماتێ.

مەجەلی خوڵای دەگەڕێن، مەجەل لە من هاتنەوە وەختی چێشتانێ

کوڵمەت بە من بمێنێ بە سورگوڵی کوێستانێ

---

(١) مەجەل: ویستی خوای، چارەنووس، تەغدیر. بڕوانە: مێر و وەفا، ل ٦٨.

(٢) جام و لەگانە: دروست بەم وێنەیەم نووسیوە. لە یادم نەبووە لە بەیتبێژ بپرسم مەبەستی چییە. نازانم «جام» و «لەگەنە» یان شتێکی ترە؟ یان جامولکانەیە؟

دەمت بە من بمێنێ بە شانەی هەنگوین، هاتۆتە وەختی مێش برانێ
بریا ئەو جام و لەگانە بویایەم بە دەستێکە مبارەک بتشوتمایە بۆ دیوانێ.
مەجەلی خودای دەگەڕێن، مەجەل ئەوە نیزیک بوون بۆ وەختی نیوەڕۆیە
چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەکەی ڕۆژێ و کولمەت بە من بمێنێ بەزەردی لیمۆیە
دەمرم دەبەر شەدێکی ئەڵوان، کوڕە کۆڕ[1] حوسێنی، ڕیشوەی شەڕیانە دەمابەینی چاو و برۆیە
لە نێو سنگت بۆتە خرمە خرمی سواران هێندێک دەڵێن: ئەوە زێڕە، هێندێک دەڵێن: خێر، ئەوە قۆیتاسە و گۆیە
بریا ئەو جام و لەگانە بویایەم بە دەستێکە مبارەک بتهێنابام بۆ سەرکانی و جۆیە.
مەجەلی خودای دەگەڕێن، مەجەل لە من هاتنەوە بۆ وەختی بانگی ئێوارێ
بۆ جوابم نادەیەوە؟ دەبەر زنجیرەی زولفت مرم یارێ
چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەکەی ڕۆژێ، کولمەت بە من بمێنێ بەگوڵی هەنارێ
بریا ئەو جام و لەگەنانە[2] بوویایەم بە دەستێکە مبارەک بتهێنابام بۆ سەر کانی و ڕووبارێ.
خاتوزین نەڕووی تێ دەکرد و نە جووابی دەداوە
نەقسەی دەگەڵ کرد و نە ئاوڕی وێ داوە.
مەم پێی گوت، کوتی:
کیژێ ئەوە دیارە دەڵێی پێت قایل نابم

---

(١) کوڕە کۆڕ حوسێنی: مامەحمەد ئەوەی زۆر بە کار دێنا بۆ شەدە. بۆ نموونە بڕوانە: لاس و خەزاڵ ل ٤٨، دێڕی ١٢.
(٢) خۆم وام لێ کردووە، کردوومەتە جام و لەگەن. پێم وایە هەر واش دروستە، بەیتبێژ بە ناتەواوی بەزاریدا هاتووە.

به خوداوەندی میری مەزن کەم و بەسەری برایم پادشای بابم

لەوشۆکە زیاتر، سەعاتێکی دیکە لە جزیرێ نابم.

کێ بوو لە کاکە مەمی دەگوڵباوە

بە سەر شانی ڕاستیدا ئاورێکی دەداوە

بەنگین نۆکەرە و لە خزمەتی ڕاوەستاوە

دەیگوت: هەرۆ لە پشتی ولاغان پکە زینێکی مورەسەع، لە زاری ولاغان پکە ددانەلغاوە

بۆ کیژێ لەتۆ وایە من لێم قەوماوە!

کەسی دی لە دنیایەدا نەماوە؟

دەوڵەت زیاد و ماڵ ئاوا.

ئەوە کاکە مەم گەڕاوە.

خاتوزین ئاورێکی تێ بەر بوو، وەختێک دیتی مەم گەڕاوە، مەگین خودا بزانێ. کوڕە لەبەر مەکران جووابی نەدەداوە.

ئەگەر وای زانی، خاتوزین کوتی:

لاوژە! تۆ ئەو خودایەی ساحێبی خێر و شەڕێ

تۆ ئەو حەزرەتی قابیزی دایمە لەسەر ڕوحی ئۆمەتێ دەگەڕێ

چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەی ڕۆژێ، ئەگەر شەوی دەمێنێ دێتە دەر لەگەوەڕێ(١)

قەراری عاشقان ئەوەیە لەپێشدا دەکەنەوە شەڕێ

ئارەقی سنگ و بەرۆکان بە لێوان بماڵە، ئەو سەفەرە وەگەڕێ.

خاتوزین کوتی:

لاوەکەی هیچ نەزانی

مندالّی، شلکی، جوانی

---

(١) گەوەڕ: لە لاس و خەزاڵیش دا هاتووە، بڕوانە: ل ١٧، دێڕی ٥. لێرەیانی لەسەر سوێیە.

سەری منت بێتەوە بە قوربانی ناڵچەی چەکمانی
ئاگادارت بێ خدری لە چۆلی و بیابانی
بۆچی بۆ منت بەجێ هێشت خەمناکی و بابان وێرانی و سەرگەردانی؟
ئەدی بۆ کاکم پێشکێشی دەکردی و ئێخەی خۆت هەڵدەتەکاند لەگۆشەی دیوانی؟
لاوە! ئەما لاوژەکەی دوور وڵاتی
چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەکەی ڕۆژێ، هاتە دەرێ لە سامالّی و لە زوڵماتی
ئارامی دڵی منی، ڕەبی قەت قەت لەمن نەبییەوە قاتی
شەیتان و شۆفاران دڵیان بزاوتی
ئەدی بۆ کاکم پێشکێشی دەکردی و ئێخەی خۆت هەڵدەتەکاند لەگۆشەی حوکماتی؟
سوارەکەی غوربەتییە
ڕەبی سەری منت ببێتەوە بە قوربانی سەرییە
جوقەی لاڵت، قیمەتی سەمەرقەندە و خاکی فەرەنگییە
بەلاّم پێم – هێندە نازداری – زۆر ساحێب عەقڵ نی و عاقڵت نییە
خەبەری منیان داوییەی، کوتیان: خراپ بووە بەگولییە
جا دەبوو تۆ بتزانیبایە، درۆیە، ئەسەحە، یان ئەسەح نییە.
ئیدی ئەوە کاکە مەم گەڕاوە، بە خاتوزینی گوت: چون دڵت شکاندم، دەبێ تۆق و تەلەسم و گوارەم بەیادگارانە بدەیەی.
خاتوزین کوتی: ئەمن ماسی بێ کێردم(١). ئەوانەی دا بە کاکە مەم.
مەمیش بازیبەندێکی(٢) دەقۆڵی دابوو، بازیبەندەکەی دایە. خەراجاتی

---

(١) مەسەلە، یانی ڕزگارم، دیل و بەردەست نیم، ئیختیاری خۆم بە خۆمە. بڕوانە: امثال و حکم کردی (بەشی یەکەم) ل ٤٥٤.
(٢) بەیتبێژ وای گوتووە، یانی باز و بەند، باسک بەند، دەقۆڵیان کردووە.

مەملەکەتێک بوو.

کاکە مەم هاتەوە بۆ وەتاغێ. ئەگەر هاتەوە فکری لە حاڵی خۆی کردەوە، شەوێ خەوی لێ نەدەکەوت. شەش سەعات لە شەوێ ڕابردبوو، لەسەر بەرماڵ دانیشت، ڕووی لە دەرگای هەق دەستی ئیلاهی کرد، کوتی:

خودایە! چ - دەکەی و چ - دەکرێنی

بەفرێک بە شوبایە ڕەحمەت ببارێنی(١)

لەسەری خورمالغ و سیکەنە و سەرخان و چیایە مەغڵوبیانی برژێنی

ئیلاهی دوعام قەبووڵ کەی و دڵم نەشکێنی

بەڵکو میر پچێ بۆ ڕاوێ و خاتوونی بە زولفان بۆ من بەجێ بمێنی.

ئیلاهی من لەبەر تۆ دەکەم تەمەننایە

بەفرێک بباری بە پشوی شوبایە

سەری خورمالغ و سیکەنە و سەرخان و چیایە مەغڵوبیان بڵێن: بەفری تێدایە

بەڵکو میر پچێ بۆ ڕاوێ، ئەگەر میر لە ماڵێ بێ، ئەمن بە بێ خاتوزین دڵم سوکنایی نایە

ئەوجار سنگی دەکەم بەباغی نمروود، ڕوحی خۆمی دەکەم فیدایە

لێی دەستێنم تۆڵەی ڕێگای یەمەنێ، ئەگەر بۆ بابەپیرەکەم بەجێ هێشت ئەو کاولە دونیایە.

کاکە مەم دوعای قەبووڵ بوو، سەعاتێکی شەو مابوو، بەفرێک باری.

سبحەینێ بەکر -دەگەڵ میری دانیشبوو- دەرکی پەنجەرەی کردەوە، کوتی:

سوبحانەڵڵا! سیرِی خوداوەند کەس پێی نەزانۆ

میر زێندین حاڵی بوو، کوتی:

مەتای سپیرێز نیشتووە لە بانۆ؟

دەست بە جێ میر زێندین کوتی: خەبەر بدەن، ڕاوە لەسیکەنە و سەرخان

---

(١) بەیتبێژ گوتوویە: دەبارێنی. لە دێڕی ژێرودا: دەرژێنی.

و خورمالغ و چییای مەغڵوبیان. نۆکەر ئامادە بوون. بەکر خۆی بە تایەفەوە سازبوو.

کاکە مەم خۆی نەخۆش خست.

بەکر کوتی: مەم دەگەڵمان بێ چاکە.

کاکە مەم بە قەرەتاژدین بەگی گوت: نەخۆشم، ناتوانم بێم. بەقەستی خۆی نەخۆش خستبوو.

بەکر دوپاتی کردەوە، کوتی: کاکە مەم بۆ نایە؟

قەرەتاژدین بەگ گوتی: نەخۆشە، ئەگەر وایە تابووتی بۆ بێنە.[(١)]

میرزێندین کوتی: بە هومێدی خودای چاک دەبێ. تێکڕا ڕۆیین بۆ ڕاوێ.

چون بەفرەکە درەنگ باری، شوێن نەگەڕابوو؛ هیچیان بە قسمەت نەبوو.

بەکر دە دڵی خۆیدا کوتی: ئەلعان مەم دەگەڵ خاتوزینە.

خاتوزین بەدزی هات، دەستیان لەملی یەک کرد، چومکی خودا موقەدەری پێ کرد بوو، ڕاکشان، هەرکیان خەویان لێ کەوت، خەبەریان نەبۆوە.

بەکریش بە میر زێندینی گوت: شوێن نەگەڕاوە، ڕاو بەتاڵ بێ، با بڕۆینەوە. ڕاو بەتاڵ بوو، گەڕانەوە.

قەرەتاژدین بەگ بە بەنگینی کوت: بەکر وەک کەڵک تەمەشای بن باڵی خۆی کردووە[(٢)]، لە پێشەوە بڕۆ، مەبادا کاکە مەم غافڵگیر بێ.

بەنگین وەڕێ کەوت، لە ڕێیە توشی مەلەک ڕیحانێ بوو، بەپیرییەوە هات بوو، لێی پرسی چ – باسە؟ کوتی: بە جووت خەویان لێ کەوتووە.

جا بەنگین هات سەری پەردەی هەڵداوە، بانگی کرد، کوتی:

دوو عاشقم دیون گەلێک لەمێژە

---

(١) یانی لەکۆڵی بەوە، باسی مەکەوە، ئەگەر بێ دەمرێ. قەرەتاژدین بەگ لایەنگری کاکە مەم بوو.

(٢) مەسەلە بۆ کەسانێک کە دەزانن چ باسە لە دنیایە یان لە داهاتوودا چ – دەقەومێ.

هەرتکیان لە خەوێدا بوونەوە وڕ و گێژە
خانە خراپ هەستە لە خەوی شیرن، دۆڕاندووتە، نوێژە.
ئەسپان چوونەوە مەیتەرخانێ
تاجیان چوونەوە نەسیرخانێ
بازان بەردران، چونەوە قۆشخانێ
هەستە، کەڵێکی وەکو میر زێندین دەگرێ گۆشەی دیوانێ.
ئەی لەو بەختە و لەو ئیقباڵە
بەژنی باریک و دوو چاوی کاڵە
دوازدە مانگە کاکە مەم لە دوای عەبداڵە
هەستە لە خەوی شیرن، ڕاو بەتاڵە.

ئیدی کاکە مەم هەستا، کوتی: چییە بەنگین؟ خاتوزین شل و شێواو بوو. تەقە لە قاڵدرمان[1] پەیدا بوو. میر زێندین هاتەوە.

خاتوزین خۆی پێ دەرباز نەبوو. پەردێک لەوێ بوو، بە دیوارییەوە، کاکە مەم دەست بە جێ پاڵی وێ دا. خاتوزین لەپشت کاکە مەمی خۆی شاردەوە.

بەکر ئەگەر هاتە ژوورێ، دیتی کاکە مەم شێواوە، بە شک زانی خاتوزین لەوێیە. نەشیوێرا پڕ بە میر زێندینی بڵێ.

میر زێندین زۆر بە سام بوو، ڕەگی وەک ڕەگی کەڵی بوو.

دیوان گەرم داهات، خاتوزین بەدەرفەتی زانی، سەری زولفی بە قەرەتاژدین بەگ نیشان دا.

قەرەتاژدین بەگ بانگی بەنگینی کرد، کوتی: وەرە پێشێ، بەنگین چووە تەنیشتی. قەرەتاژدین بەگ سەبرایەکی پێی گوت: بێتو میر بزانێ، کەس ناهێڵێ، مەم و خاتوزینیش دەکوژێ. برۆ ماڵە من ئاور تێ بەردە، مەهێڵە هیچ بمێنێ، جاوەرە خەبەر بدە. بەخاتون ئەستی بڵێ: زگی بە ماڵی من نەسووتێ.

قەرەتاژدین بەگ گوتی:

---

(١) قاڵدرمە: بەیتبێژ کوتی بە پلیکان دەڵێن. لە «هب»ێش دا هاتووە.

نەدەمەوێ ئەو ماڵە
نەدەمەوێ ئەو حاڵە
نەدەمەوێ ئەو لانکە
نەدەمەوێ ئەو توفاڵە[(١)]
سەت هاشا با نەمێنێ ئەو منداڵە
نامەوێ دوازدە بەهاربەندی[(٢)] سەرانسەری، بۆرە و بدەو و حەداڵە[(٣)]
نەبادا لە دیوانی میراندا سوور پکەنەوە لە خوێن سمێڵێکە خورمایی و دوو چاوی کاڵە.
نەدەمەوێ دووازدە بەهاربەندی سەرانسەرییە
نەدەمەوێ کۆشک و شانشینی و کڵاو فەرەنگی[(٤)] و عوروسییە[(٥)]
با هەموو پسووتێن، ببرژێن، ببنەوە بە ڕەژییە
نەبادا لە دیوانی میراندا سوور پکەنەوە لە خوێندا دوو چاوی کاڵ و سمێڵێکە خورماییە.
خاتون ئەستی تەڕدەستە، دەڵێی شەهێنە
دەڵێ: قەرەواشی سەربەتاڵی[(٦)] مل بە کوێنە[(٧)]
هەر بە دەستێک دوو ئاور بێنە

(١) توفاڵە: تفلْ، منالْ.
(٢) بەهاربەند: جێیەکی سەراواڵە هاوینان ئەسپیان لێ بەستۆتەوە. بڕوانە: ف. موعین.
(٣) ئەمانە نێون بۆ ئەسپ.
(٤) ڕۆچنەی سەربان، بە وێدا تاو دەهاتە ژوورێ، دیوی ڕوناک دەکرد. بڕوانە: ف. موعین.
(٥) دەرگە و پەنجەرەی ڕوسی.
(٦) سەربەتاڵ: چارەڕەش، کلۆڵ، دە تاڵەکە ناگەم. «هب» باشی بۆ نەچووە.
(٧) مل بە کوێن: لێ قەوماو و چارەڕەش. «هب» تێیدا نییە.

لەپێشدا بە شانشینی قەرەتاژدینیدا وەرێنە
هەمووی عەدم پکە و بیسووتێنە
نەبادا لە دیوانی میراندا سوور پکەنەوە سمێڵێکە خورمایی و دوو چاوی شەهێنە.
بێ هۆشم، بێ عاقڵم، هیچ ئاگام لە خۆم نییە
ماڵی من سووتمان کە، هیچ قابیلەتی نییە
لە دیوانێ تاوانبارە خوشکەکەی لە دای و بابییە
کاکە مەمی غەریب میوانە، لەمن بە میوانییە
میرزێندین ئەگەر ڕقی هەستا هیچ ڕوحمی موسوڵمانەتێی نییە
سەلای گەورە و گرانم لێ ڕابوو نەبێتە قرمەی خەنجەران، جلغەمەی[١] خەنجەر نەیەنەدەر لە برینییە
خۆ من لە خاتوزین بەدەر هیچ خوشکی دیکەم نییە.
قەرەتاژدین بەگ ئەتۆ دەڵێی لوڕی
وا بەپەلە بە ترکی لە ژنێت خوڕی
بۆ چتە، بۆ کوتووتە بیهێنە خوارێ لانکی کوڕی
با وەدەر نەکەوێ سوڕی[٢]
ئەمن نامهەوێ ببێت بە سەردار عێل و سەردوڕی[٣]
نەیەردان گیالپ سەن ئەشاغە
یانندا یۆختی گۆناغە
ئەکمەک ساری گاڵە جاغە

---

(١) جێ دەسکی خەنجەر. لاڵ بم! بۆ خەنجەری برایمی زاخاوبوو؟ لە جلغەی دەهاتە دەرێ. بڕوانە: نەشرییەی ئەدەبیاتی تەورێز، بەهاری ١٣٤٤، ماکۆ و چەرداری. هب: جەڵغە. ف. خاڵ: جەڵغە، جەڵغەمە.
(٢) سوڕی خاتوزین و کاکە مەم وەدەر نەکەوێ.
(٣) شتێکی وامان نییە. مامەحمەد لەخۆوە سازی کردووە.

یەری دورمە ئاغا
گۆرخمە ئویلدرماغە
باجیم گاڵمیشدی ئوجاغە
گان گاڵمامیشدی دۆداغە
سفەت سار ئاڵمیشدی وشاغە
سەن گێلپ سەن یاتاغە
مەنم چارم ئاغڵەماغە.(١)
ماڵی ئاور تێ بەردا، بوو بە هاوار و ڕۆڕۆ.
بەنگین هاواری کرد، گوتی:
ئاورێک دایسێ لەو سەری دنێ
ئاورێک دایسێ لەم سەری دنێ
ماڵە قەرەتاژدین بەگە دەسووتێ بە سووتنێ
خانە خراپ بە ئاغا و نۆکەرانی بچنێ.
ئاورێک دایسێ لە سەری کارخانێ
بڵێسەی ئاور دەچێ بۆ عاسمانێ
ماڵە قەرەتاژدینە دەسووتێ بە سووتانێ
یانی چی میر زێندین لە دیوانێ نازانێ؟
میرزێندین کوتی: دادەنگ، بزانم چ باسە؟
بەکر بەندێکی کوت، کوتی:
خەڵکی ئەو زەمانەی بێ عاقڵە، هیچ کەس ئاقڵی لە کەللەیدا نەماوە
کوڕە چ – نەبووە، کوا چ – قەوماوە
قەرەتاژدین بە دەستی خۆی، ماڵە خۆی ئاور تێ بەرداوە
سەبارەت بە بژنێکە باریک و زاری دەڵێی کوپەڵەی هەنگوینە و ڕەواقی تێ گەڕاوە

(١) دیارە ئەم بەندە تورکییە.

هەتا نەجاتی بێ بەژنێکە باریک و ئەو بەڵەک چاوە.

میر زێندین گوتی: کەوشان بێنن، هەستان یەکسەر لووزەویان برد بۆوێ.

خاتوزین نەجاتی بوو. دەسرە یەک لە خاتوزین کەوت، بەکر هەڵی گرتەوە.

کاکە مەم چاوی پێ کەوت، خەنجەری هەڵکێشا بەکر پکوژێ.

خاتوزین کوتی: نەکەی بیکوژی، ناتوانێ دەسرەم لێ پکاتە بەڵگە. دەسرەی من بە دەست کڵفەتانەوە هەیە، دەیشۆن. دەسرە لە من نابێ بە بەڵگە.

هاتنە سەر ماڵ کوژاندنەوەی قەرەتاژدین بەگ.

میر زێندین بە قەرەتاژدین بەگی گوت: نەکەی خەم بخۆی، ئەمن بە تاقی تەنێ تەواوی زەرەدەکەت هاتم.

میرزێندین کاکە مەمی چاو پێ کەوت، کوتی: دڵت تەنگ نەبێ، ئەمن ماڵی دنیایەم لە قەرەتاژدین بەگ وەچاو نییە، سوتا سوتا. قەرەتاژدین بەگی میراودەلان یەگجار زۆر پیاوێکی موعتەبەرە، زەرەدەکەم ئەمن بۆ بژارد.

کاکە مەم و خاتوزین تا مانگێک ئێکتریان چاو پێ دەکەوت بەکەیفی خۆیان.

بەکر وەختابوو لە داخان بمرێ، بە کوچەیدا دەهات، شیرنی دەدا بە منداڵان، فێری دەکردن کە بڵێن: خاتوزین و کاکە مەممان پێکەوە دەدینە.

بەکر ئەوەی فێری منداڵان دەکرد، کاری بەو قسەیە بوو.

کاری خودای چەند نەخشینە

کاکە مەم و خاتوزینمان پێکەوە دەدینە.

ئەگەر بەکر بەکوچەیدا دەڕۆیی، منداڵ هەموو وایان دەگوت.

بەکر ڕۆژێکی بە میر زێندینی گوت: پچین تەماشایەکی شاری پکەین. دەیەویست میر زیندین گوێی لەو قسانە بێ.

ئەگەر میر هات، منداڵ هەموو وایان دەگوت. میر کوتی: بەکر منداڵ و شێت قسەیان لێ ناگیرێ.

بەکر کوتی: مەم حەز لە خاتوزین دەکا، ئەلعانیش ژوانی دەگەڵ دەکا؛ ئەگەر دەڵێی وا نییە، ئەو شۆ میوانی کە، ئەمنیش کارێکی وا دەکەم خاتوزین بێ شەراب بگێڕێ. میر گوتی: چۆن دێتە مەجلیسی من؟ بەکر کوتی: هێنانی خاتوزین لە ئەستۆی من، میوانییەکەش لە ئەستۆی تۆ.

میر خەبەری دا: هەچی دەست و پێوەندە سبەی شەوێ میوانی میر زێندینە.

ئەگەر میر ئەوەی کرد، بەکر چووە کن خاتوزین، کوتی: مبارەک بێ، سبەی شەوێ ئەتۆ لە کاکە مەم مارە دەکرێی؛ ئەتۆ بۆ خۆشت وەرە مەجلیسێ.

خاتوزین خۆشحاڵ بوو، چرای لە دڵی هەڵ کرا. کوتی: ئەمن منداڵ بووم، کاکی خۆم نە دیوە.[1] سوێندی بۆ بەکر خوارد، گوتی: چومکی ئەمن مارە دەکرێم، دێم.

خاتوزین هات بۆ مەجلیسێ. تەواوی میوانەکان عەجایب مان. تایەفەی قەرەتاژدین بەگ پاکی عەجایب مان.

خاتوزین شەرابی لە مەجلیسێ دەگێڕا، دەپێشدا چوو بۆ کن کاکە مەم. کاکە مەم سوچی چادرەکەی گرت، نەیهێشت بڕوا، هەتا حەوت قەدەحی لەسەریەک بۆ تێ کرد.

ئەوجارەکە بەکر کوتی: مەم ڕاستێ دەڵێ. جا پێی گوت: کاکە مەم وەرە بە یاری خۆمان هەڵبڵێین.

کاکە مەم کوتی: ئەمن غەریبم، یارم لە کوێ بوو!

بەکر کوتی: خێر مەم قسە نادۆڕێنێ، دا هێندێکم داری عود بۆ بێنن. داریان هێنا و سووتاندیان. ئەوجار کاکە مەم بە بۆنی ئەم دارە ئاگای لە خۆی بڕا، جا کوتی: بەکر وەرە بەیاری خۆمان هەڵبڵێین.

بەکری شەیتان ئاوای دەست پێ کرد:

---

(١) قەدیم ژن و مناڵ بۆ خۆیان بە جوێ دادەنیشتن، کەمتر دەگەڵ پیاوان تێکەڵاوییان بووە. پیاوانی نێوبەدەرەوە پێیان عەیب بووە لە کن ژن و مناڵ دانیشن.

یاری کاکە مەمم دوێنێ دی لەبن هەرزاڵی[1] کەشکان
گوێی قوت بوو، وەکو گوێی مشکان
لاجاینگی[2] هەڵنەدەهات لەبەر ئەسپێ و ڕشکان.
کاکە مەم خۆت هەڵنەدەیەوە، مەڵێ یاری من گۆیەکە فەقات[3] لە زێڕی
دوێنێکە دۆدانێکی دۆ نابوو لە تێڕی
کوچە بە کوچەی جزیرێی بۆ فرۆشتنێ دەگێڕی.
مەم هێندی ڕق هەستا: «دەنا خاتوزین دۆ فرۆشی دەکا!».
کاکە مەم دەیترازێنێ، کوتی:
وەی درۆ! وەی درۆ!
بەکر تۆ دەگەڵ بابت گو پخۆ
یاری من دەگەڵ ڕۆژێ دەکا گرۆ
دەڵێ: بزانە ئەمن جوانترم یان تیشکی تۆ!
یاری من ماینێکی ڕەش کوێتی کەفەڵ پانە
ئێواران بازە و سبحەینان جەیرانە
نیوەڕۆیان شەهێنە و لێی ون بووە هێلانە
سبحەینان بەرخە و کۆرپەڵەی دوای مێگەلانە
نەتزانیوە سنگی کارگی کۆسرەتی شاڵەبەگیانە
چاوی ئەستێرێکە ئەگەر سبحەینان هەڵدێ لەکانی قەمبەریانە
ئەگەر نایناسی خاتوزینی بە زولفانە

(١) هەرزاڵ: لە دێهات، لە نێومال، داریان دەچەقاند، بڵیندایی گەزێک، بڕێک کەمتر یا زیاتر، دارەڕایان دەکرد. شتومەکیان لەسەر دادەنا. ف. مهاباد لە بەرامبەریدا نوسیویە «عرزال». ئەم مانایەی «هب» لێی داوەتەوە، هەو نییە.
(٢) لاجاینگ: لاجانگ نێوان ڕوومەت و ئەستۆ. «هب». جاینگ و جانگ، چەنە یان چەنەگەیە.
(٣) پێم وایە مەبەستی بەیتبێژ لەمە «فەقەت»: (فقط) بووە.

خوشکی میرزێندینی میراودەلانە.

عالەم کوتیان: ماڵمان بە قوڕێ گیرا. مەستیش بوو فەقیرە.

قەرەتاژدین بەگ بەخۆی و بە تایەفەیەوە کوتیان: ماڵمان خرابوو، کێشە پەیدا بوو.

جا قەرەتاژدین بەگ بۆ ئەوەی بۆی پینەکا، کوتی:

کاکە مەم ئەگەر شەرابی خواردەوە، ویشکی دەبێ بنی زمانە
چومکە غەریبە کەس لێی نەگرێ قسانە
خانەخراپ کەڵێکی وەکو میرزێندین گرتوویە گۆشەی دیوانە.

کاکە مەم ئیغیار بۆوە، کوتی:

من سیرم خوارد و سوتام زمانە
کە هاتم مەلەک ڕیحانێکیان پێشان[1] دەدامە
مەعنام[2] لەوی بوو، بە خاتوزینم کردەوە بوختانە.

بەکر بە میر زێندینی گوت: ئەوە خەریکە بە درۆ بادەداتەوە.

میرزێندین قەڵس بوو، کوتی:

مەگەر من چ – نۆکەرم نییە لە گۆشەی دیوانێ
هەڵکێشن خەنجەری جەوهەر داری دەبانێ
کاکە مەمم لە دیوانێ بۆ پکەنەوە بێ گیانێ
نابێ لەسەر ئەو قسەیە بژی بەژیانێ.

قەرەتاژدین بەگ کوتی:

کاکە مەم خۆ لەقسان ڕانامێنێ
میر زێندین تەمایەتی میوانی من دەخوێندا بگەوزێنێ
بەکر شەیتانە و وەسەر زەللەی دەپەڕێنێ.

---

(١) پێشان، پێم وایە هەر «پێ نیشان» بووە، دوایە بۆتە پێشان.

(٢) مەعنام لە وی بوو: مەبەستم ئەوبوو.

ئێستا قسەکانی قەرەتاژدین تەواو نەببوو، قرمە لە خەنجەری نۆکەرانی میرهات، بۆ کوشتنی کاکە مەم.

قەرەتاژدین بەگ خەنجەری هەڵکێشا، تەواوی تایەفەشی دەستیان لەسەر گوێی خەنجەر دانا، قەرەتاژدین کوتی:

بمناسن قەرەتاژدینم

بازێکی ڕەشی لەوانی چەنگ بە خوینم

ئەوی لە گوڵ کاڵتر بە کاکە مەم بڵێ، دەپێشدا خوێنی میری لەسەر فەرشان دەپڕژینم.

چەکۆ دەیگوت:

بمناسن چەکۆمە

بەرانێکی ڕەشی چەقەسرۆمە(١)

ئەوی لە گوڵ کاڵتر بە کاکە مەم بڵێ، خەنجەرێی لە پشتی ڕۆدەگرۆمە.

عورفۆ دەیگوت:

ئەو بەنە مەگرن بە ڕدێنم

گە شیرە گەورەی لە خەزێنەی دەرهێنم

لەپێشدا سەری میر زێندین دەپەڕێنم.

کاکە مەم گوتی: وایە، بەڵام وا نییە

ئاخ چ – بکەم بۆ برایەکی لە دای و بابییە

لەپشت سەرم بوبایە بە شیری ڕووتییە

لە دیوانی میران دەمکوژن بە بێ کەسییە.

بەنگین ئەگەر نۆرەی هات و ئەوەی گوێ لێ بوو، گوتی:

ئاغایە من چەڵەبییە

---

(١) چەقەسرۆ: شەڕانی، بێ شەرم. «سرۆ» بەراوەردی پکە دەگەڵ «سرود» و «سراییدن» ی فارسی. لە «هب» دا تەنیا «چەقەسو» هاتووە.

سەری منت ببێتەوە بە قوربانی سەرییە

بەکر و میر زێندینت ببنەوە بە قوربانی ناڵچەی کەوشییە

ترازاندوومە بۆستەی خەنجەری دمرەشی دەسک نێرۆییە

ئەوی لە گوڵ کاڵتر بە کاکە مەم بڵێ، خوێنی میرییە فەرشانی پێ دەکەمەوە لیمۆییە.

دوو سەت کەس تایەفەی قەرەتاژدین دەستیان دا تیغ، کوتیان: نەبزوون لە جێگای خۆتان ها کەرامبابگاو!

میر زەینی دایە شارەکەی لێ دەشێوێ.

قەرەتاژدین بەگ زیز بوو، ڕۆیی.[1] هەستان زیز بوون.

میر زێندین بە بەکری گوت: ئەتۆ کارێکت دەگەڵ من کرد شاری جزیرێ پشێوێنی، قەرەتاژدین ئەگەر خەبەربدا، جوکلی هەمەوەند و سمێڵ سپی کامەریان و شاڵی بەگی زوراری و فەتح خانی سورچی ئامۆزای وین، بە خولای شەڕێک دەقەومێ لە جزیرێ، بارگین نەتوانێ بازد بە سەر کەلاکاندا بدا. بە خۆشی تەگبیرێکم بۆ پکە، نان و خوانی منت لێ حەرام بێ، وەزیرێکی حیسابی بە.

بەکر کوتی: میر بە سلامەت بێ، لە شانی خۆت بە کەسر مەگرە، دەچینە ماڵە قەرەتاژدین بەگ، دەگەڵی ئاشت دەبینەوە.

هەر میرزای بانگ کرد، خۆی حاشییەی دانا

دانای عاقڵمەند ڕویی زەمانە.

عێلی ڕەمکی و مامکی حەو ساڵە خەرجیان نەداوە، بەقەرەتاژدین دەڵێین: ئەگەر پچی خەرجی ئەو حەو ساڵە لەوان بستێنی و سەریان نەرم کەی، چونکە تۆ میوانی خۆت هێندە لەکن بە ڕێزە، ئەمە خاتوزین دەدەین بە کاکە مەم. لە مەملەکەتی ئێمەدا، کەس لەو قابیلەتەدا نییە پچێ خەرجیان لێ بستێنێ، لە تۆ بەدەر، جا ئەوحەلی ئێمە شەرت بێ خاتوزین لە کاکە مەم مارە

---

(١) لێرە بەیتبێژ گوتویە: باقی داستان حەواڵەی فەردا.

کەین و میرزێندین چەل شەوی شایی و زەماوەند بۆ پکا، چومکە ئەتۆ میوانی خۆت هێندە خۆش دەویّ و لە کنت بە ڕێزە.

هەستان هاتنە ماڵە قەرەتاژدین بەگ.

پیاو ئەگەر دوژمنی هاتە ماڵیّ، چاری نییە دەبیّ بەپیرییەوە پچیّ و بە خێرهاتنیشی پکا و دەگەڵیشی سەروڕوو خۆش بیّ.

جا میر و بەکر گوتمانی[١] خۆیان بە قەرەتاژدین بەگ گوت.

قەرەتاژدین بەگ کوتی: میر قاقەز ئیمزا کا کە خاتوزین دەدا بە کاکە مەم. منیش دەچم خەرج و تەدارەک لە عێلی ڕەمکی و مامکی دەستێنم.

میر قاقەزی ئیمزا کرد کە: خاتوزین، پاش گەڕانەوەی قەرەتاژدین بەگ، دەدا بە کاکە مەم.

جا قەرەتاژدین بەگ ساز بوو. ئەوە بوو بە بڕەم بڕەم، حەوسەت کەسی دەگەڵ سووار بوو، هەرچی ئازا و بەجەرگ بوو، هەرچی پەڕبەسەر بوو. سوار بوون.

قەرەتاژدین بەگ خودا حافیزیی لە خاتوزین کرد، کوتی:

کیژێ! قەرە زولفت بە من بمێنیّ بە گوڵی مەستەچەم[٢]

خوداوەندی میری مەزن ئەو کارەم بۆ بێنێتە بەرهەم

مەترسە ئەمن ماوم، ئێستاکانیّ هەرهەم

دەچمە سەفەری هات و نەهاتیّ سەبارەت بە تۆ و کاکە مەم.

کیژێ! بەوەی کەم ئەگەر ئەبەدییە

ئەمن لە دنیایەدا هیچ کارم بە میرزێندین نییە

بۆیە دەچم دڵی تۆ و کاکە مەم پکەوێتە فەریعییە[٣]

ئەوە ڕکێفی لە ئەسپی دەدا و حەوسەت سواری لە پشت ڕاوەستاوە

---

(١) گوتمان: قسە، مەتڵەب. ئی بەیتبێژ نییە. خۆم بەزەینمدا هات.

(٢) بەیتبێژ کوتی: گوڵێکە وەک یاسەمەنەی.

(٣) فەریعی: دڵگوشادی.

هەمووی دەستی لەسەرخەنجەری دمڕەشی دەسک نێرۆیی داناوە

خەڵکی شاری جزیرێ دەیانگوت: خودایە سەرکەوتوو بێ ئەو پیاوە.

جا کوتی: کیژێ! دەوڵەت زیاد و ماڵاوا.

قەرەتاژدین بەگ لە سەر ڕۆینێ، ئەوەشی وەبیرهاتەوە، کوتی:

کیژێ! تۆ ئاگات لەدەردی من نییە

چومکە کاکە مەم هاتۆتە ماڵە من بە میوانییە

دەیکەم، هەتا ڕوحم ماوە لە قەلبییە

سەربدە لە خاتون ئەستییە.

قەرەتاژدین ڕۆیی، دوازدە ڕۆژان شەڕی کرد، بەسەریاندا زاڵ بوو، مەڕی پێ خڕ کردنەوە، هەمووی فرفرەی[١] دەدەستی کرا.

لێرە میرزێندین بە بەکری گوت: تەگبیر چییە؟ کوڕە قەرەتاژدین زۆر دوڕوندەیە، خاتوزینی نادەمێ، چومکە لە هەوەڵێوە مەم نەیویستووە.

بەکر کوتی: ئەتۆ برایەکت هەیە، نێوی شاڵی بەگە، لە زمیرێیە، لە مێژە لێک بێ خەبەرن، هاتوچۆتان پێکەوە نییە، قاقەزێکی بۆ بنووسە، بە بەنگین بڵێ: ئەتۆ دەبێ ئەو قاقەزەم بۆ بەری بۆ شاڵی بەگ، ئەگە بەنگین لێرە نەبێ، ئێمە شتێک دەگەڵ کاکە مەم دەکەین.

بەنگینیان بە ڕێ کرد بۆ زمیرێ، قاقەزی برد.

جا بەکر کوتی: بنێرە لە دوی کاکە مەم، بڵێ: نەردێنێک پکەین لەسەر دڵخواز.

کاکە مەمیش، دەستور و عەمەلی بۆ دانا بو قەرەتاژدین بەگ، دڵی گەرد نەگرێ.

میر ناردی لە دوی کاکە مەم، ئەویش هەستا، هات.

---

(١) فرفرە: لێرە بە مانای دەس بەندە. مامەحمەد، ئاوای مانا لێ داوە: شتێک بووە دە نێو قامکانیان دەکرد، دەسوڕا.

میر پێی گوت: کاکە مەم! ئەتۆ ئەگەر لە یەمەنێوە هاتی، بۆ خاتوزین هاتی، بۆیە ئێستاش هەر لێرە ماوییەوە، ئەمن پێم خۆش نییە دڵی تۆ بشکێ، وەرە نەردێنێک پکەین لەسەر دڵخواز.

مەم کوتی: بە چاوان دەیکەین، قەراریان دانا حەوت دەست هەچ کامێکیان بیباتەوە، دڵخوازی خۆی بستێنێ.

کاکە مەم کوتی: نازانم ئەتۆ دڵخوازت چییە؟ بەڵام دڵخوازی من خاتوزینە.

میر کوتی: شەرت بێ ئەگەر لێم بەرییەوە، خاتوزینت بدەمێ.

قەراریان حەوت دەست بوو. سێ دەستیان کرد، مەم لە میری بردەوە. چواری مابوو، بەکر هات، پێی گوت: شاری جزیرێت ماڵ بە ماڵ لێ دەباتەوە، بنێرە لە دوی خاتوزین، مەم چاوی بە خاتوزین پکەوێ، نەردەکەت پێ دەدۆڕێنێ.

میر زێندین کوتی: خاتوزین بێ، شەرابێکمان بۆ بگێڕێ، کاکە مەم لێرەیە.

خاتوزین خۆی لە گوڵێ دا و هات بۆ مەجلیسێ.

ئەوە خاتون دەپێی کردبوو جوتێک کەوشی پانییە فەڕاشی دم قوڵی سەر نوقرە بەندییە

عەسڵ دەباغی خان بابە خانە، کاری کارخانەی موسڵە و موسڵییە

بن کودەرییە، تیری ئەندازە ڕەنگی(؟) لێ بدەی کارێ ناکا لەبنییە

ماڵی سەمەرقەندە و دەسکاری عەسڵە فەڕەنگییە

لەپێی کردووە ئاواڵ کراسێکی مەشەدکۆی موشەجەجەری عەسڵ، گەزی لە بیست و چوارییە

گۆنا گۆنە و پەڕ تاوسییە

کراسێکی مەحمەڵ دارایی ڕەنگ عاسمانییە

کەس نەیدیوە و لەبەر هیچ کەسدا نییە

بە وەزن سووکە، بەڵام قیمەتی لەکن کەس نییە

کەوایەکی «شاڵ خاڵی» خاڵ خاڵی زیبا ڕەنگییە

دوگمەی ئەڵماسە و فەرەنتییە[1]

تەمەننا دەکەم لە خوداوەندی میری مەزن، ڕەبی بە دور بێ لە چاوی بەدییە

هەچ کەس بە دڵ بیبینێ دێوانە دەبێ، دەکەوێتە کێوییە

ئەوە شێت دەبێ، دەڵێن: ئەو کابرایە عاقڵی نییە.

لە سەری ناوە کڵاوێکە سیم ڕێز و سیم خالەقییە

ئەندازەی سەری گیراوە لە مەملەکەتەکەی «کەس نەبی[2]» یە

پێشی کڵاوی فیداکارییە

نێونێو لێی چەسپ کردووە بەدری[3] بەحرییە

چارشێوشانێکی بەدرە[4]، ڕیشوە نیوگەزییە

بریقەی دێ لە ڕەنگی ڕۆژییە

خزە، گیر نابێ، دوو گرێی داوە لە پشتییە

کەس ئەو ماڵەی نەدیوە، دەڵێن: پێم وایە غەیبییە

دەسماڵێکی ناسک ڕێزی گوڵ تەشپییە[5]

ئەوە گەزی دەچێتە بیست و یەک زێڕی سپییە

لە کڵاوێی بەستبوو شەدێکی مار ڕەنگی خاسەکییە

گە تاو لێی دەدا، دەیانگوت: ئەوە چ- مەملەکەتێک ئاوری گرتییە

چون فەرەجوڵلاهییە، ئەلعان ئەو کارخانە نییە

ئاساری قەدیمە، لەکن خەڵکی دیکە قاتییە

وردە وردە و سەبر سەبر دەهاتەوە بۆ مەجلیسی میرییە.

خاتوزین سڵاوی کرد، کوتی:

---

(١) فەرەنتی: بەردێکی بە نرخە، نێوە بۆ ژنان، دە قاموسەکاندا نەهاتووە.

(٢) «کەس نەبی» دەبێ کوێ بێ؟ هەر تایبەتی چیرۆک و ئەفسانەیە؟

(٣) پێم وایە بەردە کراوەتە «بەدر».

(٤) ئەوەش هەر بەردە.

(٥) تەشپی: کاسەی دارین. «هب».

سـڵاو دەكـەمـەوە لە كـەسـێك، دڵم دايمە وەك تـەير بۆوی دەگـرێ پەڕی عاسمانێ

ئەگەر عاقڵی ببێ و جوابی سلاوم بزانێ

پێم وايە عومرم كەم بووە، ناژيم بە ژيانێ

ئەو جـاريشـم كـاكـە مـەم دی، خـلاس بووم لە ئـاخ هەڵكێشـان و داخ هەڵكێشانێ

بۆ دەهۆيە[1] ئەو كـارە، بەڵام خـوداوەندی مـيـری مـەزن بۆ خـۆی چاكـتـر دەزانێ.

كاكە مـەم ئەگەر چاوی پێ كەوت، ميريش كوتی: دەمەوێ خزمـەتێكمـان پێ پكا.

سـەرو قـەدەحی ئەگەر بۆ تێ كـردن، ئـەگـەر مـەم چاوی بەو پەنجـەی كـەوت، كوتی:

بەژنت بە من بمێنێ بە شـەنگەبييە

ئاخر چ – پكەم وەڵڵاهی دێوانەم و هيچ عاقڵم لەسەر خۆ نييە

نێو قامكانت لەعلی ڕوممانە و ئەشرەفييە

ئەی ڕوی ئەو وەستايە سپی بێ ئەگەر ئەوانەی دروست كردووە لە ئەزەلييە

ڕيشەی دڵت كێشام، با لە كنت بێ بە ئەمانەتی و بە يادگارييە

ئەمن بە جێم هێشت ئەمەگی دای و بابييە

جا من ئەگەر ئەتۆ ببينم، حوكماتی يەمەنێم بۆ چييە؟

گەردنی تو توحفە(؟) يە و سور و سپييە.

مير زێندين كوتی: كاكە مەم با دەست پێ بكەين.

خاتوزينيش دەسووڕا بە مەجليسدا و شەرابی دەگێڕا.

كاكە مەم ئەبەدا چاوی نەردی نەدەدی، فێڵی لێ كرد بەكری كەرامبابگاو.

ئەگـەر حـەوت دەستی لێ بردەوە، كوتی: ئيمـزای كە، ئەگەر حـەوت دەسـتم

---

(١) دەهۆ: فێڵ و تەڵەكە. «هب».

لێت بردەوە. مەم ئیمزای کرد.

میر کوتی: وەختی نەهارێیە، خاتوزین بۆ حەرەم خانە تۆ بڕۆوە.

ئەو جار بە بەکری گوت: لێم بردەوە، تەگبیر چییە؟ کوتی: میر حوکم پکە جارِ پکێشن، بڵێن: هەتاسێ شەوان هەرکەس لە ماڵێ وەدەرکەوێ، مەحکومی تیرە بارانە.

جا کوتی: مەبەست چییە لەوەیدا؟ کوتی: میر ئەتۆ لەسەر دڵخواز لێت بردۆتەوە، دەزیندانێی باوێ، بە شەو، بە مەخفی، کەس پێ نەزانێ، خاتوزین و خاتون ئەستی پێ نەزانن، وەزیر و عولەما و عوزەرای دیکە نەزانن.

مەعموری دەوڵەتی، بیست و یەک کەس بەرگی غەزەب دەبەرکەن.

بە مەم بڵێ: مەچۆوە، لە مەزڵی من بە، مەچۆوە ماڵە قەرەتاژدین بەگ.

لە زیندانی زیللەتی داوێین، چاوی ڕتوبەت دەیبا، کوێر دەبێ، کورە خۆ ئابڕووت چوو قوربان.

جا بابە ئەوە حوکم کرا: لە بانگی شەوانەوە کەس لە ماڵێ نەیەتە دەر. دوو شەو وابوو، سەری سێ شەوەی، بیست و یەک مەعمور هاتن، کاکە مەمیان قۆڵبەستە کرد، بردیان دەزیندانێیان هاویشت، هەموو کەسیش بێ خەبەر بوون.

لە ئەندازی نەمرنەژی، خۆراکیان دەدایە، بەڵام زیندانەکە زۆر جێیەکی زیللەت و وەحشەت بوو.

خاتوزین هەچەند دەیپرسی، دەیگوت: مەم کوا؟ بۆ نایبینم؟ کەس نەبوو جوابێکی ئەسەحی بداتەوە، چونکە هیچ کەس خەبەری لە مەم نەبوو.

کاکە مەم ئەگەر لە یەمەنێوە هاتبوو، دوتاجی و دوو توڵەی پێ بوو، دمیان شیرن ببوو، مریشک و گۆشتیان دەدانێ.

خاتوزین کوتی: تاجی و توڵەکان بێنن، بزانم بێ قەدر نەبوون؟ ئەگەر هێنایانن، تاجی و توڵە، تولەکیان کرد بوو، کوڵکەیان بەردابوو، گۆشت مەعنابێ نەیانمابوو.

خاتوزین بانگی ماجەمین و گوڵ جەمین و عوزار و مەلەک ڕیحان و گەوری کرد، کوتی: تاجی و توڵەی کاکە مەم بۆ وایان لێ هاتووە؟ کوتیان: ئەوی لە دیوانێ خوراوە، هەر داومانن‌ێ.

خاتوزین، بەدەستی خۆی، هێنای لەنێو ناندا، خۆراکی دانێ. تاجی گرتیان بە لێوی پێچایانەوە، بردیان، نەیانخوارد.

خاتوزین، دەست بەجێ، ماجەمین و گوڵ جەمینی وەدو خستن، کوتی: بزانن بۆ کوێ دەچن؟

زیندانەکە لە عەرزیدا بوو، بەردێکی لەسەر بوو، وەکو بەردی چاڵاوێ، تاجییەکان نانەکەیان برد، هاویشتیانە خوارێ، بۆ خۆیان برسی مانەوە.

ماجەمین و گوڵ جەمین هاتنەوە، کوتیان: خانم شتێکی زۆر سەیرمان چاو پێ کەوت، تاجی و توڵەکان نانەکەیان برد لە کونی زیندان خستیانە خوارێ.

خاتوزین چوو دەفکرەوە، ژنی سەرسپی و عاقڵمەندی بانگ کرد، کوتی: ئەو تاجییانە بۆ وایان کردووە؟ کوتیان: خانم ئەتۆ خەبەری کاکە مەمت هەیە؟ کوتی: ناوەڵڵا سی و هەشت ڕۆژە نەمدیوە، بەڵام دەڵێن چۆتە زمیرێ.

کوتیان: سەگ بە سفەتە، کارەکە وا دیارە، وا دەگەیەنێ، پێت وابێ کاکە مەمیان خستۆتە زیندانێ، وا ئەو تاجیانە نانی دەبەن، لەوێ بەری دەدەنەوە خوارێ، ئەو نانە بۆ کاکە مەم دەبەن، هەستیان کردووە کە مەم دەوێدایە.

خاتوزین قرچەی لە دڵی هات، قسەکەی بە دڵییەوە نوسا. جا کوتی: دەبێ لە شاری جزیرێ کەس نەیزانیبێ؟

کوتیان: ئەگەر دەزیندان خرابێ، کەسێک هەرئاگای لێ هەیە. ئەو قسەیە لە ژنان وە دەر دەکەوێ، دەنا لە پیاوان ئاشکرا نابێ.

خاتوزین خەبەری دا، چل کڵفەتی دەگەڕان، کوتیان: هەرکەس خەبەری مەم بزانێ، خاتوزین شەشسەت زێڕی یەک سکەی دەداتێ.

سەرۆکی ئەو مەعمورانەی کاکە مەمیان دەزیندانێ هاویشتبوو، ئەو قسەی لە ماڵە خۆی درکاند بوو. ئەو کابرایە کچێکی بوو نێوی قەمەر تەلعەبوو.

قەمەر تەلعە کوتی: بمبەنە کن خاتوزین، ئەمن قسێکم پێیە، بەڵام بە دزی

کەس نەزانێ، بابم بزانێتەوە، دەمکوژێ، ئاورم تێ بەردەدا، بە پەڕەم دەکا.

قەمەرتەلعەیان هێنا، خاتوزین کوتی: چت لەکنە؟ قەمەر تەلعە کوتی: خراب قەوماوە

تۆقان، تەلەسمان، زێڕان، زنجەقان، گواران، کرمەکان، ئاودەنگیان، خەبەرچییان لە سنگ و بەرۆکت سەریان لێ شێواوە

زنجیرەی زولفان – بۆ کەس پێی نەکوتی؟ – بۆ لە خمێت نەناوە؟

ئەوڕۆکە سی و هەشت ڕۆژە کاکە مەم لە زیندانێ خراوە.

جا عافرەت دەستی نارِوا، چو دە بورجی بەڵەکەوە، هەر شین و گریان بوو کاری.

لەو سەعاتەشدا، قەرەتاژدین بەگ ماڵ و مەڕی هەستاندبوو، هاتەوە.

کێوێکی تۆربەڕێژ هەبوو لە قەراغ ڕێیە، قەرەتاژدین بە سوارەکانی گوت: مەڕ و ماڵەکە دەرناچێ، ئەو شێ لێرە خێوەت هەڵبدەن، سبەینێ وەرنەوە بۆ جزیرێ.

بەڵام بۆ خۆی چونکە هەر نیگەران بوو، دڵی دەمستێدا بوو، لەوێ بەند نەبوو، دەگەڵ دوو نۆکەران هاتەوە جزیرێ، نۆکەرەکانی ناردەوە ماڵە خۆیان.

قەرەتاژدین بۆ خۆی بە سواری بەبەر بورجی بەڵەکدا هات.

خاتوزین، ئاوری لە خەرمانی عومری بەربوو.

قەرەتاژدین بەگ مەبەستی ئەوە بو خاتوزین ببینێ، جلیتێکی کرد، دار تەقڵەکەی چووە ژورێ، خاتوزین زانی دارجلیتی قەرەتاژدینە، دەرکی پەنجەرەی بورجی بەڵەکی کردەوە، جا کوتی:

سوارەکەی بە بۆرێ دەبەزی(١)

وەک ژنانت لەسەر بێ کۆچکە و کەزی(٢)

لێم تێک چووە باغ و ڕەزی

---

(١) سووارێکی سوواری ئەسپێکی بۆرە بوی و دەیرەتێنی، دەیهێنی و دەیبەی.

(٢) کەز: برقع، ستار. ف. مهاباد. «هب» ئەو مانایەی نەهێناوە.

هێندم لە سەری خۆم داوە، پەنجەم دەتەزی

لێم بە میرات بێ تۆق و تەلەسم و زێڕ و زنجەق و ئاودەنگی و خەبەرچی و گوارە و کرمەک و دەرزی

ئەوڕۆکە سی و نۆ ڕۆژە کاکە مەم لە حەفسخانەی زیندانێدا دەڕزی.

سەلام لێ ڕابوو، دادە لە من دەبێتەوە بە هاوارە

خاتوزینت بێتەوە بە قوربانی کەوڵێکی سەموری قاقومی باڵوێز ڕەنگی دوگمە پازارە[(١)]

چۆن ئاخر بۆ منت بەجێ هێشت خەم و پەژارە

قەرەتاژدین بەگ هیچ عەیب ناکەی، دەڵێن: ئەوە سوارە

مەڕ و ماڵت هێناوەتەوە، بەلام ژەهری مارە

ئەوڕۆکە سی و نۆ ڕۆژە کاکە مەم لە زیندانی میر زێندینیدا گرفتارە.

سوارەکەی بە بۆرێ دەکەیەوە جلیتانێ

دنیا وایە، کەس بە حاڵی کەس نازانێ

بەرگت بگۆڕە، لە سەرت کە کۆچکە و دەسماڵی ژنانێ

ڕەبی نەمێنی بە مانێ

غەیانەتت کرد بە هاتنی میوانێ

سی و نۆ ڕۆژە کاکە مەمیان خستۆتە حەفسخانەی زیندانێ.

سوارەکەی بە بۆرێ دێ و ڕادەبری

چاوت بە من بمێنێ بە چاوی باز و ئەبرۆت بە من بمێنێ بە تیــژە پەڕی دەسەقری

عەجایب زیندووی و بۆ نامری

میرزێندین سی و نۆ ڕۆژ کاکە مەم لە زیندانی زیللەتدا ڕاگری.

هاوارە لە من، داد و ڕۆیە

---

(١) پازار: بەردێکی قیمەتییە. دە فەرهەنگەکاندا هاتووە.

نەمێنم، دەروونم پڕ لە بۆسۆیە

لە خەوێیاندا پێ کوتم: لە قیامەتێشدا کاکە مەم هەرئی تۆیە.

قەرەتاژدین ئەگەر زانی، دەستی لە سەر قەڵتاغی زینەکەی دانا، کوتی:

کیژێ کێ ئاوری لە دڵی تۆدا کردۆتەوە؟ کێ دڵی تۆی ئاور تێ بەرداوە؟

بێ خەبەرم ئەمن، کە ئەو کارە گەورە قەوماوە

میرزێندین ئاخر ئیمزای ئەسەحی بە من داوە

ئاغای زەمانەی شەرتی بۆ کەس ناباتە سەرێ و بۆ کەسی ناکاتەوە تەواوە.

قەرەتاژدین بەگ گەڕاوە، بە عێل و عاشیرەتی خۆی گوت: ئامادە بن. میرزێندین بەگ، کاکە مەمی دە زیندان هاویشتووە.

کوتیان: جا مەبەستت چییە؟ کوتی: قەستەم بە خودای شاری جزیرێ وەردەگێڕم، جا چۆن میوانم دەزیندان باوێژن بە ئەتکی من!

قەرەتاژدین خەبەری بە سورچی و زوراری و سمێڵ سپی کامەریان و جوکلی هەمەوەندان دا، کوتی: ساز بن بێن؛ دەنا بەتەنێ نەیدەتوانی ئاوڕیشی میر زێندین بێ و دەگژی ڕۆبێ.

میرزێندین بەکری بانگ کرد، کوتی: تەکلیف چییە ماڵت خرابێ!

بەکر کوتی: ئاغا بنێرە نجومدار بێن، کاکە مەم دەرهێنینەوە، بزانین دێتە دەر بە ساغی یان نا؟

نجومدار هاتن، تەمەشای نجومیان کرد و عیلمی وەستەلاب. پرسییان: چەند شەوە لەو زیندانەدایە؟ کوتیان: چل شەوە. کوتیان: کارەکەی زۆر جێی مەترسییە، عیلمی وەستەلاب وای دێنێ: چون ئەو پیاوە لەسەر خاتوزین دە زیندان خراوە، چل کچ لە جزیرێدا پەیدا کەن، لە عومری خاتوزیندا، هەموو وەک نارنج، وەکو گۆ تازە بن مەمکی خڕ کردبێ، هەمو داودەلینگ حاجی حوسێنی بێ، ئەوانە دەگەڵ خاتوزین پچنە سەر زیندانی کاکە مەم، خێوەتێک بەرن بابوێری نەبێ، بن خێوەتەکە مەخمەری ئاڵ بێ. ئەگەر کاکە مەم یان هێنادەر، دەست بەجێ لە بن ئەو خێوەتەی دابنێن، با لێی نەدا لە ڕێوە، دەبێ ئەو کچانەش هەڵی کێشن، عیلمی نجوم و وەستەلاب و جامی جیهان نوما

وای دێنێ.

میرزێندین لە ترسی قەرەتاژدینی دەستوری دا چل کچیان پەیدا کرد، تەنافێکی ئاوریشمی خاویان هێنا، کاکە مەم دەرهێننەوە، بینێن لەسەر نوێن، با لێی نەدا.

خاتوزین ئاوری تێ بەربووو، جەرگی وەک مەنجەڵ دەکوڵی.

ئەو چل کچە دەستور و عەمەلیان پێ دان، هەتا نیوەی ڕێگا هاتن.

بەکر بەمەلەک ڕیحانی گوت: برۆ، دەگەڵیان کەوە. مەبەستی ئەوە بوو ببن بە چل و یەک و کارەکە پوچەڵ بێ.

خاتوزین بە مەلەک ڕیحانی گوت: ئەتۆ بۆ حەیات نییە، بۆ هاتووی؟

مەلەک ڕیحان شیرن شەلیش بوو، کەمێک دەشەلی، کوتی: ئەتۆ دەروونت ئاوری تێ بەر بووە، ئەو کچانە بەو کارە سووک دەبن، ئەوانە دەگەڵ تۆ بۆ دێنە سەر زیندانی کاکە مەم؟ مەبەستی ئەوە بو نەکرێ ئەو کارە.

دەو ماوەیەشدا، بەکر لە بن میر زێندین دانیشتبوو، پەشیمانی کربۆوە، بەڵام میر زێندین چی نەکوتبوو، تەنیا دەدڵی خۆیدا کوتبوی: هەر چۆنێکی پێک دێ، پێک بێ.

کچەکان کە گوێیان لە وتووێژی خاتوزین و مەلەک ڕیحان بوو، ترسان، بەجارێک دڵیان سارد بۆوە، کوتیان: خانم گلێییمان لێ نەکا، ناموسی خۆمان خۆشتر دەوێ، تێکڕا گەڕانەوە بۆ ماڵێ.

خاتوزین دڵی تاقەتی نەگرت، کوتی: بۆ خۆم بەتەنێ دەچمە سەر زیندانی کاکە مەم. لایەی سێ زولفی خۆی بڕی، ئەولای سێ بسک، ئەو لایەی سێ بسک.

جاخاتوزین هاتە سەر زیندانی کاکە مەم، کوتی:

سەر هەڵێنە بڕوانە: تۆقان، تەلەسمان، زێڕان، زنجەقان، گواران، کرمەکان، ئاودەنگییان، خەبەرچییان، لەگەڵ گەڕی دە دوگمانە

خاڵی ڕەش خێزەرەی کردووە لە مابەینی سینە و مەمکانە

تێکەڵ بوون دەگەڵ زنجیرەی دە زولفانە[١]

بە عومری خودای لە سنگم بوونەوە بە نەخش و نیشانە

جەرگ و دڵم دەسووتێ، کەبابە و بریانە

فەرموو خۆت دەو تەنافەی خە، لە خاتوزینێ بستێنە تۆڵەی چل شەوی زیندانە.

کاکە مەم ئەگەر گوێی لێ بوو، وەرسووڕا، بەڵام هیچ تاقەت و هێزی نەمابوو، کوتی:

کیژێ هێزی دڵم نییە و تاقەتی سەرم نییە بڕوانمە تۆقان، تەلەسمان، زێڕان، زنجەقان، گواران، کرمەکان، ئاودەنگییان، خەبەرچییان، گۆیان، قۆیتاسان لەگەڵ گەڕی کڵاوە بەدراوێ[٢]

خۆ من ئەو دنیای ڕوناکم بە بێ تۆ ناوێ

کوڵمەت دەڵێی بەفری کۆسرەتی شاڵەبەگیانە، تازە لێی داوە گزینگی هەتاوێ

پێمەردی کاکە میرانتم لەسەرن، لێم دەستێنن تۆڵەی خۆدزینەوەی ڕاوی.

خاتوزین وەی زانی مەم ڕقی هەستاوە، جا پێی دەڵێ:

ڕقی تۆم پێ خراپترە لە ڕقی مندالان

سەرهەڵێنە بڕوانە: گۆیان، قۆیتاسان، لەگەڵ گەڕی دەخرخاڵان

ئەتۆ تەماتە خەزێنێکم بۆ هەڵگرتوی، بیدەی بەخەڵکی، بیبەن بەتاڵان؟

وەرە دەرێ، تەنافم بۆ هاویشتووی، لە خاتونێی بستێنە تۆڵەی زیندانێ، لە کیژی دەگەورە ماڵان.

کاکە مەم کوتی: کیژێ ڕەجڵی دڵم نییە بڕوانمە لەعلی ڕوممان و ئاڵتونی شین و لەگەڵ ئەشرەفی، بۆتە نەخش لە نێو دەستانە

---

(١) بەیتی مێر و وەفا، بەو سێ میسراعە دەست پێ دەکا.

(٢) بەدراوی: جەواهێربەند. مامەحمەد زۆر جار بەدری بە مانای گەوهەر بەکار دەبرد، ئەویش پێم وایە بەدر بێجگە لە بەرد شتێکی دیکە نییە.

نارِەحەتی لەشم، دڵم گەلێک پەرێشانە
نازانم نە ئاخری عومرمە و نە زیللەتی زیندانە؟
خاتوزین کەزییەی خۆی بڕیبوو، دەگەڵ ئاوریشمی خاوە
سەر بەرەوژێر لە زیندانی کاکە مەمی بەردەداوە
چومکە دڵی هێندە لە هێش و لە تاوە
جەرگی لەتاو کاکە مەم سوتاوە
کاکە مەم خۆی تێ دەخست و ئەویش بەتەنێ هەڵی دەکێشاوە.
ئەگەر کاکە مەمی هێنا دەرێ، دەستی دەملی کرد.
ئەگەر شوبای دنیایە لە لەشی کاکە مەمی دەداوە
نیو سەعاتی قسە دەگەڵ خاتوزینێ کرد، لەپاشان پێی گوت: کیژێ عەجایبە، بینایی چاوم نەماوە
چاوم نابینێ، بە خودای پێم وایە بێبەش بووم لەچاوە
خاتوزینیش بەوەی زانی کە چاوی کاکە مەم بوونەوە شکست و بڵاوە.
جاخاتوزین کوتی:
بەهارە ، سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، لە خەڵکی بەهارە، بەڵام ئەمن بەو بەهارەی ناکەمەوە متمانێ
لە خەڵکی شین دەبوون هەڵاڵ و بەیبوون و گوڵە جووت، هەک قەلەندەر خۆم، لەمن گوڵە گاگرۆیان(١) بە مانگی نیسانێ
لاڵ بم بۆ جوانێکی وەکو کاکە مەم، چۆن چاو و برۆت خرا بوون لە حەفسخانەی زیندانێ!
بەهارە ، لە خەڵکی بەهارە، لە من ناتەواوە
سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، کەسم لە ماڵە باب و باوانی نەماوە
ئەمانەتی ڕوحم لە کن حەزرەتی قابیزە(٢)، ئەو دە کەشکۆڵی ناوە

---

(١) گاگرۆ، گەگرۆ: گوڵێکە بێ بۆن. بڕوانە: مێرو وەفا، ل ١٧٠.
(٢) یانی خۆشەویستی من کاکە مەم، دەدەست عەزرائیلیدایە.

لە خەڵکی شین دەبۆوە هەڵاڵ و بەیبوون و گوڵە جوت، لەمن گوڵە گەگرۆیان دم بە گڵێیەوە ناوە

بۆ خەڵکی بۆنی گیابەند و خاوە، بۆمن بۆنی کێم و زوخاوە

سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، کاکە مەم لە زیندانی میری خرای بوونەوە هەردووک چاوە.

بەهارە، لە خەڵکی ڕاستە، ئەمن پێی دەڵێم درۆ

ئەی داخی گرانم کاکە مەم بۆ چاو و برۆی دەتۆ

ڕەبی کەس لە دنیایەدا وەکو من نەبێ ڕەنجەڕۆ

لە خەڵکی گیابەند و خاوە، لەمنی قەلەندەری بابان وێران گوڵە گەگرۆ

لاڵ بم بۆ جوانێکی وەکو کاکە مەم، لە زیندانی میری خرای بوونەوە چاو و برۆ.

کاکە مەم پێی گوت: یەگجار زۆر ناڕەحەتم، بمبە ژووریێ[١] باتێر دەست لە سینگ و مەمکت بگێڕم.

جامەم دەڵێ:

بۆنێک دێ لەبەر دەمارم جارجارە و هەل هەلە

تۆزێک لە دوور دیارە، نازانم نەئی سەرڕەوی سوارانە و نەسەرگەل و پاشگەلی مێگەلە

دەروونم بە جورێک ناڕەحەتە و نازانم نە ڕۆژی پێ مردنە و نەخەرمانی ئەجەلە

بەڵام ئەجەل زۆر توندو تیژە، بنی ئادەم لەحاست وی گێڕ و شەلە.

خاتوزین کوتی:

سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، دڵت بۆ وا ناڕەحەتە، بەدەنت بۆچی واشێواوە؟

---

(١) بەیتبێژ هەر ئەوەندەی کوتووە. بێ گومان لێم پرسیبا، دەیگوت: چادریان بۆ هەڵدابوو، نوێنیان بۆ ڕاخستبوو.

له عومری پازده ساڵەیدا، بۆ ئەو تیره غەدەنگەت له جەرگی من داوە؟
بۆ جۆگەلەی خوێنت بزوتووە؟ دێن له هەردک چاوه
بۆ بۆگەنیوت خستۆته دڵم و جەرگ و هەناوه
ئەی سەڵای گەوره و گرانم لێ ڕابوو، کەسم له ماڵه باب و باوانی نەماوه
کاکه مەم لەسەر حاڵی خۆی نییه و ڕەنگی گۆڕاوه.
کاکه مەم دەیگوت: سەرم پکه سەرڕانت، نەختێک سەرم ڕابژێنه
توخڵا کیژێ ئەو قەول و قەرارەی بوومان، شەرتی خۆت مەشکێنه
خەزێنەی خۆت به خەڵکی تالآن نەکەی، له قیامەتێ بۆ منی بێنه.
کاکه مەم لەسەر ڕانی خاتوزینێ، سێ ئاخی له دەرون و جگەری هەڵدەکێشاوه
ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا، دەستی له سنگی خاتون دەبۆوه بڵاوه
به بێ کەسی لەسەر ڕانی خاتوزین دەبۆوه تەواوه.
قەرەتاژدین پرسیاری کرد: خاتوزین چی لێ هات؟ ئەگەر بەسەر شاری دادا.
میر زێندینیش قەرەوڵی نارد، کوتی: چ – خەبەره؟ خۆ دەڵێن: خاتوزین هەر بەتەنێ چووه! پاشان سێ مەلای مودەڕیسی نارد، بزانێ چ – باسه.
مەلاکان ئەگەر هاتن، تەمەشایان کرد سەری کاکه مەم لەسەر ڕانی خاتوزین بوو، کاکه مەم نەمابوو.
مەلاکان گەڕانەوه، به میر زێندینیان گوت: جووابی قەرەتاژدین چ – دەدەی؟ لەبەر موشکوڵوزمەی خوشکت چۆن دێیه دەر؟ جا کوتی: ئەنگۆ مەلان، دروسته پچم خوشکی خۆم ببینم(١)، قوڕی دنیایه وەسەر خۆم کەم؟ کوتیان: دروسته، پچۆ.
ئەوه میر زێندین به حەو سەت کەسەوه هات.

(١) دیتنی خوشک بۆ برا حەرام نییه، مەبەستی بەشی دوهەمی قسەکەیه.

خاتوون ئەستی، ژنی قەرەتاژدین بەگ، یەگجار دڵی کول بوو، ئەویش هات.

خاتوزین سەری کاکە مەمی هەڵگرت و باڵنجێکی لەبن دانا، یەخەی خۆشی دادڕی، جا دەڵێ:

خودایەکی ئاگا و موبینە

لە شارەکەی جزیرێ ببێ بە گریان و بە گەرمە شینە

نەکەس لێفەی پێ هەڵبگیرێ و نە شەنگە سەرینە[^1]

مردوی لە هەموان گەورەتر بەکر بێ و ئەوی دیکەشیان کاکە میر زێندینە.

خودا تۆ ئازاری مەرگ بنێرە

گەورە گەورەی شارەکەی جزیرێ هەمووی هەڵبژێرە

ئەوی پیرە و ئەوی جوانە و ئەوی جوانمێرە[^2]

مردوی لە هەمووان گەورەتریان بەکر بێ، ئەوی دیشیان کاکە میر زێندین گوێدێرە.[^3]

خودایە کە ئەزەلی و ئەبەدییە

نەلە گوێن کەسەو، کەسی لە گوێن نییە

سەلای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، کەس بە دەردی من دڵی کول نییە

جابڵێی بەکر و کاکە میر زێندین بژین بە زیندەگانییە؟

جا من لە پاش مەم ژیانم بۆ چییە؟

میر زێندین کە چاوی بە کارەساتەکە کەوت و ئەو حاڵەی دی، کوتی:

بەو خودایەی کەم ئەگەر میری مەزنە و بەو محەممەدە کەم ئەگەر ماڵە خۆی کردووە لە مەدینێ

لە سەر خەڵکی جزیرێیە هەموو بگێڕن شین و گەرمە شینێ

---

(١) یانی هەموو نەخۆش بن و بە جێ و بان پکەون.

(٢) مەبەستی لە جوانمێر ئەوەیە کە نەپیر بێ و نەجحێڵ بێ، دەنێوێدا بێ.

(٣) گوێ دێرە: گوێی لێیە. سەبارەت بە «دێر» بڕوانە: «امثال و حکم کردی» بەشی ٢، ل ٢٣٩، حاشیە.

حەڕەمخانەی من ڕەشپۆش بێ سەبارەت بە خەت و خاڵی یای زینێ
چومکە دەردی بێ دەرمانە، دەرمانی بە من ناکرێ ئەوی گەرمە برینێ.
ئەی بەکر چی لەمن کرد!
دەتمرمــــەوە دە بەر زێڕ و زنجـــەق و گـــوواره و کـــرمـــەک و ئاودەنگی و خەبەرچی دەگەڵ ڕیشوی قەرە پۆشینێ[(١)]
ڕووت وەرگێڕە بابان وێران، نەبادا تەواوی ئەو میللەتەی دەتبینێ، وەرگەڕێ لە دینێ.
ئەوە خاتونەستی هاتەلای خاتوزین. خاتوزین دەڵێ:
بۆت بە چیایە مەغلۆبان هەڵدەڵێم، سەری بە نیسێیە و بنی بە هەتاوە
خۆ من تازەم زانیوە ئەگەر وام لێ قەوماوە
سەلای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، کەسم لەماڵە باوانی نەماوە
گۆڕ و گۆڕخانەت بۆ شاری جزیرێ هێناوە؟
مەملەکەتەکەی یەمەنێ، بەسەر بابە پیرەکەتدا بەجێ ماوە!
بۆت بە چیایە مەغلۆبان هەلادەڵێم و دەڕوانمەوە بەری بەدەنێ
هەلاڵ و بەیبوون گوڵیان کردووە، بەلام گیابەند و خاو تازە دەگەنێ
زەینێکە خۆم دەدەمەوە کاولە ولاتەکەی خەتا و خوتەنێ
بۆ بابە پیرەکەی خۆت بەجێ هێشت حوکماتی شارەکەی یەمەنێ!
ئەدی، ئەتۆ بەجێگای خۆت گەیشتی، ئەمن بەجێ دێڵی بەتەنێ؟
بۆت بە چیایە مەغلۆبان هەلا دەڵێم و کاکی بە کاکی و ئەوبەرەوبەرە
سەلای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، خاکی گەرمێن و کوێستانم بەسەرە
بۆ لە جەرگی منی قەلەندەری بابان وێرانت داوە ئەو خەنجەرە؟
تازە دەرمان ناکرێ، ناشکێ ژانی ئەو نەشتەرە

(١) قـەرە پۆشین: بەرگی ڕەش دەبەرکـردن، مـانا کـەم لە بەیتـبێـژ پرسـێوە، کـوتی: چارشێوە.

کەسی واش نییە، بڵێم: نۆکەرە و عەمر بەرە!
جوابێکم بۆ یەمەنێ بۆ برایم پادشا بەرە
ئەو کاری گەورە، باسی سەرە.

بەگەلی کورە جحێلان بڵێن: تابووتی کاکە مەم بەرن بەرە و قوبڵە و جارجار بگەڕێنەوە دوایە

جارێکی دابنێن، جارێکی لەسەر تابووتی، غەریبە، پکەنەوە سەمایە
خۆ بە مردن نەبێ عیلاج و سوکنایی دڵی من نایە.
کێلی بۆ بێنن لە سەرەندیبێ و بەردەگۆڕی بۆ بێنن لە هیندوستانێ
کفنی بۆ بێنن لە سەمەرقەند و گوڵڕێزی پکەن بە ئاوی ڕەشەڕیحانێ
ئەنگۆ هەموو دەزانن غەریبە و گۆڕی هێناوەتەوە گۆڕخانێ.

بە پۆلی کورە جحێلان بڵێن: مەیتی کاکە مەمم بۆ هەڵبگرن، بەلام لای ڕاستەی ئەمن دەبێ لێی پکەمەوە گریان و شین و واوەیلایە

سەلای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، عیلاجی ئەو دەردە – دەردی پێ مردنە – بە هیچ کەس نایە

کەسێک نەیناسێ، دەڵێ: داخولا چ – شوان و گاوانێکە مردووە، ئیدی نازانن ئارامی دڵی من، شاهەنشایە

دەمن ژیانم بۆ چییە؟ بۆچی بژیم لەو کاولە دونیایە؟
خواردن و خۆراک لەمن حەرام بێ، دوای کاکە مەم بە دەهەنم[1]دا نایە.

ئەستی دەڵێ:
بۆ ئاورت تێ بەردام و ئاورت بەرداومە جەرگییە
براله ڕەبی لێت تێک چێ تەخت و مەکان و لێت وەربگەڕێ تەختییە
لە هەق دەستی ئیلاهیم دەوێ نەژی پاش کاکە مەم، ئەتۆ ژیانت بۆ چییە؟
ئاخ چ – بکەم بۆ خوشکەکەی لە دایک و بابییە

---

(١) دەهەن، فارسییە. بەکاربردنی ئەم جۆرە وشانە بۆ ئەوەیە قسەکە کردەوەی لە سەر گوێدێر پتربێ.

تازە پێم وایە دوای کاکە مەم ژیانی بۆ نییە.

بە دەستێک مەلا بڵێن: لە پێشەوە بڕۆن، یارەب یا ڕەبانە

هێندێکیان بخوێنن سی جوزمەی قورعان و سورەتی ئارەحمانە

کوڕە کاکە مەم غەریب بوو، واجبە لە سەر هەموانتانە.

بۆت بە دەریایە عومانی هەڵدەڵێم، تێیدایە گەمێ و پاپۆڕی لە سەر دەگەڕێ

ڕەبی خودایە هەڵکەیە بایە ڕەحمەت و بایە سەرِ سەڕێ

بەڵکو پاش کاکە مەمی شارەکەی جزیرێ وەرگەڕێ.

خاتوزین دەڵێ: بە شل و ملان بڵێن، بە ناسک بەدەنان، ئەوی تازەیان بنی مەمکان داناوە

بە شەکرە ژنان بڵێن: عومریان لە بیست و شەش سالان، ئەگەر شەوێ هەڵدەستنەوە سەر لانک و بێشکەی ساوا

بەو جحێڵانە بڵێن ئەگەر عاشقن و ژوانی خۆیان لە دەست نەداوە

هەرچی پیاوە سواری وڵاغان بن و ژن بییاننێن لە پشتی وشتران و پچنە سەر کەژاوە

بەڵکو خەبەر بڵاو بێتەوە لە یەمەنێ، بزانن کاکە مەم نەماوە.

جا بابە قەرەتاژدین بە خۆی و بە تەواوی سواران هاتنەوە شاری.

کوتیان: ڕابووەستە، بزانین دنیا چی لێ دێ.

قەرەتاژدین بەگ بە سوارەکانی گوت: دابەزن، کلک و یاڵی وڵاغان لەخم بدەن، وڵاغ بە یەختەرمەیی بۆ نۆکەران بەجێ بێڵین، واجب بوو لە سەرمە پچینە سەر قەبران. کەس چەک دانەنێ، بەچەکەوە وەرن، کاکە مەم نابێ بەتەنێ بمرێ، ئەوە تێکڕا هاتن بۆ سەر قەبران.

خاتوزینیان گێڕاوە بۆ بورجی بەڵەک.[١]

قەرەتاژدین بەگ ئەگە چوو، کاکە مەمیان ناشت و گڵیان وەسەر کرد. لە وێ

---

(١) بەیتبێژ بەهەڵە چووە، بورجی بەڵەک ئی کاکە مەم بوو لەیەمەنێ. بڕوانە: ل ٤ ، ئەم کتێبە.

کوتی: میر زێندین ئەو قاقەزەی بخوێنەوە، بۆ کاکە مەمت دەزیندان هاویشت و بە زیللەت کوشتت؟ کوتی: قەرەتاژدین بەگ بە زاتی خولای بێ تەقسیرم، ئەوی کردی بەکر کردی.

قەرەتاژدین بەگ کوتی: جارێ با بڕۆینەوە، لەسەر قەبران ئەو حیسابە نابێ.

ئەگە هاتنەوە – میر زێندین ترسی قەرەتاژدینی هەر بوو – سەعاتێک بوو قەبری کاکە مەمیان بەجێ هێشتبوو، خاتوزین دەرکی پەنجەرەی بورجی بەڵەکی[1] کردەوە، بەکەس زەوت نەبوو، لەسەڕا خۆی هاویشتە خوارێ، هەتا کڵفەتان گەیشتنێ، چوو دەستی دە کێلی سەرینی مەم وەرێنا، دمی لەسەر گڵەکەی سەری دانا.

کڵفەتان خەبەریان بە میر زێندینی دا، کوتیان: خۆی فڕێ دا، چووە سەرقەبری کاکە مەم.

میر زێندین کوتی: قەرەتاژدین ئەو خوشکەی من شێت بووە، هەرچی بیکەی هەقت هەیە، ئینتیها عەیبە بۆ من خوشکم لەسەر قەبر بێ. پچین بیهێنینەوە.

قەرەتاژدین کوتی: بەڵێ دەچین، بەکر وەپێش کەوێ. سەت کەس بە بەکر و بە تایەفەی قەرەتاژدین و میر زێندین چوونە سەرقەبران، دڵخۆشی بدەنەوە. خاتو ئەستیش ئەوە هات. ئەگە دەستیان پێوەنا، خاتوزین لە حەوسالان ڕاست ببۆوە، ئەویش نەمابوو.

شین و گابۆڕ تازە بۆوە، بوو بە واوەیلا و ڕۆژی قیامەت، لە لایەک ژنان شینگایانە لەلایەکیش پیاوان.

قەرەتاژدین بەگ کوتی: دەبێ لە تەنیشت قەبری کاکە مەم، قەبری بۆ هەڵقەندرێ، چاکە ئەو حەسرەتەی نەماوە.

سێ ڕۆژیان ڕاگرت، دووازدە هەزار خانم و خاتونی عێلات هاتن بۆ

---

(١) لە پێشەوە باسمان کرد.

شـینگا، کـۆتەڵیـان بۆ ڕازاندەوە، ئاخـر چەند داد و واوەیلا و شین و گـریان، قەبریان لەشانی ڕاستەی کاکە مەم بۆ هـەڵقەند.

لەگەڵ کو ناشتیان و گڵیان وەسەر کرد، قەبرەکە دەنگێکی لێ هات، مەلا و عولەمـا کوتیـان: عـاشـقی ئیلاهـی بوون، ئینتـیـهـا لە پـشـتـێنديان بەرەژوور، تێکەڵی یەک بووە؛ لە پشتێند بەرەژێر، هەچ کەسە دەقەبری خۆیدا ماوە.

بەکر کوتی: خـێر قەبرەکە تۆقی، بـە تەواوی تێکەڵی یەک بوون. وەختـێکی دایانەوە، لە پشتێند بەرەژێر، هەرکەس دەقەبری خۆیدا بوو.

قـەرەتاژدین بەگ ئەوە دەسـتـی دەبرد بۆ باڵچوغـەی[1] شـیـرێکی دەم ڕەشـی عەسڵ بداغ بەگییە

جەوهـەردارە، کاری وەستا نەسیری باڵەکییە
ئەگە دەرت هێنا، جەوهـەری دەڕژێتە سەر عەرزییە
هـەرزانە بە دوازدە هـەزار عەبوتۆپ و مەجیدییە
ئێک و چاردە کراوە بە زێڕی سپییە
شیرێکی لەملی بەکر دەدا، دەیگوت: حەرامزادە شەیتانی وەکو تۆ نییە
ئەتۆ بووی بە قاتڵی خاتوزین و سووارەکەی غوربەتییە
چون لەمن بوو بە قۆناغ و بە میوانییە
خۆ برام بوو، لەو برایە زیاتر چ – برای دیکەم نییە.
ئیدی ئەگەر لێی ڕاکێشا، ملی وەک خەیاری تەڕ پەڕاند.

دەڵێن: بە خـوێنـی بەکـر، دڕوێک شـین بوو لە نێـوان هـەردک قــەبران، هـەر دەی بڕن و هـەڵدەداتەوە. بە وە دەڵێن: دڕوی مەم و زینان.

جادەست بەجێ، سەت و چل کـەسیان لە تایەفەی بەکر، دەرکیـان مۆرکردن و پێـشی دەرکیـان پێ گرتن، هـەر سـەت و چلیـان کوشتن، یـەک یەک هـەڵاتن، ڕەچەڵاکی تایەفەی بەکریان دەرهێنا.

بیست شـەو پێ چوو، بەنگین لە زمیرێ هاتەوە. ئەگە هـاتەوە، بە پیرییـەوە

---

(١) باڵچوغە: دەسکی شەمشیر. قاموسی زەبیحی.

چون تایەفەی قەرەتاژدین بەگ، میوانی قەرەتاژدین بوو.

مەلەک ڕیحانیش نەڕۆیی، چییان پێ نەگوت.

بەنگین دانیشت بەینێک لەوێ.

مەلەک ڕیحان کوتی: ئەگەر بەنگین ئەمنی بوێ، مێردی پێ دەکەم.

بەنگین کوتی: دوو بەردەت داخان بێ[1] ئەمن چۆن ئەتۆم دەوێ! پاش بەکر شەیتان ئەتۆ مارە کەم؟

بەنگین هاتە وەختی ڕۆینەوەی. مەلەک ڕیحان کوتی: دەبێ ئەمنیش دەگەڵ خۆت بەری.

هەرچەند بەنگین حەولی دەگەڵ دا، کوتی: ناکرێ، نابێ، مەلەک ڕیحان دەگەڵی هات.

وڵاغی کاکە مەمیان کلک و یاڵ لە خمێ دا. ئێختەرمەی کاکە مەمیشیان پێ بوو[2]، وەڕێ کەوتن دەگەڵ چەند سوواران.

دایکی کاکە مەم، لە یەمەنێ، لەتاو مەمی ئۆقرەی نەبوو.

شەوێ بەخەون دایکی چاوی پێ کەوت، مەم لە بەندەنێک لە ڕاوێ بوو، دابەزیبوو، بەردێک بوو، سێبەرێک بوو، هات پچێتە بن سێبەرەکە.

هەژدیهایەک لە بەردەکە هاتە دەرێ، ئەگەر چریکاندی، ئاورێک لە زاری

---

(١) لە ئازەربایجانێش «دوبەردەی داخان بێ» دەڵێن، بەڵام «دوبەردە» ماناکەی نازانن. ساڵێکی لە خزمەت خوالێخۆش بو مامۆستای مەزن سەید حەسەن قازی تەباتەبایی مامۆستای ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی، بووم، ئەم قسەیەی بە زاریدا هات، دەمێک پێ چوو لێم پرسی «دوبەردە» چییە؟ فەرمووی: نازانم. عەرزم کرد: کوردییە، ئینسانی ڕۆژگاری بەردینە، سەری دوبەردی بڵیندی پێکەوە دەنا، بنی بەردەکانی لێک دەکشاندەوە، لەبن ئەو بەردانەدا خۆی حەشار دەدا. لە سروشتیشدا «دوبەردە» زۆر دەبیندرێ کە سەریان پێکەوە ناوە و بنەکەیان لێک جوێیە. مامۆستا قسەکەی زۆر پێ شیاو بوو. فەرمووی ڕاستە و دەبێ وابێ.

(٢) بێجگە لەم ئەسپەیە کە دەڵێ کلک و یاڵیان لە خم دا، یان هەر ئەوە؟ دەبێ هەر ئەوبێ، کردوویانەتە یەختەرمە، سواری نەبوون.

بۆوە، تەواوی دنیای ڕووناک کرد، لای کلکی هاویشتە نێو قەدی کاکە مەمی، گرتی و لێی هالاّ، جا زاری کە ئاوری لێ دەهاتە دەرێ، داپچڕی و بۆ کەڵلەی کاکە مەمی برد و بردییە نێو زاری.

دایکەکەی لەتاوی ئەو خەونە لەخەو ڕاپەڕی، خەبەری بۆوە، سبحەینێ دایکی مەم بە برایم پادشای گوت:

کێ دیویەتی لەوی دەور و لەوی عەیامە
بنی ئادەمی زۆر شێت و عەوامە
کوڕە دایک و باب بۆ وا بێ شەرت و بێ وەفامە
لەوڕۆ زیاتر نان و ئاوی خاکی یەمەنێ لە من حەرامە
عەبدالێ دوای کاکە مەمم، سووتامە.

دایکی کاکە مەم کوتی: دوازدە هەزار سووارم دەوێ، هەمووی لە خوێنی نەکرد و لە ڕمبی دمڕەشی هەژدە قەفی، تکەی خوێنی لێ بێ.

دوو خوشکی کاکە مەم، هەرکیان بیست کەژاوە، هەر کەژاوەی حەوت ژنی گەڕاوە وەی سەر سپی عاقڵمەند تێدا. شەش سەت وشتر ئابداری لێ ندرا و بژیوەی ئەو دوازدە هەزار کەسە.

دایکی مەم کوتی: خۆ قیامەت نییە دەستم پێی ڕانەگا، شەرت بێ ئەمن چیدیکە لە یەمەنێ دانەنیشم. ئەوە هات.

بەنگین لەولاڕا دێ، دایکی کاکە مەمیش لەولایە ڕادەچێ.

بەنگین ئەگە هات، نیوەڕۆ بوو، لایان دا، جێگایەک، دارێک، پەسیوێک، ئاوێک، ولاّغ دەستیان کرد بە لەوەڕێ، بۆ خۆشیان خەریکی خۆراکخۆری بوون.

ئەو دیویش لەشکری دایکی مەمی لێ بوو. پەنجا کەس پێش قەرەوڵ بوون، دایکی کاکە مەم کوتی: بڕۆن بۆ پێشەوە، بزانن چ – باسە.

ئەگەر هاتن، ئەو سێ چوار سوارانەیان دی. دوو لەوان بەنگینیان ناسێوە، بەلاّم بەنگین ئەوانی شتاق نەناسی، کوتی: دەبێ کوێندەری بن؟

جا قەرەوڵەکان خەبەریان دا، کوتیان: ئێکیان بەنگینە، کوڕی وەزیر ئازاد.
دایکی کاکە مەم بۆ خۆی بەکەژاوەی هات، بزانێ هەوە، چییە و چ – باسە؟
بەنگینیش ئەگەر سوارەکانی دی، سوار بوو، نەختێک کەنارەڕێ بوو، کوتی: خۆم نەدیو دەکەم، چکارم بەوە داوە خۆیان تێ بگەیەنم، هەر ئەوەندەی زانی کەژاوە لێی هاتە پێشێ، کەژاوەی دایکی کاکە مەم، دوور بانگی کرد و کوتی:

سوارە! سوارە کەی ئەسپە شێیە
دڵم زۆر لە هێش و لە ژانە، دەرمانی دڵی منت پێیە؟
ئەدی ئەوە بۆ خۆت لێرەکانەی، ئاغا و بووکێکی هێناوتانە لە کوێیە؟
سوارە! سوارەکەی ئەسپە سپییە
ئاگادارت بێ وەیسەلقەرەنییە
وێسپ ئەگەر لە کەنهانێ زیندانییە
ئەدی بۆ خۆت ئەوە لێرەی، ئاغات بۆ دیار نییە؟
سوارە! سوارەکەی بە ئەسپی خۆت گرتۆتەوە وچانە
ڕمبی هەژدە قەفیت لێ کردوومەتەوە شانە و شانە
هەزار جار سەری دایکی میرمەمت ببێتەوە بە قوربانە
دە ئاخر زوو بمدەیە خەبەری ئەسەح و باوەڕی و متمانە
دڵم دەڵێی بەحری بێ وچانە
ئەدی تۆ لێرەکانەی، بۆ ئاغات پنهانە؟

بەنگین لەبەر خەم و پەژارە و گریان جوابی پێ نەدەدراوە، دەئاخریدا، گوتی:

خودا بەیەک کفلەکون ئەو دنیایەی سەرانسەر داناوە
لە دەورەی حەزرەتی ئادەم، هەتا ئەورۆ، کە سێ هەزار ساڵی تەواوە
دنیا بۆ کەس بەقای نییە، ئەو دنیایە بۆ کەس نەماوە

سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، کاکە مەم لە جزیرێ بۆتەوە ئیختیار و تەواوە.

بۆ من دابنێن بناغەی شینگا و خم خانێ
جزیر، چل شەوە ڕاناوەستێ لەبەر شەپۆلدان و کوڕەی[1] گریانێ
خاتوزین جوانێک بوو، وەکو پەری دە عاسمانێ
لە سوێی کاکە مەم نەژیا بە ژیانێ
کاکە مەم لە جزیرێی گۆڕ بردەوە گۆڕخانێ.

پاکی ژنەکان کە ئەوەیان گوێ لێ بوو، ئێکی بەشی بەن درووێکیان قژ بەسەری خۆیانەوە نەهێشت. لەشکر دەستی بەگریان و لە خۆدان کرد.

دایکی مەم بۆ یەمەنێی نووسی: شێست هەزار لەشکرم دەوێ، هەمووی ئێکی پاشکۆ و دوو توورەکەی پێ بێ، هەمووی لە عومری چاردە و پازدە ساڵاندا بێ، شەرت بێ بە توورەکە خاکی جزیرێ بێنم.

ئەوە لەشکر هات و یەک سەر بۆ جزیرێ ڕۆیین. تایفەی قەرەتاژدین و میر زێندین بە پیرییەوە هاتن. میر زێندین گیرا بە خۆی و بە تایفەیەوە. خاکی جزیرێی بە توورەکە برد.

تایفەی بەکر، ئەوی ما بوو، پاکی ژەهری هەلاهیلی دەگەروی کردن؛ کوشتنی.

جا هاتە سەر قەبری کاکە مەم. گومبەزێکی بۆ دروست کرد.
چومکە غەریبی دڵم ئاخێز کرد[2]
ژێر فەڕشی عەرزی ئەتڵەسی دێز[3] کرد
خشتێک لە زێڕ کرد، ئێک لە مەرجان کرد

---

(١) کوڕە: دەنگی گریانی تێگڕایی. دە «هب»دا هاتووە بە مانای دەنگی خوڕینی ئەسپ.

(٢) ئاخێز: هەستانە سەرپێ. هب. مامەحمەد دەیگوت: ڕاپەڕی.

(٣) دێز: مامەحمەد دەیگوت: ڕەشە.

ڕوی قوبەی گومبەز لە بای زریان کرد.
خشتێکی زێڕ کرد، ئێک دوڕی لاڵ کرد
ڕوی قوبەی گومبەز دەبای شەماڵ کرد.
چل عولەمای گرت زانست و ئیختیار[٢]
دەبێ بخوێنن پایز و بەهار
نابێ ڕاوەستن، دەبێ بن وشیار
تا بگرێ دڵم ئارام و قەرار.
چومکی غەریبە، زۆر نەوجەوانە
شکۆفەی گوڵە، وەختی گوڵانە
بولبول دەخوێنێ، دەڵێن بەیانە
دێ گوڵ بپشکوێ، چاو لە خەو دانا
مردن خۆشترە نەک ئەو ژیانە
لە دوای کاکە مەم، هەر دڵ هێشانە.
دایکی کاکە مەم بە بەنگین دەڵێ:
دەڵێ: عەزیزم گوناح و تاوان لەئەستۆی تۆدا نەماوە
تۆ خزمەتت کرد، ئەو موقەدەرە قەوماوە
من سەرم لە کاری خودای سوڕماوە
بە میرات یەمەنی بەجێ ماوە
دڵم لە هێش و لە کاوە کاوە
بە دیتنی تۆ جارجار ماندووی دڵم حەساوە.[٢]
ئەو خانمە کێیە دەگەڵ خۆت هێناوە؟
بەنگین جووابی داوە، کوتی:

---

(١) ئیختیار: پیر و زورهان. پیر و کۆنە ساڵ. هب.
(٢) یانی بە دیتنی تۆ دڵم برێک ژانی شکا.

خانم کوێر بم لەچاوان، لاڵ بم لە زمانم
مردن خۆشترە نەوەک ژیانم
لە دوای کاکە مەم، سۆمای چاوانم
ئاغای عادڵ و زۆر میهرەبانم
ئەگەر ڕۆیشتین بۆ لای بۆتانم
ئەوە قاسید بوو، نەمێنێ گیانم
لە سەر ڕێگاکەی ڕوحی ڕەوانم
یانی کاکە مەم شاهی شاهانم
مزگێنی خاتون، خوشکی میرانم
ئەو دای بە ئێمە، ئەگەر بزانم.
فرمێسکی چاوم دایمە دەبارێ
ناکرێ بشکێنم قەول و قەرارێ.
ئاغام وای دانا بە زاتی ڕەحمان
قەستەم بەو کەسەی پێم هێنا ئیمان
درۆی تێدا نییە بە ڕوح و بەگیان
لە خزمەتتدا کەوتوومە قسان
فەرمووی بۆ تۆبێ یای مەلەک ڕیحان.
ئەگەر دەفەرمووی، ئەوە هاتووە و ئەمن هێناومە
بە قسەی کاکە مەم مراد و کاومە
ئەگەر دەپرسی و لە من ڕادەبری
ئەوە خوشکیەتی ئی وەزیر بەکری.

دایکی کاکە مەم ئەگەر وای زانی، کوتی: سێ ڕۆژ ڕاوەستە، جوابت دەدەمەوە. جا پرسیاری لە عاقڵمەندان کرد، کوتیان: چونکی کاکە مەم قەولی پێ داوە مارەی کا باشە. بەنگین زۆر نۆکەرێکی بە ئیحتیبار بووە. لێیان مارە کرد.

دایکی کاکە مەم هاتەوە یەمەنێ. دە شەوی پێ نەچوو میر زێندین[1] بە حەوت سەت کەسەوە هات بۆ یەمەنێ. خانوبەرێکی بوو کاکە مەم، بورجی خارخاریان پێ دەگوت، میر زێندین خۆی هاویشتە ئەو خانوبەرەی، دەستی دە تەختی کاکە مەم وەرێنا، کوتی:

من بێ تەخسیر بووم، جەرگم براوە
شەیتانان دەستیان لە کارم داوە
بە هیچیە ڕۆیین ئەو جووتە لاوە
بە پێی خۆم ڕوحم دیاری هێناوە.
مردن خۆشترە لە ئەو ساخلاوە
هێندم ئاخ و داخ من هەڵکێشاوە
هێزی ئەژنۆم نییە، نابینن چاوە.

جا لە سەر خاکی جزیرێیان میرزێندین دەرکرد. مەملەکەتی جزیر و زمیر و بە ختاوەر و ڕاگوزەر و چەند جێی دییان دا بە قەرەتاژدین بەگ، چومکە دەگەڵ کاکە مەم بە گیان و دڵ تێدا بوو. تەواو بوو بەیتی مەم و زین لە مامەحمەدی لوتفیم بیست هاوینی ١٣٤٣، لە شاری سابلاغ. قادرفەتاحی قازی.

---

(١) ئاخر نەگیرا بوو؟ لە مامەحمەدیم پرسیبا، دەیگوت: گیرا، بەریان دا، قەرەتاژدین بەگ تکای بۆ کرد.

# خەج و سیامەند

فەتاح بەگ و حەمەد بەگ برا بوون.

فەتاح بەگ کوڕێکی بوو نێوی سیامەند بوو، نێوی فەقێ حەسەنە، ئەوە لەقەبێتی سیامەند.

حەمەد بەگیش کچێکی بوو، نێوی خەج بوو. یەک ماڵ بوون. خەج لە عەینی ساڵە وەختینەدا، نەیاندەهێشت کەس چاوی پێ پکەوێ. هێند جوان بوو دەیانگوت: بە چاوەوە دەبێ.

فەتاح بەگ بە حەمەد بەگی گوت: پاروو لە زاری پکەوێ، بۆ کۆشێ چاکە، با لە کوڕەکەی خۆمی مارە پکەم.

خەڵکی بوزەینانێ بوون، عاشیرەت بوون، ساحێب مڵک بوون. کابراش، ئەو حەلی باب ئەگەر کچی مارە کردبا، مارەی دەهات. لێیان مارە کرد.

بەینێک پێ چوو، فەقاح بەگ و حەمەد بەگ، نێوان ناخۆشییان لێ پەیدا بوو، حەمەد بەگ کوتی: عاقڵم گۆڕاوە، ئەوەی کردە بەهانە، مارەییەکەی هەڵوەشاندەوە. لێک حاسەبانی بوون. فەتاح بەگ کوتی: ئەمنیش ئەوە تەڵاقم دا.

پێرۆکە بوون. مڵکیان شەراکەتی بوو. ئەگەر بوون بە حەو ساڵە، خەج جوانێکی وا بوو، زنجیرەی زولفی خەراجاتی مەملەکەتێک بوو.

سیامەند پیاوێک هەڵکەوت وەک بەهرام، تەواوی عاشیرەت لە دەستیدا وەک مێو بوو.

خەج، ڕۆژێکی دەگەڵ بێرییان چوو بۆ مەڕی. سایەکی دەبەر کردبوو.
دەمرمەوە دەبەر سایەی بەرت، ئەگەر وڕینگەی هەتاوێ دێنێ
تیرەندازە و تیر دەجەرگم هەڵدەچەقێنێ
چ – پکەم؟ عاشقم، جەرگم خوێن دەدەڵێنێ
گە شل و مل و سایە گەردن ئەو تیرەم لە جەرگی دەرێنێ
لازم ناکا بچمە سەر حەکیم و سەر لوقمان، بڵێن: گیانی لە بەدەنیدا نامێنێ
ئەگە شل و مل بە لەنجە بڕوا کۆتری و کوڵمێکە ناسکم بۆ بێنێ
لەمن وایە شوبر کوشتنە و دەچمەوە دەشتی کەربەلا بۆ زیارەتی گومبەزی ئیمامی حوسێنێ
بە بالا گوڵە، سومبولە، ناقیس نییە، هیچ کەس ناقیسی لە بەدەنیدا ناهێنێ
بە چاوبازە و بە ئەبرۆی تیژە پەڕی شەهێنێ
ئەو سەعاتە دڵ کولم، دڵ بریندارم، ئەگەر بە لەبزێکە شیرن نەمدوێنێ
توشی قەتڵ دەبێ و بەندی دڵم دەپسێنێ.
خەج بە لەنجە ڕۆییبە پێشێ، بە میهرەبانی جوابی دەداوە
دەیگوت: پێم عەیبە، پێم شەرمە، خەڵکی دەڵێن: خەج ڕێگای پێ گیراوە
بۆ ماڵە باب و باوانم بە قوڕێ گیراوە؟
کەنگێ ئەتۆ خەبەرێکی ئەسەحیت دامێ، ئەمن جوابی تۆم نەداوە؟
کێی دیکە هەیە لە دنیایەدا ئەمن دەگەڵی جووت بم و لێی ببینم کام و کاوە؟
تەواوی سەردار عاشیرەتان، سەردار عێلان، من خەبەرم هەیە، شەوێ لە ترسی تۆ خەویان نییە و هیچیان خەویان نەماوە
دوازدە ئیمامی دەشتی بەغدایە دەست بە عەمرت بگرن، چل سوارەی غەیبی ئاگادارت بن، حەزرەتی خدر ئەگەر هەمیشە لە چۆل و بەڕیان ماوە

بەو خودایەی ئەگەر بە کفلە کونێک ئەو دنیایەی سەرانسەر داناوە
لە تۆ زیاتر هیچ کەس بەهرە نابا لە بەژنێکە باریک و دوو گۆشەی چاوە
ڕێگام بەردە، دنیا هەر ئەو ڕۆکە نییە، دنیا گەلێکی ماوە
تیری عیشقت لە کەلەکەی ڕاستەی دام، لە چەپەی پەرچ دراوە
ئەو خەزێنەی هەمە، حەڵاڵی دنیام لێ حەرام بێ، هەمووی بۆ تۆ ڕاگیراوە
دەجا ڕێگام لێ بەردە، با نەڵێن: ڕێگا بە خەجێ گیراوە
شەیتانان زمانیان بە لاڵی بگەڕێ، کوێر بن لە هرتک چاوە
نەبادا بە سوکی لەمە بدوێن، قسە لە مابەینی من و تۆ ببێتەوە بە شۆرەت و بڵاوە
تا ئێستا کانێ نەمدوواندبووی، ئەو تیرەی تۆ لە جەرگی منت داوە
دەرمانی لە کن کەس نییە، ڕوحی من بە تۆ دەبێتەوە تازە و تەواوە
دەست هەڵنەگری، قسەی خۆت نەبەیەوە دواوە
ئەوە قەولم پێ دای، بە ژیان گەر بمێنم، مەگەر خەبەرت بۆ بێ، بڵێن: خەجێ نەماوە
سوێندی گەورەی شەرع ئەوەیە، قەستەم بەوەی کەم بیناهی چاوە
دنیا تاریک بوو، لە شەڕافەتی پێغەمبەری ڕوناکاییی تێ گەڕاوە
برۆ سوێند بەو پێغەمبەرەی ئەگەر ئیمانمان پێ هێناوە
تازە لە تۆ بەدەر هیچ کەس لە سنگ و بەرۆکی من ناکاتەوە چێشتەنگاوە و چێشتە ڕاوە.

ئەوە قەولیان پێک دا. ژن و کچ و کەسێکی ئاگای لێ بوو، کوتیان: سیامەند ڕێگای بەخەجێ گرتبوو.

خەج حەوت برای بوو، هەمووی پیاوی دە پیاو، ساحێب نێو، ساحێب نێوبانگ، هەمووی پیاوی یەکەیەکە.

ئەگەر ئەو خەبەرەیان زانی، مکوڕ(١) بوون. خەجیان بانگ کرد، دایکی ما

---

(١) مکوڕ: یاغی، سەرسەخت.«هب». هەوەها توڕە، قەڵس، پێ تێک چوون.

بوو، تێگرِا پێیـان گوت: ئەگـەر جارێکی دی قسـەت دەگەڵ سیـامەند بێ، چاوت دەکۆڵین، دەبێ بە کوێری بگەڕێی.

پێیان گوت. ترسێکی لێ پەیدا بوو. سیامەند ئەو خەبەرەی زانییەوە.

سبـەینێ، سیـامەند پاڵی بە پەنجەرەوە دابوو، چاوی لێ بوو خەج، بە دەست ئیـشـارەی یەکـتـریان کـرد. سـیـامـەند دەنگ و سـەدایەکی زۆر خـۆشـی بوو، قارەمان نیسبەت بوو، زۆر ڕەشید بوو. سیامەند کوتی:

لـە دڵێ مـن گـــەڕێ چەنـدی لـە هێـــشـــە و چەنـدی لـە ژانـە و چەنـدی لـە ناسەوری[1] جارجار فکرم ئازادە و جارجار لێم تێک دەچێ هۆش و فکری

پۆڕی بـەڵەک! چاوت لـە من بۆتـە جـەللاب و جـارجـار لـە من دەبێــتــەوە بە جابری

بە چاوبازی، ئەبرۆت دەبێتەوە بە تیژە پەڕی دەسەقری

کوڵمەت نازانم نە لە من بەدرییە و نەنادری

بەدری و نادری، ئێک لە یەکێ چاتر بە قیمەت ڕادەبری

دەیانفرۆشی، دەبێ کێ لێت وەرگری؟

خەجێ لە تەکییەی پەنجەرە بە گریان و سرتە جوابی داوە، کوتی:

لە دلێ من گەڕێ چەندی لە هێشە و چەندی لە ژانە و چەندی لە کاوەکاوە

بە بەدەن زیندووم، دەنا جەرگ و دڵم سوتاوە

دوواندنی تۆ بۆ من، ئاوە و بەفراوە

وەجەرگم کەوت، ئەوە هاڵاوی دڵم کوژاوە

مەترسە، بڵێی هەڕەشەی گەورە و گرانیان لەسەر خەجێ داناوە

قـەول هـەر ئەو قـەولەیە و شـەرت هـەر ئەو شــەرتەیە، دوێنێ نیـوەڕۆیە بە تۆم داوە

ئەگەر بۆ دنیـایەش نەبێ، بۆ قیامـەتە؛ ئەو دەنگ و باسـە لە من تۆ دەبێتـەوە بڵاوە.

---

(١) ناسـەور: دەبێ هـەر ناسۆر بێ، برینێکی کە چا نابێتەوە.

گوێت لێ بێ، ئەگەر لە لەبزی خەجێ دەزانی
تازە جەرگ و دڵم سووتاوە، کەبابە، بۆتە بریانی
لە جەرگت داوم تیری غەیبی و نیانی
ئەمن بۆ تۆ گران نیم، وەگیرت دەکەوم بە هاسانی
پەنجەرەی لێ بڵند مەکە، با باب و برام دیسان پێ نەزانی.

سیامەند دەستی لەسەر خەنجەری دمرِەشی دەسک نێرۆیی، عەسڵە فرودی[(١)] داناوە

دەیگوت: ڕاست دەکا ئەو عافرەتە، نەوەک بەهانەی پێ بگرن، خۆ دەسەڵاتی نییە، دەسەڵاتی دە دەست خۆیدا نەماوە

ئەگەر کو دەگەڵیان پکەم، دەبێتە کوشت و برِ، دەڵێن حەوت برای خەجێ نەماوە

شۆرەتەکە بڵاوە دەبێ، دەڵێن: بە دەستی سیامەند کوژراوە

قەوم و تایەفە لێم بڵاو دەبن و لێم پشتپەڕ[(٢)] دەبن، بە چاکە ئەو قسەیە نابێ تەواوە

هەڵی دەگرم بۆ مابەینی گەرمێن و کوێستان، ئەو حەلە لەسەر سنگی خەجێ دەکەمەوە شەوڕاوە

مەگەر لەشکری سوڵتان عەبدولحەمید دەگەڵ خۆیان بێنن، دەنا کەس ناتوانێ بڵێ: خەج لە سیامەند ئەستێندراوە.

ڕۆژێکی خەج دەگەڵ هێندێک کڵفەت چووە حەوزێ. ئاگای لێ بوو لە پەنجەرەوە سیامەند، ئیشارەتی کرد.

خەج چووە سەر حەوزی باغی، کوتی: ئەگەر سیامەند هاتە باغی، چاوم پێی دەکەوێ.

جا ئەوە سیامەندم بۆ سوارکە لە جوان و ماینێکی عەسڵە عەرەبییە

---

(١) فرودی: مامەحمەد دەیگوت: حەیوانێکە وەک نێریە کێوی.

(٢) پشتپەڕ: شتێکی کە بۆ پشتەوە دەپەڕێ، تازە نایەتەوە بەر دەست.

کەمبەر زنجیرێکی لە پشتیدایە، کەمبەر زنجیرێکی شازدە ڕەنگی زرێ داودییە

قولاییی ئاڵقەی، ئەوبەرەوبەر، ڕادەوەستن لە سەر گۆیە سنگییە

قەرەبینایەکی دمڕەشی عەسڵە سمایل بەگییە

لە کەلەکەی چەپەی دەدا، دەستم بۆ پچێ بۆ ڕۆژی دڵهێشان و بۆ ئەو سەعاتەی دڵ دەبێتە خوێناوییە

نەبادا، نەبادا دوژمن بزانێ[1] و ئەو حەلە پێم بڵێن: سیامەند بێ دەسەڵات بوو، دەسەڵاتی کچۆڵێکی نییە.

لە پشتی ولاغی دەکرد زینێکی قەڵتاغ چوکی، تیغە پشتی هەژدیهای بردۆتە سەر دەباغ کارییە

ئەوی کردۆتە قەڵتاغ، چونکی نە کەس هەیەتی و کەسی دی ئەو تەدارەکەی نییە

دوازدە تیری زەهراوی خەدەنگ کێشی عەسڵە نەوزەڕییە

داوێنی تیری جووت بوون و پشتە ماسییە

ئەوڕۆکە نە لەکن کەس هەیە و کڕین و فرۆشی ئەو تیرانە نییە

لەکن کەس وەگیر ناکەوێ بە هاسانییە

مەگەر سەردار عێلێکی قورس، دەنا هیچ کەس دەسەڵات و ئیختیاری سیامەندی نییە

سوار بوو وەکو سامی نەیرەم، ئەگەر سەری دەرهێنابا لە خاکییە

دەیگوت: پیاو بمرێ، نەوەک ئێخسیر بکرێم و بڵێن: سیامەندیان برد بە بووکییە

ئەو وەختی شۆرەت دەڕوا، دەڵێن: جا فەرقی ئەو و خەجێ چییە؟

مردن گەلێک خۆشترە لەو ژیان و زیندەگانییە

تانووتی خەڵکی ناخۆشترە لە عازابی قەبرییە

---

(١) یانی مەبادا دوژمن ئەمن بێ هێز و بێ دەسەڵات بزانێ.

قسەی دنیایە تاڵە، ئی قەبر بە دەست ڕەببییە
خودا سورِ پۆشە، کەس ئاگای لە سوال و جووابی قەبری نییە.
ئەوە سیامەند سوار بوو.
دایکی هاتە پێشی، کوتی:
ئەڵلاهوممە سەللی عەلا محەممەد. ڕۆڵە دەتهێنمە تکایە چل سوارەی غەیبییە
ڕۆژی دنیا ئاخر بوون دێتە سەر عەرزی محەممەدی مەهدییە
عەزیەتم دەگەڵ کێشاوی، بە تۆم داوە شیری سپییە
ئەمەگی دایک گرانە، لێم مەکە بە بەد ئەمەگییە
ڕۆڵە دوژمنی تۆ زۆر قورسن، یەگجار زۆر کەللەیان قەوییە
ئەگە کارێکی دەیکەی بە دزی و بە مەبخییە
کار وا چاکە بڵێن: ئابڕوچوونی تێدا نییە.
سیامەند دەیگوت: دایە ئەوە لە تۆ دەکەم خودا حافیزییە
دوعای بە خێرم بۆ پکە، عەولاد میوەی بەحەشتە، کەس لە عەولاد شیرنتر نییە.
جا کوتی: ڕۆڵە ئاگادارت بێ وێنس، ئەگەر زیکری دەکرد دەزگی ماسییە
ئەتۆم ئەسپارد بە یۆسپی کەنهان، ئەگەر چل شەو برایانی دەیانکردەوە زیندانییە
کارێکی وا پکە نەڵێن: ئابرووی چوو. ئابڕووچوونی تێدا نییە.
دایکی دەیزانی جوابی ناداتەوە، هەر دەچێ. باغەکەش کەمێک دوور بوو.
جا ئەوە ڕکێفی بۆ جوان و ماینی عەرەبی دادەهێناوە
جارجار بە نەرمەغار دەڕۆیی و جارجار شلی دەکردەوە تا ولاغەکەی دەحەساوە
جارجار فکری لێ دەکرد و جارجار ئاگری عیشق ئاوری تێ بەرداوە
تیری مژانگە، ئەگە هات وا لە جەرگی داوە

ئاوری گرتووە، ئەو ئاورە بە کەس ناکوژێتەوە و بە کەس نەکوژاوە
دەردی خەجێیە، بۆیە عەقڵی دەکەڵلەیدا نەماوە.

خەجیش هەر چاوەڕێی بوو، کوتی: خودا پکا نەیە، قەرەوڵیان دانابوو براکانی.

سیامەند لەوان ئازاتر و پەڕ بەسەرتر بوو، خەڵک زۆر تری شەرم لێ دەکرد. تەواوی میللەت لێی دەترسا.

سیامەند ئەگەر هاتە کەناری باغی، وڵاغەکەی کێشا جێگایەکی پەسیو، وڵاغی لەوێ بەستەوە. بۆ خۆی لەبن دارێک، کە فندق بوو، دانیشت. خەجێ چووە کنی. ئەگەر سیامەند چاوی پێ کەوت، بەندێکی بانگ دەکا؛ کوتی:

کیژێ! ئەبرۆت لە من کردۆتە کەوان و چاوت لە من کردۆتە چاوی تەڕلانە
چاوەڕێی کێی وا دەڕوانی جارێک لە گەرمێن و جارێک لە پیرە کوێستانە؟
بەروێت لە من کردۆتە بازاڕی کوڕە حەتاران و حەتارخانە
حەتر فرۆشی، بۆ کێت داناوە ئەو بازاڕ و دووکانە
گوارەی لە گوێت ئەشرەفییە و وردە گژنیژی دەکاتەوە جۆللانە
نازانی لە دڵی عاشقان دەبێتەوە بە برین و چانابێتەوە بە حەکیم و بە لوقمانە؟
هێندێک دەڵێن: جێگای تیری غەیبییە و چازانان دەڵێن: خێر سەرەتانە
ئەمن بە دزی هاتووم، بە سەت ئەڵڵا ئەڵڵا و سوبحان سوبحانە
ئیدی خاتر جەم بە، هەر ئەو سەفەرەیە، هەموو ڕۆژێ هەڵناکەوێ سەیاحەت و جێژوانە
ئیدی نەتمێنێ هیچ هەڵڵا هەڵڵا و بەهانە
زنجیرەی زولفت بووە بە تەناف و دەڵێن: سیامەند لە حاڵی گیاندان و خنکانە
ئاوپرژێنی دڵم کە، سەفەرم با سەعادەت بێ، دیانەتی تۆم لەکن بێ، شەوێ نەبم بە شێت و بە دێوانە
شەو بێدارم لە سوێی زنجیرەی زولفان، دڵم هەمیشە دەکوتێ و لە تەکانە

دەمرمەوە دەبەر دوو چاوی بەڵەک، ئەگەر تیریان لە پێشە خۆیان دانا
ڕێگرن، ڕێگا دەگرن، لە جەرگی خەڵکی دەدرێ ئەو پەیکانە
ئاخر وەڵڵاهی هیچ هۆشی خۆم نییە، دڵم کەوتۆتە جۆللانە
جا دەمرمەوە دەبەر قەرە زولفت لەسەر هەنیەت کردۆتەوە پەخش و پەریشانە
خەڵکی دەڵێن: گوڵ جوانە، بەڵام بێ قابیلەتە ڕەشە ڕیحانە[1]
زولفت سیمی تەڵایە و بە قیمەت گرانە
جا خۆ ئەمن مردنم گەلێک پێ خۆشترە لەو ژیانە.

ئەوە خەج بە ناز، بە دەنگێکی ناسک و بە لەبزێکی شیرن جوابی دەداوە، دەیگوت:

عافرەت بێ دەسەڵاتە، دەسەڵاتی لە دەست خۆیدا نەماوە
ڕەبی مەرگم ڕەپێش مەرگت کەوێ، بۆچی وا جەرگ و دڵت سوتاوە
بۆ دڵی تۆ عاسییە نییە، هەر لە دەستت داماوە[2]

دەستی چەپەی بڵند دەکرد و خرمەی بازنە و تۆق و تەلەسم دەبۆوە بڵاوە
کاروانی لە تەلەحفەر و ئێرەوان پێ دەگەڕاوە
هەرتک دەستی ڕاستەیان لە گەردنی ئێکتری دەکرد، سمێڵ و زولف دەبوونەوە تێکەڵاوە
وەک کشمیش و برینج، دایدەنێن، دەڵێن ئەگەر ئەوە پڵاوە
کوتی: ئۆخەی ڕەنجم بە خەسار نەچوو، هەقی خۆم ئەوە بە دەست هێناوە
مەمکت دەڵێی کارگە و تازەکانە لە بن کەمایە[3] سەری دەرهێناوە
چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەی سوهەیل و زۆرە و موشتەری، لە سەری

(١) گوڵ ڕوخساری یارە، کە جوانە، لە لایەکی ترەوە، ڕەشە ڕیحانە بۆ بۆنخۆشییە ناگاتەوە زولفی یار، بۆیە دەڵێ: بێ قابیلەتە.
(٢) یانی خەج هەر ئی تۆیە و ئی کەسی دی نییە، کارت لێ عاسییە نەبووە، دڵی خۆت مەشێوێنە.
(٣) کەما، گیایە کە، کارگ لە بن وی دێتە دەرێ.

دوهاچە و بلّکیس گۆشەی کێشاوە

کولّمەت بە من بمێنێ بە شەمامەی حەوت ڕەنگ، لایەکی تازە ئەوە زەردەی تاوێی لێ داوە

چاوت بە من بمێنێ بە قەرەمامز[۱]، ڕاوکەران ماندوویان کردووە، ئەوە ڕاوەستا و ماندووی حەساوە

شوکر بە بەشی خودای، بەژنت بە من بمێنێ بە عەرعەر، بە عومری خودای لە ئاتەگی گردە کولّکن[۲] خولّقاوە

خاترجەم بە عەزیەت و عازاب و سەخلّەت و ساغاو و ئەوەم هیچ نەماوە

جا ئەوجار بە مردنیش بمرم، ئەگەر خەلّک بلّێن: سیامەند نەماوە

مەلاییکەتیش پرسیارم لێ ناکەن، چومکی مژانگی ئەو چاوانەت لە جەرگمی داوە

ئەگەر بە تیری مژانگی تۆ بمرم، بەشی من لە بەهەشتێ بەش کراوە و داندراوە.

زۆر چاکیان یەکتر چاو پێ کەوت، وەک کراس چوون دەبەری یەکترەوە.

چەند پیاوێک کە لەوێ کاریان دەکرد، چاویان بە خەج و سیامەند کەوتبوو. ئەوانە کە ئاگایان لێ بوو، کوتیان: با قسەکە بلاو نەبێتەوە، بێدەنگەیان لێ ڕاکرد.[۳] لە لایەکی دی پیرێژنی نۆجار سی سالّ زاو (!) ئاگایان لێ بوو، چون بۆ براکانی خەجیان گێڕاوە. قسەکە ئەگەر بلاو بۆوە، دەست بەجێ دایکی خەجێ کوتی:

قەرەواش و گەورە قەرەواشی نێو دولبەرە

---

(۱) بەیتبێژ وای گوتوە، مەبەستی «کارمامزە».

(۲) گردە کولّکن نێوی کێوێکە.

(۳) بێدەنگە لێکردن، بێدەنگە لێرا کردن یانی باس نەکردن. ئەم جۆرە ڕستانە کەمتر دە فەرهەنگە کوردییەکاندا دەبیندرێن. بۆ نموونە، دەرەوەیی بیەوێ مانای ئەم ڕستەیە لە فەرهەنگی مهابادا یان لە «هب»دا بدۆزێتەوە، هیچی نایەتە دەست. من لە «حاشیە بر فرهنگ مهاباد» هێندێکم لەم ڕستانە هێناوەتە بەرچاو.

قورِت وەشانی و خاک بکەوە بە تەپڵی سەرە
لە من سوتاوە، ئاوری جگەرە
خەبەرێکم بۆ خەجێ لەبۆ بەرە
سەرزەنیشتی دونیایەی هێناومەتەوە سەرە
خەمی خۆمم نییە، لە بە ژنێ باریک، زەندی پڕ لە بازن، وەختی قەستە سەرە.
قەرەواش دەهات لەو سەرێ، بە شادیانە[1] و بە گریان و بە نەرمە شینە
خەڵک بە تیرێک لە ڕێوە ناکەوێ، دەڵێن: گەرمە برینە
قەرەواش مردنی پێ خۆشترە لەو ژینە
دەیگوت: بابان وێران خۆم و سەرم شینە.
ئەوە قەرەواشە کە هات، خەبەری دانێ، کوتی:
دادو لە من، دەبێتەوە بە هاوارە
وڵاتی خۆشناوەتی، هەمووی بەنگۆ ئینتیزارە
لەمن بەدبەخت و قەلەندەر و بابان وێران و خاکە سارە
ژوانی سیامەند و خەجێ لە برایانی دیارە.
خەج شانی سیامەندی گرت، جا کوتی:
تەگبیرێکم بۆ پکە، پێت وابێ ئەمن لە دونیایەدا نامێنم
دەبێ کارێکی وام دەگەڵ پکەی، تۆوێکی وا پچێنم
ئەمن لە پێش ئەواندا ڕوح لە برایان دەستێنم[2]
دەڕۆم، لە خاکی زمیرێ نامێنم
ئەمن، ئەگەر لە شەوگوردم بێی[3]، تۆق و تەلەسم و زێڕ و زنجەق و گوارە

(١) ڕستەی خوارەوە، مانای شادیانە بۆ مە ڕوون دەکاتەوە. چون گەرمە برین بوو، ئاگای لە دەردی خۆی نەبوو، شادیی دەنوواند.

(٢) یانی پێش ئەوە بمکوژن، دەیانکوژم. لێرە «زەمیرەکە» کەوتۆتە پێش ناوەکە.

(٣) دەباسی جۆڵاییدایە، یانی ئەگەر دەگەڵم پێک بێی و قۆڵم بۆ پکێشی. شە شانەیە، گوردیش ئەسپابێکە لە دەزگای جۆڵاییدا. بڕوانە: سەعید و میر سێوەدین بەگ، ل ١٠،

و کرمەک و ئەشرەفییان ناهێنم
وەپێش مەرگی خۆمیان دەخەم، ئەمن ئەو ڕوحە لە خۆم ناستێنم
بۆ کوێ دەچی، ئەتۆ شوان و منیش دەزبێنم(١)

سیامەند لە باغی هاتە دەرێ، دوور کەوتەوە، دەستبەجێ، قەرەوڵی خۆشی حازر بوون، کوتی:

سێ خێوەتی داوێن بە زێڕی سەر بە ژەنگارە
تازە خولاّ وە سەری هێناوم ئەو کاروبارە
کوڵمەی خەجێ دەڵێی ناسکە هەنارە
جا بزانین پاشەڕۆژێ، کێ لە خەڵکیرا دیارە؟
پچنە خەزنەخانە، لەبۆم بێنن عەبو تۆپ و مەجیدی و ئەشرەفییە
چومکە دەچم بۆ مەملەکەتی غەریبییە
لە هەر لایەک، دەبێ وای ڕاببوێرم بە ئەسەحی و بە پادشایەتییە
با نەڵێن سیامەند فەقیرە و هیچ ماڵی دنیای پێ نییە.
ئەگەر خەجێ گەردنم لە بۆ هەڵێنێ
بۆ من دەبێتەوە بە حوکماتی ڕۆمییان، ئەگەر لە سەت جێگا دەبێتەوە بە بگرە و بێنێ
خۆ کەسی دیکەش ناتوانێ پاش من، خەزێنەی من بشکێنێ
دەزانن تیری سیامەند، چاوی دوژمن دەردێنێ
بە دایکم بڵێ: ئەمن بە مەخسوودی خۆم ئەوە گەیشتم، ئەو دڵی نەمێنێ(٢)
کەس ناتوانێ چەپکی گوڵ لە دەستی عاشقان دەرهێنێ
خەبەری ئەسەحیم بۆ بدەنەوە بە تەیبە و زێنێ

---

(١) دەزبێن: شتێکە وەک دەسکە ڕەشمە، شوان لە قۆڵی دەبەستێ، شەوانە ئەو سەریشی لە مەڕێک دەخا، جا دەنوێ، ئەگەر مەڕەکە ڕەوییەوە، شوانەکە لە خەو هەڵدەستێ، پارێزگاری دەکا لە مەڕەکان.

(٢) پێم وایە مەبەستی ئەوەیە: ئەو دڵی دەمستێدا نەمێنێ و نیگەران نەبێ.

نەبادا دوژمن زەفەریان پێ بەرێ، تەیبە و زێنێم لێ بستێنێ
ئەو حەلە کیفایەتم لەکن خەڵکی نامێنێ.
کوتی: ڕیحانە و لاولاو تێکەڵ بوون
کەوتوونە مەخسوود حاسڵ بوون
ئەتۆ لەیلی و ئەمن مەجنوون
ئەتۆ لەیلی و ئەمن مەجرووم.
ئەگەر دەزانی هیچ نەزان
ئێمەش هەر وەکو ئەوان
وەک ئەستێرە چوونە عاسمان
ئێمەش عاشقێکین وەکو وان
دەچینە مابەینی گەرمێن و کوێستان
هەتا بزانین چ – دەکا ڕەحمان
بۆ ڕۆژی جەنگ و دڵهێشان
ئەتۆ مەترسە یاری گیان
من وەک ڕۆستەم و قارەمان
ئەتۆ وەک سەوڵی خەرامان(١)
کەس زەفەر ناباتە سەرم
ئەرێ ئەی ناسک و دولبەرم
ئیلتیفاتت بێ گیانبەرم.
کوتی: من حەوزی کەوسەرم
دنیات لەگەڵ سەرانسەرم
نادەم عەزیەتی شاوەرم(٢)

(١) سەوڵی خەرامان، یانی سەرووی خەرامان، مامەحمەد کوتی: کچی ڕای هیندێ بوو.
(٢) شاوەر: گەورە و خۆشەویست. پێم وایە مامەحمەد بۆ خۆی سازی کردووە.

ئیدی هاتن یەکسەر بۆ گەوەڕی سیپەی سیپانێ و بۆ گردە کوڵکن و سەری زەهاوێ.

گەیشتنە هەر دێیەکی، کوتیان: پیاوت دەینێ، کوتی کەسم لازم نییە.

خەج پێی گوت، گوتی: ئەمن دەسەڵاتی خۆم، دەدەست خۆمدایە، بم بە لە جێگایەک مارەم پکە، ئاو بە ئاور دادەکرێ[1]. سیامەند دەڵێ:

ئەگە بێتو مارەت کەم لە غەریبی و غوربەتییە
دەڵێن: سیامەند بێ غیرەتە و غیرەتی نییە
سەری منت ببێتەوە بە قوربانی سنگێکی سپییە
ئەمن لە زمیرێت بۆ دەگێڕم شایی و داوەت و شاییییە
کچە بڵباسان[2] لە خۆیان بدەن گۆ و کرمەک و بەندۆکە و زێڕی سپییە
گوارە جۆللانە پکا، قەرەزولف بێنە سەر وردەخاڵ لە گەرنییە
لێرە مارەت کەم بە بێ زۆق و بە بێ کەسییە؟
پێم کارێکی بێ ناموسی و بێ کیفایەتییە!

ئەوە تۆم هێناوە بەپەلە بووم، دەچمەوە بۆ سەری کوێستانان، ئەتۆ لەنجە و لارم بۆ پکەی و ئەمن ئێوارە و سبەینان پچمەوە ڕاوێ

کوڵمەت بە من بمێنێ بە زەردەخۆری ئەگەر لە کێوی بڵیند دەداتەوە گزینگی هەتاوێ

ئاخر ئەمن ئەو دنیا ڕووناکەم، خاترجەم بە، بە بێ تۆ ناوێ
چل شەوان دەبێ دوو بە دوو لێک بەڵەد بین، لێک ببینین کام و کاوێ
خاتر جەم بە دەست بۆ خەزێنەت نابەم، ئەمن بە حەرامی خەزێنەی تۆم ناوێ

ئەوە هاتن، کانییەکی لێ بوو، کانییە شێخانیان پێ دەگوت. سیامەند لەوێ

---

(١) ئای چەند پێشنیارێکی چاکە، خەج داویە. بە داخەوە سیامەند بە قسەی نە کرد.

(٢) بڵباس: بە سێ عەشیرەتی مەنگوڕ و مامەش و پیران دەڵێن بڵباس. قامووسەکان تێگرا ئەم وشەیان لە بیر چووە.

چادری هەڵدا.

با هەڵدەین چادرێکی داوێن بە زێڕی سەر بە ژەنگارە
شەوێ قاسپەی کەوە و نیوەڕۆیان مراوی دەکەنەوە گاڵە گاڵ و نارە نارە
سبحەینان لەسەر گوڵ بولبولە دەنگی دێت و هاوارهاوارە
خۆ ئێرە چۆلگە نییە، سنگی تۆ بۆ من دووکانە و بازاڕە و شارە
قەرەزولفت بۆ من پیادەیە، وەزیر و حاکم و سوارە
چومکە قەجەر بڕن، هێندێکیان بەرە و ژوورن، هێندێکیان بەرە و خوارە
هێندێکیان دێنەوە مابەینی سینە و مەمکان، مەمکت تازەخڕ بووە، دەڵێی هەنارە
کەسێکی چاوی بە تۆ پکەوێ، ئەگەر جوانیش بێ، دەبێتەوە بە پیر و بە ئیختیارە[(١)]
چومکە چاوت دەڵێی جەللابن، دایمە تیخیان بە دەستێوە دیارە
پۆڕی بەڵەک! چاوت هەمیشە ئیشتیای لە خوێنڕێژی و لە کوشتارە
جا خۆ ئەو جارەکە هاتووینە ئێرەکانە بە جووتە سوارە
هەرچی بقەومێ، دیارە موقەدەری هەق دەستی ئیلاهی و پەروەردگارە
ئەندازەی حەفتەیەک لەوێ بە خۆشی دەیانگرتەوە وچان و قەرارە
لێک کامورەوا بوون، ئەگەر تێک دەهاڵێن وەک توولە مارە.
سبحەینێکی تازە دەهاتە دەرێ شۆقی پیرە هەتاوێ
خەجێ بە سیامەندی دەگوت: ئامۆزا بە خۆڕایی بۆ هیچ داعبایەک تیری خۆت مەهاوێ
نەوەکو تیرت لێ کەم بێ، بێنە سەرت دوژمن لە نەکاوێ.
سبحەینێکی تازەکانێ سیوادی سبحەینەی داوە
بە پیاوی تێگەیشتو دۆست و دوژمن لێک دەکراوە
کەڵەکێوییەک لە گەوەڕی سیپەی سیپانێ، گامێشە بەکەڵێکی هێناوە

(١) ئیختیار بێجگە لە مانای خۆی، دەبەیتاندا بە پیر دەگوترێ.

گامێشی بۆ پێش چادری ئامۆزا سیامەندم دەهێناوە

حەوت کەڵی دیکەی لە دوا بوون، هەرجارێکی ئەگەر کەڵی مازانی چقر ئاورِی لەو حەت کەڵە دەداوە

هەر حەوتیان ڕادەوەستان، لێیان شل دەبوو هەنگاوە

هەتا ئەوان دەڕۆیین، لە ترسان بێ هۆش بوون، هەنگاویان هەڵنەدەهێناوە

ئامۆزا سیامەندم ئەوە تیرێکی لەب سورخی شازدە موشتەیی عوقاب ڕەنگی لە ماڵی کەوانی دەناوە

پێشی کەوان و چەرمی گەوەزنی توند دەکرد، پچێتە پێش کەڵەکێوی، بەعینوانی جەنگ و ڕاوە

ڕەبی کەڵی یاغی بۆگەنیوت پکەوێتە هەناوە

قەلەندەر خۆم، بابان وێرانم، بناغەی کاری من و ئامۆزام ئەتۆ تێکت داوە

دەستم برد، دەبەر پشتێندی ئامۆزا سییمەندم دەناوە

بە لەبزێکی شیرن و بەناز و بە میهرەبانی، چەند لەبەر ئامۆزا سیامەندم دەپاڕاوە

کورە نەچییە سەر ڕێگای کەڵەکێوی چقری یاغی بوو، بۆ کەس نایەتە بن بەند و داوە

پێم وا نییە تیر بیبڕێ، ئەو ماڵە ساحێب بە قوڕێ گیراوە

شێتە، دێوانەیە، وەحشییە، جانەوەرێکە دایمە لە شاخ و کێو ماوە

نەتبیستووە کەڵی یاغی کێوی، بێتە سەر ڕێگای سەت سوار، هەموو دەبنەوە پەرێشان و دەیکەنەوە بڵاوە؟

بۆچی نەبەکەس گیراوە و نەبەکەس کوژراوە

کورە دەستی منت داوێن بێ! پچۆ ڕاوی نێرییە کێویان، بە دمیان هەڵدەپسێنن وەنەوشە و بە ئەستۆیان(؟) هەڵدەبڕنەوە گیابەند و خاوە

مبارەکن ئەوانە، زەمانی ئەسحابان، ئەوان لەوانە چوونەتەوە ڕاوە

ئێوارە و سبحەینان دێنەوە سەر گۆم و گۆمیلکەی دەبەفراوە

هیچ ماندوو نابی، ئەوانە دێنە پێش لوولەی تیرت، نەوەکو بڵێی ماندووبووم، چابوو ماندووم حەساوە

بەبێ ماندوویی ئەو نێچیرەت لەبەر دەستیدا ماوە.

ئامۆزا سیامەندم سەری پەنجەمی دەکوشی، فشاری پەنجەی منی دەداوە

بە دەستی چەپەی مستێکی لە سێ گۆی کەمبەرەی ئەگەر دەداوە

ئیدی چا بوو بۆ خۆی بە دەستی گرتمی، دەنا دەیانگوت: لە سیپەی سیپانێ خەج هەڵدێردراوە

کوتی: جا ئەگەر ئەمن لەبەر کەڵێک هەڵێم، کە وابێ سیامەند کیفایەتی نەماوە.

ئەدی جا چلۆن جوابی دوژمنم دەداوە؟

ئەوە دەستی لەسەر خەنجەری دم ڕەشی دەسک نێرۆیی ماڵە ساحێب خرابووی جەوهەردار دادەناوە

چۆکی ڕاستەی وەپێش[1] دەخست، لاقی چەپەی وەپێشی تیری هەڵدەداوە

چەرمی گەوەزن کەوتنە هاتوچۆ، سووڕاندن و کاوەکاوە

دەڵێی جەنگی ڕۆستەم و ئەفراسیاوە

دەستت نەڕزێ، هاڕەی تیر دەهات و کەڵ ئاوڕیکی دەداوە

کەڵ دەسووڕا، وەعەرزی دەکەوت و شاخی چەپەی لە عەرزی چەقی و شاخی ڕاستەی بە حەواوە ماوە.

خەج کوتی: دەستی منت داوێن بێ، لێی مەچۆ پێشێ، کەڵ زیندووە و ئێستاکانە هەر ماوە

جاکوتی: خۆراکی ئەورۆکەم جەرگی کەڵییە، ئەتۆ بۆ وا توقیوی و تەمەدوت[2] لە کەللەیدا نەماوە؟

خودا سامی بنی ئادەمی لە سەر تەواوی کوللی جانەوەرێک داناوە

---

(١) دەگونجێ وەپاش دەخست بێ.

(٢) مامەحمەد ئەوەی زۆر بە کار دەبرد.

جا خۆ بنی ئادەم نییە لە پێشت ڕاوەستێ، بڵێن: فلان کەس و فیسار کەس لە شەڕێدا کوژراوە.

هەر چەند حەولم دەگەڵ دا: دەستی منت داوێن بێ، بۆ خاتری شەهیدی کەربەلا، بۆ خاتری شێخ محەممەدی غازی

کەڵ نەمردووە، غەزریوە وەک بەرازی

هەرچەند کردم ئامۆزام بۆ نەبۆوە تەسلیم و ڕازی.

ئەو دەستەی لە شانم دا و کوتی: خودا حافیز، دەچم سەری کەڵ لێ دەکەمەوە لە بەدەنێ

هەڵاڵ و بەیبوون و گیاخاو، خونچە دەکەن و تازە دەگەنێ

ئەمن بێ غیرەتی ناکەم، تا دەمبەنەوە ماڵۆکەی بەتەنێ[1]

تا دێمەوە بۆم جووت کە گوارە و تۆق و تەلەسم و خوناوکەی دەبەدەنێ.

خەنجەری دمڕەشی هەڵدەکێشاوە

دەچووە سەر کەڵی ماڵە ساحێب بە قوڕێ گیراوە

کەللەی کەڵی گرت، ملی سووڕاند، بەرە و قوبڵە کەللەی با دەداوە

کەڵ نەمردووە، ئێستا هێزێکی تێدا ماوە

تیغ تیژە، بەگەردنی کەڵیدا دەهێناوە

ملی کەڵی بڕی، کەڵ لە تاوان سەری هەڵسووڕاند و شاخی لە کەمبەر زنجیرەی ئامۆزا سیامەندم دەداوە

ئەی بابان وێران خۆم لەو خەبەری لە نەکاوە

شاخە، تەلانە، چڕە، زەردە، ماهە، پێشی هەڵدێرە، ئامۆزا سیامەندمی سەر بەرەژێر فڕێ دەداوە

بەری[2] شی دارە بەن و دارەبناوە

بەهارە بڕە، سەریان هەڵ پەرتاوتووە، هەمووی دەڵێی تیخی تازە ساوە

---

(١) ماڵۆکەی بەتەنێ دەبێتە گۆڕوبان، قەبر.

(٢) بەر: مانای زۆرە، لێرە: ژێر، خوواروو. دە «هب» دا هاتووە: لەبەر ماڵانەوە هات.

قەبرغەی ئامۆزا سیامەندمی...، لە کەلەکەی چەپەی دەدا، لە ئی ڕاستەی پێستی هەڵدەداوە

ئامۆزا سیامەندم بە غیرەت بوو، نەیگوت: بریندارم، دڵخۆشیی منی دەداوە

بابان وێران خۆم، قەلەندەرم، بێ کەسم، کەسم لە ماڵە باب و باوانی نەماوە

خۆ من لە دنیایە بێ بەشم، تازە بەشم بڕاوە

بە بێ ئامۆزا سیامەندم، تازە ئێکی دیکە لێم ببینێ کام و کاوە؟

تاوێکی پێ چوو، ڕادەوەستام بەئەسەحییە

خۆ مردن خۆشترە، ئەمن ژیاوم، ئەما ژیانم بۆ نییە

برینی سارد بۆوە، بۆ خۆی لە خۆی حاڵی بوو بە ڕاستی و بە ئەسەحییە

ئامۆزا سیامەندم دەیناڵاند، ناڵەی بوو بە تیر، دەیدام لە جەرگییە

تازە جێی ئەو تیرە چا نابێتەوە، چابوونەوەی بۆ نییە

شەو بە سەر دەستاندا هات، لە وێ ماوە بە تاقی تەنێ و بەبێ کەسییە

دەنگی قاز و قورینگە و نارە نار و نرکە نرکی خاسە سییە

قاسپەی کەوە، نارە ناری مراوییە

ناڵەی ئامۆزا سیامەندە لەو چۆلی و بەڕییە

لە عومری پازدە ساڵەیدا، جا ئەمن خاکی دنیام وەسەر تەپڵی سەرییە

جا پێم گوت: مەناڵە، مەناڵە، دەستی منت داوێن بێ، ئێستا سەعاتێکی شەو ماوە

شل و مل و سایەگەردنان، ئەوە بەرهەڵبێنەیان لە خۆیان داوە

عاشقان بۆ ڕاوێ دەچن، لە سنگی مەحبووبی خۆیان دەکەنەوە شەو ڕاوە

ئەتۆ دەناڵێنی، لە سەر پێمەردی خودای ڕوحت مەحتەل ماوە

بابان وێرانم، قەلەندەرم، لە ماڵە باوان کەسم نەماوە

گە خۆم هەڵدەدێرم بە هیلاک دەچم، نە وەکو تۆ بژی و بڵێن: سیامەند ماوە

لە کەسێکی دیکە ببینی کام و کاوە

سەت هەزار خۆزگەم بە هەوەڵ شەو، کە ئەگەر هاتینە گەوەڕی سیپەی

سیپانێ، سەری گردە کوڵکن و داوێنی پیرە زەهاوە

ئەگەر خێوەتێکی سەر بە زێڕی داوێن بە ژەنگارمان هەڵدەداوە

دەستی چەپەم بۆ دەکردی بە سەنیر و ئی ڕاستەم لە سەر ئەستۆت دادەناوە

کەسێکی نابەڵەد بوویایە، دەیگوت: لاولاوە لە داری فندق هالاوە

شوبای شەوێ ئەگەر لە گیانی من و تۆی دەداوە

ئاوازی کوێستانە، دەتگوت: ئامۆزا، دەڵێی ئەو جێگایەت بۆجێژوان داناوە

جا قەلەندەرم، بابان وێران خۆم، لەکێ ببینم کام و کاوە؟

مەناڵە، مەناڵە، ناڵەت لە دلێ من تەشەن دێنێ

چۆن ئەتۆ شەهید دەبی وەک شەهیدی کەربەلایە، ئەگەر ناوی وان هەڵدەدەن بە حەسەن و حوسێنێ؟

بۆ خۆت دەدڵی خۆتدا دەڵێی: هەڵبەت خەجم لە پاش بە میرات بەجێ دەمێنێ!

لەتۆ وایە خەج شەمامە و شەمامە ڕەنگینی باغەڵی دەدا بە کەسێکی دیکە بیژاکێنێ؟

ببم بە سەرکۆینە(١) و سبحەینێ سەرزەنشتم پکەن تەیبە و زێنێ

ئەمن دەپاڕێمەوە لەو کەسەی ئەگە ڕوح دەدا و ڕوح دەستێنێ

ئامۆزا سیامەندم خودایە لە بەرامبەر مەرگ سەردانەنوێنێ.

چ پکەم خۆ من شار و بازاڕم لێ نیزیک نییە، بانگی مەلا پکەم لە سەرت بخوێنێ یاسینە

چ حەکیم خانەم لێ نیزیک نییە، بانگی حەکیم پکەم مەڵحەمت بتکێنێتەوە سەر برینە

ئەمن مردنم بۆ خۆم پێ خۆشترە لەو ژینە

چم پێ ناکرێ، مەگەر بە پەنجەی شمشاڵ و بە چاوی ڕەش، دەست

(١) دەفەرهەنگەکان دا «سەرکۆنە» نوسراوە.

پکەمەوە بە گریان و خۆ ڕنین و بە خۆ پچڕینە

چ پکەم ئەلعان ئەوڕۆکە خەڵک دەڵێن: خەج لەسەر مرادە و جوانوولەی نۆ زینە

موقەدەری هەق دەستی ئیلاهی ڕەدنابێتەوە، چاری بەکەس ناکرێ و لەکن کەس چاری نینە.

خەجێ پێشی کراسی موشەجەری کیمخوای ڕەنگ ئەتڵەسی، دەدڕی و سەر بەرە و خوار دای دەهێناوە

تۆق و تەلەسم و زێڕ و لەعلی ڕومان و یاقووتی عەبدولحەسەن، بەندیان دەپساوە

دەنگیان دەهات، ئەگەر سیامەند سەری لە پێشی دارە بەن و دارەبناو هەڵدەهێناوە

برینی خۆی لە بیر نەبوو، دەیگوت: خەج چ بووە، چت لێ قەوماوە؟

دەنگی تۆق و تەلەسم و زێڕ و زنجەقان هات، بۆ لەگەرنت پساوە؟

خۆ سیامەند نەمردووە، ئێستا بە ژیان ماوە

هەڵبەت پێمەردی میرانت دیوە، حەزرەتی قابیز ئەجەلی بۆ من هێناوە

بۆیە ڕەنگت گۆڕاوە، ڕەنگت لە ڕوو بڕاوە

هەتا عومری خودای نەبێ، عەمری هیچ بەشەرێک نابێتەوە تەواوە.

غیرەتت بێ پۆڕی بەڵەک، ئەگەر دەگەڕێی لە دەم بیستێنێ

ئەگەر سیامەند بمرێ، لە داخی تۆ نامێنێ

بۆچی خەج تۆق و تەلەسم و زێڕ و زنجەقان لە گەرنی دەپسێنێ

ئەگەر بێتو ئەتۆ خەمناک بی و دڵت ژەنگ بێنێ

فرمێسک هەڵوەرێنی لە چاوی بەڵەک و لێت پشێوێ ئەبرۆی دەتیژە پەڕی دەشەهێنێ

لە داخی تۆ، وەبزانە ئەلعانە کە حەزرەتی قابیز شەربەتێکم ئاوی ئەجەل لە بۆ دێنێ

ئەمن پێم خۆشە بۆ خۆم بمرم، نەوەک خەج ڕەنگی خۆی بژاکێنێ.

بۆچت پچڕیوە ئێخەی کەتان، سەرتاکو خوارە؟
بۆ ئەوبەرەوبەریان دەکەی، وێک دەکەون ئەو جووتە هەنارە
نەبادا وێک پکەون، بۆ پاشە ڕۆژێ لە یەکتری بدەنەوە ئازارە
لە بنی گوێیانم دەنگێک دێ، پێم وایە دەنگی مارە
دەنگەکەی هێند بە ئاوازە، دەڵێی دەنگی قافڵە و قەتارە
وەختەکەی خۆشە، چون نێوە ڕاستی مانگی بەهارە
هەڵاڵ و بەیبوون و گیاخاو، تاویان وێ کەوتووە، بۆیە سەر پۆپەیان کردۆتەوە لارە؟
چ پکەم بێ کەسم، برای لە دای و بابیم نییە لە سەر پەلی ئەو دارە بەنەم بێنێتەوە خووارە
هەتا تۆ بیبینی، بزانی چییە ئەو دەرد و ئازارە؟
بەس هەڵوەرێنە ئەسرین، بە دوو چاوی ڕەش و بەخومارە
فرمێسکت دێتە خوارێ، دەڵێی پڕیشکەی عەترە و دەڵێی ئاوی هەنارە
چونکی من تۆم لە کن زۆر غەریب و بێ کەس و بێ چارە
برینم لێ تازە مەکەوە، دەستی منت داوێن بێ، ئەرێ یارە
قەڵەمی خودای بە هیچ کەس عیلاجی ناکرێ و نایهێ چارە
خۆ شتێک نییە بڵێی عیلاجی دێ بە خەزنە و بە پووڵ و بە پارە.
خەج بە دوو چاوی بەڵەک، بەپەنجەی شمشاڵی، دەڵێی ئاسکە و لانی لێ ون بووە
دەڵێی سوورگوڵی کوێستانە، تازە لەسەری زەهاوێ و لە گەوەڕی سیپەی سیپانێ سور بووە
دەیگوت: گراوێ بابم! ئەمن نایکەمە درەنگ، هەتا زووە
دەهاتە خوار لەبەندەنێ و پاشان لە پلیکانی بەردان وردە وردە وەسەر کەوتووە
ئارەقی سنگ و بەرۆک و مابەینی مەمکان ڕۆیوە
وە هەر شکۆفە و خونچە و گوڵێکی نەپشکو کەوتووە

لەبەر بەرەکـەتی ئارەقی سنگ و بەرۆکی وی، ئەو گـوڵە پشکوتووە و سـوور بووە

لە بۆنی ئەو گوڵە بولبول بەهرەی بردووە.

ئەوە خەج دەست بەجێ، کەمێک لەپێشی پلیکانی بەردان دەهاتە سەرێ

ئارەقەی وەکو عەتر و عەبیر لە گیانی هەڵدەوەرێ

دەیگوت: ئیلاهی پەنام بە تووە، داخوا چم بە سەرێ

بڵێی مەخسوودەکەی دنیا و قیامەتم بۆ لە پەلی دارەبەن بێتە دەرێ؟

دەسـتی دەگـەیشـتێ، دەسـتی ڕاسـتـەی بە شـانی دەگـرت و هەوەڵ تەکـان ئەگەر لە سیامەندی دەداوە

هێندی تەمەننا دەکرد و لەبەر هەق دەستی ئیلاهی دەپاڕاوە

بەوەی بزانە ئەگەر مەلەکی دەعاسمانێ یاریدەیان دەداوە

نەسرومینەڵڵا و فەتح و قەریب و دوعای دەکردەوە بڵاوە

سیامەندی لە پەلی دارە بەنێ دەردەهێناوە.

سیامەند لەبەر کەلاوەی برینی پەلی دارە بەنێ دەتاسی

خوێن دەهاتە مابەینی سینە و مەمکی خەج، تەڕ دەبوو ئێخە کراسی

پێی دەگوت: ئامۆزا سیـامـەند، دەسـتی منت داوێن بێ ، ئـەلعـان ئەتۆ ئەمن دەناسی؟

هەک چاوم کـوێر بێ، ئـەوە خـوێنـی تۆ بوو پەڕییـە سـەر هەڵاڵ و بەیبـوون و گوڵی ڕێواسی؟

جائەمن چۆن نەیرنم کوڵمەیەکی ڕەنگ گێلاسی؟

بەوەی کەم ئەگەر بێ مەکانە

ئەگەر، خودا بە وی ڕۆژێ نەکا، نەژی بەژیانە

دور بێ، زمانم لاڵ بێ، ئەگەر گۆڕیشت بەرییەوە گۆڕخانە

شەرت بێ ئەمن خەزێنەی خۆم نەدەم بە غەیری و بە بێگانە

شەرت بێ بە دڵشادی، بۆ کەس، هەڵنەیەنم گۆشەی چاوانە

ئێوارێ جارێک، سبحەینێ جارێک، پچمەوە سەر کوپ و کوپەڵەی خمخانە
له خمێیان هەڵپکێشم گۆ و قۆیتاس و بەندۆکە، لەگەڵ لفکەی کۆڵوانە
ئەو حەلە، بڵێم: ماڵوێران خۆم، وەختی دەست لێک بەردانە
دەک چاوم کوێر بێ، زمانم لاڵ بێ، بە دوور بێ لەو ڕوح و گیانە
وەختەکەی ناسکە، هەزار جار دەستی منت ببێتەوە بە دامانە
یا ڕەبی خودا لێم قەبووڵ پکا، نەیانکاتەوە بە مەعموور مەلەکی دەعاسمانە
سەلای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، حەزرەتی قابیز نەیەتە سەر ئامۆزا سیامەندم بە عەزمی گیانکێشانە.

جا دەڵێ: گراوێ بابم! تو خڵاکەی ڕانتم بۆ پکە بە سەرین، بەچاوی کاڵ بگری با وردە فرمێسکت بێتە نێو قەفی سمێڵم
با هێدی بێ ئەو دڵی پڕ لە ژان و ئەو دڵی لاڵ و وێڵم
نەبادا قەل و داڵ بێنە سەر کەلاکم و جێگا خێڵم
پێم وایە خەمی خۆم نییە ئامۆزا ئەو دنیا ڕووناکە بە جێ دێڵم.

خەج دەڵێ: ئەی سەلای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، ڕابوەستە تاقەرە زولفت بە نێوان سینە و مەمکاندا، بۆ دابێڵم
هەتا تۆق و تەلەسم بە میرات پکەم، گۆ و کرمەک و قۆیتاس لە سنگ و مەمکمدا نەهێڵم
با سنگ و بەرۆکم ببڕم بە حوکمی نینۆکان، هەموو سنگ و بەرۆکی خۆم بکێڵم
بابان وێران خۆم، قەلەندەرم، خۆ ئامۆزا سیامەند دەڵێ: لە دنیادا بە جێت دێڵم. سیامەند دەڵێ:
گراوییە بابم! زەینی خۆت بدەوە کەناری عاسمانێ، سەری ڕندۆڵی[1]

(١) ڕندۆڵ: بەردەلان و پۆلە بەردی سەری کوێستانان کە لێک جوێ دەبنەوە، پارچە پارچە دیاری دەکا، چەوە، تیتۆڵ. ئەم وشەیە لە «هب»دا نەهاتووە، بەڵام ف. مهاباد بە مانای تیتۆڵ هێناویە.

دەکوێستانان، هەوری عاسمانێ گەواڵ گەواڵە
ئەبرۆت پکە بە خەدەنگ و بۆم هەڵبێنە دوو چاوی کاڵە
دە جا بڵێ: ئەی نەخۆشەی دڵ عەبداڵە
ئارەقی سنگ و برۆک و مەمکان بە لێوان بماڵە
تو خڵاکەی بۆم وەدەربخە ئەو شیرن سنگ و مەمک و خەت و خاڵە
قاسپەی کەوە، ناڵەی شەهێنە، پێم وایە بۆنی کەلاکی کردووە، ئەوە داڵە
خودا هەڵبەت لێی هەستاندوم بەخت لەگەڵ ئیقباڵە
دەنا ئەمن دەبووم بە سەردار و ئەتۆشم دەبوو بە حەڵاڵە
ئەتۆ دڵخۆشیم دەدەیەوە، دەڵێی: بۆ وا دەکەی؟ مەناڵە
هەقمە، حاڵم بێ حاڵە و دڵم پڕ لە ناڵە ناڵە.
شوکرانە دەبژێرم، گەر خودا بیدایە بەخت دەگەڵ ئیقباڵم
ئەمن دەبوومەوە بە سەردار و ئەتۆش دەبوویەوە بەحەڵاڵم
ئەوەندی لەبەر برین و نارەحەتی خۆم هاوارمە و دەناڵم
دوو هێندە لەبەر دەربەدەری و بێ کەسی تۆ بێ حاڵم
ئەوە پڕیشکەی خوێن دەتکێ، دێتەوە مابەینی خەفتان و شاڵم
لە پاشم بەجێ دەمێنێ بەژنێکە باریک و قەدێکە شمشاڵم
ئەی ماڵم وێران بوو، سەت هەزار جار تالان بە ماڵم
عەزیەت ئەمن کێشاومە، داخولا کێ شاد بێ بەبەژنێکە باریک و دوو چاوی کاڵم
ئەوەندی لەبەر برینی خۆم دەردەدارم، دوو هێندە لەبەر پەرێشانی تۆ لاڵم
هەتا سەعاتێکم ژیان مابێ، هەقمە هەر لە ئەژنۆی خۆم بدەم و بناڵم.
خەجێ دەڵێ:
لە سەر ڕانم سەر هەڵێنە، بڕوانە سیپەی سیپانێ، گەوەڕی کوێستانان، هەلاڵ و بەیبوون و شلێر و گیاخاو ئێستا گوڵیان هەڵنەوەراوە
گیا بەندوخاو تازە دمیان بە گڵییەوە ناوە

بولبول لەسەریەتی و ناڵەناڵێتی و قاوەقاوە

دەڵێ بەڵکو شکۆفەی ئەو گوڵە بپشکوێ، عەتری ببێتەوە بڵاوە

ئەمن هەمیشە لە وەختی گوڵ پشکوتن، چاوەڕوانیم کێشاوە

خۆ من شەوێ نانووم، هەر دەناڵێنم، خەو لە چاوی مندا نەماوە

هەر لەبەر بۆنی گوڵە، حەسانەوە لەمن بڕاوە

لە وەختی گوڵ پشکوتن، چاوم دە بیرەخەو دەمێنێ، نایبینم، عەتری گوڵ دەبێتەوە بڵاوە

هەک سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، دەبێ هەڵ بوەرێنم فرمێسک لە چاوە

بەڵکو پچێتە برینی ئامۆزا سیامەندمەوە، بۆی ببێت بە حەکیم و لوقمان، کوڵمەی منی بۆ ببێت بە بەفراوە

بەڵکو سەرزەنشتم نەکەن، بڵێن: بە فرمێسکی وی برینی سیامەند عیلاج کراوە

لە دەروونم ناڵەناڵە، ئاوە، سێڵاوە، سەڵای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، کەسم لە ماڵە باوانی نەماوە

مەناڵێنە چاوی منت بە قوربان بێ، ئێستا سەعاتێکی شەو ماوە

گوێی خۆت بدە ناسکەی[^1] تاجییان، چریکەی بازان، ئەوەی سمێڵ سپی کامەریان و جوکلی هەمەوەند هاتوونەوە شەو ڕاوە

هەر سوارەی دوو جەیران و ئاسکێکیان بەبەن سامۆرتەی داکراوە

لە خەڵکی خۆشی و بەشارەتی و کام و کاوە

چ پکەم تیخی بێ ڕوحمیت ئەتۆ لە جەرگی من داوە

شان و مل و سەرم لە قوڕێ داماوە

نەمگوت: مەچۆ ڕاوی کەڵەکێویان، بۆ کەس نەهاتوونە بن کەمەند و داوە؟

پێشینیان گوتویانە: تا ئەو ڕۆکە، کەڵەکێوی بەکەمەندی زۆرابی ڕۆستەم نەگیراوە

[^1]: (١) ناسکە: قروسکەی تاژی. «هب».

موقەدەری هەق دەستی ئیلاهییە، بە هیچ کەس ناگەڕێتە دواوە.
مەناڵە، ئەوە بوو بە بەری بەیانی
با سنگت بۆ پکەمەوە بە شەربەت و بەکانی
چ دایک و خوشکت لە کن نییە، لە کنت نییە ئاوەدانی
بێ کەسی، ئەوە دەزانی
بۆیە لە تاوی برینت، لە هێش و لە ژانی
توخلاکەی با ماچێکت دەمێ، بەمەبخی و بە نیانی
سەلای گەورە و گرانم لێ ڕابوو، خوشکانت هیچیان نەیانزانی.

زەینێکە خۆت بدەوە قرمەی[1] کوێستانان، ئاوی کوێستانێ زۆر سەربەخۆیە
گیابەندوخاو گوڵیان کردووە ئەوبەرەوبەر، ئەمن چاوم لە تۆیە
ئەو حەسرەتە نەبەیە قیامەتێ، دەگەڵم پکە گفتوگۆیە
هاچەری خەزێنەم نادەم بە کەس، بژڵێن: ڕاستە، تۆ بڵێ: درۆیە
خەزێنەی نیانیم خاترجەم بە هەر ئی تۆیە
بە میرات بۆ کەسی بەجێ نایەڵی ئەو چاو و برۆیە.

زەینی خۆت دە ڕاوکەران، بەو شەوە، دەنگی ولاغی بۆرە و بدەو و سوارانی ئەسپی عەڕەبین، هاتوونە گردە کوڵکن و سەری سیپانێ
لە کوێستانان دەپشکووتن هەلاڵ و بەیبوون و گیاخاو، لە دەم مێرگۆلانم دەپشکوتنەوە گوڵی بێژانێ
توخلا ڕاستم پێ بڵێ برینت زۆر لە ناسۆرە و هاتۆتە سەر گەرمە ژانێ؟
دەک ڕەبی لە دنیایەدا، ئەمن نەژیم بە ژیانێ
جا خۆ هیچ خمخانە نییە، سەرم بەرمە سەر کوپەڵەی دەخمخانێ
یان لە خمێ هەڵکێشم لفکەی کۆڵوانێ

(١) قرمە دەبێ هەر گرمەبێ. کوێستانیش دەنگی تێدا: دەنگی هەور، دەنگی با، دەنگی ئاو، دەنگی باز و شەهێن.

ئامۆزا سیامەندم بێ حاڵە، پێم وایە هاتۆتە ڕۆژی دەست لێک بەردانێ
دەستت بدە بە من، لەسەر ئەو نارنجی نەگەیوی دانێ
بۆ پێمەردی[١] خولای چاکن، جوابت پێ دەدرێتەوە، ئەگەر دووربێ گۆڕت بردەوە گۆرخانێ.
مەناڵە، مەناڵە، ئێستا هەر شەوە
ببینە لەڕاوکەران ناڵە ناڵ و هەو هەوە
ناڵەی مراوییە و قاسپەی کەوە
ئەو شۆکە حیسابم کردووە حەوت شەوە
لە چاوانت نەکەوتووە هیچ خەوە.
وا پکە و دڵخۆشیم بدەوە، ئەگەر ئەمنیش بم بێ دڵخۆشی و زیندەگانی
ئارقی سنگ و بەرۆکم لە برینت نێم، بەڵکو ببێتەوە بەحەکیم و بە لوقمانی
چومکە غەریبی، خۆ دوور نییە لە ڕوحمی ڕەحمانی.
مەناڵە، ناڵینت «تەحسیر» دێنێ
جەرگ و هەناوم لە سنگمدا ڕادەوەشێنێ
چومکە غەریبی، هێندە لە دڵی من «تەحسیر» دێنێ
ڕوح دە جێیەکی سەختدایە، توخلا خەج دەبێ بۆ بمێنێ؟
زەینی خۆت دە سەری کوێستانان، کاکی بە کاکی[٢]یە و جێ جێ شەماڵە و، جێگا جێگاشی شێواوە[٣]

---

(١) پێمەرد: ئەوانەی خوا کاریان پێ دەسپێرێ، مەئموری خولان، وەک حەزرەتی جەبرەئیل. پێمەرد دە «هب»دا نەهاتووە، دەبەیت و حەیرانانداد زۆر دێ، فارسییەکەشی دەبێتە «پایمرد». بە مانایەکی لە فارسیدا «پایەمرد» خزمەتکارە. بڕوانە: لاس و خەزاڵ، ل ١٧٦-١٧٧

(٢) کاکی بە کاکی: «هب» نووسیویەتی: دەشتی ڕاستی تەخت، بەڵام ئەمن پێم وایە بەمانای زۆر پان و بەرینە، بەشی بە سەر بەشەوە نەبێ.

(٣) شەماڵی دێ، جێی واشە هەواکەی زۆر تاڵ و تفت و ئاڵۆزە.

قەرەزولفت بۆ پکەم بە بەیداغ و بۆ خۆم ببم بەداری بەیداغ و بڵێن: لە پشت سەری سیامەند ڕاوەستاوە

ئەو برینی تۆ غایب بوو، لە نەکاوە

کەس نازانێ بریندارە یان ئەنگواوە

خۆ کەس نازانێ لە گەوەڕی سیپەی سیپانێ هەڵدێر دراوە

زەینی خۆت دە مابەینی سینە و مەمکان، عەترە، عەبیرە، شووشەی گوڵاوە

ئەی نەمێنم، قسەت پس پس بووە و پێم وایە ڕوحت ڕفاوە.

ڕەبی بە ژیان لە دونیایەدا نەمێنم

با بگریم بە دوو چاوی شەهێنم

دەڵێم بە قامکان هەرتک چاوی خۆم دەرێنم

خۆ جەنازەت ناتوانم ئەگەر بیرفێنم

هەر دەبێ بە دوو چاوی بەڵەک فرمێسکان بپرژێنم.

مەناڵە، بێ دایک و خوشکی ماوەتەوە لە گەوەڕی سیپەی سیپانێ

مەگەر خودای تەعالا، دەنا هیچ کەس بە وەی نازانێ

مەگە سنگ و بەرۆکت بۆ پکەمەوە بە بازاڕ و بە دوکانێ

مەگە تۆق و تەلەسمان پکەمەوە بە قاقەز و لێی بنووسم و بیدەم بەدەستی بای زریانێ

کەمتر لە بیست و چوار سەعات، چوار سەت سوار لە دەورەت بگرنەوە سانێ

حەمەداغای سورچی و زوراری و مامەڵلاغای دزەیی بۆت پکەنەوە شین و گریانێ

کێلت بۆ بێنن لە دیاربەکرێ، لێی بدەنەوە نەخش و نیشانێ

خوشکانت لە قوڕێ هەڵکێشن مل و شانێ

سەریان ببەنەوە سەر شێلینگی کوپەڵەی خمخانێ

نەمێنم، هیچ کەس وەکو من زگی بە تۆ ناسووتێ بە سووتانێ

خاترجەم لە دنیای ڕوون بۆ یەک نابین، ئەو فکرەت بۆ قیامەتێ دانێ.

سێوم، هەڵووچەم، کۆخم، هەنارم

نەخۆشم، دڵبریندارم

خودا تێکی داوە جەبعەی(١) کار و بارم

ئەگەر لە دنیایەشم بۆ نەبی، لە قیامەتێ پێت منەتبارم.

مەناڵە، پێم وایە وەختی نوێژی نیوەڕۆیە

زەینێ خۆت دە شەدێکی فەرەجوڵڵا، کوڕە کۆر حوسێنی، ڕیشوەیان هاتۆتە مابەینی چاو و برۆیە

ئەو گریان و شین و واوەیلام ئاخر بۆ تۆیە

لە دەورەمان کانییە و ڕووبارە و جۆیە

لە مراوی قاوەقاوە، لە شەهێن و بازان مچۆ مچۆیە(٢)

لە دڵێ من گەڕێ چەندی لە هێشە و چەندی لە کاوەکاوە، چەندە ڕەنجەڕۆیە

زەینێ خۆت دە تۆق و تەلەسمان، گوارە و کرمەک و ئاودەنگییان، لە گەرنم هاتوونە خوارێ وردەگۆیە

لە دڵی من دایمە شین و واوەیلا و ڕۆڕۆیە(٣)

مانگ نوێیە

مانگی تازەم، پێم وایە ئەو شۆ سێیە

دەستی منت داوێن بێ، بڕوانە تۆقان، تەلەسمان، زێڕان، زنجەقان،

---

(١) تەکیە کەلامی مامەحمەدی بوو، لە لاس و خەزاڵیشدا هاتووە، لاس کوتی: جەبعەی دنیایە وایە. ل، ١٢٨

(٢) لە «هب»دا نەهاتووە. لێرە چریکە و هەرای شەهێن و بازە. بەهانە هێنانەوە بۆنەکردنی کارێکە. دەڵێن: هێندە مچۆ مچۆیە مەکەن.

(٣) ڕۆ، ڕۆڵە، دەگەڵ «رود» ی فارسی کە بە مانای کوڕە ڕیشەیان یەکە، پاشان بۆ حاڵی شین و گریان بۆتە ڕۆڕۆ. ئێستاکانە ڕۆڵە بۆ کچیش دەگوترێ.

ئاودەنگییان، خەبەرچییان، لە مابەینی سنگمدایە ئەو جووتە بێیە
ڕەبی لەنگەم لە زمانی کەوێ، لە چاوم چخمە[١] بێیە
ئەمن نەمخوێندووە، ئیجازەم بدە یاسینم پێیە
گەرووم تاڵە، دڵم زۆر نانیشتەجێیە
ڕەنگت گۆڕاوە، نەمێنم، پێم وایە پێمەردی هەق دەستی ئیلاهی لە ڕێیە.
دەمەناڵە کەسم، ناڵینت لە چییە؟
چونکە غەریبی، مردنی تۆ شەهیدییە
لە تۆ گەورەتر شەهید نییە
دایک و باب و برا و خوشکت لە کن نییە
دەگ ڕەبی خودا بۆ من بنێرێ ئیسقایی تەپڵییە
مەگەر بە پەنجانم بشکێنم سینگێکە سپییە
چۆن ئەتۆ دەیبەیە بن خاک سمێڵێکە خورماییە؟
ڕەبی نەژیم بە ژیان، نەمێنم
لە سەر مەیتی تۆ هەردک چاوم بە کوێری هەڵێنم
نەوەک بە چاوی ساغ هیچ کەسی دیکە بدوێنم
ڕووناکایی ببڕێ لە دوو چاوی شەهێنم
با کەس تەماحم تێ نەکا، بڵێ: لەپاش سیامەند، خەجێ دێنم
ئامانەتی و دیانەتی و بڵێ: خەزێنەی سیامەند دەشکێنم
با ئەو ئامانەتییەت لەکن من بێ، لە قیامەتێ ئینشەڵڵا بۆ تۆی دێنم.
ناوێرم زۆر بگریم، غەریبایەتییە و زۆر پکەمەوە دەنگێ
جەرگ و دڵم لە سنگمدا دەلەنگێ
زەرمەمییان لە بن کراسێکی مەحمەڵ دارایيدا هەڵدێن ڕەنگێ

(١) ماناکەم لە بەیتبێژ پرسێوە، کوتی: زیپکەی چاوی. وشەکە ترکییە یانی هاتنەدەر.

مەستم، دەڵێی دەزاریان کێشاوم بەنگێ
دە دڵیان هاویشتوم بەرد و دەناڵم لەبەر سەنگێ
ئەدی چەندم دوعا کردووە، بۆ قەبووڵ نەبووە؟ کەنگێت شفا بۆ دێ کەنگێ؟
خۆ من دەزانم هەر کەسێکی ڕابووەستێ لە دەرگای ڕەببییە
بگری و بناڵێنێ بە غوربەتییە
لەکن خولاّی ئەو کەسە بێ بەش نییە
ئەو جاریش بە سیامەند بدەیەوە ژیان و زیندەگانییە
چومکە برای من، ئەمن دەخەنەوە دەکلکی ئەسپییە
ئەمن پاش تۆ ژیانم بۆ نییە
لە لایەن منەوە، بۆ برایانم کارێکی خراپ و بێ ئەمرییە.
ئەوە سیامەند دەڵێ:
خەجێ چاوت بە من بمێنێ بە ئەستێرەکەی ڕۆژێ، لەسەری کێلەک و بناوان گۆشەی کێشاوە
کوڵمەت بە من بمێنێ بە شووشەی دە قەنداوە
کوڕی جحێڵی وەزیر و پادشایان لەسەری بانگ کراوە
کوڵمەت بە من بمێنێ بە هەنار، ئەگەر شەختەی پایزێی لێ داوە
بەژنت بە من بمێنێ بە داری عەرعەڕ، گەڵاڕێژانە و گەڵای پێوە نەماوە
سنگت بە من بمێنێ بە تەختی خونکار، ئەگەر دوو فینجانی لەسەر تەختی داندراوە
جووتێک لیمۆی سەر سینگت، بە عومری خولاّی خوڵقاوە
مژانگت لەمن بۆتە غەدەنگ، بەو برینە نامرم، تیری مژانگتە لە جەرگم دراوە
دەجا توخلاّکەی وردە وردە بۆم هەڵێنە گۆشەی چاوە
با فرمێسکت بپەڕێتە سەرسنگم، بۆ من دەبێتە وردە خوناوە
ئەگە بێتو بژمرم، دەڵێن: بە ژیان سیامەند ماوە

شەرتێکم دەگەڵ پکە، هیچ کەس دەست نەبا بۆ بوخچەی نەکراوە
لە پاش مردن بێتو بزانم، وا بزانە لە گۆڕ و قەبردا سیامەند ڕاچڵەکاوە
وەرە ئەمنت بمرم نەختێکم گۆشەی چاوت بۆ هەڵێنە
وردە فرمێسک و خوناوەکەی چاوت بە سەر سنگمدا بپڕژێنە
برینم نەبرژاوەتەوە، بە فرمێسکی چاوت ئەو برینە ببرژێنە
ناسۆرداره، تەشەنهێنە
بۆ من دەبێتەوە بە تەمەنێکی درێژ، وەک تەمەنی نوحی نەبی، ئەگەر لە میسرێی دەکردەوە بگرە و بێنە
دە خوڵایە ئەمن لە سەرمرادم، لە خەجێ بابان وێرانم مەستێنە.
بۆم هەڵێنە ئەو دوو چاوە هەڵۆیە
سنگ و بەرۆکت دادڕە، با بڕوانمە ئەو جوتە گۆیە
بشێوێن، بخەجلێن ئەو چاو و برۆیە
پێم خۆشە لەسەرم بکەیەوە گریان و ڕۆڕۆیە
زۆرم پێ جوان و خانومانی، ئەگەر دادەنیشی دەستەوئەژنۆیە
ئەگەر پێم دەڵێی: ئەو داد و فیعانەم سیامەند بۆ تۆیە
بە سەرم دادێ، پێی خۆش ئەحواڵ دەبم، لەدەروونت ئەو بۆ چرووک و بۆسۆیە.
دەسەرم بەرە سەر ڕانت، با تاوێک بگرمەوە ئیسراحەت بە زیندەگانی
بە دیدارت یەکجار زۆر ئارەزووم، ئەگەر تۆش بزانی
بە میرات دەچییەوە ماڵە بابت بە خانومانی!
هەڵوەرێنە فرمێسک لەسەر سنگم بەو جوتە کاڵە چاوە
با لە گوارە و کرمەکانت بدا تاو و وردە خوناوە
بە پیرتەوە دێ تەیبە، دەڵێن: ئەو قوڕی لەسەر شان و ملی داناوە
دیسان هەر چاکە، برادەری دایی و بابی دەڵێن: ئەوە میراتە و لە پاش سیامەند بەجێ ماوە.

دەجا چاوێکتم بۆ پکە بە مانگ و یەکتم بۆ پکە بە ئەستێرە
بۆم وەدەرخە ئەو سنگە فێنک و زەنوێرە
قەرە زولفت بۆ من پکە بە هەلاڵ و بەیبوون و بە کەنێرە
با فرمێسکی چاوت بێتە سەر سنگم، بلێن: ئەوە ئاودێرە.

مەمکانت وەدەرخە، هێندێک دەلێن: ئەوە لیمۆیە، هێندێک دەلێن: نەخێر ئەوە لەعلی بەدەخشانە
زۆرت پەرۆشی من نەبێ، مردنیشم هەر ژیانە
بەو شەرتە هاچەری خەزێنەت نەدەی بەکەس، نەیدەیەوە بە خەسار و بە تالانە.

بە قسەی شەیتانان نەکەی
خەزێنەی خۆت تالان نەکەی
فکری پاشەڕۆژێ پکەی.

ئەوە خەج دەلێ:
بۆت بە سەری حەساری سەکران هەلدەلێم، ئەوە ماندووی دلم حەساوە
سەری بە نیسێیە و بنی بە هەتاوە
ئەمن ئەوێ ڕۆژێم وەبیردێ، ئەگە دەهاتییەوە لە شەوڕاوە
نۆ سەت نۆکەرت دەگەڵ بوو، پاکی نۆگۆی زێڕی لە خەنجەری داوە
چل و یەک بازی پەڕ بەلەک بە دەستی قۆشچییان دەگیراوە
هەموویان دەچوونە قۆشخانە، هەر کامە لە جێی خۆی ماندووی دەحەساوە
ئەوە دەستەبەجێ ئەتلەسی دوو بەلگەی کەسکیان بە سەر شان و ملی تاجییان دادەداوە
هەمووی خزمەتکار بردنیە نەسیرخانە[(١)]، هەمووی ڕێز کراوە
نەترسی، خەج ماڵی تۆیە، بەوەی کەم ئەگەر بیناهی چاوە

---

(١) نەسیر خانە: جێی تاجییان، تاژیخانە. بەیتبێژ وای گوت. پێم وایە نێچیرە بۆتە نەسیر.

به حیکمەتی خۆی ئەو دونیایەی داناوە
خەج ئی تۆیە، بۆ ڕۆژی قیامەتێ بۆ تۆ هەڵگیراوە
چل سوارەی غەیبی ئاگادارت بن، ئیدی مەیخە سەر ئەو بەندوباوە
دڵت نەشکێ، چاوت نەبێ لە دواوە
لە تۆ زیاتر حەڵاڵی دنیا بۆ من نەماوە.
ئەوە سیامەند لەسەر ڕانی خەجێ سێ کەڕەتی چاو هەڵدەهێناوە
دەیگوت: خەجێ ئەمن بەشم لەو دنیای ڕووناک بڕاوە
خەج خوناوکە و بێجادەی گەردنی لە سەر دڵی من دابنێ و دایناوە
با ببێتە توێشوی قیامەت و ئیدی چاو نەگێڕم بۆ دواوە.
خەج دەڵێ:
بە سەری کوێستانان هەڵدەڵێم، هەڵاڵ و بەیبوون و گوڵە جووت تازە شکۆفەیان داوە
هەڵاڵ تازەکانە عەتری تێ گەڕاوە
لە سواران هەلات هەلاتە، وەختی ڕاوە
سەڵا و قەت کەسم لە ماڵە باوانی نەماوە
ئەوە گۆڕ و گۆڕخانەت بۆ وڵاتی زمیر و سەری زەهاو و گەوەڕی سیپەی سیپانێ هێناوە؟
جامن ڕەبی ڕووناکاییم ببڕێ لە هەرتک چاوە
جا ئەوە لەسەر ڕانی خەجێ دەبۆوە تەواوە.
خەج مەحتەل ما، کوتی:
سەت سوارم بێ لە دیوی باڵەکان، سێ سەتم بێ لە دیوی پژدەرێ
ئاورێکم بەربۆتەوە لە دەروونێ، یەکم بەربۆتەوە لە جگەرێ
کەس نییە خەبەرێکم بۆ ئەو دنیای پان بەرێ
ئامۆزاکەی شۆخ و شەنگم، کێ ئەو مەیتەم دەگەڵ بەرێتە دەرێ؟
لە گریان و شین و واوەیلای خەجێدا، براکانی هاتن. حەوت برا، چل

کەسیش ئامۆزا و برای سیامەند. کوتیان: دەیبەینەوە، دەیدەینێ، خۆ ئەمە نەمانزانی کار وای لێ دێ.

بە سەر مەیتی سیامەندا کەوتن. جا ئەوە تەواو و کەماڵ شینگاو ئەوبەرە و بەر. خەجێشیان دەکەژاوە نا، دڵ خۆشیان داوە.

پاش شینگاو پاش هەموو شتێک، خەج دەیگوت:

خولایە چ بکە و چ بکرێنە
ئازارێکی بە پەلە بۆ من بێنە
چی دیکە لە پاش سیامەند مەمژێنە.
بۆ هەموو کەس هەر ئەتۆی پادشا
باخەڵکی سەر زەنشتم نەکا
نەڵێن جوانی وەکو سیامەندی بە هیلاک دا
ئەوە خودا بە خەجێی دەدا دەردی موفاجا.

تەواو بوو

ئەحمەدی شەنگ

دوو برا بوون: کاشماغا و عەبداڵ بەگ.

کچێک هەبوو یەگجار زۆر جوانچاک بوو، لایەقی ئەوە بوو بۆ شەهریاران ببێ، نێوی ئاسیە بوو.

عەبداڵ بەگ میوانی ماڵە بابی ئەو کچە بوو. بابی کچە کە نێوی ناسر بەگ بوو. ناسر بەگ شارەبانی بوو. شارەبان عێراقە، لە مابەینی کەرکووک و سولەیمانیدایە.

ئەگەر عەبداڵ بەگ هات و میوانیان بوو، لە وێ ماوە، چاوی بەو کچە کەوت، دڵێک و سەت دڵ عاشقی ئاسیە بوو. عەبداڵ بەگ ڕدێنی سپی ببوو، گەڕابۆوە.

عەبداڵ بەگ نیشتەجێ و خەڵکی هەڵشۆیە بوو. هەڵشۆ لە بەر قەڵادزێدایە(١).

عەبداڵ بەگ لە وەختی هاتنەوەدا بوو، خەریک بو سوار بێ، پچێتەوە ماڵە خۆی. ئاسیەی کەزیە خاویش تەمەشای میوانەکانی دەکرد، هاتبوو سواران ببینێ. عەبداڵ بەگ چاوی پێی کەوت، لە خزمەتکارێکی پرسی:

ئەو کیژە کێیە دەسماڵێکی تافتەی ئاڵی لەسەر ناوە

چاوی دەڵێی ئەستێرەی ڕۆژییە، تازە لە مابەینی هەور و هەساوێ گۆشەی

(١) بەتەواوی مەعنا دروستە، مامەحمەد دەیگوت: نەچومە عێراقێ، بەڵام کوردستانی وێ، وەک بەری دەستم بەڵەدم، لەسایەی ئەم بەیت و باوانەوە.

کێشاوه.

قەرەزولفی دەڵێی قۆپەنی بیزایە، ئاسکە کێوی چۆتە نێوی وا شێواوە

سنگی دەڵێی بەفری کوێستانی عەڵەدینیانە و خوێنی پیاوی شەهیدی بەسەردا ڕژاوە

بەژنی دەڵێی داری عەرعەرە و بە عومری هەق دەستی ئیلاهی خوڵقاوە

مەمکی دەڵێی شەمامەی حەوت ڕەنگە و تازەکانەی ماتە داوە

نەژاکاوە، پێم وایە هیچ کەس دەستی لێ نەداوە

کەسێک تونی بێ، بڵێن: حەڕاڕەتی دەرونی زۆری بۆ هێناوە

ئەگەر ماچێکی وەگیر کەوێ بۆ وی قەنداوە، بەفراوە.

کابرای خزمەتکار نێوی مام قاسم بوو، زۆر بە ئەرکان و فەسیح و بەلیغ و بە عاقڵی جوابی دەداوە

دەیگوت: ئەو پرسیارەی تۆ لە منت کرد، ئەمن سەرم مەحتەل ماوە

ئەتۆ عومرێکت ڕابردووە، ئەو غونچەیە و تازەی گوڵ داوە

ئەو پرسیارە بۆ کەسێک دەبێ ئامکوف بن، بە تەما بێ لێی ببینێ کام و کاوە

کەسێکی تێگەیشتو بێ ئەو قەسەی تۆ ئیرادە، قەدیمیان ئەو قسەیان بە ئیراد داناوە.

کوتی: چومکە لێت کردمە ئیراد، قەستەم بەو خودایەی ئەگەر بە دەستێتی چارەنووس و لە ئەزەلی نوسراوە

بەمەلەکانی عاسمانێ ئەگەر دایمە لە خزمەتی باری تەعالا ڕاوەستاوە

قەستەم بە فەخری کایینات ئەگەر خودا دنیای لە شەرافەتی وی ڕۆناوە

قەستەم بە حەزرەتی جوبرائیل ئەگەر دایمە لە عەرز و لە عاسمان وەحی بۆ حەزرەتی ڕەسووڵ هێناوە

یان مەگەر کوێر بم و بیناهیم پچێت لە هەردک چاوە

یان مەگەر بڵێن لە لەو حەلمەحفوز نەنوسراوە،

دەنا گە بێتو بژیم و بمێنم

یان ئەو سەرەی هەمە دەیدۆڕێنم

یان ڕمبی دەمرەشی هەژدە قەفی لە پێشی ئەو سەراوپەردەیە دەچەقێنم

یان خاکی عێراق و شارەبان دەشڵەقێنم

یان بە حوکمی زێڕ و جەواهێر و فەرەنتی و زێڕی سپی ئەمن ئاسیە دێنم

بۆچی ئەگەر پیر بووم لە تۆ وایە ئەمن مسکێنم؟

ئەمن قارەمانی قەیغام، لە حاستی کار و دوژمنی خۆم قەت دانامێنم.

ئەمن دەست هەڵناگرم لەو کوڵمە سور و سپییە

لەو بەژنی باریک و دوو چاوی بەنگییە

لەو لێوی قەڵەمی و قەدی شمشاڵییە

جا مەگەر ئەجەل بێ و سەرم بەرمەوە بن بارستی گڵییە

ئەوە وای کوت و سوێندی خوارد، جا کوتی لە میر و لە مەجلیسم هەیە خودا حافیزییە

جا بزانین هەق دەستی ئیلاهی ئیرادەی لەسەر چییە.

ئەوە عەبدال بەگ سوار بوو، هاتەوە بۆ هەڵشۆیە.

زۆر کەس موشتەری ئاسیە بوون. مێردی پێ نەدەکردن، هەتا ئەوەی زەرەدیشیان بۆ کێشا بوو. ئێکیان خان قۆچی خانی گێلان گێسیان بوو، ئەوی دی مەنسور خان بوو. مەنسور خان خەڵکی ئاکۆیە بوو.

مام قاسم ئەگەر چۆوە ژورێ پێ کەنی لە کن کچەکە.

جارجار ئاوڕی دەداوە

جارجار زەردەخەنەی دەگرت و دەیگوت: سوبحانەڵڵا خودا دنیای چۆن داناوە!

ئەلعانیش عێراقی بە خانم دەڵێن خان، خانم ناڵێن ئەوان.

ئاسیە خان دەیگوت: چ بووە، چ خەبەرە، چت لێ قەوماوە؟

خۆ ماڵە باب و باوان دزییان لێ نەکراوە

خۆ خەبەرێکت نەبیستووە لە غایب و لە نەکاوە
پیاوێکی ئەمینی، وەرە پێم بڵێ ئەو نەشەیە چییە لە کەللەی تۆدا ماوە
ئەویش بەبێ بالیغە و درۆ قسەی عەبداڵ بەگی بۆ دەگێڕاوە.
دەیگوت ئاسیە خان وەڵڵاهی هەچەند تەمەشای تۆ دەکەم چاوت دەڵێی ئەستێرەی ڕۆژییە، بەیانە، لە جەبەل و ئەسحابی هیندوستان سەری هەڵێناوە
بەعومری خودای تەعالا بە ژنت وا ڕزقاوە
حەکاکان دەڵێی بە تەناف بەژن و بەدەنی تۆیان کێشاوە
ئەما نا، قەڵەمی هەق دەستی ئیلاهییە وای دروست کردووی و کەس هەقی نەماوە
کوڵمەت دەڵێی شەمامەی حەوت ڕەنگە، بۆ ئاشقی ئیلاهییان بە دیاری هێناوە
هەچەند قسە دەکەی لێوت دەڵێی گوڵە، بەیانە، تازە لە خونچەی شکۆفەی داوە
سنگت دەڵێی بەردی مەڕمەڕە، هاتۆتە سەری گۆم و گۆمیلکەی دەبەفراوە
سەللی عەلا محەممەد! شازولفت دەڵێی گیابەند و خاوە
ئەو قسەی عەبداڵ بەگ کوتبووی پاکی بۆ گێڕاوە.
ئاسیە خان دەڵێ:
ماشەڵڵا کابرایەکی بێ عاقڵە و عاقڵی بە تاڵە
ئاخر نەیگوت ئەمن عومرم پەنجا ساڵە
کیژێ بەلەک زەرد ئاخر منداڵە
نابێ لۆمەی پکەی، هەچ کەسێ لە دڵی خۆیدا دەکا فکر و خەیاڵە
ئەو کابرایە بەو حەسرەت کێشان و بەو حاڵە حاڵە
ڕەنگە دێوانە بووبێ، دڵی عەبداڵە.
پیاوێکی جێ گەورەیە، بە گەورەی دەزانم
فکر پکا بنێرێتە ماڵە باب و باوانم

جا خۆ ئەمن بێ عومری باب و برای خۆم ناتوانم.

ئەوە دەبێتە دایکی ئەحمەدی شەنگ.

ئەگەر عەبداڵ بەگ گەڕاوە، هاتەوە ماڵە خۆی، بە کاشماغای گوت: ئەمن چوومە شارەبان، بریا زەرەدێکی زۆر قورسم لێ کەوتبایە و نەچووبامە شارەبان. بە پیری، پیاو ئەگەر عومری گوزەشتەی کرد، دەبێ عەدەبی ببێ. ئەما ئاسیە خان کچی ناسر بەگ تیرێکی لە جەرگی داوم بە هیچ شتێکی ژانی ناشکێ. بڵێی مومکین ببێ بیخوازم، چومکە ئامکوف نین ئەو جحێڵە و ئەمن پیرم؟

کاشماغا کوتی: ئەمە حورمەتمان هەیە لە نێو کوردان، بەو قسەیە سووک دەبین ئەگەر بیکەی. جا عەبداڵ بەگ کوتی: شەریعت ئەگەر ڕێگای قسەیەک بدا چۆن پێی سووک دەبین، ئەوە چ قسەیە کە ئەتۆ دەیکەی؟

خاترجەم بە ئەگەر ببێتە سەفەری هات و نەهات
بە بەیداغ و ئاڵای تەڕەقی عومبەری بنی خەتات
یان سەر و ماڵم دەدەم بە تاڵان و پچێت بە باد
یان پاشی چل شەوی دیکە بە ئاسیە خانەوە برات دادەنیشێ لەلات.

بیست و پێنج کەس هەموو سەردارعێل، هەموو پیاوی وێچو - ئیدی هەر زەمانەی کەسێک دەشەو گوردی دنیایە دەکشێ - ناردنی بۆ خوازبێنی ئاسیە خان بەتەدارەک.

هەڵڵا هەڵڵا و ناڵەناڵە
دەنگ دێ لە بازنە و خرخاڵە
بەژنی باریک، چاوی کاڵە
بازیبەندی دوڕی لاڵە
شیرنە ئەو شەدە و دەسماڵە.
دەیگوت ماشەڵڵا چم لێ قەوماوە
مەمکم وەک هەناری ساوا

هیچ کەس دەستی لێ نەداوە.
میوەی بەهەشتێم داناوە
تەماح لە گیانم کراوە.
عەبداڵ بەگی خەڵکی هەڵشۆ
پیرە و ڕەشیدە و سەربەخۆ
ئەمن کۆترم، ئەبووە هەڵۆ
فکری هەیە بمبا بۆ خۆ.
خۆ پیاوێکی بێ نێو نییە
پیرە و ڕدێنی سپییە
تەکلیفم لەو کارەی چییە؟
کڵفەت دڵخۆشییان دەداوە
خەرامانی بەڵەک چاوە
ئێستا هیچ قسە نەکراوە.
سنگت وەک باغی هەنارە
قەستەم بە وەی پەروەردگارە
مەعلوم نییە پێک بێ ئەو کارە.

ئەوە لە مەجلیسێدا خوازبێنییان کرد. ناسر بەگ ناردییە شەقڵاوێ لە دوی شاباز خانی برای. شەقڵاوێ قەسەبچەیەکە لە عێڕاقێ، لە مابەینی ڕەواندز و قەڵادزێدایە. ئای لەبەر هەناری شەقڵاوێ! جێگایەکی زۆر خۆشە، لە بەغدایە هاوینان دێن بۆ وێ بە ماڵ و منداڵەوە.

شابازخان هات. لە مەجلیسێدا ناسر بەگ پێی دەڵێ:
دەزانی کار لە دونیایەدا چییە
ئەی برایەکەی لە دای و بابییە
خودا گە دنیای داناوە لە ئەزەلییە
قەڵەمی هەق دەستی ئیلاهی چارەی بەبنی ئادەمی نییە.

چەنگ بە خوێنە وەک هەڵۆ
لە مەیدان دەر دەکا گۆ
سەغیران دەخاتە ڕۆڕۆ
مەردە عەبداڵی هەڵشۆ
پێت چۆنە خزمایەتیی وی تۆ؟
تۆ نایناسی ئەو عەبداڵە
جوابکردنی ڕۆژێکی تاڵە
زەرەدە بۆ ماڵ و منداڵە.
نەتدیوە ڕۆژی دڵهێشان
وەکو شێری گەرمەلان
دێتن قرمەی خەنجەران
قرمەی خەنجەر لە مەیدان
ڕۆژی کەلاک فڕێدان
نامێنێ شەرت و ئەرکان
بەو قسەیەم هەیە ئیمان
من دەیدەمێ ئاسیە خان.
شاباز خان کوتی:
بە وەی کەم پەروەردگارە
داینا مانگ و ستارە
ئەو ڕەحیم و جەبارە
ئەمن ڕازیم بەو کارە.

جا ئەوە ناردیان لە دووی کچەکە. کچەکە کوتی: مەجلیس گیراوە و خوازبێنیکەر لەوێن، لە ڕووم هەڵنایە بەتەنێ پچم. ناردیان پێنج کچ و دوو سەرسپییان هێنا. جا دەگەڵ وان ئەوە ئاسیەخان هات بۆ مەجلیسێ.

لە گەردنی کردووە تۆقێکی بە قیمەت گرانی سەمەرقەندی عەسڵە

تەلەحفەرییە

بیست و یەک گۆی تێدان یەکیان ئەشرەفییە، یەکیان مروارییە، یەکیان کارەبایە، یەکیان زێڕی سپییە، یەکیان ئی زەمانی شەدادە لە خەزێنەی هیچ شایەکدا نییە

بیبەیە نێو توجاڕان هیچ کەس نازانێ قیمەتی چییە

دەسماڵێکی بە سەر دادا کەژمارییە و عاسمانییە

پێشی گەردنی گرت، وە دەر نەکەون خاڵی ڕەش و سوور و گژنیژییە

جووتێکی گوارە لە گوێی کرد، بە قیمەت گران، ماڵی قەدیمییە

توجاڕان پێی دەڵێن: ئەوە فەرەنتییە

چارشێوشانێکی موشەجەجەری عەسڵە فەرەنگییە

هاتۆتە سەر پانییەی ڕیشووی نیو گەزییە

گوڵی ئەو چارشێوشانە پەپوولەییە

نەئاوریشمە و هێندێک کەس دەڵێن: دەسکارە و هێندێکیش دەڵێن: خێر قودرەتییە

بینێرییە کن سەت توجاڕان نازانن قیمەتی چییە

دەڵێن ئی زەمانی ئێمە نییە، ئەوە موشەجەجەری قەدیمییە

شاڵێکی تورمەڕێز، لەبەر تاوێ سوورە و لە بەر سێبەرێ سپییە

ئەوەش پشتێندە، دای هێناوە بۆ نێو قەدێکی شمشاڵییە

لە پێی کرد جووتێک کەوشی پانییە فەڕاشی جەمبەری داودبەگییە

کۆترە باریکە بە هاسانی بە بن پانییەیدا دەهات و دەفڕییە

بن دەباغی سمایل نامەی وەستا نەسیرییە

سەری کەوشەکەی پێستی ئاسکە کێوییە

چازانان دروستییان کردووە، بەوە دەڵێن: سەر نوقرە بەندییە

کەس خۆی وا حازر نەکردووە، مەگەر جارێک لە جاران زولەیخا وا خۆی حازر کرد بێ، ئەویش یۆسف زیندانی و بەندییە

مەگەر لەیلێ خۆی وا بۆ مەجرووم حازر کرد بێ، مەجروومیش دێوانەیە و عاقڵی لەسەرخۆی نییە

مەگەر جارێک لە جاران خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبییان چووبێتە پاشگەل و پێشگەلی مەڕییە

خۆی بۆ لاس حازر کرد بێ و ڕیشوی بەندۆکەی هاتبێتە سەر عەرزییە

دەیگوت نەوەک ئیعتیڕازم لێ بگرێ لاس و لاسەشۆڕی باڵەکییە

مەگەر جارێک لە جاران خاتوزین خۆی وا حازر کرد بێ گە دەهاتە سەر حەوزی ماڵە قەرەتاژدین و کاکە مەم لەوێ بوو بە میوانییە

دەیگوت خەڵکی ئێمەنێیە، با چاکم ببینێ، خەڵکی مەملەکەتی ئێمە نییە

ئەوە هات بۆ مەجلیسێ، ئاگاداری بێ حەزرەتی خدری لە چۆل و بەڕییە

کۆمەگی پێ پکەن چل سوارەی غەیبییە

شل و مل و داو و دەلینگ حاجی حوسێنییە

دیدەی لاڵ کردووە بە کلە سوبحانییە

سنگی دەڵێی ئاوی کەوسەرە، مەلایکەتی لەسەرن بۆ بەخشندەیی و بەخشستییە

چاوی دەڵێی بەحری پڕشەپۆلە، ئەورۆ بای نایە و شەپۆلی نییە

بەوەی کەم ئەگەر ئەزەلی و ئەبەدییە

خودای تەعالا ناقیسی نەکردووە و ناقیسی لە بەدەنیدا نییە

بە لەنجە هات دەتگوت خاسە سییە

چاوی دەتگوت شمقارە و لە نچیر دەگەڕێ و برسییە

سەللی عەلا مەحەممەد! بەدەنی دەڵێی شەنگەبییە

غەڵفی سێ ساڵەیە و قەدیمی نییە

ئەوەهات بۆ مەجلیسێ، دەیگوت: پشت و پەناهم وەبەر تۆ ئەی ئیلاهییە

زبانم چاک بگەڕێ، بڵێن: شەرمی حزووری نییە

زمانی فەسیحە، گرێی لە زمانیدا نییە

لێوی تەنکە دەڵێی ئیستیفایە[1] بۆچی زۆری پێ کردووە ئەڵڵا ئەڵڵا و ڕەبی ڕەببییە
لە بەر نیازی دڵی خۆی شەوێ خەوی نییە
جا نازانم نە بۆ مەخسوود حاسڵ بوونە و نە بۆ ڕۆژی ئاخرەتییە
هەموو برینێک چاک دەبێ، عیلاجی ناکرێ برینی دڵییە
لە کن هیچ حەکیم و عەتارێک دەرمانی دەردی دڵ نییە.
ئەوە ئاسیە خان هات بۆ مەجلیسێ.
بەنازەوە سڵاوی دەکرد لە مەجلیس و باب و باوانە
ڕووبەندی ئەتڵەسی لە سەر نێوچاوان و ڕوخسەتی خۆی دانا
بەجێی هێنا عیسمەت و شەرت و شەڕەف و ئەرکانە.
ئەوە لە مەجلیسێدا لە ئاسیە خان دەپرسن:
کیژەکەی وەکو قۆپەنی ڕیحانەی ساوا
چاوت دەڵێی ئاسکە و بێچووەی لە کوێستانان لێ بەجێ ماوە
سنگت دەڵێی دووکانی عەتارە و شووشەی عەتری تێدا شکاوە
چاوت دەڵێی ئەستێرەی ڕۆژێیە و لەبن مانگی بیست و یەکیدا سەری دەرهێناوە
فکری خۆت پکە، قسەت لێ نەشێوێ، ئەوی لە دڵتدایە و ئەوی لە دڵتدا ماوە
ئەو مەجلیسی حاکم دەستووری بۆ تۆ گیراوە
بۆ دیاری و نیشانە کردنت، تۆقی ئەڵماسی سپییان بۆ گەردنی تۆ هێناوە.
چومکە شۆخەکەی شلک و نازەنینێ
دروستە بەشەریعەت، دەبێ ژن و پیاو ئێکتری ببینێ.
ئەرێ کیژەکەی چاوبەنگییە

---

(١) ئیستیفا: فەرهەنگە کوردییەکان نەیانگرتووە، پێم وایە قەدیم بە پارچێکیان دەگوت، ژنان دەیانکردە کراس.

ئەوڕۆ داواکاری تۆ لێرە نییە
حەزێ دەکەین بزانین قسە و گوفتوگۆی تۆ چییە
ئەویش کوتی: ئەمن عاقڵم هەیە، مەڵێن بێ عاقڵە و عاقڵی نییە
لە پێشینیانڕا کوتوویانە هەتا کەوتۆتە ئەو زەمانە هەرچی و پەرچییە
هەچ کەسێکی پکا بێ عومری دای و بابییە
لە قیامەتێ بەدبەختە و بەشی لە جەننەتێدا نییە
ئەمن ڕازیم، دایک و بابی من فکریان لەسەر چییە
دوو سەت سوارم تایەفە هەیە، گە سوار دەبن ڕۆژی قالووەلایە، سوار دەبن بە سوارییە
قسەی وان نەخشە لەسەر هەچ شتێکی بکێشن ئەمن ڕازیم، ناڕازیبوونی من چییە؟
چون عافرەت بێ دەسەڵاتە، لە ڕۆژی وا دا دەسەڵاتی لە دەستدا نییە
هەچۆنێکی پێتان مەسڵەحەت بێ حازرم، بۆ ئەوەی دایک و باب و تایەفەم پکەوێتە خۆشییە
ئەگەر من بەدبەختیش بم، دابنیشم بە زیندانی و حەفسییە
سەبارەت بە دای و بابان ئەمن بەو کارەی قایلم، با نەڵێن ئاسیەخان ڕازی نییە
ئەمن بەو کارە ڕازیم، نابمە باعیسی ڕۆژی قەباحەت و خوێنڕێژییە
غایەتی دنیا لەسەر خۆشی و بەشارەت و زیندەگییە
حەزێ دەکەم عەبداڵ بەگ ببینم لەبۆ ڕۆژی پاشەڕۆژ و ئاخرەتییە
لە مەجلیسێ مەلایان کوتیان: قسەکەی حیسابییە.
خەبەریان بۆ عەبداڵ بەگ نارد، بێ. جا ئەوە عەبداڵ بەگ دێ.
عەبداڵ بەگ کوتی:
بۆم زین کەن جووانو ئەسپێکی عەڕەبی عەسڵە شێرخەزاڵییە
بەوم بڵێن: پڵینگێکی سورە و سپییە

به مەسەلەی پێشینان پێی دەڵێن شێرخەزاڵی و گوڵ گوڵییە
کەفەڵ پان بێ، گوێ مەقەست بێ، کلک بەیداغ بێ و پشت مڵەییە
زینێکی مورەسەع قەڵتاغ کورت بێ، سەیوانکاری کرابێ بە ماڵی بەحرییە
قەڵتاغی زینی هێندێک بڵێن: داری عوودە و هێندێکیش بڵێن: خێر ماهییە
ئاتەگی زینم دروست کرا بێ لە تیغە پشتی کەڵەکێوییە
تازە لە دەباغ هاتبێتە دەرێ، سەڕاجان لە پێشی زینیان دابێ عەکسی شێرییە
تەنگەیەکی دروستی خاسە ڕەنگی وەستاکارییە
بریقەی بێ وەکو کەژ و قەفی ڕەشمارییە
ددانە لغاوێکی زمڕووتی عەسڵە مروارییە
حاڵ زانان بێنە سەری بڵێن ناقیسی تێدا نییە
ئاوزەنگی بۆ دروست بکەن لانکەییە
ناقیس نەبێ، بڵێن: ئەوە وەستا کارە، کاری شەنگەییە
جڵەوێکی کابین بەگی ڕێشمە توندییە
با ئیعتیرازم لێ نەگرن کوڕە بەبە و سمێڵ سپی کامەرییە
خەنجەرێکی جەوهەر ڕێزی قەدیمییە، گۆی جەواهێرات بێ، نەبادا بڵێن: ناقیسە و تەواو نییە
جەڵغەمەی سێ ڕێز بێ، ئەمن ئیتمینانم لەو سەفەرە نییە
نەبادا لە شەڕەخەنجەردا گەرم دابێ و بێتە دەر لە جەڵغەمە و بۆ من دەبێتە نەهاتی و بەدبەختییە
بۆم حازرکەن ڕمبێکی عەسڵە دارعەیزەرانییە
یازدە پەڕە و هەژدە قەفییە
لە خوێنی نەکرد و لێی پتکێ دڵۆپی خوێنییە
دوژمن چاوی پێم بکەوێ، شێت بێ، دێوانە بێ، بکەوێتە کێوییە
نەتوانێ بێتە سەر ڕێگام، بڵێ: عیلاجی ئەو مەردە نییە

لەهامسونفی خۆمدا دەگەڵم بێن چل کەس مەردی کارخانە، وەکو شێری جەنگییە

مەگە عاسمان بڕووخێ، دەنا لە مەیدانێدا بڵێن: هەڵاتنیان بۆ نییە

هەموو کەیخودا بن، بڵێن: ڕدێنیان سپییە

هەموو لایەقی دۆست و دوژمن بتوانن جواب بدەنەوە ، قسە پکەن لە مەجلیس و جێگای بەشارەتییە

جا نازانم ئەو سەفەرە سەفەری هات و نەهاتە یان سەفەری شادمانی و خۆشییە بەڵکو ئیعتیڕازیان لێ گرپێتم ، بانگم دەکەنە مەجلیسێ، نازانم بە عینوانی دۆستایەتییە یان دوژمنایەتییە

پیاو نابێ قەت لە خۆی خاترجەم بێ، فەرمایشتی شێخی سەعدییە

ڕاوەستان لەپێش دوژمنی خۆت کارێکی چاکە، لە ڕۆژی قیامەتێشدا ئیعتیڕازی بۆ نییە

جا ئەوە دەچم دەدەلیاوە نازانم نە دەخنکێم و نە دەگەمە جەزیلەی مرواریيە

یان سەرم لەمەیدانێدا دەکەوێ یان ئاسیە خان دێنم بە شادمانی و بە بووکییە.

هاتن خەبەریان بە ئاسیە خاندا، کوتیان: عەبداڵ بەگ هات.

جا کوتی کەسێکی عاقڵی ببێ تەگبیرێکم بۆ پکا، نەکەومە سەر ڕێگای نەهاتی و بەدبەختییە

چاوم بە شێری شکار پکەوێ، بزانم مەخسوود و مەتڵەبی چییە

گوفتوگۆیەکی لەگەڵ پکەم، چون قەتم نەدیوە بەمەبخی و بە دیانەتییە

چومکە قەڵەمی هەق دەستی ئیلاهی ڕەدبوونەوەی بۆ نییە

ئەگەر دوو قسەی دەگەڵ پکەم سامم وە سەر سامی دەکەوێ، ئەو جار دەتوانم دەگەڵی دابنیشم بە خۆشییە

ئەما هیچ کەس نەزانێ نە دۆست نە دوژمن نە برای لە دای و بابییە

نە خوشکی جگەرسۆزە، چومکە بۆ پاشە ڕۆژێ چاک نییە
نەبادا لە مەجلیسان باسم پکەن بە بێ کیفایەتی و بە سوکییە.
چاوی کرد بە جەللاب و زولفی کرد بەقەرەسۆرانە
سنگی کرد بە تەخت و دوو ئیستیکانی، وەکو مەمکان بێ، لە سەر دانا
زولفی دەسووڕێن وەکو ئالای سولْتانی ڕۆمێ ئەگەر هەڵیان دەدا لەسەر حوکمات و مەتکەبخانە
دەستبەجێ حازری دەکرد[١] دەستی دادەنان لە سەر ڕانانە
شەرابێکی پڕتەقاڵی وەکو یاقووتی سور بۆ عەبداڵ بەگ حازر کەن، میوانە.
ئەوانەی ئەگەر ئاگایان لە حاڵی منە و دانیشتوم بە دەردەدارییە[٢]
دەبێ لەگەڵی پکەم دوو قسەی بە دیانەتی و بەمەبخییە[٣]
ئاسیە خان کوتی: ئەگەر عەبداڵ، بەگ هات، بیهێنن چاوم پێی پکەوێ.
کلْفەت پێی دەگوت: ئاسیەخان کاری بە تۆ هەیە، مەیکە بەهاوار و کەس نەزانێ کارێکی مەبخییە
حەوسەت زێڕی بێ سکەی دەدا لە شادمانی ئەو قسە مزگێنییە
لە سەرخوانی زین دادەبەزی، نۆکەران ئاگایان لەو کارە نییە
دەیگوت چاتمەی نێزە لێ بدەن، کارێکم هەیە، ئەلعان دێمەوە سەر خوانی زینییە.
هات، کوتی: ئارەزووی دڵم ئەی ئاسیە خان
ڕووناکاییی دڵم، ئارامی دڵان
ئەبرۆت کرد بە کەمەند، مژانگ بە پەیکان

(١) شەرابەکەی حازر کرد، کە لە بنەوە باسی دەکا.
(٢) عەبداڵ بەگ پیر بوو، ئاسیە لە ناخی دڵەوە بەم کارەڕازی نەبوو، بۆیە دەڵێ: دەردەداری.
(٣) مامەحمەد هەمیشە لە باتی «مەخفی» دەیگوت: مەبخی.

به وەزن سوکی بە قیمەت گران.
پەروانە ئەگەر دەچێ بۆ چرا
دەزانێ عەمری دەچێ بە فەنا
ئێستا هەر دەچتە پێشێ، دەبێ گیانفیدا.
دەبێ عاشق وەک لەیل و مەجرووم بێ
پەروانە دەزانێ باڵی دەسووتێ
لە چرا و لە شەم هەر نیزیک دەبێ.
کارت بە من چییە ئەی بە ئیعتیبار
شکۆفەت داوە وەک گوڵی هەنار
ناڵەی دەروونمە وەک هەوری بەهار
سنگت لێ کردووم بە بازاڕ و شار
پێی دەحاوێتەوە فەقیر و هەژار
ئیلتیفاتت ببێ ئەگەر تۆ جاروبار.
لە کوڵمەت دەدا گزینگی تاوێ
دنیای ڕووناکم من بێ تۆ ناوێ.
بۆ وا ڕەنگت لە ڕووی گۆڕاوە
کازیەی(١) تاق و جوت بۆ چی شێواوە
چاوی لاڵ و وێڵ بۆ پڕ لە ئاوە
زمانی قەڵەم نوتقت نەماوە
گەمن پەروانەم تۆ شەمی، بسووتێ بە سووتان
تابێمە سەرت کەبکی خەرامان
فیدای گیانت بم سەرداری کیژان
تامخۆش و بۆنخۆش ئارامی دڵان.

---

(١) کازیە: کەزیە، پرچ، زولف.

ئاسیە خان گوتی:

شێری لە لانی پادشای سەربەخۆ
مەکانت موزەییەن کرد سەرداری هەڵشۆ
منیان داناوە بە دیاری بۆ تۆ
هاتووم تا سامم پشکێ، پکەم گوفتوگۆ.
مەسەلەم بیستووە تا هەزار ساڵێ
ئیراد نییە لاولاو لە دڕووی بهاڵێ.
من لەگەڵ تۆمە بیناهی چاوم
گەر تۆ دڕوو بی ئەمن لاولاوم.
ئیعتیراز مەگرە، مەڵێ کوەنە ساڵم[١]
ئەمن جوانێکی زۆر خۆش ئەحواڵم
تام خۆش و بۆن خۆش، قەد وەک شمشاڵم
پێم ئیراد نییە ببیە ئاواڵم
بە تەگبیری برا و باب و مام و خاڵم
پێم ئیراد نییە ببیە حەلاڵم
گە ڕابمۆسی دوو چاوی کاڵم.
ئەگەر وای زانی ئەو گوفتوگۆیە
چاکی ڕوانییە ئەو چاو و برۆیە
ئەو لیمۆ کاڵە ئەو جووتە گۆیە.
کوتی سەر و ماڵ پێشکەش بەو خەت و خاڵە
ئەمن نامەوێ ئەو ماڵ و حاڵە
گوفتوگۆی شیرنی ئەو مەه جەماڵە.

(١) ئاسیە خانی قەڵەندەر لەبەر چاری بێ چار، دڵخۆشی دەداتەوە، دەڵێ ئەوەی لەسەر دڵت مەکە گرێ کە پیری.

ئەمن حەز دەکەم ببم بە گەدا
ئەگەر بڵێن: دەورەی دنیا دەدا
ئێستا بەو قسەیە دەبمە جانفیدا.

کابرا مەست بوو بە بۆنی. بۆ مەجلیسێ چوو. لە پاشان ئەو عولەمایانە، کە لە مەجلیسێ بوون، کوتیان: بنێرن لە دوی ئاسیە خان، بێ بۆ مەجلیس و دیوانێ.

بنێرن با بێ زیبای ڕەنگ دولبەر
وەک قەنارچییان[1] بفرۆشێ شەکەر
گەرنی پکاتا وەک حەوزی کەوسەر
زولفان وەک تەناف سەر بهێننە دەر
قەدەم ڕەنجە کا لەبز چون گەوهەر
با دوژمن پاکی خاکی بێ بەسەر.

ئەوە پیاوی موعتەبەریش، خان قۆچی خان و مەنسور خان ناردوویانن بزانن ڕاستە یا درۆیە کە ئاسیە خان دراوە بە عەبداڵ بەگ، ئەوانیش لەو مەجلیسەدا بوون، ئەگەر هات عەبداڵ بەگ دانیشت، پاش بەینێکیش ئاسیە خان هات.

ڕووبەندی پۆشی شۆخی شۆخ کەمان
بە ئیحتیرام دانیشت بە عەدەب و ئەرکان
وەک لەیلەتولقەدر، گەردێ ڕەمەزان
پرسیاریان لێ کرد عولەما و حاڵزان
ئەتۆ حازری بێ عوزر و بەهان
بۆ پاشەڕۆژێ نەچییە دڵهێشان
ئەوە کارێکە بە عومری سوبحان

---

(١) قەنارچی: قەندا‌غچی، شیرنی فرۆش، قەنداغ فرۆش.

به بێ ئیعتیراز، بێ عەیب و ئەهمان[١]
هیچ کەس ناتوانێ لەوە پکا قسان
بە نیکاح کاری تۆ بۆ عەبداڵ خان.
کوتی تازە ڕابردووە عوزر و بەهانە
قسێک لە گەرمێن و ئێک لە کوێستانە
ئەی کەسێک پێم بڵێ ئەوە باغە و بێستانە
قسەم بۆ پکەن بەشێت و مەستانە.
ئەمن پێم عەیبە بۆ مەجلیس هاتم، ئەلعانیش هاتووم من بە یەگجاری
نە وەک جارێکی دی بە شەرمەزاری
وەک کەسێکی دەڕوا بە گوناحباری
بۆ ڕۆژی قیامەت، بە لێوبەباری.
تازە نایەمەوە مەجلیسی قەوغا
هەچ کەسێ بە جورێک گە قسێک پکا
ئەگەر تووشم بێ دەردی موفاجا.
ئەمن زۆر ڕازیم، من بەو ئەرکانە
بەو گوفتوگۆیە، بۆ ئەو میزانە
بۆ ڕۆژی حازربوون، چومکی بە عومری دایک و بابانە.
دەست بەجێ قەبووڵیان دەکرد سەرپاک عولەما
مارەی ئاسیە خانیان بە عەبداڵ بەگ دا.
بو بە شادمانی، بەشیرنی و خۆشی
جەبعە[٢] بەتاڵ بوو، چەند زێڕی سپی
مزگێنی درا، کردیان بە شیرنی

(١) ئەهمان: «ئەه» وشەی وەڕەزی و گوێنەدانە. «هب». پێم وایە ئەهمان لە «ئەه» وەرگیراوە، بەڵام قاموسەکان، هیچیان، پەرچیان نەداوەتەوە. (نەیان گرتووە).
(٢) جەبعە: دەبێ مجری و جەعبەبێ.

ئێکرا لێیان کرد مبارەک بادی.
بێینە سەر باسی پیاوی خان قۆچی خان
لە مەجلیس هەستا، دڵی پڕ لە ژان
بە داد و فیعان بە شین و گریان
بەلێوبەباری، ئەو بە نیوە گیان.
خەبەری دەبرد بە خاکەساری
بە خەمناکی دڵ بە لێوبەباری
ئەگەر کو ئیعتیرازم لێ نەگرێ
عومری تو بە سەت ساڵ ڕابرێ
وەلینێعمەتی، نمەکخۆری تۆم
خانەوێران و دەروون پڕ بۆسۆم
ئەمن بگێڕمەوە گەر قسە بۆ تۆ
بە بێ بوختان و بە بێ درۆ
زۆرم من کرد داد و واوەیلا
ڕۆژی بەدبەختییە، شووشەی دڵت شکا
خاترجەم ئاسیە خانیان بە عەبداڵ بەگ دا
بۆ خۆم لەوێ بووم گەر مارە کرا
شادمانی و خۆشی لە مەجلیس ڕابرد
تازە کار لە کاری ترازایی کرد.
ئەوە ناردی لە دووی مەنسورخان
برادەری عەزیز سەرداری عێلان
گەورەی هەمەوەند، جاف و هامتیران(١)

---

(١) هامتیران: مامەحمەد دەیگوت نێوی تایەفەیە کە (؟) دەبێ هاو تیرە نەبێ یانی تیرە و تایەفەی لێک نیزیک؟

لەمەیان هەستاند بە زۆر دەزگیران
پیاوم لەوێ بوو بەشین و گریان
بەخاترجەمی بێ درۆ و بوختان
مەنسور بەگ وەک شێر کەوتە دڵهێشان
فرمێسکی چاوی، لەجگەر خوێن ڕێژان
مستی گرێ گرێ کرد، دای لە نێو چاوان
مردن خۆشترە لە حەسرەت ژیان
لە ئاو سەر کەمی و لە ئاخ هەڵکێشان
ئیعتیراز گرتنی عێل و سەر عێلان
بوو بە پەژارەم بەحسی ئاسیەخان
فرمێسکت نەیەن، گنجت نەبێ نێو چاوان.
دنیا چەندی ڕۆییوە، زیاتری ماوە
هەر بینا بیستت تۆڵەی ئەو ئەتکە کراوە
وەکو شێری تا بۆت بگرم سان
سەدای گەروەشین، خەنجەر لە برکان[١]
لە پشتی ڕکێفێ مەرد فرێدان.
گە بێتو پیاو نەمرێ و عومر ڕاببرێ
ژنیش لە مێردان ئێخسیر دەکرێ.
بۆچی وا کزی، ماتەت هەڵگرتووە
بۆ بڵێی حۆرییە و لە بەهەشت هاتووە!
مەیخە بەردڵت، مەیکە پەژارە
مەیکە خەیاڵی سوبح و ئێوارە
نێوبانگی تۆ لە عالەم دیارە

(١) برک: کەلەکە. هب.

خان قۆچی خان دەڵێی شێری بریندارە
ئەو ناڵە ناڵە و هاوار هاوارە
تازە ڕابردووە، چارت بێ چارە.
تۆ بە سلامەت بی، ئەگەر بمێنی تۆ
لەسەر تەڕەقی، دامەنیشە دەستە و ئەژنۆ
ئاسیەت بۆ دێنم لە وڵاتی هەڵشۆ
لە ژنان دەخەم گریان و ڕۆڕۆ
خوێن جاریە ببێ وەک جۆبار و جۆ
بە سەری مەردان پکەن شەقێن و گۆ.
کەسێک بترسێ لەو دنیای ڕەوان
وەکو نەڕە شێر پکەوێتە دڵهێشان
کەلاک نەکەوێ لە پیر و لە جوان
نانخواردنی حیزی ببێتە سندان
ببێتە ناسۆر، دەردی سەرەتان
مردن خۆشترە نەوەک ئین ژیان.
بە دڵخۆشی وی دانیشت بە ئیغیاری
بە لەبزی شیرین، بە خۆش ڕفتاری.
گوتی: لێی گەڕێ وەختی شادییە
ئاگا و فکری پاشەڕۆژی نییە
نازانێ سەری ئی بارستی گڵییە.
با خەبەر بدەین بە خزم و قەوم و کار
با حازر ببن پیادە لەگەڵ سوار
گوفتوگۆ پکەین بۆ کار و ڕفتار
بۆ پاشەڕۆژێ نەبین شەرمەزار.
کارێکی وا پکەین جێ بگرێتەوە

گە تەنەزول بین کار شین نابێتەوە.
بەڵکو بە چاکی ئەو کارە بکرێ
بە سەرکەوتویی بێت و ڕابرێ.
چۆن ئەو کارە بۆچی وا ڕابردووە
عەبداڵیان لە ئێمە موعتەبەرتر کردووە.
لە عەمری جەوانیم من ئینتیزار بووم
من بە ئاسیە خان زۆر منەتبار بووم
بە تیری دەستی من بریندار بووم
سێ سەت جەواهێر لە ڕێی ویم بەخشی
دەمگوت مەخسوود حاسڵ بوون هەڵبەتە دەبی.
نەمزانی حیلە و مەکر و عینوانە
حەوسەت شەکی کاڵم لە سەر ئەو قسەیە دانا
ئاسیە وەکو خەرمانی گوڵانە
تازە گۆڕ و قەبر بۆ من حازر بوو لە پاش ئەو قسانە.
نەماوە هیچ بەهانە و ئەرجو
سبحەینێ ناڵدار، هەر وەکو باڵدار
لێم وە خڕ دەبن دۆست و قەوم و کار
گوفتوگۆ دەکەین، قسە لەگەڵ ڕفتار
من پەیدا دەکەم باغی گوڵ و هەنار.
خان قۆچی خان خەبەری دا. خزم و قەوم و کار وەخڕبوون. کوتی: ئەمنیان بە هەویا کردووە، چەندم زەرەد لە سەر ئاسیەخان کێشاوە. ئیوا بوو دەیگوت، بابە تازە مەیکە خوێنڕێژی، ئی وا بوو دەیگوت شەڕی دەگەڵ دەکەم. هەر کەس بە عاقڵی خۆی قسێکی دەکرد.
ئەوە بووکیان برد بۆ عەبداڵ بەگ.
کاشماغا کەوتە هات و چوون

دوو سەت گۆساڵە بۆ گاووگەردوون.
سەت مەڕیان هێنا لە پێش ئاسیە خان
پاکیان سەر بڕی، کەلاک بۆ فەقیران
بوو بە شادمانی، بە خەڵات بەخشان
هەر وەکو ڕۆژی ئاخری زەمان
قریوەی پێکەنین، ناسک جەمینان[١]
قرخی قەیچی پاچ لە سایەی زولفان
چلۆن تێک ڕژابوون کچ لەگەڵ ژنان
گەردن وەک ئاسک، سنگ وەکو دووکان
با ڕەشبەڵەک بێ، پیر هەتاکو جوان
شادمانی و خۆشی، خەڵک پکا سەیران
تەیر لە عاسمان باڵیان دەشکان
لە بەر عەیش و نۆش، نەقارە لێدان
ڕێزی هەڵپەڕین خانم و خاتوونان.
ئەی لەگەڵ تۆمە دنیای بێ سەمەر
گەلێک بێ بەقای، بۆ کەس ناچییە سەر.
چومکە بە عومری خودایە
هەموومان دەچین بە بادی فەنایە
ڕۆژێک ئەگەر هات، ئەو ڕۆژە نایە[٢]
ئەوە داوەتی خۆیان گرت بە سەد شادمانی. دیارە کابرا ئەوە ژنی هێنا.
ئەو جار من لەگەڵ تۆمە مەردی ڕەند و مەند
ئەو حامیلە بوو بە ئەحمەدی شەنگ.

---

(١) جەمین: دەبێ جەبین بێ یانی نێوچاوان.

(٢) ڕۆژێک کە ڕابرد، تازە ئەو ڕۆژە ناگەڕێتەوە. من وای بۆ دەچم.

نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ بە سەر چووە

خودا ڕەحمەتی کرد، ئەو کوڕی بووە.

سەت شەکی یەک ددان، ئەوی خەبەر دەدا

کاشماغا سەت شەکی یەک ددان مزگێنی دەدا.

عولەما بانگ کەن بە شادمانی

بەکام ڕەوایی، بۆ نێو لێنانی.

بە قورعە کێشان، دڵت نەگرێ لەنگ

وەدەر دەکەوت بە ئەحمەدی شەنگ.

بە عومری ڕەحیم پادشای جەبار

چەند ساڵ ڕادەبرد لەیل تا نەهار.

عومری ئێستاکە لە سێ ساڵان بوو

ئێگجار لەتیف و مەحبووب و جوان بوو

بە شان و شەوکەت وەک قارەمان بوو.

لێی وەخرِ دەبوون خزم و قەوم و کار

ئەگەر دەیاندی ئاکار و ڕفتار.

وەک عاقڵمەندان، هەر وەکو چازان

گوفتوگۆی شیرین، هەر وەکو لوقمان.

کوتیان: ئەو جوانی شیرین، ئەو چاو کاڵە

ئەو نۆ ڕەسیدە، ئەو مێرمنداڵە

ئیشەڵڵا ساحێب بەخت و ئیقباڵە.

لە عەمری هەشت ساڵانیدا تەواوی سەردار عێل یەگجار زۆر پەسەندیان کرد. ئەوە خان قۆچی خان با هەر وەک ماری بریندار بکولێتەوە. لە عەمری هەشت ساڵەی عەبداڵ بەگ مرد، ئاسیە خان بە میرات بەجێ ما.

کاشماغا هەچەند ئاسیە خانی دە دیت بێ جندۆکە شێت دەبوو! کوتی: ئەمن و ئەو برایە یەک ماڵ بووین، برایەتیمان زۆر خۆش بوو. مردنیش

مەوجودییەتی لە هەموو کەسدا هەیە، هیچ کەس نییە ئەگەر شەربەتی مەرگ وەرنەگرێ. ئەو برایەی من مرد، پشتی منی شکاند. ئەلعانیش حەز ناکەم ماڵەکەی بڵاو بێ. ئەحمەد کوڕێکی زۆر هەڵکەوتە و ڕەشید دەبێ ئەگەر لەسەر خانەوادەی بابی گەورەبێ. ئێمە دوژمنمان زۆرە، کارێکی وا مەکە ئەو ماڵە بڵاو بێ و لێک دوور کەوینەوە. مێردم پێ پکە تا ئەو کوڕە بە ناز گەورە بێ، نەشکێتەوە. جێگای بابی بگرێتەوە و دوژمن زەفەرمان پێ نەبا.(١)

ئاسیە خان کوتی: دیارە من جحێڵم، مێردم پیر بوو، مێردم پێ کرد. ئەمان دوای وی ئەمن ئەحمەدی شەنگ نابەم دە ماڵێکی دیکەوە، نە مێردی دەکەمەوە و نەمێردی پێ دەکەم. پێی بڵێن چۆن دڵی بڕوای دا ئەو قسەیە پکا!

بەڵێ جارێک، دوو جار، سێ جار، لێی ڕاسپارد. جوابی نەداوە. کوتی: مێردی پێ ناکەم، کوڕی خۆم بە سەغیری نابەمە سەر کەس.

کاشماغا زۆر پیر ببوو، جا کوتی: بە ئاسیە خان بڵێن: ئەمن دڵم بڕوا نادا، دەترسم مێرد بە ئێکی دیکە پکا. ئاسیە خان ڕای ئەسپارد، کوتی: سەنیری خاترجەمی وەبن سەرت دە ئەمن مێرد ناکەمەوە، ئەگەر مێردم کرباوە بەوم دەکرد.

کاشماغا کوتی: ئەمن دەچمە جێگایەکی دیکە، دڵم بڕوایە نادا لێرەکانە بمێنم. حازریشم بۆ هەموو هەق و حیسابێک، بۆ جوابدانەوەی دۆست و دوژمن. ئاسیە خان کوتی: بۆ هەر جێگایەکی کەیفی لێیە، دەچێ، پچێ.

دیانان هەیە، کاشماغا چووە دەشتە دیانان، هەڵشۆی بۆ وان بەجێ هێشت. کاشماغا دایم سەت کەسی دەگەڵ بوو، پاکی خەنجەری بەری ماهی بوو.

ئەحمەدی شەنگ، دوژمن جگەرداریش بوویایە نەیدەتوانی تەماحی تێ پکا. تەواوی خزم و تایەفەی خۆی لێی وەخڕبوون، لە جێی بابی بە گەورەیان دانا. قەراریان دانا کەس لەقسەی نەچێتە دەر.

---

(١) کاشماغا ئەم قسانەی لێ ڕاسپاردبوو، لە ئاسیەخان.

پیاوەتی و ئازایی چل جاران لە بابی زیاتر بوو. تەواوی تایەفە ئیفتیخاریان پێ دەکرد. لە موسڵێ ئەگەر کوتبایان ئەحمەدی شەنگ هات، منداڵ لە ترسان ژیر دەبۆوە. جوانچاکێک بوو وەک یۆسفی میسرێ. تیرەندازێک بوو وەک سوڵتان سەید وەقاز. ئاقڵێک بوو هەر نەخشێکی ئەحمەدی شەنگ بیکێشابایە قەت ڕەد نەدەبۆوە.

کاشماغا کچێکی بوو نێوی جەواهێر بوو. کاشماغا مامی ئەحمەدی شەنگ بوو، گەورەی بوو، ئەحمەدی شەنگ هاتوچۆی دەکرد. ئەما ئەو حەلی ئەگەر کاشماغا لە هەڵشۆیە بوو ئەحمەدی شەنگ منداڵ بوو، شوناسێکی بە جەواهێر نەبوو. ئەگەر مامی چوو بۆ دیانان ئەحمەدی شەنگ منداڵ بوو.

جارێکی لە جاران ئەحمەدی شەنگ چوو سەری مامی بدا، پەنجا کەسی دەگەڵ بوو، پاکی سەقاوی[1] زێڕ بوو، پاکی پەڕی تاوسی بە سەرەوە بوو.

مەڕ هاتبۆوە پایزە هەوارێ، ئەو جەواهێرە دەگەڵ کچان هاتبووە مەڕی. دەگەڵ کوڕە کە ئێکتریان چاک نەدەناسی. ئەگەر ئەحمەدی شەنگ چاوی پێ کەوت، کوتی: دەبێ ئەو کچە کێ بێ بە چاو شەڕ دەکا، دەڵێی سامڕەندە دەڕوا ! – عارەق هاتبووە سەر نێو چاوانی – ئەگەر سوارەکان هاتن، بێرییەکان کلاڕێ بوون.

کچێک ڕاوەستا، ورینگەی عارەقە لەسەر نێو چاوانی کەوتبوو، دەتگوت عەترە و ئاونگە لەسەر گوڵ نیشتووە. ئەحمەدی شەنگ پرسیاری لە کچەکە کرد، کوتی:

کیژێ کیژی کێیە

مەمکۆڵەت تازە خڕ کردووە و دەڵێی هەرمێیە

جوانچاکی، گە مەجرووم بۆی شێت ببوو، دەڵێی لەیلییە

---

(١) سەقاو: مامەحمەد، بە هەڵەی بەکار دەبا، بە ئاوزەنگی یان بە شێک لەوی، پێی دەڵێ سەقاو. بڕوانە: سەعید و میر سێوەدین بەگ، ل ٥٦٥ ٢١٦. لە دەستخەتەکەدا لە سەرم نووسیوە: ركاب.

کوڵمەت دەڵێی مەلای ماوەران[1] لێی نووسیوە، خاڵ لێی بووە بە ئەلف و بە بێیە

نابەڵەدم، پرسیارێکت لێ دەکەم، مەڵێ تەمەشای ئەو کابرایە چەند بێ ڕێ و جێیە

ئەو کیژی کەنار دەڕوا، ئەبرۆی کردووە بە قەنارە و زولفی کردووە بەسێ دارە

مەستە، شل و ملە، چاوی زۆر بە خومارە
دەنازێ بە گۆ و کرمەک و قۆیتاس و گوارە
مانگە لە عاسمان هەلات، لە هەموو کەسڕا دیارە
لەبەریدایە کراسێکی عەسڵە خاسە ڕەنگی چەتارە
ئەوە کێیە ئەو کیژی، ساحێب شەفاف و نازدارە؟
کوتی: ئەوە گوڵی کوێستانە، گیابەند و خاوە وا ساحێب بۆیە
ئەبرۆی خەدەنگە، قاتڵی پیاوی وەک تۆیە
ئەوە جەواهێری کاشماغایە، قەدیم خەڵکی هەڵشۆیە.
بۆی شێت بوون چەند پیر و چەند جوانمێرە
کوڵمەی شەفافدارە وەک گوڵە جووت و وەک کەنێرە
بولبول دایمە لە سەر گوڵە، بە خوێندنی گوڵان فێرە
ئەگەر نایناسی ئەوە کچی کاشماغایە و جەواهێرە.
ببینە، دەڵێی گوڵی کوێستانە و تازەکانە شکۆفەی داوە و سور بووە
دەڵێی بەفری کوێستانێیە و خوێنیان بەسەردا ڕژتووە
دەڵێی کۆتری تەقڵەبازە و هێلانەی لێ ون بووە
دەڵێی ماهی دەلیایە و ڕاوکەری دیتووە

---

(١) ماوەران، دوو دێ بوو، لە عێڕاقێ، بەعسی وێرانی کردن دەگەڵ زۆر جێی دیش. هـب.

ئەوە جەواهێرە و نێوی خۆی خەسار نەکردووە.

ئەحمەدی شەنگ ئەو جار بانگی جەواهێرێ دەکا:

کوتی کیژێ کیژێ بۆ کلارێ بووی ئەوەتی ئەو سوارانەت دیتووە

سنگت دەڵێی بەفری هەواری بێریانە تازەکانە خاڵ خاڵ بووە

بەژنت دەڵێی غەڵفی یەک ساڵەیە، بە عومری هەق دەستی ئیلاهی بڵند بووە

چاوێکت دەڵێی کۆیە و چاوێکت دەڵێی تەرازووە

کەسێکی خەواڵو بێ هەڵدەستێ، دەڵێ ڕۆژ درەنگە یانە زووە

کوڵمەت دەڵێی بەفری دوو هاچە و بڵکیسە تازەی تاو وێ کەوتووە

زولفت دەڵێی ڕەشە ڕیحانەیە و بەشەواوییان داشتووە

حـــەزێ دەکــەم ئـەگــەر چاوم پێت پکەوێ، نەڵێن ئەحـــمـــەدی شــەنگ ئەو حەسرەتەی بۆ قیامەت بردووە.

کیژێ پەڕ بە سەر، گراوێ بابم، بۆچی من بانگم کردی و تۆ گورگاوڕێکت لە من نەداوە

سنگت دەڵێی کوپەی هەنگوینە و ڕەواقی شیرنی تێ چڕژاوە

مەمکۆڵەت دەڵێی هەنارە و ئێستا هیچ کەس دەستی لێ نەداوە

خۆ من تەشەخوسم نایەنێ هەموو کەس بدوێنم، مەیل و ڕوحم و ئەرکانم بەتۆ داوە

لەبزێکی شیرنت با لێ ببیەم، دەمت دەڵێی شوشەی گوڵاوە

نەبادا ئازارێک بگرم، حەکیمان بڵێن: دەرمانی دەردی کەسکونمان[١] پێ نەماوە.

کیژێ بەلەک زەرد کوڵمەت دەڵێی گێلاسە

لەشان و ملی تۆ شیرنە ئەو گوارە و کرمەک و قۆیتاسە

ماچی سەر کوڵمەت پێم مەزەدارە، تامی هەر وەکو ڕێواسە

---

(١) دەردی کەسکون: دەردی بێ دەرمان.

تۆش حەسرەتت مەبە بن گڵی چاکم بناسە.

ئەمن دیارە لە عەمری شەفافیدام، عەسڵی وەختمە، نۆ جەوانم

هەڵبەت بۆیە ئەتۆ دەدوێنم لە خۆم ڕادەبینم و دەتوانم

بە جوانی یۆسفی میسرێ و بەشوجاعەت و ڕەشیدی قارەمانم

تیرەندازی، تیرێکت هاویشتۆتە مابەینی دڵ و برکانم

ئەمن ئەحمەدی شەنگم، کوڕی ئاسیە خانم.

ئەرێ کیژەکەی بەلەک سپییە

سەری منت ببێتەوە بە قوربانی سەرییە

جوانی وەک تۆ لە هیچ عێل و عێلباشێک نییە

نێوی خۆتم پێ بڵێ، لەکن من دەبێتە دیانەت و دیارییە.

جەواهێر بانگی دەکا، دەڵێ:

سوارەکەی نازانم نەمیرە و نە بەگلەرە

پەنجا کەست دەگەڵن هێندێکیان تەتەرن، هێندێکیان پێیان دەڵێن نۆکەرە

نۆکەر لەکن ئاغای خۆی دایمە دەزنەزەرە

هەمووی پۆڕی بەڵەکن، پەڕی تاوس و لە سەرە

لە بەرامبەر دوژمنی خۆت قەت نەبی مەحکووم و سەر لە بەرە

سواری وەک تۆم نەدیوە، هێندێک دەڵێن فەرامەرزی سپاسالارە، هێندێکیش دەڵێن برزوی شێر هەژدەرە

هێندێک دەڵێن بێژەنی دێوبەندە، وا گۆ لە مەیدان دەرکەرە

میوانی کاشماغا دەبی ئەو حەلە دەزانی باس چییە لەگەڵ خەبەرە.

سوارەکەی سوار بووی لە جوانوولەی سێ ساڵە

لە شانی خۆت کردووە ڕمبی دەمڕەشی هەژدەقەفی، قەرە بینات لە قەبرغەی کردووە، لەبن هەنگڵت شیر و حەمایاڵە

نۆجوانی، هێندێک دەڵێن سێوی نەگەییوە و هێندێک دەڵێن هەڵووچەی کاڵە

خوداوەندی میری مەزن تۆفیقت بدا لە بەخت و لە ئیقباڵە

مەحکوومی دوژمن نەبی، دانەنیشی دەستە و ئەژنۆ و بەگەرووی تاڵە
هەور لە عاسمانێ هۆدە هۆدەیە و گەواڵ گەواڵە
قسمەتی تۆیە ئەگەر مایل بی، بڕۆ لە سەر ئەو قسەیە مەناڵە.
سوارەکەی سوار بووی لە وڵاغەکەی عەسڵە شێرخەزاڵییە
دیارە میوانی کاشماغای و لەو دادەبەزی بە میوانییە
نێوبانگی تۆم بیستووە ئەما چاک شوناسیم پێت نییە
هەچ کەسێک تۆ خۆشت بوێ، ئەو دەبێ زۆر مەمنوون بێ و بەمنەتبارییە
لە پێشەوە بڕۆ ئەتۆ، قسەکردنی ڕێگایە عەیبە، شورەیییە
هەڵبەتە پیاو پچێتە باغی لە هەرمێ و سێو و هەنار بەشی هەیە، بێ بەش نییە
گەردنت بۆ دەکەم بە کارخانەی سمایل پاشا، چاوت بۆ دەکەم بە ئەستێرەی زۆرە و موشتەرییە
زووتر نێوبانگی تۆم بیستووە، دەڵێن مەردی وەک ئەحمەدی شەنگ لەو دنیا پانەیدا نییە
هیچ کەس ناتوانێ زەفەری پێ بەرێ، لە پێشی ڕابوەستێ بە دوژمنی و دوژمنایەتییە
حەزێ دەکەم، جەسارەتە، بڕۆی و لێم پکەی خودا حافیزییە.
ئەوە ئەحمەدی شەنگ دەڕوا، بەندێکی پێ دەڵێ:
کیژێ یایداشتی کە[1] ئەو قسەیە نەکەی بە پنهانە
سنگت دوکان و بازاڕە و گەردنت لەمن کردووە بە کارخانە
ئەمبەر ئەوبەر لە سەر کوڵمەت داناون زنجیرەی دە زولفانە
کوڵمەت لە دوور دایسێ، هێندێک دەڵێن ئاورە و هێندێک دەڵێن سوور گوڵی کوێستانە

---

(١) بینووسە، لەبیرت بێ.

لەبزت زۆر شیرنە، ئەمنت ببم بە قوربانی خاڵی نێو سینە و مەمكانە

دەست هەڵناگرم لە بەژنێكە باریک، خاترجەم بە، مەگەر گۆڕ بەرمەوە گۆڕخانە

زۆر كەسیشم وا دیوە، بە بێ مرادی بردوویانە بۆ قەبرانە

ئەوە ئەحمەدی شەنگ ڕۆیی. خەبەریان بە كاشماغا دا، كوتیان: برازات هات. كاشماغا بە عالەمێكی زۆرەوە بە پیرییەوە چوو. كاشماغا كوتی:

ئەمن شوكرانە دەبژێرم لە بەر ئەو خودایە

ئەگەر نەسلی ئێمە پیاوی وا مەرد و شێری تێدایە

دوژمن لە مێژە خەریكی حەول و تەقەلایە

دەزانێ چارە و عیلاجی شێری زەردی پێ نایە.

ئەوبەر ئەوبەر ڕاوەستان خزمەتكار و نۆكەرە

لە پێشی دەهات و دەچوون نازر و عەمر بەرە

بۆیان ئاواڵە دەكرد دەری ماڵێ و ئی پەنجەرە.

ئەوە ئەحمەدی شەنگ قەراری گرت و دانیشت.

خان قۆچی خان كچێكی بوو، نێوی فەرەج خاتوون بوو، ئەما:

عەجیب تێل بەسەر

چار شێوت لادە و خەرجت كەوتە سەر.

گوفتوگۆ كرا، ئێستا باسی جەواهێری كاشماغا نەكرابوو، كاشماغا كوتی: ڕۆڵە خان قۆچی خانی گێلان گێسییان دوژمنی ئێمەیە، چی پێ نەكراوە، ئەما حەسرەتێكم هەیە، ئاخ ئەو حەسرەتەم نەبردایەتە بن گڵێ! كوتی دوێنی ژاڵە بەگی كامەریان میوانی من بووە، یەک تاریفی فەرەج خاتوونی بۆ كردووم سەرم سوڕ ماوە! ئەو فەرەج خاتوونە وەكو زولەیخای مسیرێ جوانچاكە.(١)

ئەلعانیش وەكو تۆ دەبینم سەری منت ببێتەوە بە قوربانی سەرە

---

(١) فەرەج خاتوون، كچی خان قۆچی خانی گێلان گێسی بوو.

مەگە جارێکی لە جاران دیبێتم و بیستبێتم گە سوار دەبوو بۆ خەزایە ئیمامی هەیدەرە

زۆر پێشم خۆش بوو گە پەنجا سوارت دەگەڵە و پاکی پەڕ بەسەرە

دوژمن لە حاستی تۆ بێ دەسەڵاتە و دەستەونەزەرە.

ئەگەر بێتو ئەو فەرەج خاتوونە، ئی تۆ بێ، لە دنیایەدا نێوبانگی ئێمە پێنج هەزار ساڵی دیکە دەگێڕنەوە.

کاشماغا هێندە پیر بوو قولاپی لە پیلوی چاوی دەدا، هەتا وەکو چرچی لاچێ و چاوی ببینێ.

ئەحمەدی شەنگ کوتی: مامە ئەتۆ لە جێگای بابی، جا کابرایەکی هەر دەگەڵ بابم دوژمنایەتی بووبێ، جا چۆن ئەمن ئەو کچە بخوازم و ئیدعای پکەم؟

جا ئەوە کاشماغا دەڵێ: چۆن جەوهەرت وایە! لە دنیایەدا نەمێنی

یان تەواوی دەوڵەت و ماڵی من دەسووتێنی یا سەری خۆت دەدۆڕێنی

یان بە دەستی زوڵم ڕای دەکێشی، لە خان قۆچی خانی گێلان گێسییانی دەستێنی

یان خوێنی حەو سەت کەس لە دۆڵی هەڵشۆیە دەپرژێنی

بۆ تەماتە تۆ کچی دوژمن بە خۆشی بێنی

دەبێ حەو سەت کەس دە خوێنێدا بگەوزێنی

جائەو حەلە بە زۆری، نێو و نێوبانگی خۆت دەستێنی.

پیاو بمرێ نە وەک بەر تەقەبوڵ بێ بە دوژمنێکی ئەگەر دایمە لە دوای سەرت بگەڕێ

لە کاری وادا دەبێ خوێن بێتە گۆڕێ، بە جەنگ و بە دەعوا و بە شەڕێ.

ئەوە کاشماغا تانووتی لێ دا. ئەحمەدی شەنگ پێی گوت، کوتی:

ئەوە دوژمنێکە لە زەمانی بابییە

ئەمن بەڵەدیم بە ڕێ و شوێنی خان قۆچی خانی گێلان گێسییان نییە

ئەماقسێکت پێ کوتم، دڵت بریندار کردم، دەرمانی ئەو برینەی نییە
قەستەم بە وەی کەم ئەگەر هەق دەستی ئیلاهییە
عومر تەقازا پکا و سەر نەبەمەوە بن بارستی گڵییە
فەرەج خاتوونت بۆ دێنمە هەڵشۆیە بە شادمانی و بە خۆشییە.

ئاسیە خان لەقەبێکی بو گولانیان پێ دەگوت. کاشماغا بە ئەحمەدی شەنگی گوت: بنێرە گولان بێ، چاوم پێی پکەوێ، تەگبیرێک بۆ ئەو کارە پکەین، ئەوە ناردیان لە دووی.

ئەحمەدی شەنگ خەبەری بە دایکی دا، کوتی: دایە! ئەتۆ، دایکیشمی و لە جێی بابیشمی. حەزێ دەکەم بێی بۆ دیانان تەگبیرێکمان هەیە.

ئەویش کورەکەی هێندە خۆش دەویست، قەت دڵی نەشکاندبوو. ئەوە بیست کەژاوەی زێو و زێڕ حازر کرا، گولان بە بیست کڵفەتانەوە ئەوە هات بۆ ماڵە کاشماغا. جا دایکی ئەگەر هاتە وێ دەستیان کرد بەقسە.

جەواهێر دایمە دڵی دەیکوتا لە سوێی ئەحمەدی شەنگ. ئەحمەدی شەنگ جارێ هیچ قسەی لێ نەکردبوو. ئەگەر دایکی ئەحمەدی شەنگ هات بۆ ماڵە کاشماغا، جەواهێر ئەوی حاڵی کرد و کوتی:

ئاسیە خانە و لەقەبی گولانە
گەورەی ماڵە خۆیەتی، ئیختیاریشی هەیە لە ماڵە باب و باوانە
ئەگەر ساڵ وەرگەڕا، مانگێک دێ، بەو دەڵێن: مانگی ڕەمەزانە
خەڵکی گە بە ڕۆژو بوو، هەر چاوەڕێی بانگی شەوانە
ئەمنیش زۆر چاوەڕێی قسەیەکم ئەگەر بە منی کوتووە ئەوەی لە ئێمە میوانە
هاچەری دڵی من بە تۆیە، ئەمنت ببم بە قوربانی زنجیرەی دە زولفانە
لە عاقڵ و کەماڵ و عەدەب و جوانیم پکە ئیمتیحانە
ئەمن زۆر ئارەزووی ئەحمەدی شەنگم هەیە، تاقە کەرەتێکم دیوە بەو دووچاوانە
حەیام لە ڕووی هەڵگیراوە بۆیە ئەو قسە ناکەمەوە بە دیانەت و بە پنهانە.

دایکی ئەحمەدی شەنگ ئەگەر وای چاو پێ کەوت، کوتی: کەسێکی بۆ خۆی داوتەڵەب بێ زۆر کارێکی چاکە. ئێستا دایکەکەی قسەی لێ نەکردبوو، هەڵڵا هەڵڵا و گرمەگرم پەیدا بوو، چل کەس بە گریان و واوەیلا ئیجازەیان وەرگرت بۆ کن کاشماغا، کوتیان: خان قۆچی خانی گێلان گێسییان هاتۆتە سەرمان، مەڕیان بردووین و چادر و چیغیان لێ تێک داوین، دە پازدە کەسێکیشیان لەمە کوشتووە و بریندار کردووە.

ئەحمەدی شەنگ لەو مەجلیسەدا بوو. تایەفە و خزم و قەوم و کار هەموو لەوێ بوون، هاتنە سەر حازر بوون. گوڵان کوتی ڕۆژی ئەوە نییە شەڕ پکەین و بە کێشە بێین. گوڵان بە تەواوی، زەرەرەکەی بۆ بژاردن، کوتی: وەختی ئەوە نییە شەڕ پکەین، کار بە مروور دەکرێ. قبووڵیشیان کرد، کوتیان: ڕاست دەکا.

دایکی ئەحمەدی شەنگ قسەی لە جەواهێر کرد، ئەو کابرایانەش تازە هاتبوون وایان کوتبوو. ئەحمەدی شەنگ کوتی: قەستەم بە ئەبەدی خودای ئەمن جەواهێرم زۆر خۆش دەوێ، ئەمما هەتا کچی خان قۆچی خان بە دەستی زوڵم نەیەنم و بە دەستی زۆر ڕای نەکێشم، جەواهێر ناخوازم و باسی ناکەم.

جەواهێریان حاڵی کرد، کوتیان: پەلەکوتە مەکە. جەواهێر ئاهی ساردی لە دەروونی هاتە دەرێ! کوتیان خاترجەم بەئی وی، بەڵام ئێستاکانە کارێکی وا دەگۆڕێدایە، پەلەی ناوێ.

وەی کوتی: بەدبەختم! بۆچی ئەمن چم
حاجی پەلە دەکەن بۆ ئاوی زمزم
دەبێ ئەمن لە دنیایەدا بۆوی ببم؟
جەواهێر دەڵێ سوبحانەڵڵا کاری وا خودا دەیکا
شەو و ڕۆژ دەکەم واوەیلا
پەروانە زوو بگاتە چرا
موقەدەر تەئخیری تێ دەخا.

ئەوە کارەکە گوزەشتەی کرد. چل شەو میوانی کاشماغای بوون. لە چل شەوەیدا ئەحمەدی شەنگ بە کاشماغای کوت: ئەمن دەڕۆمەوە، ئەو ئەتکەی خان قۆچی خانم لە بیرناچێ، هەر سەعاتەی خەبەرم دایەی لەشکرم بۆ سازکە.

پێنج خاڵی هەبوو ئەحمەدی شەنگ. دەنێو خاڵەکانیدا، مەخسود بەگ لە هەر چوار براکانی دیکە گەورەتر بوو. ئەگەر هاتنەوە نیزیکی ئەوە بىن پچنەوە ماڵە خۆیان، دایکی کوتی: ڕۆڵە مەخسوود بەگ لێمان نیزیکە سەرێکی نەدەین؟

جا ئەحمەدی شەنگ کوتی: سەری دەدەین، خاڵم بێ تیرە[1] (چیزە؟)، لە شەو گوردی سەت سوار ناکشێ، پەنجا سوارم دەگەڵە، مامیشم پەنجای دەگەڵ خستووم، سوارەکان بە ڕێ دەکەمەوە هەڵشۆیە، ئێمە بۆ خۆمان دەچین.

ڕێ و شوێنی بە سوارەکان پیشان دا، بڕۆنەوە، هەرچەند حەولیان دا هێندێک لە سوارەکان دەگەڵ خۆی بەرێ فایدەی نەبوو . کوتی: نا نیزیکە، ماڵە خاڵمە، سبەی، دوو سبەی، سێ سبەی دێمەوە. ئەوانی ناردەوە و لەگەڵ دایکی هاتە ماڵە خاڵی.

سواری جووانو ماینێکی ببوو هەر پەلەی سێ هەزار تمەنی دێنا. دەگەڵ دایکی هاتە ماڵە خاڵی. خاڵی زۆری پێ گوت، کوتی: پیاوی وەکو تۆ چۆن دەبێ بەتەنێ بێ. دانیشت، سێ ڕۆژان لەوێ بوو.

کەس لە چاکە و خراپەی دنیا ناگا. جا لە هاتنەوەیدا خان قۆچی خانی گێلان گێسییان هەشتا کەسی دەگەڵ بوو، لەکن خەڵکی کوتی: دەچمە سەفەرێ، دە دڵی خۆشیدا کوتی دەچم بە سەر ئەحمەدی شەنگ دادەدەم. دایکی بە تالان دێنم.

دیوتە وە دوای تالان و بڕۆکە نە کەوتن، خان قۆچی خان کوتی ئەحمەدی

(١) مانای ئەوەم لە مامەحمەدی پرسیوە، کوتی: دەستی ناڕوا، سەت سواری لێ میوان بێ.

شەنگ بێ دەسەڵاتە، دەچم دایکی بە تاڵان دێنم.

لە دەرەی هەیهاتێ خان قۆچی خان توشی ئەحمەدی شەنگ و دایکی بوو. دەرەی هەیهاتێ لە عێراقێ ئەلعانیش هەر ماوە، خاک و عەرز نافەوتێ، بنی ئادەمە لە سەر دونیایە لادەچێ. چۆمی بەلکێ و هەیهاتێ لە ناوچەی هەڵشۆ و هەنارێدایە.

ئەگەر ئەحمەدی شەنگ نیزیک بوو، خان قۆچی خان کوتی: ئەشەدوبیللا ئەوە ئەحمەدی شەنگە و گولانیشە لەگەڵی. خان قۆچی خان کوتی: بابە! ئەحمەدی شەنگ پیاوێکی بە کار و دەسکەرەوەیە، بێ عەدەبێ نەکەن، بە بێ عەدەبی نەبزوونەوە، ڕابووەستن، ئەوی ئێمە لێی دەگەڕاین ئەوە دەگەڵیەتی.

خان قۆچی خان کوتی: بەوەی کەم ئەگەر دنیا ڕادەگرێ

پێنج هەزار سوار کۆستە و کامەری ناتوانن پێش بە ئەحمەدی شەنگ بگرن، ئەوی پێشی پێ بگرێ لە دنیایە عومری ڕادەبرێ.

بە عاقڵ پیاو بدوێنە

دوژمنی خۆت بە هەنگوینی شیرن بخنکێنە

لەگەڵیەتی بەژنێ باریک و دوو چاوی شەهێنە

لە عەمری جوانیمەوە ئەمن عاشقم، ئەوە قسمەتی هەق دەستی ئیلاهی بۆ منی هێنا

تانووتم لێ بدەن، بڵێن: دایکی لێ بستێنە.

دوژمنایەتیمان بەرقەرار نەبێ، بیخەنە دواوە

پچنە پێشێ. بە زمانی فەسیح خان قۆچی خان دڵخۆشی داوە.

ڕەبی لە دنیایە قەت مەحتەل نەبی

خەیاڵم نییە چی دیکەت لەگەڵ پکەم دوژمنایەتی

من دێمە ماڵت بە ئاشنایەتی و بە دۆستایەتی.

خودا لێت تێک نەدا سواری ڕەنگینت

شەماڵ و زریان نەدرێ لە خوانی زینت.

ئەگەر ئەحمەدی شەنگ و دایکی تەمەشایان کرد پیاوێکی وا مەزبوت وا بە

حیسابی هاته پێشێ، ئەوە دانیشتن. خۆراکی ئەو دەمی هەرچی هەبوو، خۆراک خۆرێکیان کرد.

ماینی ئەحمەدی شەنگ بە تەڵەب بوو. ئەسپی خان قۆچی خان کوێتێکی داوێن تاریک بوو، تەنزیلیان پێ دەگوت. دایکی بە ئەحمەدی شەنگی گوت: جانو ماینەکەت بە تەڵەبە، ئەگەر لە ئەسپی خان قۆچی خانی بیگرێ نەسلی وی چەند میلوێن دێنێ.

ئەگەر دوژمن هات و مولاقاتی دۆستایەتییان بوو، نێوانیان لە هەموو وەختێک خۆشتر دەبێ. ئەحمەدی شەنگ بە خان قۆچی خانی کوت: عەرزێکم لە خزمەتتدا هەیە. خان قۆچی خان کوتی: لە مڵک و ماڵ و داراییدا ئیختییارت هەیە، سەر نەبێ. ئەحمەدی شەنگ کوتی: حەزێ دەکەم ماینەکەم بە تەڵەبە، تەنزیلی باوێیەی.

خان قۆچی خان کوتی: حەزم دەکرد گەدایی پکەم، داوای تەواوی ئیختیار و دارایی منت کرد با، ئەو تەکلیفەت لێ نەکردبامایە. ئەسپ ئەگەر لە هاوینێدا بپەڕێ زۆر تەنەزول دەبێ – جاواشە – ئەلعانیش هاوینە، دیسانیش بە چاوان.

تەنزیلیش هێندە غروور بوو ئەگەر ڕکێفت لێ دابایە نۆ گەز قەڵەمبازی داویشت. ئەگەر جانو ماینی کلک بەیداغی گوێ مەقەستیان بۆ ڕاگرت لێی هات. دەستیان لە بەر زگی دا و مبارەک بادییان لێ کرد.

خان قۆچی خانی گێلان گێسییان پیێ کوت، کوتی: بابت زۆر پیاوێکی ڕەشید بوو ئەما بە خودای ئەتۆ چل هێندە لە بابت ڕەشیدتری. ئەگەر ئەتۆش نەبویایەی تەنزیلم نەداویشتە ولاغی کەس. ئەوە دستی دۆستایەتیم دایەی، ئەما هەتا نەیە ماڵە من ئەمن نایەمە ماڵە تۆ، چون ئەمن لە تۆ گەورەترم.

ئەوە خان قۆچی خان تەمەشای ئاسیە خان دەکا وەختە دڵی بۆی بتۆقێ. هێندێک دانیشتن، گوفتوگۆ کرا. ئەحمەدی شەنگ کوتی: تەشریفت بۆ هاتبووە چۆمی هەیهات و بەلکێ؟ خان قۆچی خان کوتی: تالانێکی عێلی ئەنگۆم کرد، پەشیمانیم کێشا، شەیتانم بە لەعنەت کرد، ئەو ماڵەی ئەگەر

بردوومه زایه نەکراوه، هاتووم خەبەرت بدەمێ بنێری ئەو ماڵه بەریەوه.

گوفتوگۆیان تەواو بوو. ئەحمەدی شەنگ هەستا سوار بوو. بە دایکی گوت: لەپشت ئەمن سوار بە وڵاغەکەی تۆ ئێختەرمە دەکەم. خان قۆچی خانیش کوتی: وڵاغەکەم بۆ حازر کەن، تەنگەی توند پکێشن، کارم هەیە.

لەگەڵ سوار بوو ئەحمەدی شەنگ، خودا حافیزی کرد، خان قۆچی خانیش سوار بوو. ئەگەر دەنگی وڵاغی دا، جارێ چل پوتی گڵ لە جێ سمی دەردەپەڕی. هات لە پشتی ئەحمەدی شەنگ قۆڵی گوڵانی گرت و هاویشتییە سەر ئەسپەکەی خۆی و ڕفاندی. لەشکرەکەش هەمووی سوار ببوو. ئیدی ئەگەر دەنگی تەنزیلی دا و ڕکێفی داهێنایە، وە دوای کەوت ئەحمەدی شەنگ.

خان قۆچی خان ئاوڕی لێ داوه کوتی: بە سەهو مەچۆ، بە خوڵای ڕکێف لە تەنزیل دەم بەسێ مانگان ئەتۆ بە سواریم ناگەیەی. بە بەری ئەو وڵاغە دەتوانی تۆڵەی خۆت پکەیەوه. ڕابووەستە، عەمری جووانیت بە زایە مەدە.

بردن و مەلا بانگ کردن و هەمووی یەک بوو، مارەی کرد. جا کوتی: خۆ ئەمن لە حەسرەتی تۆ مردم! ئەحمەدی شەنگیش هەچەند فکری لێ دەکرد، عیلاج پەزێری ئەو کارە نەبوو. خەبەری بە کاشماغادا. کاشماغا بە هەردک چەپۆک بە تەپڵی سەری خۆی دادا.

ئەنوەر بەگێک بوو خزمیان بوو، دەگەڵ ڕۆمیانیش هاتوچۆی دەکرد. ئەنوەربەگ کوتی: ئەو قسەیە دەبێ لێی بگەڕێن، هەتا بزانین ئەو وڵاغە گرتویەتی یان نا؟

وڵاغەکە گرتبووی، پاش سێزدە مانگان زا، جانووێکی بوو نێوییان نا «لەیلک». ئەو وڵاغە هەمیشە مەعموور و قەرەوڵی لە سەر بوو. لە وەختی زانێدا پەردەیان بۆ ڕاگرت هەتا جانووەکەی نەکەوێتە عەرزی. لەیلک گەیشتە حەد و سەدی گرتنێ، چابوک سواریان بۆ هێنا تەعلیمی بدا.

چابوک سوار ئەگەر بە لەیلکی تەعلیم دا و پێی کرد تەعلیم و ڕفتارە

لە گەلێک جێیان لەسەرەخۆ دەڕۆیی و لە گەلێک جێگایان ئەگەر دەیکردەوه بە وێڵغارە

ئەوی خۆ لە سەر پشتی لەیلکێ ڕاگرێ، بە وی دەڵێن: بەینەڵڵا! ئەوە سوارە

لە هەچ جێگایەکی دەڕۆیی، خەڵکی دەیانگوت: لەیلک بە باڵ فڕی، عاقڵمەند دەیانگوت: نەخێر ئەوە جێگا و شوێنی کۆلکە بزمارە.

جا ئەحمەدی شەنگ بۆ خۆی سواری بوو. لە وەیدا سێ چوار ساڵی پێ چوو. ئەوە دایکیشی ژنی خان قوچی خانی گێلان گێسییانە. ئەحمەدی شەنگ پرسیاری کرد، کوتی: عێلی خان قوچی خانی گێلان گێسییان دەبێ لە کوێ بێ؟ کوتیان: لە بەسمە و هەواری بێرییانە.

ئەحمەدی شەنگ شەوێ خەوی لێ نەدەکەوت، دەیگوت: تەواوی دونیا شەرم لەمن دەکا، ئەمیش دایکم خان قوچی خانی گێلان گێسییان بردوویەتی! کاری بە مروور بۆ خولای دەبێ، عەبد کوا دەتوانێ هێندە ڕا بووەستێ؟

جا ئەوە بۆ لەیلکی دروست کرد بو زینێکی پڕ بە قالب و سامۆتەی هەمووی ئاوریشمی خاوە

پێشی سەدەف ڕێزە و بە جەواهێرات نیشانەی هەژدیهای لێ دراوە

سەقاوی[1] بیست و یەک گرێی، چووزەی بە ژەهری مار ئاو دراوە

ئەمان دەستەجڵە و شیرنە ئەو دەست و لغاوە

هێندێک دەڵێن: نەخێر ماڵی تەلەسماتە و هێندێکیش دەڵێن: میراتە و بە جێ ماوە

قەدیم! وەستای چاکزان دەڵێن: ئەوە بۆ شەداد دروست کراوە

چومکە هیچ کەس دەو زەمانەدا لغاو و دەستەجڵەوی وای وەسەر ئەسپی نەخراوە.

قەرەبینایەکی دەمرەشی یازدە بڵێسەی گەروەشینی داودکارییە

سەت و یەک فیشەکی قەباغ سپی، سەر ڕەشی خوێناوییە

---

(١) سەقاو: دەپێشداش باسمان کرد. دەبێ مەبەستی مامزەبێ. مامزە ئاسنێکە لە پاش پانییەی چەکمە قایم دەکرێ، نووکی تیژی هەیە، لە تەڕادی ئەسپ دەدرێ بۆ لێخوڕین. هب.

قەرەبینای وا لە قەبرغەی هیچ مەرد و دلێرێکی دونیایەدا نییە
چل و یەک گەردن کەش و ئاڵەتی جەنگییە
بە دوور بێ لە چاوی بەدوو لە ڕێ و سەفەری هات و نەهاتییە
دەیانگوت لەو زەمانە پیاوی وامان نەدیوە و پیاوی وا نییە
لە وەزیر و ژێردەست و عەمەلەی خۆی دەکردەوە ماڵاوا و خوداحافیزییە
دەیگوت: بۆ ڕاوێ دەچم، ڕەفیقم لازم نییە
لەیلکیش باڵدارە، هێندێکیش دەڵێن: هەر لاقی لەسەر عەرزی نییە
تیر و کەوانێکی قابیلی وەستا خاڵەییە
پێشی تیری یاقووتی عەبدولحەسەنە و ئاتەگی ئەڵماسی سپییە
نییەتی خۆی وا دانا، دەیگوت: حەول و قەوەت بە ئیلاهییە
یان ئەو سەرەی هەمە دەیبەمەوە بن بارستی گڵییە
یان چی دیکە دانانیشم بەبەدبەختی و سەرلەبەرییە
لە مەجلیسان باسم دەکەن، دەڵێن: بێ دەسەڵاتە و دەسەڵاتی نییە
دایکی ئێخسیرە و خان قۆچی خان تەمەشای دەکا بە بێ کیفایەتییە
جا توخڵا چۆن مردن لەو ژیانە چاکتر نییە!

ئەوە هات ئەحمەدی شەنگ، کوتیشی: کەسم ناوێ، دەچمە ڕاوێ، کەسم ڕەفیق ناوێ.

کوتی: پەنا بە تۆ، ئەو دنیایەت وا داناوە
هەچ کەسێ لە ڕێگایەکەوە خەم و پەژارەی لە دڵی گووراوە
خۆ چاو نابینێ، بە عومری خودایە بیناهی ئەو دوو چاوە
فەتحێکم وەگیر کەوێ، بڵێن: تۆڵەی ئاسیە خان کراوە
دەنادەردی موفاجا بگرم، بڵێن: ئەحمەدی شەنگ نەماوە.

ئەوە ئەحمەدی شەنگ هات بۆ هەواری بێرییان. چادر لە سەران هەڵدرابوون. کانێکی لێ بوو وەک کانی کافووری مەغریبێ. فەرەج خاتوونیش ئەوە هاتبووە سەر کانێ.

ئەما بە باڵا بڵند و بەدەن شووش و باریک

جەماڵی ڕووناک بوو بە شەوی هەور و تاریک.

یەک دانە جەواهێراتی لەگەڵ بەدری بەحری، لەو نێو چاوانەی دابوو، بریقەی ئەو جەواهێرە ڕێی سێ ڕۆژان دەڕۆیی. زۆریش پاڵەوان بوو، چاوی لە جەنگ نەدەترسا. سەقەت جوانچاکێک بوو! هێندە جوانچاک بوو هەتا بابی خۆی دەیگوت: لە منی دوور خەنەوە، چاوم پێی نەکەوێ، دڵم غایلە دەکا!

دوو کوڕی جحێڵ ئەگەر هاتن چاویان بەئەحمەدی شەنگ کەوت و فەرەج خاتوونیش لە سەر کانێ بوو، بەئەحمەدی شەنگ دەڵێن:

سوارەکەی ئەگەر مەرکەبت قابیلە و بڵند و نەوی نازانی

سەری منت ببێتەوە بە قوربانی ڕکێف و ئاوزەنگی ڕەنگ قارەمانی

ڕێگات بۆ سەر کانی کافوورە، بێ خەبەری و چاک نازانی

با قسەیەکت پێ بڵێین بە دۆستایەتی و بە مەبخی و بە نیانی

شل ومل و سایەگەردن لە سەر کانییە، کچی خان قۆچی خانی گێلان گێسییانی

بەو سەر و سواری و ڕەنگ و شەباعەت[1] بە وێدا بڕۆی، ئیعتیڕازت لێ دەگرن عێل و عێلباش و پیاوی تێگەیشتوو و حاڵ زانی

چومکێ شەماڵ و زریان لە سایەی زولفانی نەداوە، ئەوە لەسەر کانێیە بە حوکمڕانی و بە خانومانی

کلاڕێ بە با بۆ تۆ نەبێتە بەدبەختی، ڕەنگ ئاغای ئەما بێ نۆکەر و بێ پشتیوانی

سبحەینێ نەوەکو مەجلیسی خان قۆچی خان حاڵی کەن بە درۆ و بەقسەی ڕەکیک و بوختانی

ئەوە بە دۆستایەتیمان پێ کوتی ئەگەر بۆ خۆت بزانی.

---

(١) شەباعەت: لە مامەحمە دیم پرسیوە، کوتی: جووانی. «صباحت» دێنێتە بیرئینسانی.

ئەحمەدی شەنگ ئەگەر زانی فەرەج خاتوون لەسەر ئاوەکەیە زۆری پێ خۆش بوو، لە کوڕەکان مەمنوون بوو، ئەوانیش نەیاندەوێرا لە ئاوە کە پچنە پێشێ. فەرەج خاتوون زنجیرەی زولفی لێ سێ بەنگی کرد بوو، لەسەر ئاوێ دەهات و دەچوو. ئەحمەدی شەنگ نە گەڕاوە، هات بۆ سەر کانێکە. جا ئەوە بەندێکی بانگ دەکا، دەڵێ:

کیژێ ڕوحم وەک تەیری تیژباڵ لە سەر قالبت دەگەڕێ و سەرم لەو کارەی مەحتەل ماوە

سنگت دەڵێی تەختی خونکاری ڕۆمێیە و تازە لە سەر وەستا کار هاتۆتەوە و تازە دروست کراوە

مەمکانت دەڵێی لیموێ کاڵن، باغەوان دەستی لێ نەداوە و نەژاکاوە

چاوت دەڵێی هەڵۆیە و سبحەینێ زووە، هەڵۆ ئیشتیای لە نچیر و لە ڕاوە

کاروانی حەمەداغای قۆجە موسڵێ بتدینێ(١)، بە بۆنی تۆ مەست دەبێ و دەڵێن: ئەو کاروانە گەڕاوە

ئەمنت دەمرمەوە لە بەر زنجیرەی زولفان، دەڵێی ئاوریشمی خاوە و نەئاڵۆزاوە

ئەمنت دەمرمەوە لە بەر بەژنێکە باریک گە کەمبەرەی سێ قەلات و سێ گۆت پێدا هێناوە

گۆی نێوە ڕاستێیان زمڕووتە و ئاڵتوونی شینە و لە مەملەکەتی حەڵەبێ دروست کراوە

ئەوی دیکەیان غاییبە، لە خەزێنەی نمروودە، بۆ تۆیان هێناوە

ئەوی دییان گەنجی خەزێنەی پادشای کەیخوسرەوە و میراتی پێنج هەزار ساڵەیە و بۆ تۆ بەجێ ماوە

کوتی: ئەمن سەفەریم و میوانی تۆم، ئیحتیاجیم بە تۆ چۆڕێک ئاوە

ئەوەتی تۆم دیوە تەکەلومم کەم بووە و لێم شل بووە هەنگاوە

---

(١) بتدینێ: بتبینێ، مامەحمەد جارجار وای دەگوت.

نازانم نەحۆری بە هەشتێیە و نەخوداوەندی میری مەزن لە سەر ئەو زەمینەی داناوە

داوای ئاوم لێ کردی، ئیعتیڕازم لێ مەگرە، ئەما گەردنی تۆ بۆ من قەنداوە، بەفراوە

بە خولای ڕێگای سێ ڕۆژ هاتووم، ئەما ئەگەر دیتم ئەو جووتە گۆشەی چاوە، ماندووم حەساوە

بە خۆت مەنازە وەڵڵا دڵم زۆر لە هێشە، لە ژانە، لە کاوە کاوە

دڵم هێند لە ژانە دەڵێی ماری عەبوبەکری سەدیق پێوەی داوە

ئەوە فەرەج خاتوون هازەی تۆق و تەلەسم و زێڕ و گوارە و کرمەک و ئاودەنگی و خەبەرچیانی دەکردەوە بڵاوە

بە سەر شانی چەپەیدا گورگاوڕێکی لێ دەداوە.

باز بوو، لە مەملەکەتی ئێمە بە بەرەگە دەیانگرت، ئەوە عافرە تەکەجوابی دەداوە، کوتی:

سوبحانەڵڵا هەچ قەل و خەرتەلێک بێ دێتە سەر ڕێگای بازی

دەبوو لە ڕێوە پێم بڵێی بەدووربی لە دەرد و لە بەلایە و گەلێک بە نازی

ئەتۆ لەیلەتولقەدری وا جوان و دڵخوازی

ئەبرۆت کردووە بە کەمەند و بە مژانگی چاوت دەکەیەوە تیرەندازی

هەچ شوان و گاوانێک هات دەبێ ئاو لە من بخوازی؟

ئەتۆ نازانی ئەمن بازم، سەقرم

سبحەینان شەهێنم، نیوەڕۆیان کۆترم

لە وەختی حوکمڕانیدا قەتڵ دەکەم، جابرم

چ قابیلەتی ئەوەت هەیە ئەمن بێنم ئاو لە پێش تۆ ڕابگرم؟

ئەحمەدی شەنگ دەڵێ: کیژێ کیژێ کیژێ سەری منت ببێتەوە بە قوربانی

دەزانم بازی، شەهێنی، تەڕلانی

دەزانم سەردارعێلی، حوکمڕانی

دەزانم ناسکی، شلکی، لە عومری چاردە سالانی
دەزانم برجی حیکمەتی خان قۆچی خانی گێلان گێسییانی
دەزانم شەمامەی حەوت ڕەنگی نۆڕەسیدی چوار بێستانی
دەزانم ئەگەر تۆ حوکم پکەی لە هەچ کەسێکی، دەیهێنییە سەر ڕۆژی قەتڵ و کوشتن و گیانکێشانی

جـا دڵت بڕوایی دەدا ئـەتۆ قـســە بە مـن بڵـێی بە لەبزی ڕەکـیک و هـیچ نەزانی؟

فەرەج خاتوون دەڵێی بازە و دەڵێی سەقرە

جـامێکی خـاسە ڕەنگی پڕ کرد لە ئاو و کـوتی: هـائەوە شـەربەتی مـەرگە و لێم وەرگرە.

پەنجەی دەڵێی ئەستێرەی سوهەیلە و لە چنگی ئافتابە
ئەحمەدی شەنگ کزە کزیەتی و جەرگی دەڵێی کەبابە.

ئەگەر فـەرەج خاتوون هـاتـە پێشێ تەمـەشای ئەحمـەدی شـەنگی کـرد، دیتی هیچ دایکێک کوڕی وای نەبووە، جوانچاکی بەو ئەندازەیە.

فەرەج خاتوون کوتی: سوبحانەڵڵا! با بە زمانی فەسیح میهرەبانی کەم
بە لوتف و خۆشی جانی جانی کەم.

جا کوتی: سوارەکەی بە دووربی لە دەرد و لە بەلایە
بە دووربی لە گێچەڵی دوژمن و لە هەڵڵا هەڵڵایە
لێرە ڕاپەڕە، من لێرەبم کەس بۆ سەر ئەو کانییە نایە
ئەڵڵاهومە سەللی عەلا محەممەد! لە نەخشی ئەو خودایە
ئەو دونیایە پیاوی وەک تۆی کەم تێدایە.

جا کوتی: کیژێ کیژێ بە لەنجە دەڵێی خاسە سییە
ئەمنت ببم بە قوربانی لێوێکە سورمەیی و دوو چاوی بەنگییە
نەدەبوو قسە دەگەڵ من پکەی بەناخۆشی و بەتاڵییە
چون غەریبم، شوناسیم بە کەسێک لەو چادر و چیغ و قەرە ڕەشمالانە نییە

هاتوومە کن تۆ بە دۆستایەتی و بە میوانییە
دڵشکاندنی غەریب خراپە، ڕۆژی قیامەت جوابت چییە؟
کوتی: لاوژە هەچەندی لە تۆ دەفکرم
میوانی وەکو تۆ لە سەر هەرتک چاوم ڕادەگرم
قسێکی کرد بێشت، ئیعتیرازت لێ ناگرم.
چومکە کار هەیە، قسە دێ و قسە دێنێ
پەروانە دەچێ بە شەم خۆی دەسوتێنێ.

ئاوەکەی بە دەستەوە بوو، ئەحمەدی شەنگ دەستی گرت هاویشتییە پشت پاشکۆی خۆی. قەرەسۆران و قەرەوڵ و کێشکچی لە وێ ڕاوەستابوون، کوتی: ئەمن ئەحمەدی شەنگم، بە خان قۆچی خانی گێلان گێسییان بڵێن ئەوە ئەحمەدی شەنگ هات و فەرەج خاتونی هەڵگرت.

پێی بە ڕکێفێوە نا، وەختایەکی وشیاربوونەوە، بە عاستەم تۆزی دیار بوو.

جا ئەگەر خان قۆچی خان وای زانی، بە هەردک چەپۆک بە سەر تەپڵی سەری خۆی دادا و لەڕانی خۆی دا. خزم و کەس بە خان قۆچی خانیان کوت: وە دوای مەکەوە، توشی زەحمەت دەبین، ڕۆژی خۆی هەقی خۆمان دەستێنین.

ئاخر ئەلعانیش هەر وایە، دایکەکەی، ئەگەر بوو بە و هەڵلایە، زگی بە کوڕەکەی سووتا. کچێکیشی لە عەبداڵ بەگ بوو، مێردی کردبوو. ئاسیە خان کوتی: ئەو کارە بە کار ناشێ، بەبێ کەسی کوڕەکەم دەکوژن. کاغەزێکی لە کوڕەکەی نووسی: کارێکی وا پکە ئەگەر بێمەوە کن تۆ، دوژمنایەتێکە زۆر گەورە بووە.

لە مابەینی شەش مانگاندا ڕەسیدەگییان پێ کرد، ئەحمەدی شەنگ دایکیشی ڕفاند و بردێوە بۆ هەڵشۆیە.

هەر کەسێ لە کراسی خۆیدا پیاوە. کوتیان دایکی بۆ بردەوە؟ جا کوتیان ئێمەش بزانین فەرەج خاتوون ناهێنینەوە و لێی بستێنینەوە؟ یان ڕەچەڵاکی دەردێنین یان ڕەچەڵاکمان دەردێنێ.

خـان قۆچی خـان و خـزم و کەسی هێنایان فکریان کرد: ژنێکی قسـەزان و بەمەکر و بەفێڵ و ڕەنگ جادوویان دیتەوە. ئەو ژنەیان نارد بۆ هەڵشۆیە.

ژنەتیو وەکو گای سکەچاک وا بوو! ژنێکی عاقڵ بوو. کوتی: خەڵکی لای موسڵێم، لێم قەوماوە، خانەوادەم، کۆنە بەگلەرم، جێگایەک ببێ دانیشم نوێژ و تاعەتی خۆم پکەم! ژنێکی خاوێن و قسەزان و وێچو بوو.

ئەحـمـەدی شـەنگ داخـیلـی مـاڵە خـۆی کـرد، کـوتی: ژنێکی کـاربینە، لێ قـەومـاوە، پەنـای دەدەم. ئەوە گـورگـە دەپێـسـتی مـەڕی دایە. نێـوی ئەسـتی مەستان بوو. ئەگە هات دەوێوە سوێندیان بە سەری دەخوارد، هێندە خۆی لە پێش چاویان شیرن کردبوو. ئیدی پێیان خۆش بوو هەر دەنێویاندا بێ. هەتا ڕۆژێکی بە فـەرەج خـاتوونی گوت: حەزێ دەکەم تاوێکی دەگەڵم بێی بۆ باغی، وەڕەزم، دڵتـەنگم. ئەمـا زۆر هـات و هـاوار و هەڵڵا نەبێ، ئەمن نەخـتـێک گەڕاومەوە، عاجز دەبم بە هەرا هەرا و چەقە چەقێ.

فەرەج خاتوونیش دەتگوت گوڵی کوێستانێیە و تازەئاونگی وێ کەوتووە

دەتگوت گوڵی کوێستانێیە و زوقم و ئاونگی تازە وێ کەوتووە

دەتگوت تاوسە و عاشق بووە و چەتری هەنگاوتووە

دەتگوت سێوی باغی نمرودە و تازەخاڵ خاڵی لێ سور بووە

دەتگوت ئاسکە و لە زسـتـان خـلاس بووە و هەوەڵ مـانگی بەهارێی بە سەردا هاتووە

دەتگوت مراوی چزیلەی دەریای عوما نێیە و هێللانەی لێ ون بووە

دەتگوت جووانو ماینی کاکلاغای گەردییە و تازەکانەیان زین لێ کردووە.

فـەرەج خـاتوون چارشێوێکی قەجەربڕی هوما ڕەنگی بە وەزن سووکی بە قیمەت گرانی بە سەرشانی دادەداوە

جـووتێک چەکـمەی سـمـایل نامـەی سـەر نوقرەبەندی وەسـتـا نەسـیـری هەڵدەکێشاوە

جووتێک شـەمـامـە و شـەمـامـە ڕەنگینی باغـەڵێی لەبن کراسێکی مەحمەڵ داراییدا داپۆشراوە

سێبەری زولفان بوون بە پەنای، گوارەی یاقووت لە بن گوێیاندا جەولانەی نەماوە

کەمبەرێکی قابیل قیمەتی لە پشت  دەبەست، شۆڕابەی لە سێ گۆی کەمبەرە بەردەداوە

کەسێک نەخۆش بێ، دەردەداربێ، بڵێن: وەختێتی، عەمری دەبێ تەواوە

گە چاوی بە فەرەج خاتوون پکەوێ، چاک دەبێ، دەڵێن: ئاوی حەیاتیان بۆ هێناوە

کراسێکی قاقانی پەڕ تاوسی گوڵ ماهی نیشانی تازە بڕاوە

ئاتەگی دێتە سەر چەکمەی سمایل نامە، هەر جارێکی بای شەماڵ و زریانی لێ دەداوە

دەتگوت قەدەمی بەهارێیە لە کۆسرەتی شاڵە بەگییان دەگەڕێ، سەحاتێک هەورە و سەحاتێک ساوە

لە ئاسیە خان خوداحافیزیی دەکرد، دەیگوت: دەوڵەت زیاد و ماڵاوا

ئەگەر ئەحمەدی شەنگ هاتەوە، بڵێ دەیگوت عاجزم، دەچمە باغی، بەڵکو لەوێ بڵێن هاچەری دڵی کراوە.

فەرەج خاتوون و ئەستی هەستان چوونە باغی. ئەگەر گەیشتنە باغی، ئەستی بە فەرەج خاتوونی گوت: ئەتۆ دەزانی ئەمن بۆ هاتوومە ئێرە؟ ئەمن سەبارەت بە خەت و خاڵی تۆ هاتوومە ئێرە، ماڵە بابت ناردوویانم. دەبێ قەولمان پێ بدەی، حازربی، شەوێکی بەڕەشەدزی ئەتۆ بدزنەوە. ئەوە فەرج خاتوون دەڵێ، کوتی:

پیرەکەی حیلەدارە

ئەگەر چاوم پێت کەوت دەمزانی گازت وەکو گازی مارە

قەستەم بەوەی کەم ئەگەر پەروەردگارە

مەمکێکم نارنجە و ئێکم هەنارە

لە پاش ئەحمەدی شەنگ، کەس نابێ پێیان پکا کایە و سواعبەت و گەنگەڵ و قومارە.

پیرەکەی نمەک بە حەرام، ڕەبی ببی ڕەنجەڕۆ!

بەڕەکیکی و بە ناخۆشی لەگەڵ من دەکەی قسە و گوفتوگۆ

مەمکێکم نارنجە و ئێکێکیان لیمۆ

سنگ و بەرۆکی من دەبێ سـمێڵی خـورمـایی ئەحـمـەدی شـەنگی تێدا بگەڕێ، کەس نابێ دوای وی بیبانکا بە بۆ.

پیرەکەی قەباعەت گێڕی هاتوویە مەیدانێ

سوڕی خۆت داپۆشیوە، هیچ کەس بە حیسابی تۆ نازانێ

لە ڕۆژێکدا بیست و حەوت کەڕەت سەرت بەریە سەر شێلینگی کوپەڵەی خومخانێ

لە ئەحـمـەدی شـەنگ زیاتر، نابێ هیچ کـەس بە دەروازەی سنگ و مـەمکی فەرەج خاتوون بزانێ.

قەستەم بەوەی کەم ئەگەر بێ مەکانە

خالقە، ڕەحیمە و ڕەحمانە

چی دیکە نایەڵم لێرە بگری وچانە

نایەڵم هیچ کەس بتداتێ پەلکێک نانە

لێرەوەش بڕۆ چومکە بووی بە شوبر و بە شەیتانە

چاوم بەرایی نادا بێیەوە ئەندەرون و خەڵوەتخانە.

پیرێژنی وا تۆقاند هەر لەوێوە خۆی ڕەزگ چۆمی نا و خنکا.

موختەسەر ڕاسپاردەی خان قۆچی خان خەریکی ئەوە بوون بیبەنەوە. ئەبەدەل ئابیدین نەیدەزانی ماڵەبابی هەیە، کەیفی ئەحمەدی شەنگی گرتبوو. خان قۆچی خان ئەگەر وای زانی چوو بۆ ئاکر و ئامێد. چوو لەوێ تایەفەی هەموو خڕ کردەوە، کوتی: دەبێ سازبن، بە سەر ئەحمەدی شەنگ دادەدەین.

ئەوە خالید بەگ و فەتحەبەگ و مەنسورخان و خۆش جیهان و چل و یەک کەس یەکەیەکە، هەمووی کامەری، کوتیان: دەچین. خان قۆچی خانیش قەولی فـەرەج خـاتوونی دا، کـوتی: هـەچ کـەس ئەحـمـەدی شـەنگ نابوود کـا، فـەرەج

خاتوون دەدەم بەوی.

خـان قـۆچی خـان لەشکرێکی زۆر قـورسـی سـاز کـرد. بە عـومـری هەق دەستی ئیلاهی ئەو دنیا پانە هەر بە کێشە و کێشمان کێشمان بووە. ئەو جار خان قۆچی خان هاتەوە کەمبەرەی قەتڵی ئەحمەدی شەنگی بەست.

ئەو سەعاتی خان قۆچی خـان ساز بوو، جەواهێر کوتی: ئەحمـەدی شـەنگ لە منی کەم و زۆر نەپرسیوە.

با چی دی دانەنیشم بە شـەرمەزاری و بە خـاکەساری و بە لێوبەباری و بە جەرگی خەستە و دڵبرینداری

خەبەرێکی بدەمێ بە میهرەبانی و بە یادگاری

بزانم لێم دەپرسێ و قەبووڵم دەکا بە مەحبووبی خۆی یانە بە یاری

قاسید دەنێرم بۆ گوفتوگۆ و بۆ خەبەرداری.

هەتا کەنگێ ئەمن شیرن هەڵبێنم دوو گۆشەی چاوە

بە کلە و بە سوورمە ئەگەر لاڵ کراوە

مەمکی ناسک و شلک حەفس کراوە

ئامانەتییە و بۆ وی هەڵگیراوە.

تا کەنگێ دابنیشم دەستەوئەژنۆ

وەک بارامی کیشوەر و وەکو سەمەنبۆ

ئاخ لە بانی ئاخ ڕۆ لە بانی ڕۆ!

دەردی دوو دەردم لە دڵ هەڵبوارد

تاکەی پکێشم هەناسانی سارد؟

بەژن و باڵای من وەکو شەنگەبی

ماسی لە بەرییە، بێ ئاو، قەت ناژی

دایمە حازرم وەکو خاسە سی

بێ شەرت و قەرار، خەبەری نەبی؟

بۆ بێ خەبەری بۆ پرس و قەرار

ڕۆژێکی ئەتۆ ئەمنت گرت بەیار
من هەر چاوەڕێم، من بووم ئینتیزار
سنگم بۆ کردووی بە بازاڕ و شار
یانە بمکوژە یان بمکە ڕزگار.
بۆ ئاگات لە دەردی دەردەدار نییە
شەو و ڕۆژ نازانی من حاڵم چییە
فرمێسکم سێ ڕێز دێنە عەردییە.
بۆ تۆ ناپرسی قەت لە ئەحواڵم
دایم بێ نوتقم، من کەڕ و لاڵم.
عەمرم بە ئەسەح بمدەیە خەبەر
لە جەرگت داوم غەدەنگ و نەشتەر
بەتیری ئاشقت من بووم خاک بەسەر
تەکلیفت چییە تۆ ڕۆژی مەحشەر؟
وەکو بەندییان دەتکەن دەست بە سەر.
عەمرم، عەزیزم دەبییە ئاواڵم
دایم بە قسەی تۆ من خۆش ئەحواڵم
دەنا شەو و ڕۆژ بۆ تۆ دەناڵم
دایمە دڵ پڕ فکر و خەیاڵم
نازانم جێ چاکم، دایمە عەبداڵم.
سێ سەت شەک ئەمن دەکەم بە قوربان
لە ڕێی ئەڵڵادا، پادشای ڕەحمان
کراسی سەت سەغیر نەزرە لە سەرشان
جوابی ئەسەحی پێی خۆش بێ دڵان.
ئارامی دڵەکەم ڕێی زیندەگانی
گەرنم کردۆتە شەربەت و کانی

من زۆر سووتاوم تۆ بۆ نازانی؟
ئەگەر خودا پکا و ئەوجار هەڵکەوێ
چاوم بە چاو و قەدەمت کەوێ
دڵی پڕ ژانم ئەو جار دەسرەوێ
لێم هەراسانە خەو هەموو شەوێ.
جەواهێر ئەو نامەی بۆ ئەحمەدی شەنگ نووسی، جا دەڵێ:
قاسیدێکم دەوێ عەمربەربێ، زۆری نمەکی کاشماغا کردبێ، ساحێب ئەمەگ بێ و ئەو قاقەزەم بۆ بەرێ
سبحەینان تاو هەڵنایە و ئێواران بانگی شەوان ئەحمەدی شەنگ لە سەراپەردەی خۆی دێتە دەرێ
فەرەج خاتوون ناسکە و جوانە و مەحبووبە، ئاشق و جوانی وی وا لە دڵی ئەحمەدی شەنگی کردۆتەوە هەتەرێ
ڕەبی بێ بەخت بێ، سەر بە تاڵ و مل بە کوێن بێ، ڕۆژێ سێ مردووی لە ماڵە بابی بەرنەوە دەرێ
ئەو ڕێگای لە ئەحمەدی شەنگ شێواند، دەنا من ئەلعان ئی ئەحمەدی شەنگ بووم، کۆرپەی نەخشینم دەهاتەوە بەرێ.
ئەوە قاقەزێکم نووسیوە بە خوێنی هەرتک چاوم
پەروانەم و بە عاشقی ئی شەمێ سووتاوم
شەو و ڕۆژ قرچە قرچ دێ لە جەرگ و هەناوم
بەدبەخت و سەرگەردان و عاقڵ خاوم
پێم وایە ئەحمەدی شەنگ دەستی لێ بەر داوم.
ئەگەر هیچ بڕ لە گوێیدا مابێ سەدای تیرەندازی و تیری عاشقەتییە
سەری منی ببێ بە قوربانی سەر و بە قوربانی ڕکێف و ئاوزەنگییە
هەڵبەتە گیرنابێ، دێ بەسەر وەختی ئەو کارەوە، دەزانێ دەردم دوو دەردە و حاڵم چییە

شـەمـامـە و شـەمـامـە ڕەنگین لەبن کـراسـێکە مـەحـمـەڵ دارایـیدا بۆوی حەفسییە

شەش ساڵە وەدەرم نەخستوون، زولفم نەکردووە سێ بەنگییە
بێ خەبەرم لە خاڵان و لە گەردنێکە سپییە
بۆچی لە بەر فکر و خەیاڵی وی زیندەگانێکی وام نییە
بەڵکو زگی پێم بسووتێ، بە ڕێی پکا پەروەردگار و پادشای ڕەببییە
بۆ خۆم لە زگی خۆمدا سووتاوم، کەس ئاگای لە دەرد و حاڵی من نییە
قاسید، دەیدەمێ دوو سەت زێڕی سپی و بیست و یەک فەرەنتییە

بەو شەرتێکی قەدەمی خێربێ و ئەحمەدی شەنگ بێتە ئێرەکانە بەعەزمی دڵخۆشی و میوانییە.

ئەوە قاسیدی بەڕێ کرد. کوتی لە بەر فەرەج خاتوون ئەمنی پشتاو(١) کرد و لەبیری بردمەوە.

سبحەینێک زوو بوو، ئێستا گزینگی بەیانی نەداوە
ناسکە کچ و شل و مل و داو و دەلینگ حاجی حوسێنی خۆیان ڕادەنێن و بەرەڵبێنەیان لە خۆیان داوە
گەردنیان هەڵدێنن، کولمەیان دەڵێی سووراوە و لە باغی خانیدا گوڵیان داوە
چاویان دەڵێی کۆ و تەرازووە، ماوەتەوە لە مابەینی هەور و هەساوە
گەردنیان دەڵێی ئاسکە لێی قەوماوە، ڕاوکەر چوونە ڕاوە
حەریفی خۆی دەبینێ لە پێشەوە و لە دواوە، پاش و پێشی لێ گیراوە
لایی لاییە و هەستاونەتەوە سەر لانکی و بێشکەی ساوا
کەسێک عاشق بێ ڕێ و شوێنی جێژوانی بە عەریفی خۆی پیشان داوە

---

(١) پشتاو، وشەیەکی زۆر بەکەلکە، زەوییەکە ساڵان ئاو دەیگرتەوە، ئێستا نایگرێتەوە. ئاو کە لە سەرەوە دێ، خستوویانەتە بەر ئەم زەوییە، ئیدی نایگرێتەوە.

ئەگەر لەوێ گوفتوگۆ پکەن و لێک ببین کام و کاوە
جوانان، جوانمێران دەمەرقۆپانییان هەڵکێشاوە
خەنجەری دەمرەشی دەسک نێرۆییان لە کەلەکەی چەپە داناوە
بۆستەی خەنجەریان سەدەف ڕێزە و لەسەر گۆی خەنجەرێیان داناوە
قەرەبینای دەمرەشی خدربەگییان لە قەبرغەی ڕاستەیان داوە
زوو هەستان سبحەینان سوننەتە، چون شەریعەت ئەو ڕێگایەی بۆ ئێمە داناوە
مەلایان ئەڵڵاهـ و ئەکبەر و نەسرومینەڵڵا و فەتح و قەریب دەکەنەوە بڵاوە
سۆفییان سوبحان سوبحان و ئەڵڵا ئەڵڵا و ئەلحەمدولیللایان داناوە
قاسید گەیشتە جێ و لە دەرکی ئەحمەدی شەنگ مەحتەل ماوە
چاوەڕێی ئەوەیە پچێتە ژوورێ هەر سەعاتێکی دەرکە کراوە.
بەڵێ ئێستا تاو لە بورجی مونەووەرڕا نەهاتووە
تاق و جووت، خزمەتکار و عەمربەر دەرکی دەروازەیان ئاچغ کردووە
قاسید قاقەزی جەواهێری تێل بە سەری بۆ ئەحمەدی شەنگ بردووە
سڵاوی بە عەدەبی کرد و تەعزیمی کێشا و دەستەونەزەر ڕاوەستا بزانێ جوابنامەی قاقەزی چییە و چ بووە؟
ئەحمەدی شەنگ ئەگەر خوێندییەوە و حاڵاتی قاقەز حاڵی بوو سەرانسەرە
عارەقەی دەر دەکرد و لە بەدەنی دەڕژا غیرەت و جەوهەرە
دەیگوت: هەر کەسێک لە شەرتی خۆی پەشیمان بێ، ڕۆژی قیامەتێ خۆڵی وەسەرە.
کەسێکی قەولی دا بە خۆشی و بە میهرەبانی و بە کامڕانی
دەبێتە بالیغە، دووایی پکێشێت نامەزبوودی و پەشیمانی
ئەوە مردن چاکترە بۆوی نەوەکو ژیانی.
بەینەڵڵا قەولم پێ داوە، لەمێژە، لە قەولی خۆم بازگەشتیم کردووە
ئەحمەدی شەنگ خافڵە و وەدوای ئەو قسەیە نەکەوتووە

ئامۆزامە، عافرەتە، زەعیفەیە، تیری من جەرگی ئەوی خواردووە
ئافاتی ئەو چەرخە کۆنەیە، ئەمن ئەوم فەرامۆش کردووە.

ئەحمەدی شەنگ بە قاسیدی گوت بڕۆوە. جوابنامەی قاقەزی دایە. کوتی قاقەز بدە بە جەواهێر ئەما کەس لە ماڵە مامم نەزانێ. بە جەواهێر بڵێ:

پێک بینێ ئەدەب و شەرت و ئەرکانێ
ئەمن پاش حەوت ڕۆژی دیکە دێم بۆ دەشتە دیانێ.
دەبێ ئازادم کا، دێمە کنی بە عەزمی دڵخۆشی و ئازادییە
چون لە مێژە بێ خەبەرم و ئاگام لە حاڵ و باڵی جەواهێر نییە
کارم لەو چەرخە کۆنەدا بوو بەڵکو ئی ڕۆژی دڵهێشان و ئی دوژمنایەتییە
ئەو سەعاتە پەڕ بەسەرم، لە من وایە دوژمن لە حاڵی حەیاتدا نییە
خاترجەم، لە پاش حەوت ڕۆژی دیکە ئەمن دێمە دەشتە دیانان بۆ دیتن و میوانییە

چل زێڕی یەک سکەی دەدا بە قاسید، دەیگوت: خەبەرت خۆشە، خەبەری تۆ مەعلوومە ڕاستە و ئەسەحییە

ئاگادارت بێ حەزرەتی خدری لە چۆلی و بەڕییە
تازەم وە بیرهاتەوە، ئەوە ئاتەشی عاشقم بزووت
مزگێنی بە جەواهێر بدە، بڵێ: گوڵی دڵت پشکووت
دوگمەی ئاڵتوونی شین لە بەرۆکی دابنێ تاق و جووت
گە من هاتم بیانترازێنێ، سنگم بۆ پکا بە باغی نمروود.

جا قاسیدی بەڕێ کردەوە، مزگێنیی دایە و قاسید هاتەوە. جا پاش حەوت ڕۆژان ئەحمەدی شەنگ سوار بوو هات بۆ دەشتە دیان. پیاوێکی زۆر ساحێب هەیبەت بوو. زۆر بەئیحتیڕامات داخیلی دیانانیان کرد.

مامی کوتی: یەگجار زۆر چاوەڕێت بووم ئەگەر بێی، فەرەج خاتوون زگ ناکا، ئەوە گوڵی حیکمەتی باغی خۆم پێشکەش کردی جەواهێر، با نەسلمان کوێر نەبێتەوە. فەرەج خاتوون زگی نەدەکرد. دەستبەجێ سەعاتی هەوڵ

مەلایان هێنا و لێیان مارە کرد. ئەحمەدی شەنگ حەوت ڕۆژ لەوێ بوو.

ئەو وەختی کە ئەحمەدی شەنگ هەستاچووە دیانان، خان قۆچی خان لەشکری لێ ساز کرد، هات بە سەر خانەوادەی ئەحمەدی شەنگی دادا. ئەحمەدی شەنگیش ئەوە لە ماڵ نییە.

پادشایە بزورگی ڕەحمانی
خان قۆچی خان گە وای زانی
وەک شێر بە مەبخی و نیانی
تۆز گرتی بەری عاسمانی.
تۆز بەری عاسمانی گرتووە
سووارە و پیادە وا هاتووە.
هەڵشۆ گەورەی تێدا نییە
بۆ ئەحمەدی شەنگ دیار نییە؟

جا کورتت بۆ ببڕمەوە، سەرت نەهێشێنم، خاو و خێزانی ئەحمەدی شەنگ هەڵاتن، بە دایکییەوە بە کچی خان قۆچی خانەوە. عێل و عێل باش هەموو تاڵان کرا. دەرک و پەنجەرە و فلان هەموو تێک درا. ئیدی خان قۆچی خان ئەگەر وەگیری نەکەوتن و تاڵانەکەی کرد، گەڕاوە. پێیان گوت، کوتیان:

ئاگات لە خۆت بێ، مەستی، ئاگات لە دنیا نییە

ئەو تاڵان و بڕۆیەت بێهودە کرد، شێری زەرد لە ماڵێ نییە

دەنا تۆ نەتدەتوانی لە هەڵشۆیە پکەی ئەو تاڵان و بڕۆ و داد و بێ داد و بەیدی بەیدییە

بای شەماڵ و زریان بە گوێی دابدا و لەو کارە ببێ حاڵییە

ڕۆژێ سێ سەت کەس لە گەورە گەوران لە سەر خوانی زین دەکەونە عەرزییە

ماڵ و تاڵانیش لە دنیایەدا هیچ نییە

ئەو ڕۆژە ڕۆژ بوو وئەگەر ئەحمەدی شەنگ لە ماڵێ بوویایە، کەمبەر

زنجیری یەکتری و بگرتایە، ئەو ڕۆژە دەبووە مەردایەتییە

ئەحمەدی شەنگ خۆ ڕێوی نییە، شێری سپییە.

کاشماغا و ئەحمەدی شەنگ و تایەفەی مەردان بەگ و تەواوی عێل و عێلباشی هەڵشۆیە ئەگەر بەو خەبەرەی بزانێ

هیچی ڕۆژی ئەجەل و ترسی مەرگ نازانێ

ئیسراحەتییان لێ حەرام دەبێ، بە ئەسپیان ناگرنەوە وچانێ

باپچین لە جێگایەک کاربینیی خۆمان پکەین، سەنگەر دروست پکەین بۆ ڕۆژی شەڕ و قەرقەش و لێکدانێ

خاترجەم بە پاش بیست و چوار سەعاتی دیکە دەکەوێتە ڕۆژی ڕمب گێڕان و کەلاک فڕێدانێ.

ئەوە خان قۆچی خان گەڕاوە بۆ مەملەکەتی خۆی. ئەحمەدی شەنگ خەبەری زانی و گەڕاوە. ئەحمەدی شەنگ نەیهێشت کاشماغا پچێ، کوتی: قایلم نییە بێی. ئەحمەدی شەنگ حەوت ڕۆژ بوو زاوا بوو لێی بوو بە کلکە مار! ئەگەر ئەحمەدی شەنگ گەڕاوە، دایکەکەی بە پیرییەوە چوو دەگەڵ فەرەج خاتوون. ئەحمەدی شەنگ کوتی:

دایە چییە، چ قەوماوە

ڕۆژی قیامەتە، نەفخی سوور لێ دراوە

یان ڕۆژ هاتۆتە عاسمانی یەکەم و عاسمان ڕووخاوە

خەبەرێکی کەسکونییان بە من لە نەکاو داوە.

ئەوە دایکی دەگری و دەبارێنێ

دەڵێ کەسم لە ماڵە باب و باوانی نەمێنێ

کەس نییە تالان و ماڵی ئەحمەدی شەنگ لە خان قۆچی خانی گێلان گێسییان بستێنێ.

کوتی دایە بۆم بانگی ناڵبەند پکە، ئەگەرچی تازەشم ناڵ لە سمی لەیلکێ داوە

چوار پەلی خڕیم چون پکا، چوون ئەو ڕۆ ڕۆژی دڵهێشانە و قەوماوە
شەرت بێ ئەگەر کوڕی تۆ نەمرێ، بڵێن: بە زیندەگانی لە دنیایەدا ماوە
ئەو تالان و ماڵە ئیشەڵڵا دەگێڕمەوە دواوە.
ئەگەر لەگەڵی بێ حەو سەت سواری پەڕ بەسەری فەتاح بەگییە
ئەگەر کۆمەگی بن هەزار و پێنج سەت سواری سمێڵ سپی کامەرییە
ئەگەر لەگەڵی بن حەو سەت گەردن کەچی ئاور بە دەستی عەسڵە زاخۆییە
خاترجەم بە دەبینی ڕمبی دەمرەشی هەژدە قەفییە
بڵێسەی قەرەبینای عەسڵە داوودییە
دەنا وەک بزانی ئەحمەدی شەنگ لەو دنیایەدا نییە!
ئەحمەدی شەنگ دەیگوت: دەگەڵ تۆمە ئەمان دایە
تەدارەک و ئەسپابم بۆ بێنە بەر بێلایە[١]
لەشکر لەگەڵ لەیلک دەرناچن، کەس لە شەوگوردی من نایە.
مەترسە! مەگەر خودای عاسمان موقەدەری ببێ و ببەستێ هەرتک دەستانم
بیناهی چاوم نەمێنێ و کوێر بێ چاوانم
دەنا فەتح و نوسرەتم وەگیر دەکەێ، دەغیرەتی خۆڕا دەبینم و دەتوانم.
ئەحمەدی شەنگ چەک و تەدارەکی خۆی حازر کرد.
لەیلک، ئەگەر ئەحمەدی شەنگ چووە پێشی، دەیزانی ئەحمەدی شەنگ حازر بووە، دەچێ بۆ شەڕێ
وەکو ماسێکی ڕاوکەری دیبێ، چلۆن لە دەریا و لە بەحرێدا دەگەڕێ
جارجار دەسووڕا و لاقی گیر نەدەبوو لەسەر عەرزییە
ڕانەدەوەستا لێی قاییم کەن ئاڵەت و ئەسپاب و تیری جەنگییە

(١) بێلا: بەرهەیوان، سەکۆی سەر داپۆشراو. هب.

چوون مەرکەبێکە لە ڕیکابی هیچ کەسدا نییە

حەو سەت ئاڵەتی جەنگییان لە پشتی لەیلک قایم دەکرد بە ئەسەحییە

دایکی دەیگوت: ڕۆڵە بەتەنێ نەچی! دەیگوت: دەڕۆم، لەشکر لە دواوەبێ، کەس دەگەڵم دەرناچێ، ئامباشی لەیلک نییە.

جا دایکی دوعای دەکرد و سێ کەڕەتی دەست لە سنگ دەدا و فرمێسکی هەڵدەوەراند لە چاوانە

دەیگوت: ئامانەت داری تۆ بێ وێسپی میسرێ و عەزرەتی نوحی نەبی، هەموو وەخت و زەمانە

عەزرەتی ئەیوب ئەگەر هەراسان بوو لە دەست کرمانە

ئامانەت دارت بێ سەیدی زەمانە

ئەگەر بەوی دەڵێن: محەممەدی ئاخری زەمانە

حەزرەتی جوبڕائیلت دەگەڵ بێ ئەگەرکو ڕەهبەری عەرز و عاسمانە

ئازادبی، لێت حەڵاڵ بێ شیری ئەو مەمکانە

خودای تەعالا دەست بە عەمرت بگرێ، بمێنی تا وەختێکی دەکەوییە قەدیمی زەمانە

دایک ڕۆڕۆت بۆ نەکا، دانەنیشم لە سەرت دەستە و ئەژنۆ و سەرگەردان و بەستەزمانە

کوێر و زەلیل بم و بیناهیم ببڕێ لە چاوانە.

فەرەج خاتوون دەیگوت: سەرێک لەیلک بێنە با بتبینم، وە دەزانم قەت ئەتۆم نەدیوە

سنگ و بەرۆکی دەڵێی باغی شەدادە، وەختی بەهارێیە و غەملیوە

فرمێسک سێ ڕێز لە سەر کولمەی دەڵێی بارانی بەهارێیە و باریوە

دەیگوت: لە خودای تەڵەب دەکەم و لە خودای دەکەمەوە تەمەننایە

بە دوور بی لە موقەدەر و لە دەرد و لە بەڵایە

لە دەست و ڕمبی خان قۆچی خان ئەگەر عیلاجی بە کەس نایە

ڕەبی ڕانی ڕکێفی شل بێت و له حاستی تۆ چاوی ببێ کەمبینایه.

ڕەبی دەستی شل بێ و ڕمبی له حاستی تۆ نەکەوێتە ڕۆژی لێدانێ

بەدبەخت نەبم، یاڕەبی ئەگەر ئەتۆ شتێکت لێ بێ ئەمن نەژیم بە ژیانێ

ڕەبی بابم بەدبەخت بێ، کەلاکی پکەوێ له گۆڕ و گۆڕخانێ

ئارامی دڵەکەی من بۆ شەڕێ دەچێ، نەکەوێتە بەدبەختی و ڕۆژی دڵهێشانێ.

ئەوە ئەحمەدی شەنگ دەنگی لەیلکی دا و هات، سواری بەجێ هێشتن.

فەرەج خاتوون دەڵێ هەرۆبرۆ له خودای عاسمان تەوەقو دەکەم بە دوور بی له دەست و ڕمبی سابیرخانی کاسەوەندی ئەگەر عیلاجی دەست و ڕمبی وی نایە

بە دوور بی له دەست و تیری مامەنداغای زوراری ئەگەر تیر داوێژێ له نەکاوێ

بە دوور بی له قرمەی خەنجەری وەتماناغای ئەگەر سەر عێل و ڕەئیسە له سەر عێلی خۆشناوێ

بە دوور بی له شێلینگی قەرەبینای ئاڕەحمانی خدر بەگی ئەگەر نۆ سەت سواری چوونە سەرێ و باشاریان نەکرد له قەڵای شەقڵاوێ

بە دوور بی له موقەدەری عەزیز بەگی وەڵاشێ ئەگەر چاوی له کەس ناترسێ و له کەسی شل نابێ هەنگاوێ

بە دوور بی له هازەی شیری خان قۆچی خان، ئەگەر پاش چل و پێنج ساڵ غەرەز، بۆگەنیوی دەکاتەوە جەرگ و هەناوێ

تەمەننا دەکەم له وێنس پێغەمبەر کە له زگی نەهەنگیدا بوو، ئەڵڵا ئەڵڵای دەچوو بۆ عاسمانێ، لازم ناکا، تاریفی زیاتر پێ ناوێ

زمانم لاڵ بێ، نەممێنن بیناهی هەرتک چاوێ

جا خۆ تۆ گەر شتێکت لێ بێ، ئەمن ئەو دنیا ڕووناکەم ناوێ.

له خودای دەکەم تەڵەبە لێم تێک نەچێ ماڵە خەزوورانە

بێ بەشم ئەمن لە ماڵە باب و باوانە

هەموو کەس ڕووناکایەکی هەیە، فەرەج خاتوون بێ پشتیوانە

ئاگاداری تۆ بن دوازدە ئیمامی دەشتی بەغدایە لەگەڵ ئەو سەیدەی خودا دنیای لە شەڕافەتی وی دانا

لەوڕۆوە دوعا پکەم هەتا سەحرای مەحشەرێ ئێستا دوعای من دەرهەق بە تۆ دواییناپە

ئامانەتدارت بن حەسەن و حوسێنی عەلی ئەبوتالیب ئەگەر شەهیدن لە کەربەلایە

حەزرەتی ئەلیاس و ئەلیاسە ئەگەر دەڵێن لەئاتەگی بەحرێدایە

حەزرەتی خدری پاک ڕو ئەگەر دەڵێن دەگەڕێ دایمە لەسەر دونیایە

ڕەبی ئەو ڕۆژە بەچاوان نەبینم، دەنا دەست بەجێ بگرم دەردی پێمردن و دەردی موفاجایە.

فەرەج خاتوون دەڵێ برۆ ئاگادارت بێ دانیار پێغەمبەر و حەزرەتی یەعقووب ئەگەر دەڵێن گومبەزی لە کەنهانە

شێخ و موشایەخ ئەوی لەکن خودای غاییبن و پەنهانە

عەبدولقادری گەیلانی ئەگەر ڕەئیسی تەواوی شێخانە

حەزرەتی شافیعی ئەگەر دروستی کرد و شەریعەتی دانا بە حیسابی و بە ئەرکانە

ڕەبی نەبینم تەنەزول بی لەو شەڕی قالووەلا و دڵهێشانە

بە فەتح و نوسرەتت ببینم بێیەوە بۆ خاتری ئەو خودایەی دنیای لە ئەزەلی دانا.

دڵم کولە، ڕاناوەستێ لەبەر ئەوی ژان و لەبەر ئەوی بڵێسە لێدانێ

هاوار دەکەمە ئەو کەسەی فەتح و نوسرەتت پخاتە سەر شانێ

دوژمن لە حاستی تۆ کوێربێ! بە ڕێگا و شوێنی خۆی نەزانێ

ئاورێکم بەر بۆتەوە لە دەروون و ئێکم بەر بۆتەوە لە دەروونخانێ

جەرگ و دڵم جەولانەیانە، ئەسووتێن بە سووتانێ

فرمێسکی لە چاوان جاری دەبوو وەکو ڕێژنە و شێلینگی پیرە بارانێ

ڕەبی ئەو ڕۆژە نەبینم ئەگەر پکەوینە ڕۆژی نەدامەت و دەست لێک بەردانێ

گە بێیەوە لەو سەفەری هات و نەهات و گەورە و گرانێ

گەردنت بۆ دەکەم بە ئاوی کەوسەر و قەرە زولفت بۆ دەکەم بە قەرەوڵ، ئەگەر بێیە سەر سوعبەت و سەیرانێ

خاڵی گژنیژیت بۆ ئاچغ دەکەم لە مابەینی سینە و مەمکانێ

ڕەبی بتبینم بە دڵخۆشی بێیە سەر ڕۆژی خەڵات و خەڵات بەخشانێ

ڕۆژی تاریک نەبینم، ڕەبی ئەگەر بیبینم نەژیم بە ژیانێ.

ئەوە ئەحمەدی شەنگ ڕۆیی، قەرەوڵی بوخان قوچی خان، چل کەس قەرەوڵ لە دواوە بوون. ڕەئیس قەرەسۆران دەیگوت:

تۆزێک دیارە، نازانم نەزریانە و نەشەماڵە

نەئەحمەدی شەنگە و سواری لەیلکی خاڵ خاڵە

بۆنی مردنم لە دەروونی دێ، گەرووم زۆر تاڵە

پێم ئەجەل پێی بەستووم و حاڵم زۆر بێ حاڵە.

قەرەسۆرانان دڵخۆشییان دەداوە

بابە خۆ هیچ شەڕ نییە بۆ دەست و پێت بەستراوە

ئەحمەدی شەنگ خۆ قارەمان نییە، بڵێن لە جەنگی گوڵستانی ئێرەمێ ماوە

ئێمە حەوت هەزار کەسین هەمووی ئێکە پیاوە.

کوتی تۆز نیزیک بوو بە ئەسەحییە

بە خودای ئەحمەدی شەنگ سوار بووە لە وڵاغی لەیلکی گوڵ گوڵییە

حەزرەتی قابیزی دەگەڵە لەبۆ گیانکێشانی خەڵکییە

دەستگەرمە، لە بەر ڕمبی ئەحمەدی شەنگ هیچ کەس تاقەتی نییە.

وەکو کۆتری تەقڵەباز، هەر جارێک ڕکێفی بۆ لەیلک دادەهێناوە

چومکە غەرەز یەگجار زۆر گەورەیە، لە تاوی ئەو تالآن و ماڵە هیچ عاقڵ و هۆشی لە کەللەیدا نەماوە

دەڵێی مادە شێری جەنگییە و بێچووەی خوراوە.

دەیگوت بکوژرێم چاترە نەوەک بمبەن تالآن و ماڵ

خەڵک سەرزەنیشتم پکا و ببمە کۆینەی هەزار ساڵ

بەبێ قابیلەتی دابنیشم لەکن مام و خزم و کەس و خاڵ

بەدبەخت و دەستەوئەژنۆ، بە بێ بەخت و بێ ئیقباڵ.

تا ڕەئیسی قەرەوڵ هات خەبەر بدا، ئەحمەدی شەنگ هاتە پێشێ

دڵم زۆر لە ژانە و سەرم گەلێک دێشێ.

قەرەوڵ قەڵەمی دەست و پێیان شکاوە

خەبەریان بە خان قۆچی خانی گێلان گێسییان پێ نەدراوە

تەکەللومییان لە زمانی بڕا، لێیان شل بووە هەنگاوە

بیست و یەک کەس ڕەئیس قەرەوڵ و لە قەرەوڵانی لە سەر پشتی ڕکێفێ فڕێ دەداوە

دەیگوت ئەوە حیساب نییە، ئەمن ماندووم بەو قسەیە حەساوە؟

قەرەوڵ لە دەستی ئەحمەدی شەنگ پەڕیوە بوون، بوونەوە بڵاوە

ئەحمەدی شەنگ بۆ سەر لەشکری هات، بۆ سەر لەشکری گەورە و گران و تەواوە.

تەماشای کرد بیست و یەک کەس لاڕێ بوون، دابەزیون لەپشتی مەرکەبانە

وەکو دز ئەگەر دەچێتە پارێزێ، دەڵێ بزانم ساحێب ماڵ وەخەبەرە یان بێ گیانە

زۆر دەترسان، هیچیان نەیانبوو تاقەتی زار و زبانە

گە ئەحمەدی شەنگییان دی هاتنە سەر ڕێگایە، تەعزیمیان کرد بە ئەدەب و بە ئەرکانە

ئەگەر تەماشای کرد سوورچین لە کن وی پەناهیدەن و پنهانە.

بە ئەحمەدی شەنگیان گوت: ئاغا هەق دەستی ئیلاهی تەنەزولت نەکا! بە تاقی تەنێ نەچییە ئەو شەڕ و دەعوایە

لەشکرەکەیان بێ ئەندازەیە و زۆرە و بنەی نایە

خان قۆچی خان و سابیر بەگ و وەتمان بەگی خۆشناوەتییان لەپێشدایە

پێم ئەوڕۆکە ڕۆژێکی ڕەشە و ڕۆژی قالووەلایە.

دەیگوت: مەترسن، سەری منو ببێ بە قوربانی سەرییە

وەرن لە پشتی من بگەڕێن بۆ ئاگاداری و قەرەوڵییە

کەسێکی بێ غیرەت بێ هەر بایە شایەکی ئیمان نییە

ئەجەل بە دوژمن چی! بە دەست هەق دەستی ئیلاهییە

کەسێک خودا نەیکوژێ، تا موقەدەری خودای مردنی بۆ نییە.

قەستەم بەوەی کەم ئەگەر پەروەردگارە

حەوت هەزار کەسیان دەگەڵە، نیوەی پیادەیە و نیوەی سوارە

وە نازانم تاقە قەرەسۆرانێک لە منڕا دیارە.

ئەحمەدی شەنگ دەیگوت: وە دوای من کەون، کلاڕێ بن، کۆمەگی من بیست و یەکە

نەترسن، ساحێب غیرەت بن کوڕە کوڕە و یەکە یەکە

لەشکر بە زۆری نییە، پاکی بەو مەزرایە وەرکە

تەڕەقی بە خودایە، تا بزانین گەردون چ دەکا.

ئەوە ئەحمەدی شەنگ پێشی بە لەشکری خان قۆچی خان گرت.

ئەحمەدی شەنگ دەڵێ ڕۆژی دڵهێشانە و ڕۆژی مەردانە

کێ لە خۆی ڕادەبینێ، شێرە و شێری گەرمە لانە

ئی ئەحمەدی شەنگ و بردووە ئەو ماڵ و تالانە

بێ خەبەر بووم، نەیانگوت ئاخر ئەحمەدی شەنگ لە دەشتە دییانە

ئەوە پیشەی مەردان نەبوو، پیشەی ژنانە

گۆڵی دێڵە بەبایە، بێ ترس و بێ پەنهانە
هەمیشە هاواری پەروەردگار دەکات و ئی حەیی دانا.
نەتاندەزانی ئەحمەدی شەنگ سەربەخۆیە
بە دەست و بردی پڵنگی چەنگ بە خوێنە، سواری لەیلکە و لەیلک وڵاغ نییە و هەڵۆیە
هەر کەسێ ئازایە، بێ لەمەیدانێ دەر پکا ئەو گۆیە.
بڵێسەی گەرووە شینە و سەدای تیرەندازییە و قرمەی شیر لێدانە
لەیلک دە سوورێ، دەڵێی هەورە بروسکەی مانگی نیسانە
بە وەعدەی سەعاتێک ئەو بیست و یەک کەسەی دەگەڵی بوون هەموو دەبوونە موتەوەفا و بێ گیانە
وای لەشکر شێواند هیچ کەس نەیدەدی بیناهیی چاوانە
خان قۆچی خان خودا خودای بو بەردێکی وەگیر کەوێ خۆی بدزێتەوە و خۆی پشارێتەوە و خۆی پکاتەوە پەنهانە
سوار لە سەر پشتی ڕکێفێ وەردەگەڕان، شەقەی ئاوزەنگییانە
کەس ئاگای لە خۆی نەبوو، وەکو گورگێکی پچێتە نێو مەڕی سەریان لێ دەشێوێ سەگ و شوانە
کێشە کێشە، قرەقرە، کەلاک وا دەکەوێتە مەیدانە
پڕیشکەی خوێنە، دەڵێی هەوەڵی بەهارێیە و وەختی شێلینگی پیرەبارانە
کەس نەیدەوێرا سواری مەرکەب بێ، پاکی ئێختەرمە ڕاکێشانە
ڕوت سپی بێ پیاوی دەست گەرم! بەینەڵڵا مەردی نێو مەردانە!
بە وەعدەی سێ سەعاتان دەیگێڕاوە تەواوی ئەو ماڵ و تالانە
ئی وا بوو لە خوێنێدا گەوزاوە، بریندار بوو، ئامان ئامانە
بابە ئەوە ڕۆژی دڵێشانە، هەموو کەس دەست و دڵی ناگرێ بڵێی مەردە و بەورە و لە مەیدانە
هەشتا و پێنج کەسی لە باب نۆکەر و گەورە گەورە و سەردار عێلان

دەکردەوە بێ ئەرواح و بێ گیانە

لەشکر بوو بە حەوت جێگا، لە هەر حەوت جێگایان هەڵاتنە و لەشکر شکانە

خراپتر لە هەموویان بڵێسەی شیری دێ، ئەوی شەڕ دەکا خان قۆچی خانە.

خان قۆچی خان دەیگوت: کەسێکی خودا تۆفیقی دا کەس نایبینێ، گازەی دێ وەکو هەوری بەهارێ

هەچ کەسێکی ئەحمەدی شەنگ لە سەر پشتی ڕکێفێ پخاتە خوارێ

ئەمن خاترجەم بە دەیدەمێ قەباڵەی تەواوی خۆشناوەتی و مەملەکەتی بێنارێ.

ئەو جار خان قۆچی خان بۆ خۆی هاتە پێشێ، غیرەتی وەبەر خۆی نا و هات پێشی بە ئەحمەدی شەنگ گرت.

شەڕە ڕمبە، ئێکیان وەکو باز و ئێکیان وەکو شەهێنێ

ئەحمەدی شەنگ هەچ جارێک خۆی بادەدا و خۆی ڕادەوەشێنێ

باکی کەسی نییە بە غەیری ئەو خودایەی ئەگەر دەتوانێ ڕوحی لێ بستێنێ

تیزەی ڕمبی لە گرێی پشتی خان قۆچی خانی دا، سووڕا، کەوتە بەر زگی وڵاغ، خوێن لەپشتی دە دەڵێنێ

وایان سەر لێ شێواوە هیچ کەس نییە لە بەر زگی وڵاغ سەردار عێلی گێلان گێسییان دەرهێنێ

ئەو برینە چاک بوو، سەر توز ببوو، پاشی حەو ساڵان جێگا ڕمبی ئەحمەدی شەنگ تەشەن دێنێ

خان قۆچی خان بەوە چوو، جێ ڕمبی ئەحمەدی شەنگ بوو جەرگ و دڵی دەڕزێنێ.

کەفشیری خوارزای، سەت هەزار لەعنەت بێ لە شەیتان و لە نێوچاوانی ئەوییە

چون بێ ڕوحمە و هیچ ڕوحمی موسوڵمانانی نییە

بە غەیانەت کاری ئەوە هات بۆ گوفتوگۆ لەگەڵ خاڵییە

دەیگوت: ڕۆژی لێ قەومانە، ماڵم خرا بوو، چ قەوماوە
خاڵە بۆ لەشکرێکی گەورە و گرانت لەگەڵ خۆت نەهێناوە
بە بابەوەت دەبەر مرم! بە قوربانی تۆبێ ئەو دوو چاوە
لەشکری خان قۆچی خان شکاوە، لێی قەوماوە
ئەو فەتح و نوسرەتەی وە دەست تۆ کەوت، هیچ کەس ئەو فەتحەی نە کردووە ئەوەتی خودا دنیای داناوە
ئەما خاڵە چون لەشکر بوو بە سێ جێگا، پێشت لێ گیراوە
بە تاقی تەنێی بۆت دێن لە دواوە
سواری پاشکۆی خۆتم کە هەتا سەری خۆمت بنێم لە پێناوە.
ئەحمەدی شەنگ دەیگوت: بە وەی کەم ئەبەدییە
ئەلعان وا دەڵێی مەگەر ڕابووەستم بە ناهەقی و بە مەجبوورییە
دەنا ئەمن ئەمینی و موتمەئینیم لە هیچ کەس نییە.
کەفشیر دەگریا و چەپۆکی دەدا لە سەر و دەستی دەدا لە ڕانانە
ڕەبی ئەو کەسە کوێر بێ و بیناهیی ببڕێ لە چاوانە
ئەگەر دەگەڵ تۆ نەتەوییە و غەیانە.
ئەحمەدی شەنگ قۆڵی گرت و هاویشتییە پشت خۆی، کوتی: ئاگات لە پشتەوەبێ.
ئیدی بابە نایەوێ ئەو درەنگ و زووە
هەزار کەس خۆی لە بن کەندەڵانێ شاردووە
پاکی وڵاغی بە دەستەوەیە و ئێختەرمەی کردووە
ئیوا هەیە وڵاغی بەجێ هێشتووە
وای سەر لەو لەشکرە شێواندووە.
ئەحمەدی شەنگ پیاوێکی زۆر مەزبود و مەحکەمە
هەچەندی تاریفی پکەی کەمە
دڵی سافە و لە پشتەوە خاترجەمە.

ئەوە هاتەوە وەختی نیوەڕۆیە
لە مەیدانی دەرکرد گۆیە
لەهەموی شین و واوەیلا و ڕۆ ڕۆیە
خوێن دەڕوا وەکو جۆبار و جۆیە.
کەفشیر بە دەرفەتی زانی ڕەبی کوێری بێ هەرتک چاوە
قەرەبینایەکی تازە ئیجادی ڕەشید خانی گەروە شینی لەپشتەوە هەڵدەکێشاوە
لەنا غافڵی و لەنەکاوە، قەرەبینایەکی لە گرێی پشتی ئەحمەدی شەنگ دەداوە
ئاوری لە جەرگ و دڵی بەردا، تەواوی بەدەنی دەکردەوە بڵاوە.
حەیفێ بۆ سوارەکەی لەیلکێ
ئاخ بۆ سێوەکەی سەرلکێ
ڕۆ بۆ تاقانەکەی دایکێ.
ئەحمەدم ڕۆ، ڕۆڵە مەچۆ.
دەوعانەدا لەشکرەکەی ئەحمەدی شەنگ گەیشتێ.

ئەگەر ئەحمەدی شەنگ بریندار بوو، کەوت، هاتن تێی ڕۆ بێن. خان قۆچی خان کوتی: هیچ کەس نابێ دەست بۆ ئەحمەدی شەنگ بێنێ، بەو برینەی هەر دەچێ.

لەشکری خان قۆچی خان شکا. لەشکری ئەحمەدی شەنگ تاڵانەکەی گێڕاوە، چەند ئێختەرمەیان گرت. لە حاڵی حەیاتدا ئەحمەدی شەنگیان گەیاندەوە ماڵێ. دەست بەجێ خەبەریان بە کاشماغا دا. جەواهێر لە سەر کاشماغا ڕانەوەستا، ئەوە هات. کاشماغا خەریکی لەشکر سازکردنێیە و لەشکر دێنێ. ئەوە جەواهێر دەڵێ:

ڕەبی کەفشیر جا کاری وا گەورە قابیلی تۆیە
ڕەبی لە گەردنت بێ ئازاری سەرەتان و سۆیە
بۆ لە شێست هەزار کەس هەمەوەند و کاسەوەندی و سمایل عوزێریت خستووە داد داد و هاوار و ڕۆ ڕۆیە.

جا هیچ کەس وەکو ئەمنی لێ نەقەوماوە

ئەمن حەوت ڕۆژم ئەحمەدی شەنگ دیوە، لە گەردنی ویم وەرگرتووە ئەو شەربەت و قەنداوە

سەلای گەورە و گرانم لێ ڕابوو! جا بە بێ باب دانیشمە سەر لانکە و بێشکەی ساوا؟

جامن بۆ بژیم و بمێنم

واجبە هەرتک چاوی خۆم دەرهێنم

ئەمن بە بێ باب لانکە و بێشکەی ساوا ڕابژێنم.

فەرەج خاتوون دەڵێ: جوابێکم بۆ بەرنە قۆجە موسلێ و جوابێکم بۆ بەرنە بەغدایە

تایەفە ولاغییان زین پکەن و پاکی ولاغی پخاتە سەمایە

ئەو ڕۆکە ڕۆژی داد و فیعان و شین و واوەیلایە

خۆ موقەدەری هەق دەستی ئیلاهی بە هیچ کەس چاری نایە

سەلای گەورە و گرانم لێ ڕابوو! ماڵە خەزوورانم لێ شێوا، فەرەج خاتوون بێ ئەنوایە.

دایکی دەڵێ جوابێکم بۆ بەرن بۆ میسرێ و ئێکم بۆ بەرن بۆ حەڵەب و شامێ

کەسێکی ئەگەر نۆ جەوانە و لە دنیادا بێ عاقڵە و نافامێ

قەلەندەرم، بابان وێرانم، لێم تێک چووە وەخت و عەیامێ.

داخمە بۆ سوارەکەی لەیلکێ

ڕۆ بۆ سێوەکەی سەر لکێ

پەک بۆ تاقانەکەی دایکێ و

ئەحمەدم ڕۆ، ڕۆڵە مەچۆ.

جەواهێر دەڵێ: جوابێکم بۆ بەرن بۆ سەمەرقەند و ئێکم بۆ بەرن بۆ فەرەنگستانێ

لە هەڵشۆیەم بۆ دابنێن کوپەڵەی دە خمخانێ

ئەحمەدی شەنگ هیلاکە، ناژی بە ژیانێ
ئامۆزاکەم ئەوە گۆڕ دەباتەوە بۆ گۆڕخانێ
ئەمن لە دنیایە ئەوە بێ بەش بووم، لە قیامەتێش خودا دەزانێ.
ئەوە فەرەج خاتوون دەڵێ: جوابێکم بەرن بۆ سەردار عێلان، هەموو تەرخ پکەن عەیش و نۆش و سواربوونی ڕاوێ
چاک حاڵی بن لە خەبەری کەسکون و غایب و لە نەکاوێ
سوارەکەی سوار دەبوو لەپشتی لەیلکێ و لە دوژمنی شل دەکردەوە شەقاو و هەنگاوێ
دەچووە پێش هەچ دوژمنێکی دنیای لێ تاڵ دەبوو، تازە ئەو دنیایەی ناوێ.
قەلەندەرم، بابان وێرانم
بێ پشتیوانی ماڵە خەزوورانم
دەبێ ئەمن شینت بۆ پکەم هەتا دەتوانم
نابێ ڕووناکی بمێنێ لە چاوانم.
ئەوێ ڕۆژێم لە بیرە ئەگەر دەهاتییە سەر کانی و ئاوێ
تیری بێ ڕوحمی و عاشقێنی ئەگەر بۆ دڵی من داوێ
خۆمن بە خواهیشتی خۆم بوو، ئەگەر چاوم پێت کەوت، دەمگوت: لە ئەحمەدی شەنگ زیاتر کەسی دیکەم ناوێ.
سەبارەت بە تۆ بوو خۆم خەجاڵەت کرد ئی باب و برایە
دەمزانی لە تۆ زیاتر هیچ کەس دەشەوگوردی من نایە
هیچ کەسی وا نییە ئەگەر من خۆی تەسلیم پکەم لەو دنیایە
سەلای گەورە و گرانم لێ ڕابوو! ئەو برینە چاری نایە.
دەبێ خۆم هەراسان پکەم، ئەمن بێدار بم شەوێ
هەتا گوێم لە هاسکەی ئاسک بێ و لە قاسپەی کەوێ
هەرتک چاوم کوێر ببن، نابێ چاوی من پچێتە خەوێ
یا ڕەبی تا ڕۆژی ئاخرەتێ کەس کۆستی وا گەورە و گرانی لێ نەکەوێ.
جەواهێر دەڵێ: چییە و چم لێ قەوماوە

شکەمی من زیندووە و پێنج مانگی تەواوە
هەک ڕەبی لە من نەمێنێ بیناهی ئەو دوو چاوە
ئەوە چاوم پێ کەوت ئەحمەدی شەنگ لە خوێنێ گەوزاوە
جا خۆ ئەمن چ زیندەگانی ئەو دنیایەم لە بیر نەماوە
خۆ من منداڵم
بە عەمر بیست و یەک ساڵم
کەمبەرەم لە خمێ هەڵکێشن تا دایبنێم لە قەدی شمشاڵم
تا ڕۆژی قیامەت بێ ئام سونف و بێ ئاواڵم
بێ عیلاج ماوم، دەبێ هەر بناڵم
بە فرمێسک کوێر کەم دوو چاوی کاڵم.
گوڵان دەڵێ: جوابێکم بۆ بەرن بۆ میسرێ و ئێکم بۆ بەرن بۆ سەمەرقەندی
لە دڵی منەوە تەمەشای ئەحمەدی شەنگ کەن گە سوار دەبوو بە ڕەند و مەندی
گوڵی بەردڵی دایکی خۆت، کەفشیری حەرامزادە هەڵی کەندی.
جا لە دڵی من داد و هاوار و ڕۆ ڕۆیە
ئاخ بۆ سەردار عێلەکەی ئاکۆیە
ئاخ بۆ گەورەی سمایل عوزێری و هەڵشۆیە
ئەحمەدم ڕۆ، ڕۆڵە مەچۆ.
جوابێکم بۆ بەرن بۆ کاشماغا دانەنیشێ لە ڕێزەی پیرێژنان
دڵی من ڕاناوەستێ لە بەر ئەوی هێش و ژان و بریسکەدان
جا چۆن ئەو دڵی قەرار دەگرێ و دەژی بە ژیان
بۆ زەهلە چەشمەکەی چاوی بێناری و زودییان
هیچ کەس لە حاستی وی نەیبوو ڕوح و گیان.
جوابێکم بۆ بەرن بۆ کاشماغا هیچی دیکە دانەنیشێ بە دەستەوئەژنۆ و بە دەردەداری
بۆ خۆی لە خۆی بێ خەبەرە، غەزەبی خودای بەسەردا باری

کەلاکی لە مەیدان کەوتووە سوارەکەی سمایل عوزەیرییان و پێشڕەوی کامەریان و زێباری

فرمێسک وەکو هەوری بەهارێ لە چاوی من دەباری.

چلۆن دەژی چۆن جەرگی خوێن نادەلێنێ

تا ئەحمەدی شەنگ مابوو سەردار عێلێک نەیدەتوانی سوێگە بپەڕێنێ

لە ترسان، دەیگوت پڵنگی چەنگ بە خوێن ڕوحم لێ دەستێنێ

ئەلعان عێل و عێلباشان چادریان بۆ خاک و مەملەکەتی ئەحمەدی شەنگ دێنێ.

کاشماغاش خەریکی کاربینی خۆی بوو. قولاپی لە چاوی دا، خۆی بۆ مەیدانی شەڕێ حازر کرد.

قەرەبینایەکی پەپوولە نیشانی قاتڵی سەری هەمەوەند و ئاکۆییە

ڕمبێکی عەیزەران ڕەنگی دەمرەشی بیست و نۆ پەڕەی هەژدە قەفییە

تازە هاتۆتەوە لە سەر وەستاکار، لە شانی هیچ دلێرێکدا نییە

غیرەت بە تەنە، بە جوانی و پیری نییە

خەنجەرێکی نۆگۆی عەسڵە کرمانییە

بە قیمەت گرانی، عەسڵە خوێن ڕێزییە

جەوهەری عەکسی هەڵۆی تێدایە و دەسکی ماهییە

هەچ کەسێک قرمەی ئەو خەنجەرە ببینێ ڕوحی لە بەدەندا نییە

لە لاسکی نوسراوە عەکسی کەڵە کێوییە

چوار هەزار کەسی لەگەڵن: هێندێکیان کامەرین، هێندێکیان هەمەوەندن، هێندێکیان داودین، مەجید بەگی دزەییە

مەگەر عاسمان بڕوخێتە سەر عەرزییە

دەنا عیلاجی ئەو لەشکرەی نییە

هەر کەسێ ولاغێکی زیادی پێیە، لەپشتی دەگەڕێ بە یەختەرمەییە

هەمووی گوێمەقەستی کلک بەیداغی سم تەبەقی گوڵ گوڵییە

ئەوانە یەختەرمەیان بۆ چییە؟ بۆ ڕۆژی لێ قەومانێ، با هیچ کەس نەگەڕێ بە پیادەگەرییە

قانوون ئەو وەختی وا بوو، کەسێک قەبووڵ پکا مەردی و مەردایەتییە

ژنێکی ئەو لەشکرە ببینێ ، ئەگەر زگی بێتە سەر هەشت مانگە یییە، زەهلەی دەچێ، سبەینێ ئەو بەرەی پێ نییە

چون هەمووی قاتڵن، هیچی ڕوحی لە سەر عەرزی نییە

پاکی خۆی حازر کردووە بۆ ڕۆژی لێقەومان و هیچی دەربەستی ئەوە نییە سەر بەرێتە بن بارستی گڵییە

چومکە هەمووی خۆی حازر کردووە بۆ ڕۆژی گەرو تاڵبوون و خوێنڕێژییە

عێل و عاشیرەت شێواون، هیچ کەس ئاگای لە خۆی نییە

هەموو کەس دەبێ کفن بکڕێ، شەوێ دایبنێ لە ژور سەرییە

بۆچی ئەو سەعاتە زیندەگانییە، سبحەینێ هیچ کەس بە هەویای خۆی نییە

چون خوێنی ئەحمەدی شەنگ بە دوازدە هەزار کەس بەستنی بۆ نییە.

جا ئەوە کاشماغا هات. ئەوە تایەفە، خانم و خاتوون هەموو هاتن. ئەویش (= کاشماغا) لەشکری دەگەڵە، وەک زەهری مار، ئەوە هات.

شێست چابووکسوار هاتن لە پێشدا خەبەریان دەداوە

بەیداغی ئەحمەدی شەنگ سەرەوژێر کراوە

خانم و خاتوون لەچکە و کۆڵوانەیان لە خمێ ناوە.

لە هەموو دەرکێک شین و ڕۆ ڕۆیان داناوە

چومکە عەداڵەت و ئەمین بوو دەرهەق بە بەر دەستی خۆی

بۆیە تێگرا بۆی دەکەن واوەیلا و ڕۆ ڕۆی.

ئەگەر چابووک سواران خەبەریان دا، هەڵشۆ و کەنگربان و ڕانییە و عەداڵەت

یەختەرمە هاتن ولاغی بەقیمەت.

کۆتەڵی ئەحمەد لە لەیلکییان نا

به گریان و شین داد و واوەیلا
گولان پێشوازی کاشماغا دەکا.
سەت ناسک بەدەن ئەبرۆغەدەنگ کار
پاک نۆڕەسیدە مەمک وەک هەنار
کوڵمەی گۆناوگۆن وەک سێوی خوسار
پاکی بە گریان، واوەیلا و هاوار
جاڕچی لە پێشییان کردی خەبەردار.
کەسێک حەوت ساڵ لە وەی پێش مردووی لێ مرد بێ
بەو شینگایە لێی تازە دەکرێ.
چومکی واوەیلا و داد و ئامانە
وە دەزانێ ئەو مردووەی هەر لە بەر دەستانە.
مەلا و عولەما و چازان و پڕ فکر
تەگبیریان بۆ کرد یەک لەیەک چاکتر
ئەو کارە نابێ مەگەر بۆ کافر
گوناح و ناشوکرییە قەستەم بە قادر
چون دنیای دانا لە ئەزەل نادر
لە کاری خودای، نابێ پکەی فکر.
بەیداغی خمرێز وەک ئاش دەسووڕا
گە بەیداغی دی دابەزی کاشماغا
غوربەتی دەروونی حەڕەکەت دەکا
غیرەت هێند زۆرە و مۆلەتی نادا.
سایە گەردن و پاک نازەنینان
وەک پۆڕی بەڵەک پاک لەچکە شینان
پاک دەستیان هاویشتە سەر ملان
پاکی وەک قورینگ، پاکیان دەگریان

تا ساحێب عاقڵ دڵخۆشییان وێ دان
کاری گەردوونە، ئێوە بگرن وچان
کاشماغا بە گوفتوگۆ گەیشتە کن گوڵان یانی ئاسیە خان.
ئەوە گوڵان کوتی: بۆ وا هێدی هاتی وا لەسەرەخۆی
خوێنگری ئەحمەدی شەنگ لە کنە خۆی ئەتۆی.
لەماڵە باب و پشت و پشتیوان
کاشماغا مامە زەهلەی دوژمنان.
کوتی: لێم گەڕێ، مەمکولێنەوە
من مارەنگازم، مەمرژێنەوە
جگەرم وەک ئاو مەتووێنەوە.
خاترجەم پیرم، عەمر کۆتاهم
پڵنگی چەنگ بە خوێن هەر واوەیلاهم.
سوێندم خواردووە بە گەردوونی گەرد
ئەگەر من پچم هەر بە تەنیافەرد
وە دەردەکەوێ ڕووی مەرد و نامەرد.
یانە جەندازەم لە خوێن دەگەوزێنم
سەری عەمری ئاخریم یان دەدۆڕێنم
یان تۆ و دڕووێکی وا دەچێنم
یان شەنگی خۆم لە قوڕێ دەردێنم
ڕمبی بەدبەختی وا دەچەقێنم
تۆڵەی ئەحمەدی شەنگت بۆ دەستێنم
عەمری کۆتاهم، ڕەبی نەمێنم
بۆ جڵەوڕێزانی مەردی لەیلک سوار
بە دەست و ڕمبی وەک عەولای زورار
دوژمن هیچ وەخت بەوییان نەدەبرد چار.

ئەلعان من مام نیم لە جێگای بابم
دەروون پڕ بۆ سۆ، جگەر کەبابم
تازە بە پیری من بۆ هیچ نابم.
قەڵغان و قەدارە، زرێی ڕێزەدار
تیری غەدەنگ کۆ چون گەردنی ڕەشمار
قەرەبینای عەسڵ کاری وەستاکار
دلێر و مەردان بە من نابەن چار.
تۆڵەی دەستێنم وەکو بزانم
عەمری کۆتاهم، لاڵ بێ زمانم
جەسارەتیشە من بۆ قسانم
پیری خونک کار ئاشقی گوڵانم.
ئەگەر ئەستاندم تۆڵەی یەک بەهەزار
لە وڵاتی کوردان بووم بە سەردار
ئەو وەختە گوڵان بۆ من دەبێتە یار؟
قسە بوو هات لە زارم ڕابرد
ئیعتیراز مەگرە بێ عەدەبیم کرد.
چومکە وەختی هەیە ئی ئەو قسانە
ئەلعان گوڵان دڵی پڕ لە ژانە
لە بۆ شەنگ ئەحمەد شێری لە لانە.
قەولێکم پێ بدە ببم جانفیدات
بە خۆشی و بەشارەتی دانیشم لە لات.
دەستێنم تۆڵەی بە مەقابیل کار
قەستەم بەگەردوون بە زاتی جەبار
جگەر و جەرگم ببێ کەرت و پار.
درا لەمۆزیقان لەشکر سانی گرت

ئاخر زینەتدارە لەشکر و سپای کورد
وەک شەڕی قەدیم پادشای یەزی جورد.
گـولآن زۆر ســەگ بوو، دەیزانی کـاشـمـاغـا پیـرە، بێ پەت دەیکا. ئەوە بە کاشماغای گوت، دەڵێ:
ڕەئیسی سپا، سەردار عێلی کار
دیارە کاشماغایە مەردی نێو دیار
ئەگەر تۆفیق بدا پادشای کەرەمدار
لەو شەڕە بگەڕێتەوە بە فەتح ئەو جار
پاش ئەحمەدی شەنگ نەمماوە هیچ کار
سنگت بۆ دەکەم بە بازاڕ و شار
تێیدا دابنیشە هەتا دەمرین هەژار.
وەبزانە گولآن خاترجەم ئی خۆتە
هیچ خەیاڵ مەکە پیری عەمر کۆتا.
لەو وابوو تەواوی دنیایان بە مڵکایەتی دایە.
منت بم بە قوربان، کوڵمەی گۆناوگۆنت
دڵم ئاسودە بوو، مەستم بە بۆنت.
کاشماغا خودا حافیزی کرد.
سپا ڕێز درا
عومری حەڕەکەتی لەشکر دەکرا.
ئەوە خانم و خاتوونان دڵخۆشی فەرەج خاتوونیان داوە.
تۆ لێت نەقەوماوە وا شەرمەزاری
لە جێی ئەحمەدی شەنگ سپاسالاری
گەورە و ڕەئیسی شێست هەزار سواری.
چومکە شەنگ ئەحمەد ئاملانی تۆ بوو
دایمە لەگەڵ تۆ ساحێب گوفتوگۆ بوو.

دانیشە بە ئەرکان بە هێدی و بێ دەنگ
گوڵ غونچەی زاهیردەستی ئەحمەدی شەنگ.
پاک عاشیرەتان دێنە بەیداغت
بەر تەقەبوڵتن، ببێ دەماغت.
لەگەڵ موقەدەر بینای کەرەمدار
چی پێ ناکرێ بەندەی گوناهبار.
نەختێک ساکین بێ دڵت نازەنین
زۆر دامەنیشە بەماتی و غەمگین.
عالەم دەستەونەزەر بۆ تۆ ڕاوەستاوە
حوکمڕانیت پکەی سەرپاک تەواوە
وەبزانە بە زیندەگانی ئەحمەدی شەنگ ماوە.
ناز و نازەنین قۆڵبازی بەنددار
عالەم پاک بۆ تۆ دەبێ منەتبار
حوکماتی خۆت پکە وەک سپاسالار
هەر وەبزانە ئەحمەد لە لەیلک دەبێ سوار.
هەمیشە جەرگت خوێن نەدەڵێنێ
پیاو زۆر خەمناک بێ دڵی ژەنگ دێنێ
وجودی لەو دونیایەدا نامێنێ
کاشماغا تۆڵەی ئەحمەدی شەنگ دەستێنێ.
ئەوە خەبەری لەشکری کاشماغایان بە خان قۆچی خانی گێلان گێسییان دا. هەمیشە خان قۆچی خان قەرەوڵی هەبوو. جائەوە خان قۆچی خان دەڵێ:
بریندارم، برین لە جەگەرێ
لەشکر و قشون وەدەر کەوێتە دەرێ
خودا دەزانێ چمان وەسەرێ
ئەمن سێ کەڕەت چوومە شەڕێ.

کاشماغا وەکو شێری زەرد قەت قەت پشت نادا
دوژمن لە دەستی دەگرێ موفاجا.
لە زەمانی ویدا هیچ کەس نەماوە
جا نازانم ئەلعان هەر مەردی ڕاوە
یان قەڵەمی دەست و پێی شکاوە.
وەک شێری ڕێگر پێشو پێ دەگرێ
خوێن وەکو سێڵاو دێت و ڕادەبرێ
عیلاجی کاشماغا زۆر زەحمەت دەکرێ.
هەڵمەتی جوانی وەختی نەماوە
ئەمان یەگجار زۆر ڕەشید و شوجاع و پیاوە
یان ئەمن بێ عاقڵم، عاقڵم خاوە
یان پێم وایە مەملەکەتمان لێ داگیرکراوە.
خڕەی ئاوزەنگی کاشماغای جابر
خۆی لە بەر ڕاناگرێ موسوڵمان و کافر
گە گەرم دابێ جار لە جار چاتر.
پڵنگی چەنگ بە خوێن وچانی نییە.
وەکو شێری زەرد تەکانی نییە
گە بە تەکان بێ وەک وەختی زەمان
کەس خۆی ڕانەدەگرت لە بەر قارەمان
پێو کەمتر نەبێ پادشای دیانان.
هەتا دەتوانن شەڕ پخەنە شەوێ
چومکە پیاوی پیر زوو خەوی دەوێ.
گە بێتو بە شەو کەلاکی نەخەن
بە زۆرە ملی تالآنتان دەکەن
سەری جوانیو بە یەخسیر دەبەن

له سەر خاک و ملّک دەربەدەر و دەکەن.
دەبینە پێ خوست مەرد و نامەردان
دەستم دامێنو وەک شێری لەلان
پێشیان پێ بگرن، هیچ مەگرن وچان
وەکو قیامەت وەک ئاورباران.
کاشماغا پیرە، تاقەتی نەماوە
دەنا دلێرە، پێم بێ بیناهی چاوە.
هەتیو مەتیو، کوڕە کوڕە کوتیان: ئەوە دەکەین، ئەوە دەکەین. ناڵە ناڵ و گرمەگرم بەڵکو گۆشی فەلەکی کەڕ دەکرد.
با ڕاش بگوێزین خانم و خاتوونان
نەوەکو زۆر بێ، پکەوینە ئێخسیردان.
کاکە مەمو چۆن دی لە چزیرێ
لە سەر خاتوزین خستییانە بیرێ
ماڵ و منداڵمان بە یەخسیر دەگیرێ.
هەتا دەتوانن کارێکی وا پکەن
شەڕەف و نامووس قەت لە دەست مەدەن
خانم و خاتونان لە شار بەڕێ کەن.
کوتیان: چ خەبەرە، بۆ وا شێوای
برینداری بۆیە عاقڵ نەماوی.
ئێمە پاک پڵنگین، شێری سەربەخۆ
هیچ باکمان نییە لە لەشکری هەڵشۆ
پاک بۆ ئەحمەدی شەنگ دەکەن ڕۆ ڕۆ
بەیداغیان شینە، نەما سەربەخۆ.
هەمووی خەمناک و دڵ بە تەکانن
هەموو ڕەنجەڕۆ، پاک سەر گەردانن

نابەڵەدی کار، ڕۆژی مەردانن.
ماڵ و منداڵمان بەڕێ کەین بۆ کوێ
ئابڕوومان دەچێ، قسەی ناموستەجێ
قەستەم بە بەرەکەتی ئەلف هەتا بێ
بەشەو یان بە ڕۆژ گە کاشماغا بێ
کەلاک دالاش و خەرتەلی پێ خەنی دەبێ
خوێنی عەقیقی وەها دەپرژێ
ئەو وەختی جا کار لێک مەعلووم دەبێ.
لەشکریان ساز بوو، ئالای ڕەنگاوڕەنگ
وەکو هەژدیها دێتە دەر لە سەنگ
تێگڕا ساز دەبن لەبۆ ڕۆژی جەنگ.
هەموو دەغەزرێن وەک شێری لەلان
پاکی غیرەتیان خستە نێو چاوان
لە ناڵە ناڵی شێران و بەوران
جا مەعلووم دەکا ڕۆژی دڵهێشان.
حەو سەت قەرەوڵ ئەوان پێش جەنگن
عاقڵ و بە غیرەت، هێدی و بێدەنگن.
لە پێشەوە چوون بۆ پێشی سوپا
پاش قەرەوڵیان خەبەر دەدا.
کاشماغا کوتی: ئەی عاقڵمەندان، مەردی کارخانە
ئەی عاقڵمەندی ڕوویی زەمانە
قسەی پێشینان بۆ ئێمە ئەرکانە
زۆر وەدی هاتووە قسەی پێشینانە
لە شەوێ داپچن، شەو قەلای مەردانە.
کاشماغا بەسەردار عێلانی گوت: لەشکر وەخرێ. ئەوە بوو بە بانگی

شێوان، تاریک بوو. لەشکر وەخرِبوون. کاشماغا کوتی: هیچ کەس زرێ لە بەرخۆیدا نەهێڵێ، زرێیان لە کەللەی ولاغان بەستن، تەنگ و زبەر تەنگ هەموو توندکران. سەعاتێک لە شەوێ چوو.

مەردی جەوهەردار، شێری رۆزگار
کاشمی فەتحەیە، بۆ جەنگی یەگجار.
لە ناخافڵ نییە، وەختی مەردانە
بۆ جەنگ و جودال رِۆژی خوێن رِێژانە.
پاش قەرەوڵ خەبەری دا، کوتی: کاشماغا گەیشتێ، رِێگا گیرا.
لە خریوەی تیران، بڵێسەی قەرەبینا
دەنگی دلێران، سەدای واوەیلا
وەک رِۆژی قیامەت لەشکر تێک رِژا
باب ئاورِ وەسەر فرزەندی نادا
لە قرمەی خەنجەر، بۆستەیان ترازا
لەو ناڵە ناڵە و لەو گازە گازە!
هێندێک شەهێنە و هێندێک وەک بازە
چەخماغ و تیخیان لە یەکتری ترازا.
دەیلەم دەیلەمە، کەلاک گەیشتنە جێ
خوێن لە ئێخەی کراس جارییە دەبێ
چەند کورِ و کچیان پاک هەتیو دەبێ.
ئەما کاشماغا زرێی رِێزەدار
بیست و نۆ پەرِەی رِمبی کەوتەکار
زگی بە کەس نەدەسووتا ئەوجار.
مەتاڵی رِەنگین کرد دەگەردن
هیچ ناترسێ لە رِۆژی مردن.
مەرکەب بە کەللە کەوتنە خوڵ لێکدان

لەبەر شەڕاڕەت لە حەملەی مەردان
مێشکی مەرکەبی دوژمن زۆر چاک دەڕژان
سووار پیادە دەبوون، دەکەوتنە مەیدان
ڕاست و چەپ خەنجەر لە کەلەکە دران
جەڵغەمەی خەنجەر گەلێکیان دەشکان
وەکو غەیبەرێ، جەنگی ئەسحابان
سەعاتێک شەو مابوو لەشکری وان شکان
لە سێ جێگایان پێشیان پێ گیران
هەر واوەیلایە، داد هەتا ئامان
خەبەریان دەبرد بۆ خان قۆچی خان.
بە داد و فیعان، شین و واوەیلا
نۆ سەت کەس مەردی جەنگی کوژرا
مەرکەب و ولاغمان هیچ بە دەست نەما
دەبێ خان قۆچی خان تەگبیرێکمان بۆ پکا.
ئاخر نەمگوت، تەگبیر و ڕاتان بۆچی بەمنە
چارە و عیلاجمان هەر هەڵاتنە.
خاکی دنیام پاک بووە وەسەر
ملّک و دارایيم لە چنگ چۆتە دەر.
تیر لە سنگی سالاران دەیگرت نەخش
خوێنی ئەحمەدی شەنگ بوو بە ئی سیاوەحش.
سیاوەحش بوو قەدیمی زەمان
بە هیچییە کوشتی پادشای تورکان
ئێرەش وەها بۆتە ئاخری زەمان
تالار و ماڵیان پاک ئاور تێ بەردان
سێ هەزار کەس بە ئێخسیر گیران

لەشکری کاشماغا هیچ ناگرێ وچان
وایان لێ تۆقین، وەها دەترسان
هیچ کەس لە پێشیان ناکا جەنگ و سان
پێنج هەزار خانم ناسک جەمینان
ئەوان بە ئەمینی بەیەخسیر گیران
بناغە و ڕیشەی بەگلەر و میران
بە وەعدەی چل شەو پاکیان دەرهێنان.
کارێکی وایان کرد وەکو شێری مەست
خوێنی ئەحمەدی شەنگیان گرت لە دەست.
وەدەستیان کەوت خوێنی ئەو جوانە
شێست هەزار ماڵ لە سەر تالانە
کاشماغا مەردی ڕوویی زەمانە.
لە ڕاست و لە چەپ هیچ ناگرێ وچان
سەدای ڕمبی دێ وەک شێری زەمان
لە هەڵمەتی کاشماغا هەموو دەتۆقان.
پیری کوهنەساڵ عەمری سەت ساڵە
ساحێبی گورز و ڕمب و مەتاڵە.
هیچ کەس لە پێش وی ناتوانێ بگرێ سان
ئەگەر سان بگرێ ئەو دەبێ بێ گیان
هەر وەکو ڕۆستەم شای مازندەران
سەرحەدی توند کرد، پاک مڵکیان گیران
ئێخسیر و ماڵییان پاک بە ڕێ کران
لە هەڵشۆیە خۆشی و شادیانە داندران.

## کەفشیر بە دەست کاشماغا دە کوژرێ

ئەوە هەشتا ژن هەموو قەرە زولفی خۆیان بڕیوە، دەهاتنە کن خان قۆچی خان بە لە سنگ دانە

دەیانگوت: گەورەی عێلی ڕەبی کوێر بی لە هەرتک چاوانە
لە هەمووی یەخسیربردن و سوار فڕێدانە
هەمووما‌ن بە یەخسیر گیراین، پاکمان کراین نابوود و تالآنە
لە هەمووی بگرەبگرە، ناڵە ناڵە، ئامان ئامانە
جێی بێژینگێک نەماوە ئەمەی لێ دانیشین لەو دنیاپانە

ئەتۆ بۆ خۆت خەتاباری، بۆچی لە تەواوی عێلانت کردووە بە ڕۆژی ئاخر زەمانە

لە هەمووی کێشمان کێشمانە، چیغ و چادر ئاور تێ بەردانە
وەختی ئیسراحەتە، بۆ خۆت دانیشتووی لە دیو و لە دیوەخانە
ئەدی بۆ لە سەرت ناکەی کۆچکە و دەسماڵی ژنانە
کارێکی وا پکە ئەگەر لەشکری کاشماغا بگرێتەوە وچانە
کاشماغا لە خوێنەخۆری خۆی دەگەڕێ، مەتڵەبی کەفشیرخانە
دوو سەت هەزار ماڵ لە سەر تالآن و ئێخسیردانە.

خان قۆچی خان کوتی: عێلی کەفشیر دوورە، دوو نۆکەرم بۆ بانگ کەن لە وانی قسەیان دەچێتە سەرێ

کەفشیر دور کەوتۆتەوە، نیزیکم کردۆتەوە لە وڵاتی پشدەرێ(١)
چومکە بە وییانەوە دیبوو فەتح و نامووس و حونەرێ
ئەوە بڕیاری کەفشیرە ئەمن وام بە سەرێ.

---

(١) پشدەری عێراقێ، بەشێکە لە سولەیمانی، دەبەینی ڕانیە و چناران و سورداش و ماوەتدایە، ڕۆژ هەڵاتیشی خاکی ئێرانە، زێی پچووک بەنێوە ڕاستی وێدا دەڕوا، قەڵادزە پێی ڕادەگا. «کۆواری کۆڕی زانیاری کورد» ژمارە ٢، بەشی ا، وتاری کۆچەری و ترانس هیومانس. نەخشەی ڕووبەرووی لاپەڕەی ,٣٩٦

کەفشیرخان پڵنگە لە بەر کەس سەر دانانووێنێ

پیاوێکی ڕەشیدە، ڕوح لە پیاوی وەکو ئەحمەدی شەنگ دەستێنێ

ئەگە بێتو کاشماغام بۆ لە خوێنێ بگەوزێنێ

شەرت بێ حوکماتی بدەمێ هەتا بگاتە پێشی کەنگربان و شێنێ.

ئەما کەفشیریش زانیبووی شەڕە، سێ سەت کەسی دەگەڵ بوو، چاک نەیدەوێرا لەو شەڕە نیزیک بێتەوە، دەیزانی بڕیاری کاشماغا چۆنە.

وڵاغی کەفشیر زین کرابوو، لە دەرکی چادر بەستـرابۆوە. دیوەخانیشی هەمیشە پەنجا شێست کەسی تێدابوو. ئەگەر خەبەریان بۆ هێنا، کوتیان خان قۆچی خان دەڵێ بگاتێ، دنیا ئاوری گرت، ئەوە کەفشیر دەڵێ:

بەو خودایەی میری مەزنە و بەو محەممەدەی ماڵی کردووە لە مەدینە

خۆ من ساحێب دوژمنم، قەت بەئاسوودەیی دانانیشم، هەمیشە ئەسپم بەزینە

ئەگەر بژیم و بمێنم ئەوە هاتمە پێش جەنگی کاشماغای ڕدێن شینە.

کەفشیر جابرە، بەشانی ڕاستی دا ئاوڕێکی دەداوە

سەرعێل پاکی دەستەونەزەر لەپێشی ڕاوەستاوە

عەجایەب! چ بووە، چ قەوماوە، ئاغامان بۆ شێواوە؟

کوتی: من خەبەرم هەیە ئەو ڕۆ حەوت ڕۆژە لە خان قۆچی خانی گێلان گێسیان قەوماوە

شەڕە، جەنگە، زەرعاتی مەملەکەتی مە پاکی بە خوێنی عەقیقی جەوانان ئاو دراوە

لە پشتی وڵاغو پکەن زینێکی موڕەسسەع و لەزاری پوکتن ددانە لغاوە

لەو سەعاتە واوە کەس نەڵێ کچ و کوڕ و ماڵ و منداڵم لە پاش بە جێ ماوە

شەڕی کاشماغا پێیدا دەوێ، ناڵە ناڵە، گرمەگرمە، قاوە قاوە

تەواوی لەشکری خان قۆچی خان هیچی زەهلەی پێ نەماوە

ئەما ئەوڕۆ ڕۆژێکی شادمانییە ئەگەر کۆمەگ بچێ لە دواوە

وەبزانن تەواوی تاڵان و ماڵی خان قۆچی خان بە فەتح و نوسرەتی

کەفشیرخان گەڕاوە

بیست و چوار ئاڵەتی جەنگی پاکی بە ژەهری مار ئاو دراوە
ڕمب هەمووی سێ پەڕەیە، ئێستا هیچی جەنگی پێ نەکراوە
شیری پۆڵایە و دەمیری خاوە
هەتا ئەورۆ هیچ کەس شیری وای لە قەبرغەی نەناوە
خەنجەری خەڵکی نۆ گۆیە، ئەو یازدە دووپشکی زێڕی لێ ناوە
درێژاییی خەنجەری سێ بستی تەواوە
ڕمبێکی خاڵند بەگی لە سەر هەرتک ڕانی ڕۆناوە
لە پەڕەی ڕمبی عەکسی شێری لێ داوە
دایمە پەڕەی ڕمبی وەکو هەژدیها زاری داپچڕاوە
یەگجار موعتەبەر بووە ئەوەتی ئەحمەدی شەنگ کوژراوە
حەوت سەت کەسی سوار دەکردن کوڕە کوڕە و یەکە یەکە ئەوی بڵێن بە غیرەتە و پیاوە
بە غەیری منداڵ و ڕدێن سپی لەعێلی ویدا کەسی دیکە بە جێ نەماوە
لەشکرەکەی جارجار بە وێڵغار دێ و جارجار دەیکاتە پڕتاوە
دەڵێی هەژدیهای جەنگییە و بریندازیشە و بێچووە خوراوە
کوتی لە هەوەڵی پێشینان تا دێتە پاشینان بووە و کاری وا قەوماوە
هەر کەسێکی بێ غیرەتە ئەگەر دەیترسێ دووگۆشەی چاوە
دوو قامک شانی شین پکا و لەگەڵ ئەمن نەیە و بگەڕێتەوە دواوە
کوڕە فەتح هەوەڵ کەرەتە، ئەگەر بە دەستەوە هات ئەوە کارت تەواوە
دەنا ئەگەر بە دەستەوە نەهات، قسەیە، گوفتوگۆیە، بەندە، باوە.
جا ئەوە سبحەینەیە کە نیزیکی ئەوەیە مەڕ بێتەوە سەر دەراو و بێرە مەڕێ
هەر سوارە و لە جەنگێدا لە سەر پشتی مەرکەبی دەپەڕێ
هەر زینە و ئەگەر سوار گلا لە پشتی مەرکەبی وەردەگەڕێ
ئەو وەختی کەفشیر هاتەسەر جەنگ و شەڕێ

له پێشدا ئەگەر هات قرمەی شیرانە، سەدای تیرانە، دەنگی ڕمبانە، لە حەوت جێگا ترازا بۆستەی خەنجەرێ

ئەو حەو سەت کەسە لە خۆیاندا تانووت و حونەرێ

ئالا بە نێوی کەفشیرە و عەکسی کەفشیری لێ دراوە، ئالا چی ئالای لە کێوی بردە سەرێ

پیاوی ڕەشید و جگەرداری دەوێ، دەنا پیاو لەو جەنگەدا وەختە دڵی دەرێ

چون ڕۆژی دڵهێشانە، پیاو بیدەنێ ئاوی حەوزی کەوسەرێ

ناتوانێ بیخواتەوە لەبەر گازەی تیران و دەنگی ڕمبان و بڵێسەی نەشتەرێ.

دەستێک لە لەشکری کاشماغا دەگەڵ کەفشیرخان ڕووبەڕوو بوون و شەڕیانە. ئەوانە زۆریان بۆ هاتووە، ئەوە دەنێرن خەبەر بە کاشماغا دەدەن.

جا دەمەوێ لە نۆکەرێکی چازان و حالزان و بە نمەک خەبەرێکی بۆ کاشماغا بەرێ

هەم دەبێتە مزگێنی و هەم دەبێتە تانووت و ڕۆژی حونەرێ

ئەو کەسی ئەگەر ئەحمەدی شەنگی لە دنیا بردە دەرێ، پێش جەنگە و ئەوە لەگەڵ ئێمەی لە خۆ داوە تانووت و حونەرێ

بە خودای نەگاتێ کەس ناتوانێ ڕابووەستێ لە بەر بڵێسەی شیر و لەبەر قرمە و مەودای خەنجەرێ.

کەفشیر دەردێکی دانێ پەڕ بەسەر نەبوو لە پێشی ڕابووەستێ.

ئەو عیدەی لە پێش کاشماغا دابوو، تازە ئەو لەشکر و عیدەیە شکاوە

سێ سەت کەس جوکلی هەمەوەند و سمێڵ سپی کامەریان لە سەر پشتی ڕکێفێ وەرگەڕاوە

ئیوا هەیە مەوتە، مردووە، ئیوا هەیە بەحاستەم گیانی پێ ماوە

لەبەر برینان ئاوریان گرتووە، داوا دەکەن چۆڕێک ئاوە

نۆکەر دەستەو نەزەر بوو، لاقێکی لە ئاوزەنگی دەرهێناوە

لاقێکی گەیاندە عەرزی، دەستی بە قەڵپوزی زینییەوە ناوە.

ئەو دەستەی دەگەڵ کاشماغا بوون پاکی وەکو شێری بە حونەرە

هەمووی پڕیشکەی خوێنی لە سنگیەتی، پاکی کوڕە کوڕە و یەکە یەکە و پەڕ بەسەرە

کاشماغا ئەگەر دەیدی دەیگوت عەزیزم چ باسە و چ خەبەرە؟

دەیگوت: کار لە دنیایەدا دەکرێ

هەتا زەمانێکی دور لە سەر پشتی ڕکێفێ نەکەویە خوار و تاو پەردەی زینت نەگرێ

چون بە بێ سەردار عێلی شوجاع کاری دوژمنایەتی لە دنیایەدا ناکرێ

عومرت هەتا دوو سەت ساڵ ڕابرێ

دوژمن لە بەر قرمەی خەنجەر و لە بەر شەقەی ئاوزەنگی و لە بەر ناڵەی گەروەشینی تۆ خۆی ڕانەگرێ

ئەمان عەرزم هەیە ناڕەحەت نەبی و دڵت گەرد نەگرێ.

ئەگەر دەپرسی لە باس و لە خەبەر و لە قسانە

ئێمە فەتحین و نوسرەتین، لە هەمووی ناڵە ناڵە، ئامان ئامانە

چادر و چیغی بیست و یەک ئەنگوستی پاکی ڕۆیین بە تاڵانە

ئەما دەشزانم دڵت لە برکە، لە هێشە، دایمە لە ژانە ژانە

بۆچی برینی بەدەن ژانی دەشکێ، تۆ وە جەرگت کەوتووە تیر لەگەڵ پەیکانە

ئەو قاتیلی خوێنڕێژ، ئەو سەربەخۆی غایەنی بێ مەزهەب و بێ ئیمانە

ئەگەر تۆ مەتڵەبتە، ئەوە بۆیە هەمیشە دڵت بێ قەرار و بێ وچانە

ئەلعان ئەو سەعاتەی ئەوەی تۆ مەتڵەبتە، ئەو کەفشیر خانە

پێشی لەشکری گێڕاوە، قرە قرە، ناڵە ناڵە، شیر لێکدانە

مەرکەبان خۆ لە سەر پاشوو ناگرن، زین وەرگەڕان و کەلاک فڕێدانە

حەو سەت کەسی لە گەڵن هەمووی جحێڵە، قامک مژانە[1] (سەر گاینجە؟)
سنگیان پانە، پاکی وەرزیشی کردووە و فێری جەنگ و مەیدانە
لەشکری ئێمە عەقەب گەردی کرد، لە سەر شکانە.
ئەوە کاشماغا سەری هەڵدێنا، دەیگوت، دەبێ ئەمن ببژێرم شوکرانە
ئەمن لەوە دەگەڕام دەنا ئەو عێل و عێلباشە پاکی بێ خەتا و بێ تاوانە
ئەمن مەتڵەبم ئەو کەسەیە ئەگەر ئەحمەدی شەنگ ئارامی دڵی منی کردەوە بێ حەیات و بێ گیانە
چومکی لە سەرەوە دۆست بوو، لە بنەوە دوژمن، ئەحمەدی شەنگی کوشت بە دزی و بە پەنهانە
بڕۆ مزگێنی دەتدەمێ دوو سەت شەکی کەوسێری یەک ددانە
جا بۆم بانگ کەن نۆکەرێکی بە ئیعتیبار و بە متمانە
تەنگ و زەبەر تەنگی مەرکەبم بۆ واژگون پکا و توندی پکێشێ، هەتا ئەوڕۆ داوەت بوو، شایی بوو، ئەو جار وەختی لێقەومانە
یان سەری خۆم دە دۆڕێنم، سبحەینێ ئەو وەختانە لێم بپرسن جواب و سوالی قەبرانە
یان تۆڵەی خۆم دەستێنم، لە دڵم ڕاهی دەکەم ئەو برک و ژان و بڵێسەدانە.
کێ بێ لە کاشماغا، کاشماغای ساحێب حونەرە
زۆر پیاوێکی ساحێب نامووس و ساحێب جەوهەرە
پیرێکی توند و گورج و گۆڵ و پەڕ بەسەرە
ولاغییان بۆ ساز دەکرد و ڕمبی حازر کرد و دەیترازاند بۆستەی خەنجەرە
دەیگوت: پەنا بەو کەسەی ڕوح عەتایە و ڕوحبەرە.
کاشماغا ئەگەر بە شانی ڕاستیدا ئاوڕی دەداوە
هەموو لەشکرێکی لە پێش کەفشیر بوو پاکی شکاوە

(١) مژان: لە ولاتی ئێمە پێی دەڵێن: ئامور. بڕوانە «امثال و حکم کردی» بەشی دو، ل ٣٥٤. «گاینجە» دەف. خاڵ دا هاتووە.

ئەوی ولاغی لێ بەجێ ماوە، ئەوی لە سەر پشتی ڕکێفێ وەرگەڕاوە
هیچ کەس ڕەنگی بە ڕووەوە نەماوە
دەیانگوت: ئاغا عیلاج پەزێری نییە، بولەرزەیە، سێڵاوە!
بۆ ڕۆژی لێقەومانێ خان قۆچی خان کەفشیری لە سەرحەدی پشدەرێ داناوە
ئەوی لە گەڵنی پاکی پڵنگی چەنگ بە خوێن، چاویان لە شەڕێ ناترسێ، لە بلێسەی گەروەشین ناگەڕێنەوە دوواوە
کاشماغا سێ چزووی ئاوزەنگی لە قەبرغەی مەرکەبی دەداوە
دەنگی لەشکری دەدا، نۆسەت کەس هەمووی سوورە! لە شەڕێدا خوێنیان لە بەدەنی پڕژاوە
پاکیان ڕمبی دەمڕەشی هەژدە قەفی بیست و حەوت پەڕەیان لە شانی دەردەهێناوە
دەیانگوت ئەو جار مەلەکی عاسمانێ لە سەیری ئەو شەڕە مەحتەل ماوە.
بوو بە ناڵەی ڕمبان و بوو بە شەڕی خەدەنگ و بوو بە قرمە قرمی شیر و هازەهازی خەنجەرە
ئەو سەعاتە وەک تەرزەی بەهارێ دەپەڕی لاشە و سەرە
هەتا کەفشیر و کاشماغا دەبوونەوە بەرامبەرە
کاشماغا لە خۆی دەدا تانووت و حونەرە
ڕمبێکی لە بەری دەستی کەفشیر دەدا ڕمبی لە دەستی دەبردەوە دەرە
هەڵی دەکێشا خەنجەرێکی سیوانکاری مراد بەگی پڕجەوهەرە
نیشانەی مانگ و ڕۆژی لە نێوە ڕاستی خەنجەری کراوە هەتەرە
بە سەر پێشی زینێدا ئەگەر خۆی هاویشت لە جبیل(١) و گریبانی کاشماغای کردەوە هەتەرە
بە پەنجەی پڵنگ ئاسایی پێی برد زەفەرە

(١) جبیل: مەبەستی دەبێ جەبین بێ کە نێوچاوانە.

خەنجەرێکی لە کەزەبی[1] دەدا، خەنجەری کەفشیری لە کاشماغای نەکردەوە هەتەرە

نۆ توێی خەفتانی بڕی ئەما نەڕۆییە سەر گۆشتی سەرانسەرە

ئەو جارە کە کاشماغا خەنجەرێکی لە کەفشیر دا، حەڕەکەتی قامکی گەورەی دەهاویشتەوە سەر پشتی خەنجەرە

بە تەواوی قووەت و هێز و حەڕەکەتی. لە خۆی دەداوە تانووت و حونەرە

ئەی ڕووت سپی بێ وەستا بۆ خەنجەرێکی حەوت جەڵغەمەت کرد و دەسکت لێ ناوە بە میزان و موحتەبەرە

زۆر دەترسا کاشماغا، دەیگوت : جەڵغەمەی خەنجەرم نەبادا بێتە دەرێ، باسی سەرە

هەڵۆ دەیتوانی هێلانەی لە پشتی داپکا، دوو جاری خەنجەر لە بریندار ڕاوەشاند ئەو بەرەوبەرە

ئەو جار با قەل و دالاش جەرگ و دڵی کەفشیر بەرن بۆقافێ، ئەو داعبایەکی برسییە و بێچووەی لە بەرە.

ئەگەر کەفشیری کوشت و کاشماغا ئاوڕی داوە

کوتی: نەیەڵن هیچ کەس لەو حەو سەت کەسە دەرچێ، ببیەم کێ کوژراوە و کێ ئێخسر کراوە.

جا دابەزی لە خوێنی کەفشیر سێ مستی خواردەوە، هاویشتییە نێو جەرگانی

جا کوتی: ئەوجار خۆشی و بەشارەتیم کەوتە گیانی.

ئۆخەی! لە دەروونم خلاس بوو هێش و ژان و بۆسۆیە

وە دەزانم ئەحمەدی شەنگ بە زیندەگانی ماوە و لە سەر حوکمەتی هەڵشۆیە.

جا ئەگەر کەفشیر کوژرا و لەشکرەکەی تێک شکا، لە خاکی هەڵشۆیە بناغەی شادمانی و خۆشییان دامەزراند.

---

(١) کەزەب: جەرگ، جگەر. هب.

کەسوکاری وای نەکردووە تا ئەورۆ قەت
دەگێڕنەوە کوهنە ساڵ، ئەوی عومری چۆتە سەت.
ڕەشبەڵەک گیرا لە خاکی هەڵشۆ
بوو بە شادمانی، خلاس بوو داد و ڕۆ
هەموو هاتنە سەر تۆڵەی خۆ.
ئەگەر عاقڵ بی ئەگەر بزانی
کاشماغا دوو ساڵ لە وێ بوو بە حوکمڕانی
مسکێن و فەقیری دڵخۆشی داوە
ئەوی فەقیرە و ماڵی نەماوە
بە دەست کاشماغا تالان کراوە.

خان قۆچی خان هەڵات، وڵاتە کەی بۆ بە جێ هێشت. جا ئەوە کاشماغا دەیگوت:

براله، شێر و بەوران
هەقی خۆمان هەستاند وەک دەوری دەوران
چومکە ئەو کارە عەمری ڕەببییە
غەسپی مڵکی خەڵک زیاتر چاک نییە
بە شادمانی چاومان بوو ڕەوشەن
بناغەی دوژمنمان لە بێخ کەند
سپا ببزوێ پچینەوە وەتەن.
بە حەسرەتی دڵ سوبح و شامەوە
ئەو بە ئاه و ناڵەی گوڵانەوە.
ئەوە لەشکر گەڕاوە.
ڕەهبەر و تەتەر خەبەریان هێنا
بۆ گەورەگەورەی هەڵشۆیە و بۆ ساحێب خوێنان.
کاشماغای ساحێب هونەر

گۆی لە مەیدان بردە دەر
ئەو مەردی ساحێب جەوهەر
خوێنی هەستاند سەرانسەر.
کار لە خوێندا نەماوە
یەخسیر وەکو سێلاوە
ماڵیان تالآن کراوە
غەرەزمان هیچ نەماوە
چاک ماندوومان حەساوە.
هاتەوە لەشکر و سپا
قەرەوڵ خەبەر دەدا
وەکو شێر و هەژدیها
خزمەتکار خزمەت پکا.
دروست کرێ دیو و دیوەخان
هاتنەوە شێر و مەردان
خوێنیان مەییوە لە سەر شان
ڕەنگاون وەکو بەران
پاک بە خوێنی دوژمنان
مزگێنی بێ لە گولآن.
بیدەنێ گۆ و ئاڵتوون
مزگێنی بدە بە فەرەج خاتوون.
بۆ خۆمان لێمان زانی
بەمەفخی و بە نیانی
فەرەج خاتوون دادەنێین بە حوکمڕانی.
چون زۆر هێدی و بێ دەنگە
وەک شەمامە حەوت ڕەنگە

زولفانی ئیشتیایان له جەنگە
خۆشەویستی ئەحمەدی شەنگە.
ئەو دەبێ لەسەر کار بێ
ئەو ساحێبی ئیختیار بێ
دەور و زەمانەی دیار بێ.
نەڵێ چارم بێ چارە
دەور و زەمانەی دیارە
له سەر عێلی سەردارە
ببەخشێ و کەرەمدارە.
حەوسەت کەیخودا و ڕدێن سپی
دەبێ بە پێشوازی پچی
بە ئەڵڵا و ڕەببی ڕەببی
خوێنی ئەحمەدی شەنگ ون نابی.
خوێنیان هەستاند بە جەوهەر
یەک و حەوت سەر بە سەر
جارچی وای دەدا خەبەر
پێشوازییان بۆ کەوتە دەر.
سێ سەت گوسفەند و بەران
پاکی شەقە دەکێشران
له بۆ لەشکری پڕ سان
پیاو زگی پێ دەسووتان
بریندارن هێندێک بە پەیکان.
چومکێ فەتحیان دەست کەوت
بریندار له بەر برینی نەکەوت.
ئەوە لەشکر گەییە جێ

کار جێبەجێ بوون، بەڕێ و بەجێ
خانم و خاتوونان مەمک وەک هەرمێ
پاک بە پیرییەوە دێ.
گاووگەردوون زۆر کرا
وەزیفەیان بە جێ هێنا.
گەیشتە دەروازەی هەڵشۆ
ئەو کاشماغای سەربەخۆ
لە دەرونی دێ بۆ سۆ
فەرەج خاتوون وەک لیمۆ
لە مەیدانت دەر کرد گۆ
سەرم بە قوربانی تۆ!
کوتی: حوکمڕانیم دا بە تۆ.
دامەزران. بوو بە شادمانی. حەوت ڕۆژ کاشماغا لەوێ بوو.
یەکە یەکە و جگەردار
مەرد و شێر و پاک خوێنخوار.
بە ڕێ کران.
هەر کەسێ چاوی بووە ڕەوشەن
بە ڕێ کران بۆ وەتەن.
ئەو بەیتە بووە تەواوە
کاشماغا بە جێ ماوە
کاری زەرووری ماوە.
پاش پازدە شەو میوانە
شێری ڕۆژی دەورانە
چاوەڕوانی گوڵانە.
جەواهێر کوڕێکی لە ئەحمەدی شەنگ بوو، نێویان نا شاباز. بە حەوت

پشت میرە کوێرەی ڕەواندز دەچێتەوە سەر نەسلی ئەحمەدی شەنگ. جا کاشماغا فەرەج خاتوونی لە گوڵان ڕائەسپارد، کوتی:

بێ بەهانە و ئەرجووە
خوێنم بە دەست گرتووە
پەژارەی وی ڕەد بووە.
بەژنی وەک شەنگەبییە
بزانە تەکلیفی چییە؟
ئەویش کوتی: ئەمن زۆر لەو قسەیە سەرگەردانم
بێ عاقڵ نیم، حاڵ زانم
ئەما زەحمەت ئەو قسەیە بتوانم.
کوتی من لە پێشدا پێم کوتووە
خۆمن شەرمم لێ نەکردووە
بە جوانی ئافتاب ڕووە.
موختەسەر فەرەج خاتوونی مەجبوور کرد، چوو پێی گوت.
چارشێو فەغفووری دوو ڕەنگ
زولفی وەک مار کەوتنە جەنگ
گوڵان دایکی ئەحمەدی شەنگ.
کەمبەرەی قیمەت گران
هاویشتییە گرێی پشتان
گۆی زێڕی قەدیمی زەمان
سەرپاکی لە خۆی دەدان
هەروەکو دەوری دەوران.
ڕوومەتی شەفاف دارە
دەنگی کرمەک و گوارە
هەر دەڵێی پێش قەتارە

چاوان وەکو ستارە.
سێ کڵفەتی کەوتە پێش
هیچ نەیکرد شەرم و ئەندێش.
کراسماڵی سەمەرقەند
هەروەکو ڕابیعای ڕەند.
ئەوە هات بۆ کن کاشماغا بە سەت ناز و سەت عینوان
زۆر بە شەرت و بە ئەرکان
وەکو حیسانی حاڵزان
سەف شکێنی و مەجلیس زان
دانیشت لەوێ گرتی سان.
کوتی: پیری ئیختیار نەماوە
ئاقڵت لێ گۆڕاوە
فەتحت بە دەست هێناوە.
ئەو قسەیە چییە ئەتۆ کردووتە
خوێنی خۆتە گرتووتە.
لە هەقی برازای نۆجوان
هێناوتە ماڵ و تاڵان.
گرتت وڵاتی دوژمنان.
عەزیزی من مەردی تاڵ
دەیگێڕنەوە هەزار ساڵ
کەمت نەبێ بەخت و ئیقباڵ
لێت تێک نەچێ پێڕک و هەرزاڵ.
چۆن لە ڕووت هەڵدێ. چۆن ناکەی شەرم و حەیا
تازە پاش ئەحمەدی شەنگ گوڵان مێرد دەکا!
ئەمنت ببم جانفیدا

هیچ کەس ئەو ڕێیە نادا
پیر و جوان و عولەما.
ناوەڵڵا ببە خاتر جەم
پیری شێتی عاقڵ کەم
مەڵێ گوڵان بۆ خۆم دەبەم.
کۆنم بووە عەیامە
حەڵاڵ لە من حەرامە.
هەناسە سارد ماوە لەوێ کاشماغا.
خالەق هەر ئەتۆ نادری
عەرز و عاسمان ڕاگری.
پادشایەکی بێ مەکانی
هەر تۆ کارسازی کارانی
هەرتۆ بە سوڕان دەزانی
تۆ ئاگات هەیە لە دەردی نیانی.

تەواو بوو بەیتی ئەحمەدی شەنگ.
لە مام ئەحمەدی لوتفیم بیست لە سابلاغ. هاوینی ١٣٤٧ هەتاوی.